# پێکهاتنی دەوڵەتی
# نەتەوەیی لە ئێراندا

# پێکهاتنی دەوڵەتی
# نەتەوەیی لە ئێراندا

## (حکومەتی ئاق قۆیونلو و سەرهەڵدانی دەوڵەتی سەفەوی)


**ڤالتەر هینتس**

**وەرگێڕانی لە فارسییەوە**

**د. سەعدی عوسمان هەروتی      ئیسماعیل عەبدولرەحمان سەعید**





وەرگێڕدراوی ئەم کتێبە یە

تشکیل دولت ملی در ایران (حکومت آق قویونلو وظهور دولت صفوي)

نوشتهٔ والتر هینتس

ترجمهٔ کیکاوس جیهانداري

شرکت سهامی انتشارات خوارزمی، چاپ چهارم: آبان ماه ١٣٧٧هـ.ش ـ تهران

## دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی

- **پێکهاتنی دەوڵەتی نەتەوەی لە ئێراندا** (حکومەتی ئاق قۆیونلو و سەرهەڵدانی دەوڵەتی سەفەوی)
- **نووسینی:** ڤالتەر هینتس
- **وەرگێڕانی:** د. سەعدی عوسمان هەروتی — ئیسماعیل عەبدولرەحمان سەعید
- **نەخشەسازی ناوەوە:** ڕێدار جەعفەر
- **بەرگ:** وریا بوداغی
- **ژمارەی سپاردن:** (٩٣٧) لە ساڵی ٢٠١٠
- **نرخ:** (٢٥٠٠) دینار
- **چاپی یەکەم:** ٢٠١٠
- **تیراژ:** ١٠٠٠ دانە
- **چاپخانە:** چاپخانەی ڕۆژهەڵات (هەولێر)

**زنجیرەی کتێب (٥٤٢)**

**ماڵپەڕ:** www.mukiryani.com

**ئیمەیل:** info@mukiryani.com

# ناوەڕۆك


پێشەكی وەرگێڕی كوردی .......... ٧

پێش گوتار .......... ١١

پێشەكی وەرگێڕی فارسی .......... ١٥

پێشەكی نووسەر .......... ١٧

**بەشی یەكەم/ پوختەیەك لەمێژووی تەریقەتی سەفەوی .......... ٢٣**

پیرانی تەریقەت .......... ٢٣

مریدەكان .......... ٢٦

ڕێكخستنی تەریقەت .......... ٢٨

خانەقا .......... ٣١

**بەشی دووەم/ سەرەتای حكومەتی روحانی سەفەوی .......... ٣٥**

شێخ جونەید شێخی تەریقەت .......... ٣٦

شێخ جونەید لە ئەنادۆڵ .......... ٣٨

شێخ جونەید لە قەرەمان .......... ٣٩

شێخ جونەید لە سوریا .......... ٤١

ڕووداوەكانی سەردەمی مانەوە لە تەرابزۆن .......... ٤٢

**بەشی سێیەم/ ئۆزۆن حەسەن و شێخ جونەید .......... ٤٧**

سەرەتای كاری ئاق قۆیونلۆن .......... ٤٧

سەركەوتنە بەراییەكانی ئۆزۆن حەسەن .......... ٤٨

ئۆزۆن حەسەن فەرمانڕەوای قۆیونلون .......... ٤٩

جونەید لە ئامەد .......... ٥١

كالویوانس و ئۆزۆن حەسەن .......... ٥٣

ڕەوشی سیاسی ڕۆژئاوای زەمین .......... ٥٦

مەرگی جونەید .......... ٦٣

**بەشی چوارەم/ بەرەوپێشچوونی سیاسەت بە پاڵپشتی هێز (ئاق قۆیونلون لە سەردەمی ئۆزۆن حەسەن .......... ٦٥**

تێكشكانی سەردارانی كورد .......... ٦٦

لەشكر كێشی ئۆزۆن حەسەن بۆ گورجستان .......... ٦٧

پەیوەندییەكانی ئۆزۆن حەسەن لەگەڵ حكومەتی مەمالیك .......... ٦٨

یەكلاكردنەوەی مەسەلەی قەرەقۆیونلو .......... ٦٩

سەركەوتنی ئۆزۆن حەسەن بەسەر جیهانشا .......... ٧٠

لەشكر كێشی ئەبو سەعید بۆ شەڕی ئۆزۆن حەسەن .......... ٧٣

ئۆزۆن حەسەن لەو پەڕی دەسەڵاتی خۆیدا .......... ٧٦

پەیوەندی ناكامی ئێران و ڕۆژئاوا .......... ٧٧





PDF 4 KURD



كارتێكردنی لایەنی ئێرانی لە ئەركانی دەوڵەتی ئاق قۆیونلو .......... ٨٣

مردنی ئۆزۆن حەسەن و كێشەی جێنشینی .......... ٨٤

كەسایەتی ئۆزۆن حەسەن .......... ٨٥

**بەشی پێنجەم/ .......... ٨٩**

هاتنی حەیدەر بۆ ئەردەبیل .......... ٨٩

هاوسەرگیری حەیدەر لەگەڵ شازادە خانم مارتا .......... ٩٠

ئامادەكاریەكانی حەیدەر .......... ٩٢

دامەزراندنی بناغەی ڕێكخستن لە بونیادەكانی تەریقەت .......... ٩٣

پێكهاتەكانی قزلباشان .......... ٩٥

یەكەمین هەڵمەتەكانی حەیدەر .......... ٩٧

ڕاپەڕینی حەیدەر .......... ١٠١

هەڵوێستی سولتان یەعقوب .......... ١٠٣

مەرگی حەیدەر .......... ١٠٦

**بەشی شەشەم/ دواساڵەكانی حكومەتی ئایینی ئەردەبیل .......... ١٠٩**

مەرگی سولتان یەعقوب .......... ١٠٩

نیگایەك بۆ سەردەمی سەڵتەنەتی یەعقوب .......... ١١١

بێ سەروبەری كاری سەڵتەنەت دوای مەرگی یەعقوب .......... ١١٣

شێخ سولتان عەلی لە ئەستەخر دێتە دەرەوە .......... ١١٤

مەرگی سوڵتان عەلی .......... ١١٤

ئیسماعیل لە ئەردەبیل دەشاردرێتەوە .......... ١١٦

هەڵاتنی ئیسماعیل بۆ گەیلان .......... ١١٨

مانەوەی ئیسماعیل لەلاهیجان .......... ١١٩

**بەشی حەفتەم/ مێژووی كولتوور و بنەمای حكومەتی ئاقۆیونلو .......... ١٢١**

ئاینی بەڕێوەبەری وولات .......... ١٢١

كاروباری دارایی .......... ١٢٣

كاروباری لەشكری .......... ١٢٧

تەلارەكانی سەردەمی حكومەتی توركمانەكان .......... ١٢٩

زانایان و زانست لە دەرباری ئاق قۆیونلو .......... ١٣٤

ئایین لە دەربارەی ئۆزۆن حەسەن .......... ١٤١

**بەشی هەشتەم/ ئاوڕێك بۆ رابردوو .......... ١٤٥**

پێناسەی پەراوێزەكان .......... ١٤٦

پێرستی سەرچاوە ڕۆژئاواییەكان .......... ١٧٥

نەخشە و وێنەكان .......... ١٨٣

# پێشەکی وەرگێڕی کوردی

بێگومان ئەم کتێبەی لەبەر دەستی خوێنـەرانی بـەڕێز دایـە لـە ڕووی مێژووییـەوە بەرهـەمێکی بەنرخە و دانەری زانای واتە(ڤالتەر هینتس) هەوڵێکی زۆری داوە بۆ ئـەوەی ئـەم قوناغـەی مێـژووی گەلانی ئەو ناوچەیەـ کە تا نووسینی ئەم کتێبە هەندێك لایەنی بە تاریکی ولێلی مابۆوە ـ بخاتـە ژێـر ڕۆشنایی و بڕێکی زۆر زانیاری لە خەرمانی زانیاریی و زانینی لێکۆڵەران زیاد بکات.

بەڵام ئەمە بەو مانایە نیە کە هەنـدێ کـەم و کـوڕی و یاخوێندنەوەیـەکی جیـاواز ئاماژەی پێنەکرێ، کە ئەمەش بە هیچ شێوەیەك لـە نـرخ و پایـەی ئـەم بەرهەمـە کـەم ناکاتەوە. لەم بارەیەوە دەکرێ ئاماژە بەناو نیـشانی کتێبەکـە بکـەین کـە دیـارە لەچـەند شوێنی ئەم کتێبەش دووبارە بۆتەوە واتە ((پێکهاتنی دەوڵەتی نەتـەوەیی لـە ئێرانـدا)). بەباوەڕی هینتس بەدەستەوە گرتنی دەسەلاّت لەلایەن ئاق قۆیونلۆ بواری بـۆ دەمەزرانـدنی ئەم پێکهاتەیە ـ واتە دەوڵەتی نەتەوەیی سەفەوی ـ وەك یەکەم دەوڵـەتی نیـشتیمانی لـە ئێـران خـۆش کـرد. بـەڵام ئـەوەی ڕاسـت بـێ، بـە هاتنـە سـەرکاری شـا ئیـسماعیلی دامەزرێنەری دەوڵەتی سـەفەوی دەوڵـەتێکی نەتـەوەیی لـە ئێرانـدا نایەتـە ئـاراوە و لـە بنەڕەتدا باس لەدیاردەی دەوڵەتێکی نەتەوەیی لەو سەردەمانە لەجێی خۆێدا نییـە، بـۆ سەلماندنی ئەم مەسەلەیەش دەکرێ ئاماژە بەم هۆکارانە بکەین:

١- مەبەستی شا ئیسماعیل لە ڕووخاندنی دەسەلاّتە تورکمانەکان دامەزراندنی دەوڵەتی یەکگرتووی ئێران نەبووە، ئەوەتا بە گوتەی( نـصر اللەفلـسفی)ی نووسـەری فـارس و خـاوەن کتێبی بەناوبانگی (زنـدگانی شـا عبـاس اول):" شائیـسماعیل دوای ئـەوەی بـە سـەڵتەنەت گەیشت ڕەگەزو زمانی ئێرانی کە دوو بنەمای سەرەکی نەتەوەیـە بەکـەم گـرت و سـوکایەتی پێکردن و خەڵکی ڕەسەنی ئێرانی ملکەچی هۆزە تورکمان و قزلباشـەکان کـرد، لـە کاتێکـدا زمانی فارسی لە هیندستان و ئیمپراتۆری عوسمانی زمانی سیاسەت و ئەدەب بوو،ئـەو زمـانی



تورکی کردە زمانی فەرمی دەربارەی ئێران و تەنانەت خـۆی تـەنیا بـەزمانی تـورکی شـیعری هەڵدەبەست و ئەو زمانە بێگانەیە بە جۆرێك لە دەربارەی سەفەوی ڕەواجی پەیدا کرد کە تا کۆتایی دەوڵەتی ئەو بنەماڵەیەو تەنانەت دواتریش زمانی فەرمی دەربار بووە"[(١)]

٢- مێژوونووسی بەناوبانگی ڕوسی ( پتروشفکی) کـە چـەندین کتێـب و بابـەتی لـەبارەی مێژووی ئێرانەوە هەیە، ئەو بۆچوونەی مێژوونووسە بەراییەکانی ڕۆژئاوا کە پێیان وایە دەوڵەتی سەفەوی دەوڵەتێکی نەتەوەیی ئێرانیە بەتەواوی ڕەت دەکاتەوە. ناو بـراو دەڵـێ: لـە دەوڵـەتی سەفەویدا بێجگە لە سەدەی شازدە هیچ کەس لە ئێرانیەکان لە دەزگـای حکومەتیـدا بەشـدار نەبوون. وە ئەوەش کە پادشایانی سەفەوی نازناوی (( شاهنشاه)) یان بۆ خۆیان هەڵبژارد بـە هـۆی ئێرانـی بـوونی نەتەوەکـەیان نـەبوو، بـەڵکو هەڵبـژاردنی ئـەم نازنـاوە لـە سـەردەمی ساسانیەکانیش دەربڕی ئەوەبوو کە ئەو پادشایانە خۆیان پێ فـەرمانڕەوای هـەموو پادشـایانی سەر بەنەتەوە جۆراو جۆرەکانی دیکە بووە.[(٢)]

٣- ڕۆژهەلاّتناسی بەناوبانگ (و. ف . مینورسکی) پێی وایە ئەم دەوڵەتە (واتە دەوڵەتی سەفەوی) قۆناغی سێیەمی دەسەلاّتی تورکمانەکانە لەئێران و سەرزەوییەکانی دەوربـەری. ئەو قوناغی یەکـەم بـۆ دەولـەتی سـەلجوقی و قۆنـاغی دووەم بـۆ دەوڵـەتی قـەرەقۆیونلۆکان دەگەڕێنێتەوە. هەروەها ( وا.ئا. ئەفەندیۆف) و زۆر مێژوونووسی تری کۆماری ئازەربایجان ئـەو دەوڵەتەیان پێ ((ئازەربایجانیە)).[(٣)]

٤- زۆربەی مێژوونووسان کۆکن لەسـەر ئـەوەی کەلـە سـەرەتای دامەزرانـدنی دەوڵـەتی سەفەوی قزلباشەکانی تورك دەستی بالاّیان هەبوو وە مۆرکی خۆیان بەم دەوڵەتە وەنـابوو. لـەم بارەیەوە( مرتـضی راوندی ) دەنووسـێ: شـا ئیـسماعیل پـاش داگیرکردنـی هـەر ویلایـەتێك دەستکەوت و دیـل و زەوییـەکانی لـەنێو سـەردارانی قزلبـاش دابـەش دەکـرد، لەئەنجامـدا لەسەرانسەری ئێران هۆزە تورك ڕەگەزو تورك زمانەکان بەسەر ئێرانیە ڕەسەن و فارسی زماندا

(١) نصر الله فلسفی، زندگانی شاه عباس اول، چ ٤، تهران ١٣٦٩، ص ە.

(٢) پرۆفیسور ای.پ. پتروشفکی، تاریخ ا یران از زمان باستان تا امروز، ترجمە: کیخسرو کشاورزی ، چ ٣، تهران ١٣٦١، ص٢٤٦.

(٣) پرۆفیسور ای.پ. پتروشفکی، اسلام در ایران ( ازهجرت تا پایان قرن نهم)، ترجمـە: کـریم کـشاورز، چ٤، تهران ١٣٥٤، ص٣٩٣.

فەرمانڕەواییان دەکرد و ببوون بە چینێکی جیاوازی خاوەن دەسەڵات، کە تەواوی پلەو پایەکانی لەشکری و کارگێڕی وولاتیان لە دەست دابوو،و بەسەر خەڵکی ئێراندا بەوپەڕی ملهوڕی و دکتاتۆری حوکمیان دەکرد.[1] لەخۆڕا نەبوو کە ( دکتۆر باستانی پاریزی) مێژوو نووسی فارس دەڵێ: ئێران بەمەمملەکەتی قزلباش نێوبانگی دەرکردبوو.[2]

٥- لەماوەی دەسەڵاتی بنەماڵەی سەفەوی کە زیاتر لەدوو سەدەی خایاند، دەسەڵاتی ناوەندی بێجگە لەماوەی (٤٢) ساڵەی پاشایەتی شاعەباس لە ئێراندا بەرقەرار نەبووە، لەم بارەیەوە (مرتضى راوندی) دەنووسێ: لەسەردەمی حکومەتی سەفەوی تاهاتنە سەرکاری شاعەباس هیچ کاتێ دەسەڵاتی ناوەندی ڕاستەقینە لەئێراندا پێکنەهات، کێشەو ناکۆکی هۆزە جیاجیاکان لەگەڵ یەکتر و دژایەتی ڕێبەرانی قزلباش پێکەوە، هەمیشە دەبوو بە هۆی هەڵایسانی شەڕو خوێن ڕشتن، ئەمە لە هۆکارەکانی نەبوونی سەقامگیری و دەسەڵاتی ناوەندی بوو لە ئێراندا.[3]

لەڕاستیدا تەنانەت ئێستاش دەوڵەتی نەتەوەیی بەواتای تەواوی ووشە لەئێراندا پێك نەهاتووە. کاتێك دیاردەی دەوڵەتی ـ نەتەوە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی و لەبەریەك هەڵوەشانی ئیمبراتۆری عوسمانی پەرەی سەندو چەندین دەوڵەتی نەتەوەیی وەکو ئێران و سوریا و تورکیا و هی تر دامەزران، دەوڵەتی ئێران دەوڵەتێکی تەواو نەتەوایەتی نەبوو. چونکە ڕەزاشا (١٩٢٦ـ ١٩٤١ز) بە کەڵك وەرگرتنێکی ناتەواو لە مۆدێلی فەرەنسی دەوڵەت ـ نەتەوە چوارچێوەیەکی سیاسی جوگرافیایی بەناوی ئێراندا پێکهێنا، کە تێیدا بەپێچەوانەی ناوەڕۆکی ئەم مۆدێلەـ کە هۆکاری ویست و ئیرادە دەوری سەرەکی دەبینێ ـ نەتەوەکانی ئێران هیچ پرس و ڕایەکیان پێنەکرا. هەر بۆیەش دەوڵەتی نەتەوەیی لەئێراندا جێی نەگرت و سەرکەوتوو نەبوو. وە هەروا هەستی وەفاداری نەتەوەکانی تری نا فارسی بۆ دەوڵەتی ناوەندی لاوازە. بەم جۆرە دەبینین لەم سەردەمەشدا دەوڵەتی نەتەوەیی لەئێراندا لەگەڵ قەیرانی ڕەوایی ڕووبەڕوو دەبێتەوە چ جای لەسەردەمی سەفەوی ، کە تازە ئەو کات واتاگەلی وەك نەتەوایەتی بەمانای تازەی ووشە هیچ مانایەکی نەبوو، ئەو زاراوەیە زۆر دواتر لە ئەورووپاوە گەیشتە ڕۆژهەڵاتی نزیك و ناوەڕاست.

---

(١) مرتضى راوندى، تاريخ اجتماعي ايران، جلد ٣، چ ٢، تهران ١٣٥٦، ص ٣٣٢.

(٢) دكتر باستانى پاريزى، سياست واقتصاد عصر صفوى، چ ١، تهران ١٣٧٨، ص ٧٤.

(٣) مرتضى راوندى، مصدر سابق، ص ٣٣٣.



ئێستا دەکرێ بە لەبەرچاو گرتنی ئەم هۆکارانە ئەم پێناسەیە بۆ دەوڵەتی سەفەوی بکەین کە ئەم دەوڵەتەش وەك زۆرێك لە ئیمپراتۆریەکانی دیکەی ئەم قۆناغە لەمێژوو، زۆر خاك ونەتەوەی بە ڕەگەزو زمان و ئایینی جۆراو جۆر لە خۆ دەگرت ، دیارە کە ئیمپراتۆریش ناتوانێ دەوڵەتێکی نەتەوەیی بێ.

سەرەڕای ئەمەش ئەم کتێبە بایەخێکی گرینگی هەیە بەو پێیەی لەڕێی باسکردنی مێژووی سەرهەڵدانی بنەماڵەی سەفەوی و دامەزراندنی دەوڵەتەکەیان تیشك دەخاتە سەر ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەسەدەکانی چواردە و پازدەهەمدا، ئەو سەدانەی کە لای مێژوو نووسان بەهۆی کەمی سەرچاوەو نادیاری ڕووداوەکانی بەسەردەمە تاریکەکان دەناسرێن. بایەخی زیاتری ئەم کتێبە لەوەدایە کە دانەرەکەی ( ڤالتەر هینتس) دەستی بەزۆربەی سەرچاوە ڕەسەنەکانی تایبەت بەبابەتەکەی ڕا گەیشتووە و توانیویەتی لە ڕێی ئەم سەرچاوانەوە ووردەکاریەکانی ڕووداو و بەسەرهاتەکان وێنە بکێشێ و ساغیان بکاتەوە. هەروەها زانیارییەکان تاوتوێ بکات و بەگیانێکی ڕەخنەگرانەی زانستیەوە هەڵیان بسەنگێنێ، ئینجا بە بۆچوون و لێکدانەوەکانی خۆی دەوڵەمەندیان بکات.

کتێب و سەرچاوەی مێژوویی لەسەر ئەم ماوە مێژووییە سەرباری ئەوەی بەزمانی کوردی یەکجار کەم و دەگمەنە، دەتوانین بڵێین بەزمانی عەرەبیش ڕێژەیەکی ئەوتۆ نییە کە بەتەواوی بەرچاو ڕوونی توێژەران بکات، چ جای خوێنەرانی ئاسایی و تینووانی مێژوو. بەهەند هەڵگرتنی ئەم لایەنە وای لێکردین هەوڵی وەرگێڕانی ئەم کتێبە بدەین بۆ سەر زمانی شیرینی کوردی، بەڵکو لەلایەك کەلێنێکی کتێبخانەی کوردی بگرێ و لەلایەکی تریش زمانی زگماکی خۆمان بۆ نووسین و خوێندنەوەی مێژوو چاکتر بکەوێتە گەڕ.لێرەدا ئەوە ماوە بڵێین لەپرۆسەی وەرگێڕانی ئەم کتێبەدا هەوڵمانداوە ئەمانەتی زانستی بپارێزین و مەبەست و زانیارییەکانی نووسەر وەکو خۆی بخەینەڕوو، بەڵام لەبەر ئەوەی هەر زمانێك شێوازی دارشتن و دەربڕینی تایبەت بەخۆی هەیە، بۆیە هەوڵمانداوە خۆمان لەو شێوازە بپارێزین کە پێی دەگوترێ وەرگێڕانی (حەرفی)، بەتایبەتیش کە ئێمە بۆ وەرگێڕانی کتێبەکە پشتمان بەو دەقە بەستووە کەلەلایەن (کیکاوس جهانداری) وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی فارسی. هەروەها لەهەندێ شوێن دەستکاری شێوازی نووسینی پەراوێزەکانمان کردووە بۆ ئەوەی لەگەڵ شێوازی باوی ئێستا بگونجێ. وە ئێمەش وەکو وەرگێڕی فارسی کتێبەکە لەهەندێ شوێن تێبینی و پێناسەی خۆمان هەبووە کە لە پەراوێز نووسیومانەوە و بە دانانی کورتکراوەی (و.ك) وامان کردووە لەگەڵ دەقی کتبەکەو سەرنجەکانی وەرگێڕی فارسی تێکەڵ نەبێ کە(و.ف) مان بۆ داناوە. ئیتر خودا یارمەتیدەر بێ.

**هەولێر**
**٢٠٠٧/١٢/٢٥**

# پێش گوتار

**بەپێنووسی: عەباس زەریاب خویی**

دامەزراندنی دەوڵەتی سەفەوی لەئێران یەکێك لە گرینگترین ڕووداوەکانی مێژووی ولاٚت و نەتەوەی ئێرانە بەتایبەتی و ئاسیای ڕۆژئاوایە بە گشتی. پاش دەرکەوتنی ئایینی ئیسلام و ڕوخانی دەوڵەتی ساسانی نەتەوەو ولاٚتی ئێران نزیکەی نۆسەد ساڵ لە یەکێتی سیاسی و نەتەوەیی بێ بەش بوو. ئێران بۆ ماوەی نزیکەی دووسەد ساڵ لەهەموو لایەنێکەوە لەژێر فەرمانی خیلافەتی گەورەی ئیسلامیدا بوو، حاکمان و کارگێڕانی ڕاستەوخۆ لەمەدینە و دیمەشق و کوفەو بەغداڕا دیاری دەکران . پاش لە بەریەك هەڵوەشانی خیلافەتی عەبباسی هەرێمەکانی ئێران کەوتنە ژێر دەسەلاٚتی فەرمانڕەوایانی خۆجێی. زاڵبوونی تورکی سەڵجوقی و ئیلخانانی مەغولی و تەیموری و ئەمیرانی مەزنی قەرەقۆیونلۆ و ئاق قۆیونلۆ بەسەر سەرانسەری یا بەشێکی گەورەی ئێراندا تەنیا وەك زاڵبوونی ئەو نەتەوانە بەسەر ئەو ولاٚتەدا لێکدەدرێتەوە، نەك حکومەتێکی نەتەوەیی تایبەتی بەیەکێتیەکی سیاسی تایبەتی. دەسەلاٚتی بەجیهانی بوونی خیلافەتی عوسمانی لەسەدەمی نۆهەم (شازدەهەمی زایینی-و.ك) و بەرەبەرە زاڵ بوونی بەسەر سەرانسەری ئاسیای بچووك و باڵکان و سوریەدا پەلهاوێشتنی ئەوی بەرەو ڕۆژهەلاٚت و لەئاکامدا بەرەو ئێران دەگەیاند و بەڕواڵەت لەمپەرێکی مەعنەوی و سیاسی لەبەردەم ئەم پەلهاوێشتنە نەبوو. ئێرانیەکان کە موسڵمان و سوننە بوون دژایەتی ئەوەیان نەدەکرد کە بکەونە ژێر فەرمانی ناوەندێکی سیاسی کەخۆی پێ ئالا هەڵگری ئیسلام و پارێزەری هەردوو حەرەمی پیرۆز(کەعبەو مزگەوتی پێغەمبەر- و.ك) بوو، هەر چۆنێك بێ دەسەلاٚتی بەهێزی دەوڵەتێکی گەورەی ئیسلامی باشتر بوو لەسەرۆك هۆزەکان. کە ئارمانج ومەبەستیان تەنیا کۆکردنەوەی سەروەت و سامان و داگیرکردنی موڵك و ماڵی خەڵك بوو.

پەیدا بوونی دەوڵەتی سەفەوی لەناکاو ئەو دۆخەی تێکدا، دەوڵەتێك بەئامانجی مەزهەبی و پڕاو پڕ لە هۆگری و مەیلی توندی ئایینی پێکهات ، کە لەگەڵ زۆرێك لەئارمانجە قووڵ و نهێنیەکانی خەڵکی ئێران یەکیان دەگرتەوە. خۆشەویستی بنەماڵەی عەلی کەلەبەرەی



PDF 4 KURD

ستەملێکراوان و عەودالاٚنی حەق بوون لەگەڵ بێ عەدالەتی خەلیفەکان و کاربەدەستان کە لە بەرێوەبردنی حکومەتدا لایەنی راستی و دادپەروەریان نەدەگرت، ڕیشەی لەقولاٚیی کۆمەڵگای ئێرانی داکوتا بوو، وەچەندین دەسەلاٚتی خۆجێی شیعە لەچەند شوێنێکی ئێران پێکهاتبوو.

عەلائەددینی خوارەزمشا کە لەگەڵ دەسەلاٚتی عەبباسی لە بەغدا دوژمنایەتی هەبوو، بەنیاز بوو خەلیفەی عەبباسی وەلابنێ و کەسێکی عەلەوی شوێنی بگرێتەوە. دامەزرینەرانی بەرایی دەوڵەتی سەفەوی ژێرانە لەو ئامانج و مەبەستە دەروونیە قووڵە کەلکیان وەرگرت و لێهاتوویی و لێزانی سیاسی خۆیان دەرخست. جونەیدو حەیدەر کەزۆرتر بەدوای بەدەستەوە گرتنی دەسەلاٚت بوون لە مەزهەبی سوننە- کە مەزهەبی باب و باپیرانیان بوو- دەستیان هەڵگرت و بوون بەشیعە، ئەمە بەپێچەوانەی ئەو راستیە بوو کە پشتیوانە بەراییەکەیان ( واتە ئاق قۆینلۆ) مەزهەبی سوننەیان هەبوو. ئەو دوو کەسایەتیە دیارە لەناکاو داوای سەروەریشیان کرد، هەرچەندە لەبەڵگە نامەکانی کۆنتر لەبارەی سەروەری باپیرە گەورەیان (واتە شیخ سەفیەددین) هیچ دەس ناکەوێ. جونەید و حەیدەر ڕەچەڵەکی خۆیان گەیاندەوە بۆئیمامی حەوتەمی شیعەکان. هەڵبەت کێشەی سەروەری یا نەبوونی سەروەری سەفەوی کێشەیەك نیە کە بەڕادەی پێویست ڕوون کرابێتەوە.

هەر چونێك بێ سەرەتاجونەید بەنەخشەی سیاسی کە ژیرانە دایڕشتبوو توانی لە پشتیوانی گەورەترین ئەمیری ئەو سەردەم واتە ئۆزون حەسەنی ئاق قۆیونلۆ کەڵك وەرگرێ، بەتایبەت کە بوو بە زاوای ئەو ئەوەندەی تر ڕێگەی بۆ خۆش بوو. جونەید بەسوود وەرگرتن لەنیشتەجێ بوونی لەدیاربەکر و ئەنادۆڵ کەوتە ڕاکێشانی سەرنجی هۆزە تورکمانە شیعەکان و بەرێنوێنی و بانگەواز دڵی هەزاران شەڕ کەری ئازای داگیر کرد. لە هەمان کاتدا لە کۆکردنەوەو پاشەکەوت کردنی هێزی ماددیش بێ خەم نەبوو، هێندەی پێ نەچوو کەلە چاوی پشتیوانان و خزمانی دوێنێی خۆی وەك دوژمنێکی مەترسیدار دەرکەوت.

هەرچەندە دامەزراندنی دەوڵەتی سەفەوی لەئێران بۆ شا ئیسماعیل دەگەڕێتەوە، بەلاٚم لەڕاستیدا باپیرو باوکی (واتە جونەید و حەیدەر) بوون کە ئەو دەسەلاٚتە بە هێزو دیاردە سەرسوڕهێنەرەیان لە ڕۆژهەلاٚت دامەزراند. ئەگەر هەوڵ و تێکۆشانی تێکەڵ بەلەسەرەخۆیی و پشوو درێژی و پلانی ژیرانەی ئەو دووانە نەبوایە شائیسماعیل پەیدا نەدەبوو.

ئەم کێشەیە کە زۆر گرینگە لەم کتێبەدا بە وردی هەڵسەنگێندراوە و نووسەرەکەی کە یەکێك لە گەورەترین زانایانی ئێران ناسی هاو چەرخە لەزانینی بەرفراوانی لەزمانە جۆراو

جۆرەکان و سەرچاوەی ڕەسەن- کە زۆربەیان لەئێران نەناسراو بوون- کەڵکی وەرگرتووە و توانیوێتی چالاکی بەرایی و کاریگەری ئەو دوو پیاوە بەرچاوە لە دامەزراندنی دەوڵەتی سەفەویدا دەربخا. پرۆفیسۆر هینتس لەو کەسانەیە کە ئێرانی لەسەرەتای مێژوو بەشێوەی گشتی باش دەناسێ وە زمانی فارسی بەباشی دەزانێ و بەباشی قسەی پێدەکا و هەروەها زمانەکانی عەرەبی و تورکیش بەباشی دەزانێ، بێجگە لەمانە لەگەڵ زمانەکانی ئێرانی پێش ئیسلام ناسیاوی و ئاشنایەتی باشی هەیە و تەنانەت لە زمانی عیلامی ـــ کەزمانی کۆنترین دەوڵەتە لە ئێران ـــ یەکێکە لەو چەند پسپۆرە کەژمارەیان زۆر کەمە. وە لە مێژووی هەخامەنشیەکانیشدا لێکۆڵینەوەی کردووە و هەروەك لەو کتێبەدا دەبینین لێکۆڵەرێکی پایە بەرزە. هەروەها زانینی زمانەکانی ئەوروپی بەتایبەتی رووسی و ئیتالیایی لەراڤە کردنی سەرچاوەکانی ئەو بابەتە یارمەتی بەرچاوی داوە.

وەرگێڕی زانای ئەو کتێبەش کەبەسەر هە ردوو زمانی ئالمانی و فارسی دا زاڵە ئەرکی وەرگێڕانی ئەو کتێبەی بە باشی بەجێگەیاندووە. لێهاتوویی ئەو لە وەرگێڕان لە زمانی ئاڵمانیەوە لە وەرگێڕدراوەکانی دیکەی ئەو بە تایبەتی یەك دوو کتێبی تر لە بواری مێژووی سەفەوی بە باشی دەرکەوتووە.

هەرچۆنێك بێ ئێمە تا ئێستا خاوەنی کتێبی لەم چەشنە نەبووین کە هەڵگری ئەو زانیاریە بە نرخ و سەرنج ڕاکیشانە بێ لەبارەی سەردەمی سەفەوی بەر لەشائیسماعیل.پەیوەندی جونەید لەگەڵ ترابزۆن و سوڵتانی عوسمانی و هۆزە تورکمانەکانی ئەنادۆڵ، پەیوەندی ئوزون حەسەن لەگەڵ سوڵتان محەمەدی فاتح و شکانی ئەو، بۆ مێژوونووسانی ئێران زۆر ڕوون نەبووە. مێژوونووسانی ئێرانی بە پلەی یەکەم دەبێ سوپاسی پرۆفیسۆر هینتس بکەن بۆ نووسینی ئەم کتێبە و دواتر چاکەی (کەیکاوسی جەهانداری) یان لەبەر چاو بێ کە ئەو بەرهەمە نوێیەی وەرگێڕاوەتە سەر فارسی یەکی باش و ڕەوان.

## پێشەکی وەرگێڕی فارسی

ئەو بەرهەمە کە وەرگێڕدراوەکەی لەبەرچاوی خوێنەرانی بەڕێزە تیشك دەخاتە سەر قۆناغێك لەمێژووی ئێران کە بەداخەوە لەبەر هەندێك هۆکار کە لە پێشەکی نووسەر باسی لێکراوە، تا ئێستا نەبۆتە جێگای سەرنجی توێژەران. نووسەری لێکۆڵەری ئەو کتێبە پرۆفیسۆر ڤالتەرهینتس بەو شارەزاییەی کە لەزمانەکانی فارسی، عەرەبی، تورکی، یۆنانی، لاتینی و زۆر زمانی زیندووی ئەوروپی هەیەتی، بەسەرنجی ووردی تایبەتی خۆی مێژووی ئێرانی لەسەردەمی شێخ سەفیەدین تا ساڵی چوونە سەر تەختی شائیسماعیل نووسیوەتەوە، کە سەربوردەی باب و باپیرانی شا ئیسماعیل و حکومەتی تورکمانەکانی قەرەقۆیونلۆ و بە تایبەتی ئاق ئۆینلۆ لەخۆ دەگرێ. ئەگەر چاوێك بخشێنین بەلیستی سەرچاوەکانی ئەو کتێبە کە لە کۆتاییدا هاتووە، بۆمان دەردەکەوێ کە نووسەر بۆ ئامادە کردنی ئەو کتێبەچەندێ رەنج و زەحمەتی کێشاوە.

دیارە لەساڵی چاپی ئەو بەرهەمە (١٩٣٦زایینی) تا وەکو ئێستا زۆر بەڵگەنامە و دیکومینتی دیکەوە دەستهاتوون، بەلاّم هەر چۆنێك بێ تا ئێستا کتێبێکی تر لەبارەی مێژووی ئەو دووسەدو پەنجا ساڵە کە تائەوڕادەیە دەوڵەمەند و هەمەلایەنە بێ، نەنووسراوە. نووسەری زانا شێوازێکی لەنووسین دا بەکارهێناوە کە دەکرێ وەك بەسەر هاتێکی شیرین بی‌ئەوەی هەست بەماندوو بوون بکرێ، بخوێندرێتەوە و لەو هەموو رووداوە سەر سوڕهێنەرە پەند و ئامۆژکاری وەربگیرێ.

لەکتێبەکەدا ئەگەر بابەتێك بەکاری هەموو لایەك نەهاتووە بەنووسینی ژمارەیێك لە نێوان دوو کەوانەدا کەواتا دەکەوێتە بەشی پەراوێزی کتێبەکە، لەو شوێنە بە دوور و درێژی باسی لێکراوە.

هەموو ساڵەکان (بێجگە لەچەند دانەیەك نەبێ ئەویش لەبەشی پەراوێز) بەساڵی زایینی نووسرابوون. وەرگێڕ هەموو ئەو ساڵانەی بەیارمەتی بەرهەمی بایەخداری ( وێستنفێلد)[١] کردۆتە ساڵی کۆچی . لەهەر شوێنێك ساڵێك بە وردی نووسراوەو هەوڵدراوە کە ڕێکەوتی

(١) Wastenfeld. Mahlersche Vergleichungstabellen. Neu bearbeitet von Berthod spuler, Wiesbaden ١٩٦١.



کۆچییەکەش بە وردی بنووسرێ. لەشوێنەکانی تر هەر ساڵێکی زایینی هاوتا کۆچییەکەی بە نزیك کردنەوە هاتووە وەك ١٢٧٩ز (= ٦٧٧-٦٧٨ك). هەر ساڵێکی کۆچی کە لە دەقی کتێبەکەی دا نووسراوە لە نێوان دوو کەوانەدا جێیان گرتووە و بە بێ ناوهێنانی وەرگێڕە، بەلاّم لە پەراوێزدا لە هەموو شوێنێك ئەو ساڵانە بە ناوهێنانی وەرگێڕ (یا بە شێوەی کورتکراوەی: و.ف) هاتووە. لە بەرامبەر ناوی سەرچاوەی ئالمانی پیتی S بە مانای لاپەڕەیە. لە کۆتاییدا سوپاسی مۆزەی ئێرانی باستان دەکەم، کە چەند وێنەیەکیان لە بیناکانی مێژوویی پەیوەندیدار بەو قۆناغە پێدام و هەروەها مەمنوونی زەحمەتەکانی دکتۆر عیزەتوللا نیگهبانم. (لە چاپی یەکەمدا) بۆ ئامادەکردنی نەخشەکانی کۆتایی کتێبەکە،بۆ پێرستی ناوەکان سەید حوسێن نازم زادە بەهۆی دۆستایەتی لە مێژینەمان یارمەتی دام (لەو چاپە دا نەخشەکان گۆڕاون و زەحمەتی ئەم ئەرکەش خاتوو نەجمە تەجەدود لە ئەستۆی گرتووە).

### لەبارەی چاپی دووەم:

لە دوای بڵاوبوونەوەی ئەم کتێبە چەند کەس لە خاوەن بیران هەڵیانسەنگاند، لەوانە دکتۆر مەنوچیهری ئەمیری و مەنسووری ڕاوبۆچوونی خۆیان لە قالبی چەند وتارێکدا لە گۆڤاری "راهنمای کتاب" چاپ کردو هەروەها یەحیا زەکا چەند تێبینی پێویستی لەم بارەیەوە لەگەڵ وەرگێڕدا هێنا گۆڕێ. وەرگێڕ لەو پەیوەندیەدا سوپاسی ئەو بەڕێزانە دەکا و تا ئەو شوێنەی لەو چاپەدا بۆی گونجابێ ئەو تێبینیانەی لەبەر چاو گرتوون.

بەڕێزان زەکا و مەنسووری لەسەر ئەو باوەڕن کەوێنەی ئەوپارچە ئاوریشمەی لەپاشکۆداهاتووە "تاجی حەیدەر" نییە و نووسەری کتێب لەم بارەیەوە بە هەڵە چووە. بەڕای زەکا ئەوەی لەو وێنە دا دەبینرێ کڵاوی شازادەکانی تەیموورییە نەك تاجی حەیدەر.



PDF 4 KURD

# پێشەکی نووسەر

لەم نووسینەدا من بە هیچ جۆر بازنەی بەرتەسکی زانایان و ڕۆژهەڵاتناسانم بە مانای تایبەتی تر لەبەر چاو نەبووە. لە بەشی زۆری ئەو بەرهەمەدا هەمیشە کەسانێکم لە یاد بووە کە خۆیان لە چارەنووسی ڕۆژهەڵاتی نزیك بە شەریك و هاوبەش زانیوە. چ ئەوانەی بە کردەوە کار بەدەستی ئەون و چ ئەوانەی چاودێری بارودۆخەکەن.

... هەلومەرجێك کە شا ئیسماعیلی یەکەم لە کاتی دامەزراندنی دەوڵەتی خۆی میراتگری بوو لە هەمان کاتدا ئامادەکاری بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی یەکگرتووی نەتەوەیی ئێران پاش تێپەڕبوونی نۆسەدە لە دەسەڵاتی بێگانەکانی وەك حکومەتی عەرەبەکان، سەلجوقیەکان، مەغولەکان، تاتارەکان و تورکمانەکان بابەتگەلێکن کە لەم لێکۆڵینەوەیەدا کەوتوونە بەر توێژینەوە و هەڵسەنگاندن. ئەو ڕووداوە مێژووییانەی کە خراونەتە بەر باس، نیوەی دووەمی سەدەی پانزدەهەم (= سەدەی نۆیەمی کۆچی) لە خۆ دەگرێ کە لە ڕوانگەی جۆراوجۆر و دەرکەوتنی ڕەنگاوڕەنگ، لەگەڵ ئەو بووژاندنەوەی کە ئێستا لە ڕۆژئاوا لە ئارادایە بەراورد دەکرێ[1] .بەداخەوە ئەو ڕووداوانە بە جۆرێ کە پێویستە تا ئێستا نەکەوتوونە بەر لێکۆڵینەوە.

لە هاوێنی ساڵی ١٩٣١ لە کاتی خوێندنەوەی بەرگی چوارەمی مێژووی ئەدەبی ئێران لە نووسینی (ئێدوارد براون) بڕیارم دا دەست بدەمە ئەم کارە، ئەو بەرگە بەم وشانە دەست پێدەکات:

"دەرکەوتنی بنەماڵەی سەفەوی لە ئێران لە سەرەتای سەدەی شانزدەهەمی زایینی نە تەنیا بۆ وڵاتی ئێران و دراوسێکانی بەتایبەت، بەڵکو بە گشتی بۆ ئەورووپاش بە ڕووداوێکی مێژوویی زۆر گرنگ دەژمێردرێ."[2]

(١) لێرەدا و لە چەند شوێنێکی دیکەی ئەم کتێبە دەبێ سەرنجی ئەوە بدرێ کە ئەو کتێبە لە ساڵی ١٩٣٦ زایینی لە ئەڵمانیا لە چاپ دراوە(و.ف).

(٢) بڕوانە: ادوارد براون، تاريخ ادبيات ايران از آغاز عهد صفوية تا زمان حاضر، ترجمة رشيد ياسمي، طهران ١٣١٦، ص ١، (و.ف).



بەڵام کەمێك لەدوای ئەمەدا (براون) دەڵێ کە هێشتا مێژوویەکی جێی کەڵك وەرگرتن بۆ قۆناغی دەسەڵاتی سەفەوی نەنووسراوە، چونکە زۆری ماددەکان، دەست وێرانەگەیشتن بە زۆرێك لە سەرچاوەی بایەخدار و زۆربوونی ئەو زمانانەی کە بەڵگەنامە و کتێبیان پێ نووسراوە، لەمپەرێك بوون بۆ ئەوەی کە لێکۆڵینەوەیەکی ورد و هەمەلایەنە لەم بوارە دا ئەنجام نەدرێ.

مەبەست لەم لێکۆڵینەوەیە ئەوەیە کە ئەو کەلێنە پڕ کاتەوە تا بتوانین دیمەنێکی گشتگیر و تەواو لە ڕووداوەکانی ئەو سەردەمە لە هزردا پێك بێنین. پێشتر بەرهەمێك لەبارەی سەربردەی شێواوی شا ئیسماعیلی دووەم بڵاو بۆتەوە.[1] ئەم هەر دوو بەرهەمە وەك پێشەکییەك وایە کە ڕێگای بۆ ئامادەکردنی مێژووی گشتگیر و هەمەلایەنەی دەسەلاتی نەتەوەیی سەفەوی خۆش دەکات. لە قۆناغەکانی پەرەسەندنی ئەو دەسەڵاتە سێ بەشی سەرەکی دەبینرێ:

٧٠١ تا ٨٥١: مێژوویی تەریقەت (ئەم بەشە باسی بڵاوبوونەوەی بیروباوەڕی سەفەوی لە خۆ دەگرێ).

٨٥٢ تا ٩٠٠: مێژووی دەسەڵاتی ئایینی لە ئەردەبیل (پێکهێنانی پەیوەندی نزیك لەگەڵ دەسەڵاتەکانی سیاسی).

٩٠٥ تا ١١٣٤: مێژووی دەسەڵاتی یەکگرتووی نەتەوەیی سەفەوی (دامەزراندن و پەرەسەندنی دەوڵەتی مەزنی ئێرانی لەسەر باوەڕێکی نوێ).

لەگەڵ ئەوەی بەشی یەکەم لەو سێ بەشە تا ڕادەیەك بە درێژی لەلایەن (براون)ەوە ئاوڕی لێدراوەتەوە[2]، بەڵام هێشتا تاریکی ڕەها باڵی بەسەر بەشی دووەم داکێشاوە و هیچ کەس تا ئێستا بە شێوەی پێویست نەپرژاوەتە سەری و خۆی پێوە ماندوو نەکردووە. بەم هۆیە ئێمە لێکۆڵینەوەی خۆمان بۆ ئەو ماوە زەمەنیە تەرخان کردووە، کە نیوەی دووەمی سەدەی پازدەهەم (= سەدەی نۆیەمی کۆچی) دەگرێتەوە، چونکە بە بێ زانیاری لەسەر ئەو ڕێگە پڕ لە کەندولەندەی کە شێخ جونەید، شێخ حەیدەر و سولتان عەلی، پێیدا ڕۆیشتن، ناتوانین لە ڕاستی و دروستی پێکهاتنی دەوڵەتی یەکگرتووی نەتەوەیی ئێران و بەتایبەتی لە ڕاستی کردەوەکانی شا ئیسماعیلی دامەزرێنەری ئەو دەوڵەتە تێبگەین.

(١) لە لاپەڕەی ١٩ تا (١٠٠)ی بڵاوکراوەی ژێرەوە:

Mitteilangen des seminars fur orientalische sprachen an der aniversitat berlin XXXVI, Bd. ١٩٣٣,II. Abt.

(٢) هەمان سەرچاوە،ل٣٢ بەدواوە.لەوەرگێڕداوی فارسی ئەم کتێبە لەلاپەڕە(٢٥) بەدواوە(و.ف).

بەتایبەتی لەبارەی ڕوونکردنەوەی پەیوەندی ئەو دوو شێخەی کە پێشتر باسمان لێکردن واتە جونەید و حەیدەر لەگەڵ ئوزون حەسەن — ڕێبەری تایفەی تورکمانی ئاق قوینلۆ کە دواتر بوو بە پادشای ڕۆژئاوای ئێران و میزۆپۆتامیا — بە کەڵك و جێی لێ وردبوونەوەیە.

فرانس بابینگەر بۆ یەکەم جار ئاماژەی بە گرنگی کردەوەکانی ئوزون حەسەن لە ڕوانگەی مێژووی کولتوور و شارستانیەتی ئیسلامی کردووە(1).

تەنانەت پسپۆران و شارەزایانیش تا سەردەمی ئێمە تەنیا ناوی ئۆزۆن حەسەنیان بیستبوو و هیچی تر. تەنیا هامر پورگشتال و ئیدوارد براوان کە لەرێی بەرهەمە گشتیەکانی خۆیان ئاورێکی گشتییان لەبەسەرهاتی ئوزون حەسەن داوەتەوە(2).

تەنیا لەو دواییەدا بوو کە ڕۆژهەڵاتناسی لێوەشاوەی ڕوسی مینۆرسکی بە شێوەیەکی فراوانتر ئاوڕی لەو کەسایەتیە گرنگەی مێژوو داوە و دوو بەرهەمی نایابی لەبارەیەوە بڵاو کردەوە(3).

مینۆرسکی توانی لەو بەرهەمانەیدا گشت ئەو ڕووداوە گرنگانەی کە لە ئێران و لەسەردەمی دەسەڵاتی تورکمانەکان لە سەدەی نۆیەمی کۆچی ڕوویدا بوو، ڕوون بکاتەوە. بەهۆی لێکۆڵینەوەکانی مینورسکی بوار بۆ ئامادەکردنی مێژووی کولتوور و شارستانیەتی ئەو سەردەمە پێکهات. لەم کتێبەی لەبەردەست دایە کەمتر سەرنج دراوەتە ڕووداوە سیاسییەکان و هەوڵەکان زۆرتر لەسەر وەرگرتنی ئەو ڕاپۆرتانە چڕ بۆتەوە کە لە ڕوانگەی مێژووی کولتوور و شارستانیەت خاوەن گرنگی بوون.

---

(1) بڕوانە وتاری بابینگەر (F.Babinger) لە لاپەڕەی ١٣٦ بەرگی حەفتا و شەشی گۆڤاری کۆمەڵەی ڕۆژهەڵاتناسی ئالمان (Z.D.M.G) لە ژێر وتاری: Der Islam in Kleinasien

(2) بڕوانە بەرگی دووەمی مێژووی دەوڵەتی عوسمانی بەرهەمی (هامەر پورگشتال) بەو تایبەتمەندیانە:
J.Von Hammer – pargstall Geschichte des osmanischen reiches (pest ١٨٢٨, S. ٥٤ – ٥٧, ٨٧- ٩٠, ١٠٥- ١٢٣)

هەروەها ئیدوارد براون بەم تایبەتمەندیانە:
A history of Persian literature ander tartar pominion (A.d ١٢٦٥- ١٥٠٢), Cambridge ١٩٢٠, p.٤٠٤-٤١٤.

(3) بڕوانە دائره المعارف اسلامی لە ژێر ناوی Uzun Hassan لاپەڕەکانی ١١٢٣ تا ١١٢٧ و هەروەها بڕوانە:
La Perse au xv. Siecle entre la turguie et venisc, Paris ١٩٣٣



کەواتە تەواوی ئەو وردەکارییانەی کە لەوانە بوو بۆ ڕۆژهەڵاتناسان پێویست بێ (وە زۆرتر بە تەواوکەری توێژینەوەکانی مینۆرسکی دەژمێردرێ) لە پەراوێز دا ئاماژەی پێکراوە. لەم لێکۆڵینەوەیەدا ئاکامگەلێك بەدەست هاتوون کە لە هێندێك شوێن لەگەڵ بیروڕا و بەرهەمی دیکە - کە پێشتر لەم بارەیەوە بەدەستەوە بوون- جیاوازی هەیە. لە هیچ شوێنێك باسمان لەو جیاوازیانە نەکردووە، چونکە زانایان خۆیان بەراوردی ئەم کتێبە لەگەڵ بەرهەمەکانی تر دەکەن و هیچ تێبینییێك لەبەرچاویان ون نابێ. ناشارەزایانیش لە ئەژماردنی بیروبۆچوونی کۆن و بێ بایەخ قازانج ناکەن.

سەبارەت بەو سەرچاوانەی کە کەڵکی لێوەرگیراوە (بڕوانە لیستی کۆتایی کتێب) دەبێ بڵێین کە مینورسکی پێشتر (لاپەڕەی ١٨) دەڵێ لەبەر ئەوەی هەواڵ و ڕاپۆرتی جێی باوەڕ و بنەڕەتی پەیوەندیدار بەو سەردەمە بەدەستمان نەگەیشتووە،بۆیە دەبێ بابەتەکە لە ژمارەیەکی زۆر لە بەرهەمە چاپکراوەکان و چاپ نەکراوەکان (بە زمانی فارسی، تورکی، گورجی، ئاسۆری، یونانی، عەرەبی، ئیتالیایی و لاتینی) کە هەر کامەیان سووکە پەیوەندیەکی بە کێشەی ئێمەوە هەیە، هەڵێنجین.بۆیە ناتوانین هەڵسەنگاندنی سەرچاوەکان کەشێوازێکی باوە لێرەدا ئەنجام بدەین.

بۆ یەکەم جار بەشی نۆیەمی بەرهەمی حەسەن ڕۆملۆ بەناوی (احسن التواریخ) کەڵکی لێوەرگیرا، لەو کتێبەدا زۆرێك لەو مێژوویانە و شەرحی ڕووداوانەی کە ئەمڕۆ شوێنەوارێکیان بە ئێمە نەگەیشتووە، کەڵکیان لێوەرگیراوە، هەروەها نوسخەی سەرەکی (جواهر الاخبار)ی (منشی بوداق قزوینی) کە لەبارەی مێژووی گشتی دایە (هەر دوو نوسخەی دەستنووسی ئەو بەرهەمە لە ساڵی ١٨٢٨ زایینی بەهۆی ڕووسەکان لە کتێبخانەی مزگەوتی ئەردەبیل بۆ پترسبۆرگ ڕاگوێزراوە) لەبەردەستی نووسەر دا بووە.(تاریخ قاضي احمد قمی) کە بە پلەیەك دوای ئەوەی من لە کۆمەڵەی کتێبخانەی حکومی بەرلین دۆزیمەوە و لەبارەیەوە وتارێکم لە گۆڤاری کۆمەڵەی ڕۆژهەڵاتناسی ئالمان (١٩٥٣) بڵاو کردەوە. کتێبی مێژوونووسی دەرباری سولتان یەعقووب واتە (فضل الله روزبهان اصفهانی) کە (مینۆرسکی)ش سوودی لێ بینیوە سەرچاوەیەکی زۆر بە نرخ و گرنگ بوو بۆ ئەو لێکۆڵینەوەیە (بڕوانە پێرستی سەرچاوە ڕۆژهەڵاتیەکان، ژمارەکانی ١و ٢و ٥).

لەبارەی پێرستی سەرچاوەی ڕۆژئاواییی تەنیا لە ڕاپۆرتی ئانجیوللۆ چاومان بە زانیاری ڕەخنەئامێز دەکەوێ. ڕاپۆرت و نووسراوەکانی ئەو بە باسی گەڕانەوەی سولتان محەمەد خانی فاتح بۆ ئەستەمبول لەدوای شەڕی ترجان، کۆتایی پێدێ. لە چاپی لیززە (lezze) لاپەڕەی ٦١

به گێڕانەوە لە رامۆزیۆ، بەرگی دووهەم، لاپـەڕەی b ٦٩ و لـە چـاپی هـاکلیوت (hakluyt) بەرگی٤٩، لاپەڕەی ٩٣.

بەشی نۆیەم لە دوو چاپی ئەم دواییانە دواتر بە خەتێکی تر زیاد بووە، ئەو بابەتانە بـەپێی راپۆرتی (باربارۆ)یـە کـە ئێمـە ئەویـشمان وەك سەرچـاوە نـاو هێنـاوە ( Hakluyt,p . ٩٤ Ramusio,p.٧٠a). هەروەها بەشی دەیەم، واتە ئەو شوێنەی کە باس لە لەشکرکێشی ئوزون حەسەن بۆ گورجستان دەکات، لەگەڵ هەڵبژاردەیەك لەو بەشـەی کـە پەیوەنـدی بـەم بابەتـەوە هەیەلە بەرهەمی باربارۆدا (Aldine,p.٥٢ aff) یەکاویەك دەگونجێ. لە بەشی یازدەهـەم بـەم لاوە — مردنی سولتان یەعقووب و هاتنە سەرکاری شا ئیسماعیل — راپۆرتێکـە کـە دراوەتـە پاڵ ئانجیۆلیلوی هەلبەستراو،وە بە رواڵەت بەشێکی زۆری لەسەر بنەمای بینینی (بازرگـانێکی ڤینیسیایی) نووسـراوە (کـەناوی دیارنیـە) وە لەگـەڵ هەنـدێك زیـادکردن و پێوەنـانی دیکـە لەسەرچاوەی تر کە ئەویش تا ئێستا لە ئێمە ڕوون نییە. کە وابوو لـە بەشـی نۆهـەم بـەم لاوە سەرچاوەی ئەو بەرهەمە تەنیا کەسێکە بەناوی ئانجیۆلیلوی هەڵبەستراو.

لە ناخی دڵمەوە سوپاسی پرفیـسۆر هـ. شـدر (بـرلین) دەکـەم کـە وێـڕای خوێندنـەوەی نموونەکانی چاپی ئەو بەرهەمە زۆریشی ڕێنـوێنی کـردووم. هاوسەرەکەشـم لـە ئامـادەکردنی پێڕستەکانی ئەم کتێبە یارمەتی داوم.[1]

(١) ئەو سەرچاوانەی کە لە کۆتایی پێشەکی دا ئاماژەیـان پێکـراوە و بەشـێك لـە سەرچـاوەکانی بنـەڕەتی ئـەو کتێبەن، وەك ئانجیۆلیللۆ، باربارۆ و ... و بەرهەمی تر بازرگانی ڤینسیایی کە لەو کتێبەدا سوودیان لێ وەرگیراوە لە ژێر ناوی "سـەفەرنامەکانی ڤینیـسیاییەکان لـە ئێـران" — وەرگێـردراوی مەنوچـیهری ئـەمیری (بڵاوکـراوەی خوارەزمی، ١٣٤٩ ك. هـ . تاران) کراوەتە سەر زمانی فارسی. بۆ لێکۆڵینەوەی زۆرتر بڕوانە ئەم کتێبە (و.ف).





PDF 4 KURD

# (بەشی یەکەم)

## پوختەیەك لە مێژووی تەریقەتی سەفەوی

دەسەڵاتی یەکەی نەتەوەیی ئێران کە بەهۆی سەفەویەکان دامەزرا بەرهەمی تێکۆشانی چەند پیاوێکە کە لەسەر بنەمای بیروباوەڕی ئایینی ڕێکخرابوون.

ئەو شێخانەی کە چەشنێك لە پیرۆزییان هەبوو بە درێژایی تەمەنی چەند نەوەیەك- کە پتر لە چەند سەدەیەك لە خۆ دەگرێ - توانیویان لە دەوری خۆیان مریدانێك کۆبکەنەوە کە کوێرانە پەیڕەویان لێدەکردن. ئەمانە جولانەوەیەکیان لە دەروێشان پێکهێنا کە سەرئەنجام بەهۆی شا ئیسماعیلی دامەزرێنەری دەسەڵاتی سەفەوی (١٥٠٠ — ١٥٢٤)[1] و بە ئەنجامدانی کردەوەی هۆشیارانە بوو بە جولانەوەیەکی سیاسی. ریشەکانی ئەو گۆڕانکارییە دەبێ لە سەدەی سێزدەهەم (= حەوتەمی کۆچی) و تەنانەت بەر لەویش بدۆزرێتەوە.

## پیرانی تەریقەت

سەفەویەکان ناوی خۆیان لە باوە گەورەی بنەماڵەکەیان کە سەفیەدینە وەرگرتبوو، کە دوو ساڵ پاش مردنی فردریکی دووەم واتە لە ساڵی ١٢٥٢ز (= ٦٤٩ — ٦٥٠ ك) لە ناوچەی ئەردەبیل (نزیك لێواری باشووری ڕۆژئاوای دەریای قەزوین) لە دایك بوو. سەفیەددین کە لە شێخەکانی تەریقەت بوو، ڕەچەڵەکی بنەماڵەی خۆی بۆ ئیمامی حەوتەم و لەو ڕێگەیەوە بۆ حەزرەتی عەلی ئامۆزا و زاوای پێغەمبەر دەگێڕایەوە.(١)

بانگەشەی سەفەوی بۆ خاوەنداریەتی ئەو ڕەچەڵەکە بەرزە، کە بە هۆی چەند مەسەلەی گرنگ و ناڕوون لە شەجەرەی بنەماڵەکەیان لە لایەن ئیدوارد براون بە گومانەوە وەرگیراوە، لە یەکێك لە سەرچاوەکان پەسەند دەکرێ. بە پێی ئەو سەرچاوەیە یەکێك لە کەسانی ئەو بنەماڵەیە بەناوی

(١) لە ٩٠٧ تا ٩٣٠ ك (و .ف).



فەیروز شای زێڕین کڵاو لە ساڵی ١١٧٤ ز (= ٥٦٩-٥٧٠ ك) لە باشووری عەرەبستان بۆ ئازەربایجان کۆچی کردووە.(٢)

عەلەوی بوونی سەفەوی و لێکۆڵینەوە لە ڕاستی و دروستی ئەو بابەتە تەنیا لەو ڕوانگەیە دەتوانێ بایەخی هەبێ کە باوەڕ بەو مەسەلەیە یارمەتیدەری ئەو بنەماڵەیە بووە لە شەڕی دژی دوژمنەکانیان، ئەو دوژمنانەی کە سوننە بوون واتە عوسمانیەکان لە ڕۆژئاوا و ئۆزبەگەکان لە ڕۆژهەڵات. لە ئێرانی ئێستادا بۆچوونێکی وا لایەنگری هەیە، کە نەك تەنیا لە ڕاستی عەلەوی بوونی دامەزرێنەری دەسەڵاتی نەتەوەیی سەفەوی دەبێ شك و گومان بکرێ، بەڵکو لەوەش ئەولاتر دەڵێن کە خودی بنەماڵەی سەفەویش باوەڕیان بە ڕاستی و دروستی ڕەچەڵەکی خۆیان نەبووە و ئەوە ئیتر بابەتێکە کە بێگومان لە ڕادەبەدەر گەورە کراوەتەوە.

لێرەدا دەرفەتی ئەوە نییە کە ئاوڕ لە وردەکارییەکانی ژیانی سەفیەددین بدەینەوە کە ئەوەندە ڕووداوەشی لە خۆ نەگرتووە. تەنیا دەکرێ بڵێین کە ڕێبەرەکەی (واتە شێخ زاهیدی گەیلانی) لە گۆڕانکاری ڕوحی و فکری دوای ئەودا دەوری کاریگەر و بەرچاوی هەبووە. سەفیەددین پاش چەندین ساڵ عەودال بوون سەرئەنجام لە زستانی١٢٧٦ ز (یا ١٢٧٧ ز = ٦٧٥— ٦٧٦ك) لەماڵە گچکەکەی لە گەیلان لە لێواری باشووری دەریای قەزوین کە لەتەنیشت کەنار هەڵکەوتبوو، بە خزمەت شێخ گەیشت. ئەوکات سەفیەددین بیست و پێنج ساڵ تەمەنی هەبوو شێخ زاهیدیش شێست ساڵ.

لەدوای مردنی ڕێبەرەکەی، سەفی کە کچی ئەوی بەناوی بی بی فاتمە ببوو بە هاوسەری[1]، جێی گرتەوە. لە نامەکانی پیاوی گەورە و مێژوونووسی بەناوبانگی دەرباری ئیلخانی واتە وەزیری ئەعزەم (ڕەشیدەددین) بە باشی دەردەکەوێ کە سەفیەددین وردە وردە بە چ ئاستێك گەیشتووە لە گەورەیی و بەناوبانگی. لە یەکێك لەو نامانەدا ناوبراو داوا لە شێخ دەکا تا ڕازی بێ کە ئەو هەموو ساڵێك لە ڕۆژی لە دایك بوونی پێغەمبەر هەندێك دۆشاو[2]، ڕۆن، مەڕ، قەند، هەنگوین و بەرهەمی دیکە پێشکەش بە خانەقاکەی بکات. لە نامەیەکی تردا کە ڕەشیدەددین بۆ کوڕەکەی (میر ئەحمەد — کە ئەو کاتە حاکمی ئەردەبیل بوو) دەنووسێ

(١) سلسله النسب صفویه، ص ٣٦.

(٢) لەدەقی ئاڵمانی نووسراوە شەراب، بەڵام لە نووسراوەکەی ڕەشیدەدین فەزلولا ناوی شەراب نەهاتووە، بەڵکو باس لە دۆشاو دەکرێ. لەوانەیە نووسەری ئەو کتێبە (دۆشاو)ی لە جێی شەراب هێناوە. بڕوانە: مکاتبات رشیدی، بە سعی و اهتمام محمد شفیع، لاهور، ١٣٦٤ هـ. ق ،ص، ٢٧٢ (و.ف)



PDF 4 KURD

کە وریابێ و هەمیشە لە هەڵسوکەوت لەگەڵ شێخ دا ئەوپەڕی ڕێزو حورمەتی بگرێ و شوێن و پێگەی ئەوی لەبەرچاو بێ.[1]

ئێستا ئەگەر لە ڕاستی و دروستی ئەو نامانە گۆمان هەبێ، هەمیسان دەکرێ پشت بە سەرچاوەیەکی دیکەی فارسی ببەستین. بە پێی ئەو بەڵگەنامەیە ئەلجایتۆخانی مەغوول کە فەرمانڕەوای ئێران بوو دوای تەواوبوونی ئاوەدانکردنەوەی پایتەختەکەی واتە سولتانیە (دەوروبەری ساڵی ١٣٢٠ ز = ٧٢٠ ك) بەزم و ئاهەنگی گێڕاو و گەورە بەرپرسان و پیاوچاکانی بانگهێشت کرد، کاتێك خان بە نەهاتنی شێخ سەفی زانی، پەیکێکی تایبەتی بۆ لای ڕەوانە کرد. بەڵام شێخ بە ساڵ داچوونی خۆی کردە بیانوو و بەشداری لە ئاهەنگەکەدا نەکرد.[2]

هەروەها کوڕی شێخ سەفی، سەدرەددین (١٣٣٤ – ١٣٩٢ ز)[3]، وەنەوەکەی واتە خواجە عەلی (١٣٩٢ – ١٤٢٩ ز)[4] و کوڕی نەوەکەی کەدەکاتە شێخ ئیبراهیم (١٤٢٩ – ١٤٤٧)[5]، لەڕێی کەشف وکەراماتەوە بەرقەرار ببوون وببوونە جێگەی بایەخ وسەرنجی خەڵکی ئاسایی وتەنانەت نێوبانگی خواناسی و پیاوچاکیان گەیشتە دەربارەی سولتانی عوسمانی لە برۆسە، لە ئاکامدا لەوێڕا هەموو ساڵێك دیارییێکی زۆر و کیسەی پڕ لە پارە – کە بە تورکی پێی دەگوترا "چراغ ئاقچەسی"[6] واتە پارەی ڕووناکی و چرا – بۆ ئەردەبیل ڕەوانە دەکرا.[7]

(١) ادوارد براون، مصدر سابق، جلد٤، ص ١٩ و ٣٣.

(٢) تاريخ عالم آراي اميني، صb ١٣٤، تێبینی وەرگێڕ: لە سەربردەیەکی پوختی کە لەو کتێبەی بە پێنووسی مینۆرسکی لە ساڵ ١٩٥٧ چاپکراوە هاتووە کە شێخ خواردنی لە سفرەی سولتانی پێ باش نەبوو و لەلایەکی تر چونکە دەیزانی شا لە نەخواردنی تورە دەبێ، ناچار پیری و بە ساڵداچوونی کردە بیانوو بۆ نەڕویشتنی (لاپەڕەی ٦٢).

(٣) لە ٧٣٤- ٧٣٥ تا٧٩٤– ٧٩٥ ك (و. ف)

(٤) لە ٧٩٤- ٧٩٥ تا٨٣٢ – ٨٣٣ك (و. ف)

(٥) لە ٨٣٢- ٨٣٣ تا ٨٥٠ – ٨٥١ ك (و. ف)

(٦) ئاقچە: دراوێکی زیوی عوسمانی بوو، کە لە ویلایەتە عەرەبییەکان (درهەم)یشی پێ دەگوترا. لەبەر ئەوەی ڕەنگی بەلای سپی دابوو بۆیە ناوی لێنرابوو (ئاقچە) کە دەکاتە (سپی پات) (و.ك).

(٧) فرانتس بابینگەر، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٧ ، بدرالدین، ل ٨١، لیون کلاویوس (Leun Clavius) sp. ٦٤٧، عاشق پاشازادە، مصدر سابق، ص ٢٦٤.



## مریدەکان

لەو هەلومەرجەدا جێی سەرسوڕمان نییە کە زۆر سەرچاوە باس لە لێشاوی ئەو خەڵکە دەکەن کە بۆ زیارەتی شێخ لە خانەقاکەی بەڕێوەبوون تا لە مەکتەبی دەرسی ئەو سوودمەندبن. لە بابەت لێزانی و پەروەردە و بارهێنانی شێخ ئێمە زانیارییەکی وردمان لە دەستدا نییە. لە سەردەمی خودی شێخ سەفی تەنیا ژمارەی زیارەتکەران کە لە ڕێگەی تەوریز و مەراغە دەگەیشتنە ئەردەبیل، بە وتەیەکی دروستتر تەنیا ژمارەی زیارەتکەرانی ئانادول و عێراق لە ماوەی سێ مانگ پتر لە سێزدە هەزار کەس دەبوو.[1] سەرچاوەیەکی دیکەی فارسی زانیاری ئێمە لەم بارەیە تەواو دەکات و دەڵێ پاش ماوەیەك لە ڕۆژهەڵاتی دووریش وەك بەلخ و بوخارا موریدی سەفەوی هەبوون[2].

لەبارەی هاوکاران و هاوڕێیانی سەدرەدین زانیارییەکی وردمان نییە، بەڵام لە خواجە عەلی نەوەی سەفی دەگێڕنەوە کە ئەو لە ئەنادۆل و دەڤەری باشووری تەکە و حەمید و یا قەرەمان (بڕوانە نەخشەی ژمارە-٤) موریدێکی زۆری هەبووە، بەڵام بنەڕەتی بابەتەکە بەم جۆرەیە:

کاتێك کە تەیموور لەنگ لە ساڵی ١٤٠٢ ز (=٨٠٤- ٨٠٥ ك) لە لەشکرکێشی سەرکەوتوانەی خۆی بۆ ئاسیای بچووك و شەڕی بایەزیدی عوسمانی گەڕایەوە، لە ئەردەبیل دەچێتە خانەقای خواجە عەلی و چاوی پێدەکەوێ. دەڵێن دیداری ئەو پیاوە خواناس و گۆشەگیرە بەجۆرێك کاریگەری بەسەر تەیمورەوە هەبووە کە دەس بەجێ فەرمان دەدات ئەردەبیل و هەموو گوند و دێهاتی دەوروبەری بە وەقف بۆ بنەماڵەی سەفەوی تەرخان بکرێ و خانەقاکەی بۆ مەترسیدارترین تاوانکاران پەناگە بێ، بەم جۆرە ئەو شوێنە بە درێژایی چەندین سەدە ئەو تایبەتمەندییەی پاراست. بەڵگەی ئەو وەقف نامەیەش دروست دووسەد ساڵ دواتر لە تورکستانی ڕۆژئاوا کەوتە دەست سەربازەکانی شا عەباسی مەزن.[3]

(١) سلسله النسب صفويه، ص ٣٨.

(٢) تاريخ اسماعيل، بەڕاگواستن لە: ادوارد براون، مصدر سابق، جلد ٤، ص ٥١.

(٣) سلسلة النسب صفوية، ص ٤٨، تاريخ عالم آراي عباسي، ص ١٢. ئەسکەندەری مونشی مێژوونووسی دەرباری شا عەبباس لەم بارەیەوە و ئەو ڕووداوەی دواتر باس دەکرێ، واتە ئازادکردنی دیلەکانی ئەنادۆل بەم جۆرە دەنووسێ: "هەرچەندە ئەو ڕووداوە لە کتێبی مێژوویی و تەنانەت هەڵبەستەو نووسراوەی ئەو بنەماڵەیەدا وەبەرچاوم نەکەوتووە، بەڵام بەهۆی ناوبانگی و کەوتنە سەر زمانان نووسیم. لە سەفەری بەلەخ و لە کاتی داگیرکردنی قەلای ئەنەخود بەهۆی شەڕکەرەکان ئەو دەفتەر و دەستە کە بە مۆری مەغوولی و نیشانی مۆری



PDF 4 KURD

لەو هەواڵە کەمانەی کە سەبارەت بە شا ئیسماعیلی دامەزرێنەری بنەماڵەی دەسەڵاتداری سەفەوی بەدەستمان گەیشتووە، درێژی ئەو بابەتە بەم جۆرە هاتووە[۱]: تەیمور هەوڵدەدا کە خواجە عەلی بێجگە لەمە داواکاریەکی دیکەی لێبخوازێ، شێخ لە وەڵام دا دەڵێ پێویستی بە هیچ شتێك نییە چونکە خەڵك پێداویستییەکانی دابین دەکەن، بەڵام وا باشترە کە سولتان ئەو دیلانەی کە لە ئەنادۆل ڕا هێناونی ڕزگار بکات (دەڵێن ژمارەی ئەوە دیلانە سێ هەزار کەس بووە کە بە دڵنیاییەوە لێی زیاد کراوە، بەڵام هەر چۆنێك بێ ژمارەیان کەمیش نەبووە) تەیووریش بێ دواکەوتن فەرمانی دا کە هەموو دیلەکان بدرێنە دەست شێخ و ئەویش ئەوانی ئازاد کرد. ئەو دیلانە هەموویان بۆ پێزانینی ئەو چاکەکاریەی شێخ لەلای مانەوە و بوونە مریدی، دیارە هەندێکیان بۆ وڵاتی خۆیان گەڕانەوە، بۆ ئەوانی دیکەش خواجە عەلی لە ئەردەبیل بەشێکی تایبەتی دیاری کرد کە بۆخۆیان ماڵ و خانووی تێدا دروست بکەن، لە سەدەی حەڤدەهەم (= سەدەی یازدەهەمی کۆچی) هێشتا نەوەکانی ئەو ڕزگاربووانەی ئەنادۆل بەسۆفیەکانی ڕۆملو دەناسران کە بە مانای سۆفیەکانی ڕۆمی یا ئاسیای بچووکە.[۲]

لە باسی سەردەمانی دواتر واتە ئەو قۆناغەی کە مریدەکان بوون بە سوپایەکی شەڕکەر بۆمان دەردەکەوێ کە سۆفییەکان چەندە کوێرانە پەیڕەوی پیرو شێخی تەریقەت دەکەن. بۆ وێنە یەکێك لە بازرگانەکانی ڤینیسیا لە سەرەتای سەدەی شازدەهەم (= سەدەی دەیەمی کۆچی) لە ڕاپۆرتێکدا دەنووسێ کە زۆرێك لە سۆفییەکان لە کاتی شەڕ بۆ بنەماڵەی سەفەوی چەکیان هەڵنەدەگرت، ئەوان زۆرتر بە سینگی ڕووتەوە دەچوونە مەیدانی شەڕ تا بۆ ئەو کەسەی کە ستایشی دەکەن بجەنگن.[۳] گەڕیدەکانیش دەنووسن کە ئەوان هەمیشە وەك "شێر" دەجەنگن. بەم

ئەمیر تەیمور بوو کەوتە دەستیان و کەوتە بەرچاوی خودی شای سێبەری خواش کە تێیدا باسی کەراماتی سولتان خواجە عەلی و ئەو بابەتەی وەقف کردنەی تێدا نووسرا بوو."

(تێبینی وەرگێر: لە دەقی کتێبەکە بەزمانی ئالمانی ئەو بەشە لە ئەردمان (F.V.Erdmann) وەرگیراوە کە لە (گۆڤاری کۆمەڵەی ڕۆژهەڵاتناسی ئالمان (ZDMG) بەرگی پانزدهەم، لاپەڕەی ٤٩٨ )هاتووە، بەڵام لێرەدا دەقی ئەو بەشەی "تاریخ عالم آرا"مان هێناوە).

(۱) تاریخ اسماعیل، ص b ۱۲

(۲) سلسله النسب صفویه، ص ٤٨، ڕاس (Ross) ل ٣٦

(۳) بازرگانی ڤینیسی (لە بەشی سیاحەتنامەی هاکلیوت) لاپەڕەی ٢٠٦ و ف . بابینگەر لە نووسینەکانی ماڕینۆسانۆتۆ، لاپەڕەی ٤١ بەو تایبەتمەندیانە:



جۆرە دەکرێ بڵێین کە ئازایەتی ئەوان لە ڕۆژهەڵاتیش وەك ڕۆژئاوا بە نموونە دەهاتەوە، ئەمەش لە وەفاداری و خۆشەویستی لەڕادەبەدەریان بۆ شێخی تەریقەتەکەیان سەرچاوەی دەگرت.

دروشمی شەڕی شوێنکەوتوانی سەفەویش وەك باب و باپیرانیان بە زمانی تورکی ئازەربایجان بوو. ئەوان لە کاتی شەڕدا دەیانگوت: قوربان ئولدوغوم (یا سەدقە ئولدوغوم) پیروم، مرشدوم![۱] (واتە: قوربانت بم یان سەدەقەت بم شێخم، ڕێبەرم - و.ك).

## ڕێکخستنی تەریقەت

سەبارەت بە ڕێکخستنی تەریقەتی سەفەوی لەو قۆناغەی کە بە تەواوی لایەنی ئایینی هەبووە و لە سیاسەت دوور بوو، زانیاریمان زۆر کەم بەدەستەوەیە. سەرۆکی تەریقەت (پیر یا مورشید) هەمیشە لە سەفەویەکان بوو،وە هەمیشە کوڕی مورشیدی پێشوو بۆ ئەو پایەیە هەڵدەبژێردرا.[۲] ئەم نەریتە تەنانەت ئەوکاتەش لەبەرچاو دەگیرا کە جێنشین منداڵێکی کەم تەمەنیش بووایە. لەبەرچاو گرتنی بێ ئەم لاو ئەولای ڕێوشوێنی ئەو فرقەیە و پەیڕەوی کردن لە ڕێکخستنەکەی، کاتێك بە باشی دەردەکەوێ کە دەبینین هیچ کاتێك مەسەلەی جێنشینی تێیدا نەبوو بەهۆی گیروکێشە و جیابوونەوە. تەنیا جارێك یەکێك لە ئەندامانی بە تەمەنتری بنەماڵەی سەفەوی (جەعفەر ) - هەروەك دواتر دەبینین- بە بێ دەنگی و بە هەوڵێکی زۆر تێکۆشا تا بەلەناوبردنی جێنشینی مافدار و ڕاستەقینە ڕێبەرایەتی ئەو تەریقەتە بە دەستەوە بگرێ، بەڵام ئەم هەوڵەش بێ ئاکام مایەوە.

دیاریکردنی جێنشین هەمیشە لەکاتی خۆیدا لەلایەن پیر (شێخ) واتە لە سەردەمی ژیانی ئەودا جێبەجێ دەکرا و بە بڕوای سۆفیەکان بەم کردەوەیە ولایەت لە باوکەوە بۆ کوڕی هەڵبژێردراو دەگوازراوە، بەڵام دەبێ بزانین کە ئەو کوڕە هەڵبژاردەیە بە هیچ جۆرێ مەرج نەبوو کە کوڕی گەورەش بێت بۆ وێنە شێخ ئیبراهیم کوڕی سێیەم و شێخ جونەید کوڕی

F.Babinger,Marino Sanutos Tagebucher

(۱) تاریخ اسماعیل، دانەی دەسنووسی کتێبخانەی زانکۆی کەمبریدج بەناونیشانی Add٢٠٠ ، بەرگی a ٤١ و بڕوانە: ادوارد براون، مصدر سابق، جلد ٤، ص١٥.

(۲) هەڵبەت شا ئیسماعیل هەر بە دوای باوکی حەیدەر بۆ ئەو پلەیە هەڵنەبژێردرا، بەڵکو پاش برا گەورەکەی (سولتان عەلی) هەڵبژێردرا.



PDF 4 KURD

شەشەمی باوکی خۆی بوو. جێنشین نە تەنیا پلەی مەعنەوی وەدەست دەهێنا، بەڵکو دەبوو بە خاوەنی هەموو میراتی ماددیش، کە بێجگە لە خانەقا کە دواتر باسی لێدەکەین، بریتی بوو لە داهاتی زەوی و زار و موڵك و ماڵی دەوروبەری ئەردەبیل (کەلخوران، تاجی بیوك، تەلخاب، ئیبراهیم ئاواو...)[1].

لە نێوان مورشید و شوێنکەوتووەکان دیارە لە هەندێك کاتی تایبەتی دا و بەتایبەتی بۆ ئەو موریدانەی کە لە شوێنی دوور دەژیان، کەسانێکی دیکە نێوەند بوون کە پێیان دەگوتن خەلیفە و بۆ بڵاوبوونەوەی بیروباوەڕی سەفەویش هەوڵیان دەدا.[2] دواتر ئەو نێوەندانە یا سەرۆکی دەستەکانی خۆجێیی کەوتنە ژێر فەرمانی سەرۆکێکی دیکە، کەئەویش خەلیفەی گەورە یا (خلیفة الخلفا)بوو کە بۆ یەکەم جار ساڵی ١٥٠٨ز (= ٩١٣-٩١٤ك) لەلایەن شا ئیسماعیلەوە ئەو پلەیەی پێ بەخشرا،ئەمە وەك ڕێبەر و پێشەوای سۆفیەکانی ئەنادۆل بوو بە خاوەن ناو و ناوبانگ و ڕێزێکی زۆر[3].

لە ئەردەبیل مریدە بەرچاوەکان کاروباری ئیدارەیان پێ دەسپێردرا، بۆ وێنە لەسەردەمی شێخ سەفی سەیدێك بەناوی جەمالەددین کەخەڵکی ئەسفەهان بوو بەرپرسی ناندانی هەژاران بوو، بۆ ئەنجامی ئەم کارە تەنیا لە یەك ڕۆژدا هەزار مەڕ پێویست بوو[4].

کاروباری ناندان بە هەژاران یەکێك لە ئەرکەکانی خانەقای ئەردەبیل بوو، تەنانەت کاتێك کە سەفەویەکان بە دەسەڵاتیش گەیشتن ئەم ئەرکە درێژەی هەبوو. ئێمە بۆ وێنە بەوپەڕی وردبینییەوە ئاگاداری پێداویستییەکانی چێشتخانەی شا عەباس هەین (سەرەتای سەدەی حەڤدەهەمی زایینی = سەدەی یازدەهەمی کۆچی) و لێرەدا بە نیازین ئەو ژمارانە کە بۆ یەك ساڵی تەواوە بخەینە بەر چاوی خوێنەران.(٥)

(١) سلسلە النسب صفویە،ص ١١٣.

(٢) حسن روملو، احسن التواریخ،ق ٩، ص ٩٨ a، سانوتو، بەرگی چوارەم، ل ٥٠٠، تاریخ عالم آرای امینی ، ص ١٣٩ b.

(٣) اسکندر مونشی، تاریخ عالم آرای عباسی، ص ١٨ و ٢٦، هینتس لە کتێبی شا ئیسماعیلی دووەم، ل ٥٩ و دواتر.

(٤) سلسلە النسب صفویە، ص ٣٨.

(٥) سلسلە النسب صفویە، ص ١١١.



| | |
|---|---|
| برنج | ١٤٢٥٠٠ کیلۆگرام |
| گۆشت | ٥٧٠٠٠ کیلۆگرام |
| گۆشت بۆ هەریسە[1] | ١١٤٠٠ کیلۆگرام |
| ئارد | ١٠٣٦٠ کیلۆگرام |
| ڕۆن | ٢٩٢٥٥ کیلۆگرام |
| دۆشاو | ١٥٠٧٦ کیلۆگرام |
| هەنگوین | ٥٧٠ کیلۆگرام |
| نۆك | ٤١٧٢ کیلۆگرام |
| خوێ | ٨٥٥٠ کیلۆگرام |
| پیواز | ٤١٧٢ کیلۆگرام |
| دووگ | ٢٨٥ کیلۆگرام |
| مێو | ٨٥٥کیلۆگرام |
| شەکر | ١٤٢ کیلۆگرام |

لەبارەی مریدانەوە دەکرێ دوو گروپی جیاواز لە یەکتر ببینین، یەکیان ئەوانە بوون کە لە دەرەوە دەژیان و بەلایەنگر دەهاتنە ئەژمار، ئەوانی تریش شوێنکەوتوانی تەواوی سەفەوی بوون کە لە ئەردەبیل دەژیان. مارینۆسانوتۆ[2] لە یاداشتەکانی خۆیدا دەنووسێ: "ماڵی ئەوان [مەبەست سەفەویە] لە تەکیەیەکی[3] زۆر جوان و گەورە لە دەوروبەری تەورێز بوو [مەبەست

(١) نووسەری کتێب نووسیویەتی "گۆشتاو" بەڵام چونکە لێرەدا ئەو مانایە ناگایەنێ بۆ سەرچاوەکە گەڕاینەوە. لە کتێبی (سلسلە النسب صفویە) دا نووسراوە گۆشت بۆ هەریسە (لە خودی کتێبەکە: حریسە) چوار هەزار مەن، کە لێرەدا نووسەر بە گۆشتاوی لێکداوەتەوە. هەروەها نووسەر لەم کتێبەدا لەهەموو شوێنێك "مەن"ی بە دوو کیلۆ و هەشت سەد و پەنجا گرام ئەژماردووە (و.ف). هەریسە: خواردەمەنیەکە لە گۆشت و دانەوێلە دروست دەکرێ.(و.ك)

(٢) لە نامەیەك کە لە راگۆزا (Ragusa) لە ڕێکەوتی شەشی نۆڤەمبەری ١٥٠٢ نووسراوە، دەرهێنراوە، سانوتو، بەرگی چوارەم، لاپەڕەی ٥٠٠.

(٣) لە دەقی کتێب و دیارە بە ڕاگواستن لە یاداشتەکانی (سانوتو) نووسراوە تکە (Tekke) بەڵام مەبەستی دەبێ تەکیە بێ (و.ف).



PDF 4 KURD

خانەقای ئەردەبیلە] لەم تەکیەیەدا سێ سەد کەس پێکەوە لەگەڵیان دەژیان و دەتوانین هەموو ئەوانە لەگەڵ دێرنشینەکانی مەسیحی بەراورد بکەین. ئەمانە هەمیشە لەوپەڕی پاکی و بە دوور لە ماڵ و حاڵی دنیا و خۆشیەکانی دەژیان، بە جۆرێك نەتەنیا لە ئێران بەڵکو لە سەرانسەری تورکیا و شام و بەربەرستان[1] ڕێزیان لێدەگرتن".

سەرچاوە ڕۆژهەڵاتیەکانیش شاهیدی بۆ ئەوە دەدەن کە شوێنکەوتوانی ئەو تەریقەتە ژیانیان بە پەرستش و خۆ بێ بەشکردن لە نیعمەتەکانی ماددی دەگوزەراند[2]. ڕۆژ بە بێ دەنگی دەستی پێدەکرد و پێش دەرکەوتنی سپێدە تا دەرکەوتنی هەتاو قسە کردن نەبوو. ئینجا بۆ ماوەی یەك سەعات بەدەنگی بەرز زکریان دەکرد، ئەو زکرە لە کاتی ڕۆژئاوابوون دووپات دەبۆوە. پاش نوێژی ئێوارە قورئانیان دەخوێندەوە. بە خواردنێکی کەم قەناعەتیان دەکرد، زۆرتر برۆش دەخورا و زۆریش بە ڕۆژوو دەبوون. دە ڕۆژی کۆتایی مانگی ڕەمەزان و دە ڕۆژی یەکەمی مانگی (ذي الحجە)یان بە تەنیایی و لە چۆڵەوانی بەسەر دەبرد. لەسەرەتای زستاندا دەچوونە چلەوە و لە دانیشتن لەگەڵ خەڵك خۆیان دەپاراست و ئەوەندە بەڕۆژوو دەبوون و خەڵوەتیان دەکێشا. تا دەگەیشتە قۆناغی لە خۆ بوونەوەو خەڵسەی تەواو.

## خانەقا

فریدریش زارە[3] لە بەرهەمەکەی خۆی سەبارەت بە ئەردەبیل بەوردی لەمێژووی بینای مزگەوتی مەزاری شێخ سەفی ڕوانیوە و لێی کۆڵیوەتەوە بەجۆرێك کە ئێمە لێرەدا بە هەندێك وردەکاری و تێبینی بە مەبەستی تەواو بوون قەناعەت دەکەین (بڕوانە نەخشەی مزگەوتی ناوبراو لەپاشکۆ کە ب .شولتس[4] ئامادەی کردووە. زارە ئەو ڕەسمەی لە لاپەڕە (١٦)ی بەرهەمەکەی چاپکردووە).

لە پانی دەستی چەپ، حەوشەی گەورە ڕێگای بۆ مزگەوتی خانەقا هەیە، ئەو مزگەوتە هەشت لایەو گۆمەزێکی لەسەرە کە ئێستاکە هیچ شوێنەوارێکی لێنەماوە. لێرە لە تەنیشت مینبەرێك کە لەلای ڕاستی دەرگای هاتنە ژوور ئاڵایەکی لێبوو کە دەڵێن بەدەستی حەزرەتی

(١) مەبەست لە بەربەرستان ناوچەیەکە کە ئێستاکە بریتیە لەدەوڵەتانی ئەلجەزایر، مەغریب، لیبیا و تونس (و.ف)

(٢) سلسلە النسب صفویە، ص ٣٦- ٣٨.

(٣) F.Sarre

(٤) B.Sculz



فاتمەی کچی پێغەمبەر(د.خ) چێکراوە و شێخ سەدرەددین (لە ساڵی ١٣٨٠ ز = ٧٨١-٧٨٢ ك) لە مەدینە لەگەڵ خۆی هاوردبووی[1]. ئەو مزگەوتە کۆنترین بەشی ئەو خانەقایەیە و بە بڕوای زارە[2] لە سەدەی سێزدەهەم (= سەدەی حەوتەمی کۆچی) دروست کراوە.

لە دوای مزگەوت بە پێی ڕێو شوێن کۆنترین بەش دەبێ بینایەکی چوار سوچ بێ کە گومەزێکی لەسەرە (وەك لە نەخشەدا (لەپاشکۆ) هێلکاری کراوە)، بە پێی قسەی خەڵکی ناوچەکە ئەو شوێنە دەبێ "گلگۆی خاتون"[3] بێ. بە بێ هیچ گومانێك ئەوە گۆڕی بی بی فاتمەی هاوسەری شێخ سەفی و کچی مورشیدەکەی (شێخ زاهید)ی گەیلانیە کە لە ساڵی ١٣٢٤ ز (= ٧٢٤ ك واتە دە ساڵ پێش هاوسەرەکەی) لە ئەردەبیل وەفاتی کردووە. شێخ سەفی خۆی فەرمانی دابوو کە لەسەر گۆڕەکەی گومبەزێك چێ بکرێ.[4]

گلکۆی شێخ سەفیش خراوەتەوە سەر ئەو بینایە کە لە بنەڕەتدا جیا بووە (لە نەخشەکەدا بە-i- دیاری کراوە)، ئولیاریوس[5] دەڵێ کە ئەو گلگۆیە بەهۆی شێخ سەدرەددین کوڕی شێخ سەفی بینا کراوە. سەرچاوەیەکی فارسی[6] بۆ پشت ڕاستکردنەوەی ئەم هەواڵە دەڵێ دروستکردنی ئەو ساختومانە بە پێی فەرمانی سەدرەددین (١٠) ساڵی خایاندووە. ئەو ڕێو شوێن و تەرزی ئەو خانەقایەی لەبابەت خزمەتکار و دەست و پێوەند و شەمع و مەشخەڵەکان دیاری کرد و هەروەها شوێنەکانی خەلوەتخانە، جێی خۆشوشتن و هۆدەکانی دیکەی دەسنیشان کرد. دەکرێ ڕێکەوتی دروستکردنی ئەو ساختومانە بە چارەکی کۆتایی سەدەی چواردەهەم (= ٧٧٦ تا ٨٠٢ ك) دیاری بکەین. چونکە دەڵێن سەدرەددین وەستا و پیشەکاری لە مەدینەدا لەگەڵ خۆی هێنابوو، زیارەتی شێخیش بۆ حەج لە کۆتایی تەمەنی درێژی (١٣٠٥ – ١٣٩٢ ز)[7] ئەنجام درا.

(١) سلسلە النسب صفویە، ص ٤٥.

(٢) بڕوانە بۆ: اردبیل، ص ١٦.

(٣) هەمان سەرچاوە، ص ١٣

(٤) سلسلە النسب صفویە، ص ٣٦، ناوی ئەو "گومبەزی حەرەم" بوو.

(٥) ئولیاریوس (Olearius)، لاپەڕەی ٣٣٨.

(٦) سلسلە النسب صفویە، ص ٣٩.

(٧) لە ٧٠٤ تا ٧٩٤ ك (و. ف).



PDF 4 KURD

گوایە بەرفراوانکردنی ئەو ساختومانە لە نێوەڕاستی سەدەی پازدەهەم (= نیوەڕاستی سەدەی نۆهەمی کۆچی) لەلایەن شێخ جونەیدەوە ئەنجام دراوە، هەر چۆنێك بێ ئەوە ڕاپۆرتێکە کە ئۆلیاریوس لە سەدەی حەڤدەهەم[1] (= سەدەی یازدەهەم کۆچی) بە پێی قسەی خەڵکی ناوچەکە باسی لێدەکات. بەڵام چونکە شێخ جونەید ژیانێکی پڕ لە جولە و نەسرەوتووی هەبووە، ناکرێ پشت بەو قسەیە ببەستین و لێی دڵنیا بین. من زۆرتر لەسەر ئەو باوەڕەم کە فراوانکردنی ئەو بینایە بەهۆی شێخ حەیدەر ئەنجام درابێ کە زۆر پێش جونەید لە ئەردەبیل ژیاوە، پاساوی من بۆ ئەو بۆچوونە بابەتێکە کە لە یەکێك لە سەرچاوەکاندا هاتووە، بە پێی ئەو بابەتە حەیدەر لە لێواری ئەو ڕووبارەی لە دەوروبەری ئەردەبیلە، باخێکی چێ کرد و لە نێوەڕاستی ئەو باخە، کۆشکێکی قایم و پتەوی دروست کرد.[2]

لەبارەی مێژووی دروست کردنی بینایەك کە بە "چینی خانە" ناسراوە، بەڵگەنامەی بەهێز و جێی باوەڕ لەبەردەست دا نییە، بە وتەی (زارە)[3] هەم ڕواڵەتی کۆن و ڕزیوی ئەو قەسرە و هەم نەگونجانی لەگەڵ کۆی دامەزراوەکانی تری خانەقا بەڵگەن بۆ ئەوەی کە ئەو ساختومانە بۆ پێشتر دەگەڕێتەوە (لەوانەشە سەدەی چواردەهەمی زایینی = سەدەی هەشتەمی کۆچی بێ).

سەبارەت بەو بەشەی دامەزراوەکان کە بەدەستی شایەکانی سەفەوی لە سەدەی شازدەهەم و حەڤدەهەم (= سەدەی نۆیەم و دەیەمی کۆچی) دروست کراون، ئێوە بۆ بەرهەمی زارە کە تا ئێستا چەندین جار پشتمان پێ بەستووە، ڕێنوێنی دەکەین. زارە پلانی بەرهەمێکی تایبەتی دیکەی بۆ داهاتوو داڕشتووە کە پەیوەندی بە شێوەکاری و تەلارسازی ئێرانەوە هەیە و ئەویش دەکرێ زۆر بە سوود بێ.

---

(١) بەڵام شێخ جونەید حەوشەکەی بەرفراوان کرد و چەند حەوشە و خانووی دیکەی لێ زیاد کرد" (ئولیاریوس، لاپەڕەی ٣٣٩).

(٢) تاریخ عالم آراي اميني، ص b ١٤٧.

(٣) سەرچاوەی پێشوو، ص ١٧.

# (بەشی دووەم)

## سەرەتای حکومەتی ڕوحانی سەفەوی

کاروباری گواستنەوە لە تەریقەتی سۆفیگەری شێخەکانی سەفەوی بۆ حکومەتێکی دنیایی بەهۆی ڕوحانیەکان بە هاتنە سەرکاری شێخ جونەید جێبەجێ بوو، ئەم شێخە کە پیاوێکی کەم وێنە و نایاب بوو وە پێشەوا و ڕابەری بە  توانای کۆمەڵێ دەروێشی بڕوادار و گوێڕایەڵ بوو، بانگەشەی حکومەت و سەرکردایەتی دنیایی کرد. ئەم بابەتە خۆی لە خۆیدا ئەوەندە گرنگە کە مەسەلەی قەڵەمڕەوی حکومەت ئەوان دەخاتە ژێر کاریگەری خۆی.

بێگومان پەیوەندی شێخانی ئەردەبیل بەدەسەڵاتدارانی سەردەمی خۆیان تازە لەسەردەمی شێخ جونەید دا (١٤٤٧ — ١٤٦٠ ز)[١] دەستی پێنەکردبوو، بەڵام لەم پەیوەندیەدا هەرگیز مافی ڕوحانی و داوای دنیایی تێکەڵ بە یەك نەدەکران. ڕێزنانی (خواجە ڕەشیدەدین فەزلوڵڵا)ی وەزیری مەغول لە شێخ سەفی و چاودێری کرانی خواجە عەلی لەلایەن (تەیمور لەنگ) ەوە دیارترین نموونە بوون لەم بوارەدا. هەروەها (شاهرۆخ)ی کوڕ و جێنشینی تەیموریش — کە لەگەڵ (قەرەیوسف)ی سەرداری قەرەقۆنیلۆ لە جەنگدا بوو — لە کاتی لەشکرکێشی کردنی بۆ بارەگای زستانەی (قەرەباغ) لە سەرەتای ئاداری ١٤١٢ ز (= ذي القعدة ٨١٤ ك) هەوڵیدا چاوی بە شێخ خواجە عەلی بکەوێ و لەگەڵ یەکدا لەبارەی مەسەلەی ڕوحانیەت و ڕەوشتەوە گفتوگۆیان کرد[٢].

سەرەڕای ئەمەش پەیوەندی دژوار و ناهەمواریش لە نێوان فەرمانڕەوایان و شێخانی سەفەوی لە  مێژووی تەریقەتی سەفەویدا هەبوونی هەبوو، لە سەردەمی لەناوچوونی دەسەڵاتی جەنگیزی لە ئێران، مەلیك ئەشرەف — کە لە تیرەی مەغولی چۆبان بوو — لە ئازەربایجان دەسەڵاتی گرتە دەست، ناوبراو کە لە پەیڕەوانی شێخ سەدرەددین نیگەران بوو شێخی بە فێڵ بانگ کردە (تەورێز)ی پایتەختی خۆی و لەوێ بۆ ماوەی سێ مانگ دەست بەسەری کرد. دواتر

---

(١) واتە لە ٨٥١ تا ٨٦٤- ٨٦٥ ك (و. ف)

(٢) حسن روملو، احسن التواريخ، ق ٩، ص b ٢٤



مەلیك ئەشرەف بەهۆی خەونێکەوە ترسا و شێخی ئازاد کرد. کەچی زۆری پێنەچوو لەم کردەوەی خۆی پەشیمان بۆوە و لەشکرێکی لە دوایدا هەنارد، بەڵام لەبەر ئەوەی شێخ گەیشتبووە گەیلان لەم هەوڵەدا سەرکەوتوو نەبوو. دواتریش لە ساڵی ١٣٥٧ ز (= ٧٥٨ك) فەرماندەیەکی مەغولی قەبجاق بەناوی (جابی بێگ خان) لە هەڵمەتێکی سەرکەوتووانەدا کاری مەلیك ئەشرەفی یەکلا کردەوە و لە نزیك (ئۆجان) بە مێوانداری کردنێکی بەرێزانە لە شێخ پەیوەندی دۆستانەی لەگەڵ (ئەردەبیل) دا دامەزراند.[١]

## شێخ جونەید شێخی تەریقەت

لە ڕاستیدا ڕووداوێکی لەم جۆرە — واتە دوژمنایەتی لەگەڵ یەکێ لە سەرداران — ڕێڕەوی ژیانی شێخ جونەیدی دیاری کرد. شێخ جونەید لە ساڵی ١٤٧٧[٢] لە ئەردەبیل لە شوێنی شێخ ئیبراهیمی باوکی — کە نازناوی شێخ شاە بوو — دانیشت، ئەمەش جێگای نیگەرانی (شێخ جەعفەر)ی مامی بوو کە پیاوێکی دانا و بە ئەزموون و لە هەمان کاتیشدا جێگە خوازی ئەو بوو. شێخ جەعفەر کە گەورەترین کوڕی خواجە عەلی بوو، دیارە لەو ماوەیەی کە شێخ ئیبراهیمی برای سیفەتی ڕێنمایی کردنی هەبوو، ئەو خەریکی کاری خزمەتگوزاری بوو[٣].

هەرچەندە زانیاریمان نییە لەبارەی ئەوەی کە ئایا شێخ جونەید لە ساڵی ١٤٤٧ز (٨٥١ك) تەمەنی چەند بوو، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو شەشەمین کوڕی باوکی بوو، وە لەو ماوەیەدا هیچ هەواڵێکمان لەبارەی ئەو پێنەگەیشتووە، بۆیە دیارە کە ئەو لەم ساڵەدا گەنج بووە. لەو کاتەشدا گوایا شێخ جەعفەر سەرپەرشتی ئەویشی لە ئەستۆدابووە[٤]. جونەید کە پیاوێکی بێ پشوو و بێ ئارام بوو، هەر بەوە نەوەستا کە گۆڕانکاری لە ڕێو ڕەسمە نهێنی و شاراوەکانی تەریقەتی خۆیدا کرد و تەواو پەرەی پێدا، هەرچەندە ماوەیەکی زۆری بەسەردا تێنەپەڕیبوو کە

---

(١) سلسله النسب صفويه، ص ٤١-٤٣ هەروەها:

.Mouradgea Dohsson IV,p.٧٤٠-٧٤١; Hammer, Golden Horde,p.٣١١

(٢) دیارە ژمارەی ١٤٧٧ هەڵەی چاپە، چونکە جونەید لە ساڵی ٨٥١ ك کە دەکاتە ١٤٤٧ ز لە جێگای سولتان ئیبراهیم دانیشت و ئەمەش لە دێڕەکانی داهاتوودا بە جوانی بە دیار دەکەوێت. (و.ف)

(٣) سلسله النسب صفويه، ص٩٤،٥٠- ٩٦.

(٤) احمد ابن محمد القاضي غفاري، نسخ جهان آرا، ص b ٤٧.

له سەردەمی خواجه عەلی باپیری بە تەواوی لە ژێر کاریگەری شیعەگەریتی بەرقەرار ببوو، بەڵکو لە پێناو بەدەست هێنانی دەسەڵات و ڕاکێشانی ژمارەیەکی زیاتر لە مورید و پەیڕەوان چەندین پلانی دانا.

ئەو ژمارە زۆرەی سۆفییان و پەیڕەوان کە لە دەوری شێخ جونەید تەیار و ئامادەبوون نیگەرانی و گومانێکی زۆری دروست کرد لەلای (جیهانشاه)ی سەرداری هۆزی قەرەقۆنیلۆ (٣) و میرەکانی تری ئازەربایجان کە لەو ڕۆژگارەدا لەوێ دەسەڵاتیان هەبوو. بەتایبەتی کە پەیڕەوانی شێخ بە خۆیان و تەواوی خێزان و ماڵیان لە دەوری ئەودا گوزەرانیان دەکرد. بە جۆرێك ئەردەبیل وەك سەربازگەیەکی مەزن دەهاتە بەرچاو هەر چەندە چەکەکانیشیان بەرچاو نەبوون. جیهانشاه پێی کارێکی شیاو نەبوو کە بەهێزی سەربازی هێرش بکاتە سەر پیاوێکی ڕوحانی سەر بە ڕێچکەی شیعەگەری، بەتایبەتی کە خۆشی شیعەیەکی توندڕەو بوو. بۆیە بڕیاریدا لە ڕێی نووسینی نامە بۆ شێخ جەعفەر ئەم گرفتە چارەسەر بکات و داوای لەناوبراو کرد کە بە بێ دواکەوتن برازاکەی (واتە شێخ جونەید) لەو دەڤەرە نەهێڵێ.

ئەم سەردارە تورکمانە زۆر بە وردی ئاگاداری ئەو ناکۆکییە بوو کە لە نێوان شێخ جونەید و شێخ جەعفەر لە ئارادا بوو، یەکێ لە کچانی خۆشی دابووە دووەمین کوڕی جەعفەر کە ناوی سەید قاسم خان بوو. بۆیە شێخ جەعفەریش ئارەزووی تەواوی بۆ جێبەجێ کردنی ئەم داوایەی خەزووری کوڕی پیشاندا. نەخاسمە کە بەم کارە بەڕێوەبردنی دەڤەرەکە و هەروەها خانەقاش ڕاستەوخۆ دەکەوێتە دەست خۆی. لەبەر ئەوەی ناوبراو بە بەردەوامی هەڕەشەی لە جونەید دەکرد و پێی ڕادەگەیاند کە ئەگەر سەرپێچی بکات لەوانەیە هۆزی قەرەقۆیونلۆ پەنابەنە بەر شێوازی چەکداری و هاوکات لەگەڵ ئەمەشدا جیهانشاه بۆ جێبەجێ کردنی داواکەی بێ وەستان نێردراوی دەنارده ئەردەبیل، سەرەنجام شێخ جونەید بە ناچاری لەگەڵ کۆمەڵێ لە ئەمەکدارترین پەیڕەوانی خۆی لە ئەردەبیل چووە دەر. ئەم پێشهاتە لەسەرچاوەکاندا لەڕووداوەکانی ساڵی ١٤٤٨ ز (= ٨٥١- ٨٥٢ ك) دا تۆمار کراوە[١].

(١) تاريخ اسماعيل، ص ١٤ b، احسن التواريخ، ق ٩، ص ٩٨ a، سلسلة النسب صفوية، ص ٥٠، قاضي غفاري، نسخ جهان آرا، ص ٤٧ b، منجم باشي، صحائف الاخبار، جلد ٣، ص ١٨٠، تاريخ عالم آراي عباسي، ص ١٣، منشي بوداق: جواهر الاخبار، ص ٢٨١ b، حيدر ابن علي حسيني رازي: تاريخ حيدري، ص ٥٧٤ a.



ئایا بارودۆخی ڕامیاری ڕۆژهەڵات لەو سەردەمەدا بە چ شێوەیەك بوو؟ لە نەخشەی ژمارە (٤)- لەپاشکۆدا- بە جوانی بەدیار دەکەوێت کە لەو ماوەیەدا تا چ ئەندازەیەك دەسەڵات لەنێو میرانی هەرێمەکان دابەش ببوو. ئەو هەلومەرجە دەبێ سەرنجی پیاوێکی وەك شێخ جونەیدی بۆ لای ئەوە ڕاکێشابێ کە زەمینە لەبارە بۆ بە ئەنجام گەیاندنی پلان و نەخشەکانی کە بریتی بوون لەبەدەستهێنانی دەسەڵات و سەروەری دنیایی. بەڵام دروست دوای بیست ساڵ لە جێی ئەم ئاژاوە و پەرتەوازەییە لە سەرانسەری ناوچەکەدا تەنیا سێ دەوڵەتی مەزن دەبینران، ئەوانیش بریتی بوون لە حکومەتی عوسمانی کە پایتەختیان ئەستامبول بوو و (لە خاکی ئاسیا) دەتوانین بڵێین هەموو ئەنادۆلی لە دەست دابوو.هەروەها حکومەتی مەمالیك (سوریا و میسری دەگرتەوە) کەپایتەختی لە قاهیرە بوو، ئەوان دوای پەنجا ساڵ لە ١٥١٧ ز (٩٢٣ ك) لە سەردەستی حکومەتی عوسمانی هەرەسیان هێنا، ئەوی تریش بریتی بوو لە حکومەتی (ئۆزۆن حەسەن)ی سەرداری هۆزی ئاق قۆیونلۆ لە میزۆپۆتامیا و ئێران کە پایتەختەکەی (تەورێز) بوو.

"وەستانە ناوبەناوە سەرنج ڕاکێشەکانی"[١] شێخ جونەید لە ساڵی ١٤٤٩ تا ١٤٥٦ ز (٨٥٣ تا ٨٦٠ ك) لە ئەنادۆل و سوریا هەمووی لە ژێر کاریگەری بارودۆخی ڕۆژگار بوو، بەڵام گرنگی ئەم مانەوەیە لەو شوێنانە لەلایەنی مێژوو فەرهەنگ ناتوانرێ چاوپۆشی لێ بکرێ.

## شێخ جونەید لە ئەنادۆڵ

بە شێوەیەکی بنبڕانە ناتوانین بڵێین شێخ جونەید دوای دەرکرانی لە ئەردەبیل چ ڕێگایەکی گرتەبەر. بەڵام جێگەی باوەڕترین شوێن پێ کە هەڵگرتبێ ئەوەیە کە بۆ ئاسیای بچووك (ئەنادۆل)ی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی ڕۆیشتووە، بەڵام ناتوانین بڵێین ئەو بە ڕێگای تەورێزی پایتەختی جیهانشای دوژمنی سەرسەختی خۆیدا تێپەڕیوە. بۆیە دەکرێ وا دابنێین کە ئەو بە ڕێگای (قەرەباغ) و ئەرمەنستانەوە بەرەو ئەنادۆل ڕێگای گرتووە.

لەبەر ئەوەی جونەید خاکی سولتانی عوسمانی لەسەر شوێنەکانی تر پەسند کرد بۆیە خەڵات و دیاری زۆری بۆ ئەم بنەماڵە دەسەڵاتدارە پێ بوو. جونەید لەگەڵ گەیشتنی بەسەر زەمینی عوسمانی دیارییەکانی بەهۆی یەکێ لە پەیڕەوانی خۆی هەنارده لای سولتان مورادی دووەم،

(١) ف. بابینگر، لە گۆڤاری Der Islam خولی دوازدەهەم، ل ٢٣٢.

ئەوانیش بریتی بوون لە مافۆرێك و قورئانێك و تەسبیحێك. هەر لەم ڕێیەوە داوای لە سولتان کرد کە (قەرەتبلی) لەسەر ئەو وەقف بکات تابتوانێ لەوێ خوداپەرستی بکات.

ئەو موریدەی کە هەڵگری دیارییەکان بوو گەیشتە لای (خەلیل پاشای) وەزیری ئەعزەم. ئەمیش داواکەی جونەیدی گەیاندە لای سولتان مورادی دووەم. سولتان دیارییەکانی وەرگرت بەڵام ڕاوێژی لەگەڵ خەلیل پاشادا کرد تا بزانێ ئایا حەواندنەوەی شێخ کارێکی چاکە یان نا؟ لەم گفتوگۆیەدا بوو کەسولتان بەسەرساممییەوە گوتی: "بە خودا پیری ئەم خانەقایە مردووە"[1]. بەڵام وەزیریش لەلایەن خۆیە ئەم پەندە باوەی بە زمانی فارسی هێنایەوە یاد کە دەڵێ: "حەفت دەروێش لە بەڕێکدا دەخەون، بەڵام دوو سولتان لە وڵاتێکدا ناگونجێن" دوای بیستنی ئەم گوتەیە سولتان مورادی دووەم هەر لە ڕێی هەمان مورید دووسەد (دۆکە)[2] ی بە شێخ جونەید بەخشی و لەگەڵیشیدا هەزار (ئاقچە) ی بۆ دەروێشانی هاوڕێی ئەو تەرخان کرد (نزیکەی دووسەد مارك دەکات بە پارەی ئەمڕۆ)[3]. بەڵام ئەوان بەم وەڵامە ناڕوونە بە نائومێدی گەڕانەوە لای شێخەکەیان[4].

## شێخ جونەید لە قەرەمان

دوای ئەم بێ ئومێدییە، جونەید لە قەڵەمڕەوی دەوڵەتی عوسمانی چووە دەر و بەرەو باشووری ڕۆژئاوا واتە(قەرەمان) ڕۆیشت. قەرەمان یەکێ بوو لە دەوڵەتۆکەکانی ئاسیایی بچووك کە لەو سەردەمە واتە لە ساڵی ١٤٤٩ ز (= ٨٥٣ ك) هێشتا بە تەواوی نەکەوتبووە ژێر دەسەڵاتی عوسمانییەکان.گوایا لە زووەوە بنەماڵەی دەسەڵاتداری قەرەمان — واتە خانەدانانی (قەرەمان ئۆغلۆ) — هەروەها خەڵکی ناوچەکەش مەیلیان بەلای مەزهەبی شیعەوە هەبووە. هەر بە هەمان شێوە — وەك پێشتر گوتمان — خەڵکی ناوچەکانی ڕۆژئاوای

(١) تورکیەکەی بەم شێوەیە: "والله، تکەنین قوجەسی اولموش دور!"

Leunclavius sp.٦٤٨

(٢) (دۆکە) یان (دۆقە) پارەیەکی زێڕی عوسمانی بوو کە لەسەردەمی محەمەدی فاتیح لێدرا. (و.ك)

(٣) گیب، جلد ١، ص ٢٦٢ (مەبەستی دانەر لە پارەی ئەمڕۆ،پارەی ساڵی (١٩٣٦)ە واتە بەرواری چاپی کتێبەکە) (و.ف)

(٤) عاشق پاشازادە، تواریخ آل عثمان، ص ٢٦٤.



(قەرەمان)یش کە دەکاتە (تەکە) و (حەمید)[1] وەها مەیلێکیان هەبوو. بەم پێیە بە باشی دەتوانین لە هۆکاری چوونی شێخ جونەید بۆ (قونیە)ی پایتەختی (قەرەمان) تێبگەین. جونەید بە درێژایی ماوەی مانەوەی لەم شوێنەدا ئەم تەکیەیەی بۆ نیشتەجێ بوونی خۆی هەڵبژارد کە بەدەستی (شێخ سەدرەدینی قۆنیەوی) لە سەدەی سێزدەهەمدا دامەزرابوو.

جێگەی داخە کە بۆ بە وردی دیاری کردنی مێژووی ئاوارەیی شێخ جونەید تا ساڵی ١٤٥٦ز (= ٨٦٠ — ٨٦١ ك) هیچ بەڵگە و سەرچاوەیەکمان لەدەست دانییە، بەڵام بە بۆچوون و مەزەندەی خۆمان دەتوانین بەرواری هاتنی شێخ بۆ قەرەمان بە دەوروبەری ساڵی ١٤٥٠ ز (= ٨٥٤ ك) دابنێین. بەمەشدا دیارە کە ئەو ماوەیەکی زۆر لە (قۆنیە) نەماوەتەوە. چونکە بەهۆی ئەو گەنگەشە مەزهەبیانەی کە ڕوویاندا لەنێوان جونەید و شێخ عەبدوللەتیفی سەرۆکی سوننە مەزهەبی ئەو تەکیەیەی کە پەناگەی جونەید بوو، زوو تایبەتمەندی و وردەکاریەکانی باوەڕ و بۆچوونی مەزهەبی ئەو ئاشکرا بوون. ئەو بیروباوەڕە تایبەتیانەی جونەید لەم ڕۆژگارەدا بە ئاشکرا سنووری مەزهەبی شیعەشی بەزاند بوو. وەکو باسکرا شێخ عەبدوللەتیف میوانەکەی خۆی دایە بەر تانە و سەرزەنشت کردنی توند بەهۆی ئەو باوەڕە سەیر و تایبەتانەی کە هەیبوو، وە ئەوی بە بێ باوەڕ لە قەڵەم دا کاتێ گوتی: "تۆ بەم باوەڕە گاوری و هەر کەسێکیش بەم باوەڕەوە بە گەل تۆ بکەوێ ئەویش گاور دەبێ"[2].

یەك ڕۆژ دوای ئەم گەنگەشەیە شێخ جونەید لە دەمی بەیاندا لە (قۆنیە) چووە دەر و بە گورجی بەرەو ناوچە شاخاویەکانی کیلیکیە ڕۆیشت، تا لە نێو تورکمانانی (وەرساق) کە لەو شوێنە بوون مورید بۆ خۆی پەیدا بکات. دوای سەدساڵیش هێشتا خەڵکانێکی ئەم هۆزە لە کۆمەڵی ئەو کەسانە ئەژمار دەکران کە لایەنگیریان لە حکومەتی سەفەوی دەکرد[3]. بەڵام شێخ عەبدوللەتیف نەیویست وا بە ئاسانی دەست لەسەر جونەید هەڵبگرێ. بۆیە بە پەلە بە میری ئەم ناوچەیە (ئیبراهیم بێگ قەرەمان ئۆغلۆ)ی ڕاگەیاند، کە چۆن شێخ جونەید پابەندی سۆفیگەری نییە و بەڵکو ئایینی خودا و پێغەمبەری وەرگێڕاوە و تەنیا لە پێناو بەدەستهێنانی دەسەڵات و سەرۆکایەتی دنیایی ئەو دەرکراوە. دوای گەیشتنی ئەم ئاگادارکردنەوەیە ئیبراهیم بێگ دەست بەجێ فەرمانی دایە سەرکردەی تورکمانانی (وەرساق) و ڕایسپارد کە شێخ جونەید دەستگیر بکات.

(١) بابینگر، بدرالدین، ل ١٤ و ٨٥، یادداشتەکانی مارینوسانوتو، ل ٤١ و ٤٣.

(٢) عاشق پاشازادە، تواریخ آل عثمان، ص ٢٦٥، بدرالدین (وەرگێڕانی بابینگەر) ل ٨١.

(٣) بۆ نموونە لە ساڵی ١٥٧٦ ز (=٩٨٣- ٩٨٤ ك) تورکمانانی وەرساق لە کۆمەڵی سوارانی پاسەوان و هاودەمی شابوون. احسن التواریخ، ق ١٠، ص ٤٦٦.

## شێخ جونەید لە سوریا

ئەم شەڕانگێزە سەفەویە ئەم جارەش لە تەنگاوی ڕزگاری بوو و لەگەڵ هەموو پەیڕەوان و هەروەها لایەنگیرە نوێکانی بۆ سەرزەمینی سوریا ڕۆیشت کە سەر بە ناوچەکانی دەسەڵاتی (چەقمەقی)ی سولتانی مەملوکی بوو. لەوێ لە چیای (ئەرسۆس) — کە کوێستانێکی سەر کەناری کەنداوی ئەسکەندەرۆن بوو — نشینگەی خۆی دیاری کرد و لە (ئیبن بیلال)ی سەرداری ئەم ناوچەیە "کۆشکێکی گاوران"ی بەکرێ گرت، کە قەڵایەکی سەردەمی جەنگی خاچیەکان بوو. لەوێوە تا سەر ئاوەکەیان ئاوەدان کردەوە و پەرەیان پێدا، بۆ ئەوەی ببێتە خانەقا، لەوانەیە هەر ئەو قەڵایە بێ کە لە ساڵی ١١٢٩ ز (= ٥٢٣ ك) وێرانە بوو و پێی دەگوترا (سەرپیتا Sarepta) و ئێستاش بەناوی (ئەلسەرت) دەناسرێ.[١]

هەر لەو شوێنە بوو کە شێخ جونەید بۆ ماوەیەکی درێژ هەوڵی کاریگەرانەی دا بۆ ڕاکێشانی پەیڕەوانی تازە. چەندەها سۆفی لە سوریا و هەروەها ڕۆم و میزۆپۆتامیا لە دەوری ئەودا کۆبوونەوە[٢]. لە نێو ئەم خەڵکانە پەیڕەوکارانی پێشووی شێخ بەدرەدینیش هەبوون. ئەم شێخەی دوایی کە بە بێ باوەڕی تاوانبار کرا لە ساڵی ١٤١٦ ز (= ٨١٨ — ٨١٩ ك) لە ڕۆمیللی دا لەگەڵ دەروێشانی خۆی توانی ڕاپەڕینێکی مەزن بەرپا بکا، کە سولتان محەمەدی یەکەمی پادشای عوسمانی دوای هەوڵێکی زۆر ئینجا توانی بەسەریدا زاڵبێ و لەنێوی بەرێ.[٣]

تەڵەکە و فروفێڵی ئەم مریدانە کە ژمارەیان ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر دەبوو، مریدانی مەولانا ئەحمەد بەکری و شێخانی توندڕەوی تریان زۆر بێزار کردبوو، بە جۆرێك ناوبراو نامەیەکی بۆ سولتانی مەملوکی لەقاهیرە نووسی و پێی ڕاگەیاند کە خاکی ژێر دەستی ئەو بەهۆی پیاوی فریوکار و یاخی بووەتە مەیدانی کاری خراپەو نابەجێ. لە ئەنجامی ئەم نامەیە سولتان (چەقمەق) داوای لە سەرداری حەلەب کرد بەهێزەکانی خۆی شێخ جونەید دەستگیر بکات. بەڵام چونکە ئەم سەردارە لەم کاتەدا نەخۆش بوو، بۆیە ڕاپەڕاندنی ئەم فەرمانەی بەجێگری خۆی سپارد و ئەمیش بۆ چیای (ئەرسۆس) لەشکرکێشی کرد.

---

(١) بە پێی دیار خستنی (بابینگر) لە: بدرالدین، ل ٨٢.

(٢) عاشق پاشازادە، تواريخ آل عثمان، ص ٢٦٦، قاضي غفاري، نسخ جهان آرا، ص b ٤٧.

(٣) بابینگر، ل ٥٥ — ٦٤، ئەم شێخە بە (بدرالدین السماوی) ناسرا بوو. (و.ك)



لەو بەیەکدادانەی کە لە نێوان هەردوولا ڕوویدا حەفتا کەس لە پەیڕەوانی جونەید لەنێوبران، بۆیە ناوبراو بڕیاری ڕاکردنی دا و بەرەو باکوور ڕۆیشت. بەڵام لەبەر ئەوەی لە ڕێگادا ڕووبەڕووی هەندێ هۆزی چادرنشینی تورکمان و کورد بۆوە کە دژایەتیان کرد، لایەنگیرانی پەرتەوازە بوون و لە ئەنجامدا شێخ جونەید بێ لایەنگیر و موریدێکی ئەوتۆ گەیشتە سنووری باکووری ڕۆژهەڵاتی عوسمانی، واتە (جانیق) کە لەسەر کەناری دەریای ڕەش بوو.[١] ئەم ڕووداوانە تا ئەو شوێنەی پەیوەندیان بە دەرپەڕاندنی جونەید لە سوریاوە هەیە دەبێ پێش ساڵی ١٤٥٣ز (= ٨٥٧ ك) ڕوویان دابێ، چونکە مەرگی سولتان چەقمەق هەر لەم ساڵەدا بوو.

## ڕووداوەکانی سەردەمی مانەوە لە تەرابزۆن

جونەید ماوەیەکی درێژ لە (جانیق) مایەوە و دەستی کردەوە بە هەوڵەکانی بۆ کۆکردنەوەی مریدانی تازە. لە (سامسۆن)ی پایتەختی ئەم ناوچەیە — کە لە ساڵی ١٤٢٢ ز (=٨٢٥— ٨٢٦ ك) دا بە دەوڵەتی عوسمانیەوە لکێنرا — بە ڕواڵەت بە میهرەبانی و مێوان پەروەری ڕەفتاری لەگەڵ کرا، ئەوە بوو سەرداری ئەوێ کە ناوی (محەمەد بێگ) بوو هیچ دژایەتیەکی لە هەمبەر پلان و هەوڵەکانی دەسەڵاتخوازی شێخ پیشان نەدا. ئەم پیاوە (واتە جونەید) مەبەستێکی سەرەڕۆیانەی هەبوو کە دەوڵەتی پاشایەتی یۆنانی تەرابزۆن لە نێو بەرێ و لەسەر وێرانەی ئەوان حکومەتێك بۆ خۆی دامەزرێنێ.

ئێستا کە لەسەر زەمینی ئیسلامی سەر بە دەوڵەتی عوسمانی (واتە قەرەمان) و سوریە سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا، بۆ لە دژی گاوران "جیهاد" نەکات؟ لەم شوێنەدا کە دەسەڵاتخوازی ئەو زیانی بۆ حکومەتە ئیسلامەکانی ناوچەکە نەبووە بێگومان سەرانی ئەم ناوچانە سەرەتاهیچ بایەخێکیان بە ئاژاوەگێڕی ئەو نەدا و لەم ڕێگەیەدا توانی لە (جانیق) مورید و پەیڕەوانێکی چەکداری زۆر بۆ خۆی دەستەبەر بکات کە ژمارەیان لە هەزارانیش تێپەڕی.

ئەگەر ترسنۆکی و بێ وردیی لە ڕادەبەری خەڵکی ئەم وڵاتە و گەندەڵی و بەرەو داڕمانی بنەماڵەی (کۆمەنین) کە لەم وڵاتە دەسەڵاتدار بوو نێوبانگی دەرنەکردبا و لە هەموو کەس ئاشکرا نەبا، پلانی گرتنی تەرابزۆن بەو قایمکارییەوە،بەکارێکی گێلانە دەهاتە بەر چاو.

---

(١) عاشق پاشازادە، تواريخ آل عثمان، ص ٢٦٦.

کالویوانس[1] (١٤٤٧ — ١٤٥٨ ز)[2] بە ئاسانییەکی تەواو توانی تەختی سەلتەنەتی باوکی وەرگێڕێ و ئەم ئاسانییەش زیاتر لە هەر ڕووداوێکی تر بە میرانی ناوچەکانی دەوروبەری پیشاندا کە لاوازی و لەرزۆکی حکومەتی تەرابزۆن تا چ ئەندازەیەکە.[3] شێخ جونەید هەوڵیدا ئەم هەلومەرجە بۆ سوودی خۆی بقۆزێتەوە، بەم شێوەیە لە ساڵی ١٤٥٦ز (= ٨٦٠ -٨٦١ك) دا هەڵمەتی بردە سەر خاکی تەرابزۆن کە بە چەند شاخێکەوە ئابلۆقە درابوو.

لەبارەی ئەو لەشکرکێشیەی جونەید — کە لە گۆشەنیگای مێژووی فەرهەنگ و شارستانیدا بێ ئەندازە گرنگە — تەنیا گوزارشی (کالکوکوندیلس)[4]ی مێژوونووسی بێزەنتیمان لەبەر دەستدایە، کە (فالمرایەر ئانەر) لە کتێبەکەی خۆیدا هێناویەتیەوە، بەڵام دەبێ تێبینی ئەوە بکەین کە وشەی (Zyches) لەم کتێبە نێوبراوەدا مەبەست لێی (شێخ جونەید)ە[5].

لەگەڵ گەیشتنی هەواڵی هێرش و لەگەڵیدا تالانی دارودەستەی شێخ، (کالویوانس)یش هێزە وشکانی و دەریاییەکانی خۆی ئامادە کرد و تا دێری (سانت فوکاس)[6] کە بە (کوردیل)[7] ناسرا بوو پێشڕەوی کرد.[8] لەهەمان کاتدا هێزەکانی دەریاییش پێ بە پێی هێزە وشکانیەکان - کە لە کەنار دەجولان - گەیشتن تا لە دوو لاوە هێرش بکەنە سەر دوژمن. شێخ جونەید لە نزیك (ملیارس) شوێنی خۆی گرتبوو و تەنگەبەری (کاپانیۆن)یشی- کە لەسەر ڕێگای لەشکری ئەو بوو- بە هێزی پێویست گرتبوو.

لە نێو هەموو میر و سەرکردەکانی تەرابزۆن تەنیا (پان سباستۆس ئەلیکساندەر)ی میری (مزوخالدیۆن) لەو تەنگەتاویەدا بە کۆمەکی پادشا گەیشت. ئەمە سەرکردایەتی هێزی یەکگرتووی وشکانی لەئەستۆ گرت، لە کاتێکدا کە کالویوانس ڕێبەرایەتی لەشکری دەریایی

---

(١) Kalo Ioannes

(٢) دەکاتە ساڵانی ٨٥٠– ٨٥١ تا ٨٦٢– ٨٦٣ ك.

(٣) Jac. Ph .Fallmerayer, Geschichte des kaiserthums von Trapezunt, S. ٢٥١ – ٢٥٢.

(٤) Chalcocondyles, S. ٤٦٤-٤٦٦.

(٥) سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕەکانی ٢٥٢ و ٢٥٣، هەروەها :

W.Miller, Trebizond,s.٨٣ – ٨٤.

(٦) st. phokas

(٧) Kordyle

(٨) ئەمڕۆ پێی دەگوترێ (ئالتزە قەلعە).



بۆ خۆی دانابوو. کاتێ ئەلیکساندەر تەنگەبەرەکەی دایە بەر هێرش، لەشکری دەریایی لە هەمان ئەوساتەدا ویستی دابەزین ئەنجام بدات، بەڵام گێژەلۆکەیەك هەڵیکرد و کەشتییەکانی لە کەنار دوور خستەوە. شێخ جونەید لەم ساتە ناسکەدا سوودی وەرگرت و لە هەڵمەتێکی ناجوامێرانە بروسك ئاسا ئەلیکساندەر و کوڕەکەی کوشت و سەربازانی کۆمەنین[1] سەرگەردان بوون. پایتەختیش لە ئەنجامی ئەمەدا ئاژاوە و بێ سەروبەری تێکەوت. بەڵام کالویوانس بە خۆی و کەشتیەکانی بە سەلامەتی دەرچوون و گەڕایەوە پایتەخت. بە پێی ڕیوایەتەکەی (کالکوکوندیلس)[2] لەم شەڕەدا تەرابزۆنیەکان بێجگە لە فەرماندەکەیان تەنیا (٣٠) کەسی تریان لێ کوژرا. بەڵام ژمارەی دیلەکانیان زۆر بوو، جونەید فەرمانی دا ژمارەیەکی زۆر لەم دیلانە بکوژرێن. لەو کاتەدا جونەید کڵێسەی (سانت فۆکاس)ی گرت و تا بن دیوارەکانی پایتەخت هات و بەمەبەستی چاوشکاندنی بەرگریکارانی شار فەرمانی دا (ماوروکوستاس)[3] -کە بەرپرسی گالیسکەی سەلتەنەت و فەرماندەی تەوێڵەی شابوو - لە بەرامبەر شوورەی شاردا بەدارەوە هەڵواسرێ.

بەڵایەکی تر کە بەسەر خەڵکی شارەکەدا هات ئەوە بوو لە یەکێ لەو شەوانەی کە شێخ هێشتا لە (سانت فوکاس) بوو، ژنێکی ئەرمەنی لە ترسی ئەوەی نەبادا شێخ قەڵاکە بگرێ، هەموو کەل و پەل و شتێکی خۆی بردە سەر قوللەکە. لەم بەشە نائاوەدانەی شار، بە ڕێکەوت پارچەیەکی چنراوی خوری ئاگری گرت و لە نزیك نیوەشەو دا ئاگر بەرز بۆوە و گەیشتە خانووەکانی دەوروبەری. خەڵکی شارەکەش کە گومانیان برد یەکێ لە خۆیان ناپاکی کردبێ، زۆر شلەژان و بەشێکیان بەرێی وشکانی و بەشێکی تریش بە کەشتی بەرەو گورجستان هەڵاتن، تا لەئەنجامدا تەنیا پاشا و ژمارەیەکی کەمی بەرگریکاران لەوێ مانەوە. بەڵام (کالویوانس) بە درێژایی شەو بەو هێزە کەمەی کە نەدەگەیشتە پەنجا کەس بە پشت بەستن بە دامەزراوەکانی بەرگری ئەم قەڵایە کەوتە سەرکەشی و بەرگری کردن.

دەمەو بەیان شێخ جونەید لەبەر دەروازەی شار ئامادە بوو بۆ ئەوەی بە گورجی تەواوی شارەکە بگرێ، بەڵام قایمی شوورەکانی تا ئەو ڕادەیە بوو کە هەموو هەڵمەتە

---

(١) کۆمەنین: مەبەستی بنەماڵەی دەسەڵاتداری تەرابزۆنە،هەر ئەو بنەماڵەیەش ماوەیەکی درێژ ئیمپراتۆری بێزەنتە بوون (و.ك).

(٢) هەمان سەرچاوە، ل ٤٦٥.

(٣) Maurokostas

یەك لە دوای یەكەكانی بۆ ماوەی سێ ڕۆژ لەلایەن هێزە كەمەكەی شار بەرپەرچ درانەوە. دوای بێ ئومێد بوون لە داگیركردنی ئەم شارە شێخ جونەید ڕووی كردە (مزوخالدیون) و دوای ئەوەی لەوێش هەڵمەتەكانی بێ ئەنجام بوو خاكی (تەرابزۆن)ی بەجێ هێشت.

هۆكاری ئەم پاشەكشە كردنە دەبێ بۆ ئەوە بگەڕێتەوە كە لە هەمان ماوەدا (خدر بێگ)ی فەرماندەی عوسمانی، كە لە ئاماسیە بەناوی شازادە بایەزید بەڕێوەبردنی سنووری لە ئەستۆ دابوو، لە سوڵتان محەمەدی دووەم فەرمانی وەرگرت كە بەم شێوەی باسمانكرد بەرەو خاكی تەرابزۆن تاوبدا. نێوبراو بە لەشكرێكی گەورەوە لەڕێگای (جانیق) بەرەو ڕۆژهەڵات هات و لە ئەنجامدا جونەید ئیتر چارەی نەما جگە لەوەی بێ ئومێد و سەرگەردان جارێكی تر ڕێگای كێو و بیابان بگرێتە بەر. پاشا[1] لەم دەرفەتە نایابە سوودی وەرگرت، چونكە كالویوانس بێ كەرەستە و ئامراز و بێ هێز و سوپا توانای نەبوو پایتەختی خۆی - كە لە ئەنجامی نەخۆشی درم و ڕاكردنی دانیشتوانی چۆل ببوو- لە ژێر ئابلۆقەدا ببینێ. لە ژێر ئەم فشارەدا پاشا بڕیاری وەرگرت و سەرەنجام شەڕەكانی جونەید بە سوودی ئەو (واتە سولتانی عوسمانی) تەواو بوو. ئەوەتا كار گەیشتە دانووسان و ئەنجامەكەشی ئەوە بوو كە (كالویوانس) بەڵێنی دا هەموو ساڵێك بڕی سێ هەزار پارەی زێڕ بەناوی باج بداتە پادشاهی عوسمانی. بەم پێیە پادشای ناوبراو كە سێ ساڵ بەر لەمە لە ساڵی ١٤٥٣ ز (= ٨٥٧ ك) لە گرتنی بیزەنتە[2] سەركەوتوو بوو، بۆ لای دوا دەوڵەتی سەربەخۆی یۆنانیش دەستدرێژی كرد[3].

لەو سەردەمەدا واتە لە ساڵی ١٤٥٦ز(= ٨٦٠- ٨٦١ ك) لە بەشی باكووری میزۆپۆتامیا شازادەیەكی توركمان بەناوی (حەسەن بێگ) هەرا وهۆریایەكی نابۆوە. ئەم پیاوە كە بەهۆی كەلەگەتی نائاسایی نازناوی ئۆزۆن (ئوزون حەسەن واتە حەسەن باڵا بەرز)ی وەرگرتبوو، یەكێ بوو لە خانەدانانی فەرمانڕەوای هۆزێكی توركمان كە ناوی ئاق قۆیونلۆ (= مەڕە سپی) بوو. لە

(١) مەبەستی دانەر لێرەدا پادشا یان سولتانی عوسمانییە (و. ك)

(٢) مەبەست شاری قوستەنتینیەی پایتەختی ئیمپراتۆریای بیزەنتییە كە ئێستا بۆتە ئەستانبۆل (و.ك)

(٣) Fallmerayer,p.٢٥٥; Chalcocondyles,p.٤٦٦ – ٤٦٧; Hammer, Gorii,s .٥٧.
هەروەها: عاشق پاشازادە، تواریخ آل عثمان، ص ٢٦٦.



ساڵی ١٤٥٣ ز(=٨٥٧ ك) لەم ناوە لە دیاربەكر فەرمانڕەوا بوو. ناوبراو بە هەڵمەتی بەردەوامی دلێرانە، قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی خۆی بۆ دەڤەرەكانی دەوروبەری فراوانكرد. شێخ جونەید بڕیاری دا بۆ لای ئەم میرە بڕوا، چونكە بە بڕوای خۆی حەسەن بێگ دەتوانێ لە بەرامبەر دوژمنی هاوبەش واتە (جیهانشا)ی فەرمانڕەوای قەرەقۆیونلۆ (= مەڕە ڕەش) هاوپەیمانێكی گونجاو بێت بۆی. بێجگە لەمەش وا بلاو ببۆوە كە ئوزون حەسەن یەكێكە لە لایەنگیرانی دەروێشان و پیاوانی خودا. لەم گۆشە نیگایە جونەید هیوادار بوو لە ژێر سەرپەرشتی و میهرەبانی ئەودا قەرار بگرێ.

بەر لەوەی بێینە سەر پەیوەندی نێوان شێخ جونەید و ئۆزون حەسەن و لە نزیكەوە لەمە بڕوانین دەمەوێ هەندێك بگەڕێمەوە دواوە و لەسەرەتاوە مێژووی ئاق قۆیونلۆ و سەرەتای كاری ئوزون حەسەن بە گشتی باس بكەم.



PDF 4 KURD

# (بەشی سێیەم)

## ئۆزون حەسەن و شێخ جونەید

### سەرەتای کاری ئاق قۆینلۆ

دوو هۆزی تورکمانی کە بەر لە ئێستا چەند جارێك ناومان بردن واتە ئاق قۆیونلۆ و قەرەقۆیونلۆ[1]، لە کۆتاییەکانی سەدەی سێزدەهەم لە تورکستانەوە بەرەو ئازەربایجان کۆچیان کرد، قەرەقۆیونلۆ لە ناوچەکانی ئەرزنجان و سیواس دانیشتن، بەلام ئاق قۆینلۆکان ناوچەی دیاربەکر[2] یان دەست بەسەرداگرت. ژمارەیەك لەسەرانی ئاق قۆیونلۆ ناوەکانیان لای ئێمە زانراوە (٤)، بەلام لەسەردەمی باپیری ئۆزۆن حەسەن، واتە عوسمان بێگی ناسراو بە قەرەئیلۆك (= زالۆی سیاە / زەروی ڕەش) بوو کە ئەم سەرۆك هۆزانە پێیان نایە مەیدانی مێژووەوە.

عوسمان بێگ بەهۆی لێهاتوویی و ئازایەتیەوە توانی ناوچەکانی دەسەلاتی خۆی لەسەر حیسابی قەرەقۆیونلۆ و مەمالیکەکانی سولتانی میسر فراوان بکات و ئەرزنجان و ماردین و ڕوها (ئۆدیسا)[3] و سیواس داگیر بکات. بەجۆرێك کە بە پێی بەلگە و ئاماژەکان سنووری دەسەلاتی ئەو تا ئەو ئاستە بڕی کردەوە کە لە نەخشەی ژمارە(١) دا بەرچاو دەکەوێت(٥). بەلام عوسمان بێگ لە شەڕێکدا کە لە سالی ١٤٣٥ ز (=٨٣٨ - ٨٣٩ك) لە دژی قەرەقۆیونلۆ بەرپای کرد لە نزیك ئەرزەڕۆم کوژرا.[4]

---

(١) زاراوە تورکیەکانی ئاق قۆینلۆ و قەرەقۆینلۆ کە بەمانەی تورکمانانی مەڕەسپی و مەڕی ڕەش دێن، زیاترپێدەچێ لە دروشمەکانیان وەرگیرابن کە لە ئالای جەنگیان نەخشێنرا بوو، مینۆرسکی (لاپەڕە- ٤) دەلێ سادەتر ئەوەیە کە بلێم ناوی ئەم دوو هۆزە لە ڕەگەزی مالاتەکانیانەوە وەرگیراوە.

(٢) مصطفي جنابي، "تاريخ"، ص ١١٥ b، احمد بن لطف الله منجم باشي، صحائف الاخبار، جلد ٣، ص ١٤٩، کلاويخو، ص ١٧٣.

(٣) ئێستا شاری (ئورفە)یە، (و.ك).

(٤) مصطفي جنابي، "تاريخ" ص ١١٥ b، منجم باشي، صحائف الاخبار، جلد ٣، ص ١٥٦، میدزوف (Medzoph)، ل١٤٣، حيدر ابن علي حسيني رازي، تاريخ حيدري، ص ٥٧٣ b، النجوم الزاهرة، جلد ٦، ص ٧٤١.



PDF 4 KURD

لە دوای "زالۆی سیاە" سەرەتا باوکی ئۆزۆن کە ناوی عەلی بێگ بوو هاتە سەردەسەلات، ناوبراو وەك "سەردار"ی دیاربەکر دەسەلات و سەروەری سولتانی میسری بە فەرمی ناسی. بەلام زۆری پێنەچوو بەدەستی (هەمزە)ی برای خۆی بەرکەنار کرا. لێرەوە عەلی بێگ بووە پەناهەندە لای سولتانی تورك و بۆ لای ئەدریانۆپۆل (= ئەدرنەی ئەمڕۆ) ڕۆیشت کە هەمان کاتیشدا لە پێناو بەدەستهێنانی کۆمەك و یارمەتی نوێنەرێکی بۆ قاهیرە هەنارد(٦). ئەنجامی ئەم هەرا و بێ سەر و بەرییەی لە هۆزی ئاق قۆیونلۆ ڕوویدا، ئەوەبوو کە بەشێکی خاکی ژێردەستیان دۆڕاند و کەوتە ژێر چەپۆکی هۆزی قەرەقۆیونلۆ، کە تازە بەدەسەلات گەیشتبوون و لە ژێر ڕێبەرایەتی پیاوێکی لێهاتووی وەك جیهانشا کۆببوونەوە. ئەمەش هەر ئە کەسەیە کە لە ڕووداوی دەرکردنی جونەید لە ئەردەبیل باسمانکرد.سەرەنجام عەلی بێگ دوای ژیانێکی پڕ هەوراز و نشێو لە سالی ١٤٤١ (= ٨٤٤- ٨٤٥ك) مرد و دوای ئەویش زۆری پێنەچوو (هەمزە)ی براشی چاوی لە دنیا نوقاند.

## سەرکەوتنە بەراییەکانی ئۆزۆن حەسەن

ئێمە لەسەردەمێك نزیك دەبینەوە کە ئوزون حەسەن (دەوروبەری سالی ١٤٢٣ ز = دەوروبەری ٨٢٦ ك لە ئامەد لە دایك بووە) بۆ یەکەمین جار لە مێژوو ناوی کەوتە ناوناوان. برایەکی ئەو بەناوی جیهانگیر لەسەردەمی باوکیدا توانی هەندێ ناوچە بگرێتەوە دەست کە پێشتر کەوتبوونە ژێر دەستی قەرەقۆیونلۆ،وە لە سالی ١٤٤٤ ز (= ٨٤٧ — ٨٤٨ ك) بووە فەرمانڕەوای ئاق قۆینلۆ.ناوبراو هەمیشە لە هەولی ئەوەدا بوو کە کار وباری دەولەتی خۆی ڕێك بخا و ئاشتی و ئارامی تێدا بەرقەرا بێ. بەلام زۆری پێنەچوو بەهۆی مامەکانی (قاسم بێگ) و (شێخ حەسەن) - کە هەردووکیان کوڕی "زالۆی سیا" بوون- دەسەلاتی تووشی لێکترازان هات. قاسم بۆ لای سولتانی قاهیرە ڕۆیشت و شێخ حەسەنیش پەیوەندی بە قەرەقۆیونلۆوە کرد. لە ئەنجامدا جهانگیر لە سالی ١٤٥١ ز (= ٨٥٥ك) (ئۆزۆن حەسەن)ی برای بەهێزێکی سەربازیەوە بۆ جەنگی شێخ حەسەن هەنارد. ئەمیش سەرکەوتنی بەدەست هێناو مامە دەسەلاتخوازەکە و کوڕەکەشی لەو شەڕە دا کوژران(٧).

دووەمین لەشکرکێشی ئۆزۆن حەسنە -کە ئەویشی بە فەرمانی جیهانگیری برای ئەنجام دا — لە دژی سەرداری یاخیبووی ئەرزنجان بوو. دوای ئەم هەلمەتە ئوزون حەسەن لەلایەن خۆیەوە بەردەوام شالاوی شەوانەی دەبردە سەر فەرمانڕەوایان و دەسەلاتدارانی کورد لە ڕۆژهەلات، تا

سەرەنجام لەساڵی ١٤٥٣ ز (٨٥٧ك)- واتە ساڵی گرتنی قوستەنتینیە لەلایەن تورکانی عوسمانی- سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەست هێنا کە بریتی بوو لە دەرپەڕاندنی جیهانگیری برای لە پایتەخت واتە ئامەد (دیاربەکر)، هەاوٚمەرجی ئەم ڕووداوەش بەم شێوەیە بوو(٨) کە لێرە بەدوا باسی دەکەین.

## ئوزون حەسەن فەرمانڕەوای ئاق قۆینلۆ

کاتێ کە ئوزون حەسەن لەگەڵ یەکێ لەهۆزانی کورد خەریکی ململانێ بوو، لە ڕێگای هەواڵبەرێك ئاگادار کرا کە براکەی پایتەختی بەجێ هێشتووە و بۆ ئۆردوگای هاوینەی ئالاداغ (نزیك ماردین) ڕۆیشتووە.حەسەن یەکسەر دەست بەکار بوو تا لەم هەلە ڕەخساوە بە هەڵمەتی دلێرانە ئەوپەڕی سوودی دەستکەوێ. ئەوە بوو بەشی هەرەزۆری تورکمانانی خۆی لە (کەماخ) بەجێ هێشت و خۆشی بە کۆمەڵێ سەربازی بژاردەوە بە تاو بەرەو ئامەد بەڕێ کەوت.

کاتێ کە ئەم کۆمەڵە گەیشتنە دەوروبەری پایتەخت ئوزون حەسەن و چەند یاوەرێکی وەفاداری بە جلی ئالیك فرۆش و ڕەژووفرۆشان بەدەرکەوتن و ئەوانی تریش هەموویان لە دەرەوەی شار دەست بە چەك و ئامادە وەستابوون. ئوزون حەسەن و یارانیشی کە چەکەکانیان لە ژێر جل وبەرگیاندا شاردبۆوە، بە چەند سەر ولاغێك کەباریان لێ بارکرابوو بێ سەرو سەودا چوونە نێو (ئامەد)ەوە. هەر کە گەیشتنە ناو قەڵا لەناکاو شمشێریان لە کالان دەرکێشاو بە چاونوقانێك پاسەوانیان لە هەموو شوێنێ لە بێ ئاگاییدا کوشت ، هەروەها ئەو فەرماندەشیان لەناوبرد کە لە لایەن جیهانگیرەوە بە حوکمڕانی ئەوێ داندرابوو. دوای ئەمە ئەو تورکمانانەی کە لە دەرەوەی شار ئامادە بوون هاتنە نێو شارەوەو خەڵکیش حوکمی ئۆزۆن حەسەنیان قەبول کرد، لەوکاتەوە ئیتر گوتاری هەینی بەناوی ئەوەوە خوێندرایەوە و هەروەها پارەش بەناوی ئەمەوە لێدرا، چونکە ئەو وەك فەرمانڕەوای دیاربەکر ئیتر ببووە پێشەوای ئاق قۆینلۆش.

فالمرایەر لەبارەی گرتنی شارە قایمەکەی دیاربەکر لەلایەن ئۆزۆن حەسەنەوە دەنووسێ[1]: ئەم کردەیە بووە هۆی ئەوەی کە ناوبانگی ئەو لەهەموو شوێنی بڵاوبێتەوە، لەبەر ئەوەی نەریتی ڕۆژهەڵات وایە کە هەموان ڕوو دەکەنە سەرداری دانراو، بۆیە لەو ماوەیەدا لەشکرێکی زۆر لە دەوری ئەودا کۆبۆوە. ئەمەش وایکرد بیر و خەیاڵێکی زۆر و هیوایەکی فراوانی لەلا دروست

(١) سەرچاوەی ناوبراو، ل ٢٥٩.



ببێ. لە ڕاستیشدا ئازایەتی و نەبەردی لەجەنگدا لە پاڵ بەخت بڵندی و دەستکراوەیی بەجێ و ڕێی ئەو یارمەتیان دا بۆ ئەوەی بێ چەند و چۆن ببێتە فەرمانڕەوای سەربازان و لەشکریان.

دەرەنجامە گەورەکانی کەوتنی پایتەخت هەر زوو ئاشکرا بوو، ئەوەتا جیهانگیری فریو خواردوو  کاتێ بە تەواوی لەکاری براکەی ئاگادار کرایەوە قەڵای (ماردین)ی گرت و لەگەڵ (ئوەیس)ی برای سێیەمی لە ڕوها یەکدەستی کرد. بەڵام ئوزون حەسەن هەردووکیانی ناچار بە ملکەچی کرد و بە لەشکرکیشی بێ ژمار دیسان سنووری دەسەڵاتی خۆی فراوانکرد(٩).

دیداری ئوزون حەسەن لەگەڵ جونەید ڕێکەوتی ئەم کات و ساتە بوو، واتە لەو کاتە بوو کە ئوزون حەسەن لەسەرەتای بەرزبوونەوەی خۆیدا بوو، لە ڕاستیدا -وەك پێشتر گوتمان- ئەم دیدارە خاڵێکی وەرچەرخانی گرنگ بوو لە مێژووی ڕۆژهەڵاتی نزیك.

بۆ تێگەیشتنی ڕاست لە تەواوی بارودۆخ و هەلومەرجی پەیوەست بەم دیدارە پێویستە لە پێشدا زانیاری دروستمان هەبێ لەبارەی ڕادەی دەسەڵاتی ئوزون حەسەن لەم ماوەیەدا. سەبارەت بەم لایەنە دەبێ بزانین کە سنووری دەسەڵاتی ئەو لەم ماوەیەدا بە هیچ شێوەیەك نەدەگەیشتە ئاستی دەسەڵاتی عوسمان بێگی باپیری، واتە "زالۆی سیاە" وەك لە نەخشەکانی پاشکۆدا دیارە.[1]

شێخ جونەید نەچووە لای فەرمانڕەوای ئەم ئیمپراتۆریەتە فراوانەی کە لە ئەنادۆڵەوە تا ڕۆژهەڵاتی ئێران (واتە خۆراسان)  درێژ دەبۆوە، بەڵکو بەدیداری کەسێ گەیشت کە سەرداری خەڵکێکی چادرنشین بوو، وە دیار بوو هێزەکانی لە پێنج هەزار جەنگاوەر تێپەڕ ناکات و هێشتا بە تەواوی نەببووە پاڵەوانی بێ ڕکابەر لە مەیداندا.

بێگومان سۆفییانی موریدی شێخ کە ژمارەیان لە هەمان ئاست دابوو لە ڕووی هێز و تواناوە هاوتای لەشکریانی ئوزون حەسەن نەبوون، بەڵام بایی ئەوە هەبوون کە وا بکەن شێخ وەك پیاوێکی جێگەی ڕێز و نەوازش لە قەڵەم بدرێ، نەك وەك کەسێك کە بۆ کۆمەك و یارمەتی پەنای بۆ ئوزون حەسەن بردبێ.

(١) سیواس سەربە عوسمانیەکانەوە بوو، ئەرزەڕۆم لە دەست قەەرقۆینلۆکان دابوو، تەنها نیوەی ڕوها و ماردین گوێڕایەلی ئۆزۆون حەسەنیان کردبوو. خەرپوتیش لەلایەن (ئەلبستین)ەوە ئیدارە دەکرا کە لە ڕەعیەت و تیول دارانی پادشای میسر بوو.

سەبارەت بە چاوبەیەککەوتنی ئەم دووانە و پەیوەندی نێوانیان سەرچاوەکانی بەردەست هەواڵی تەواو دژ بە یەکمان دەدەنێ، بەڵام هەموویان لەو باوەڕەدان کە شێخ جونەید دوای دەرچوونی لە تەرابزۆن، واتە کۆتایی ساڵی ١٤٥٦ ز (= ٨٦١ ك) بەرەو (حصن کیف) چوو کە لە کوردستانە. بێگومان لێرەش دەبێ ئەوە بزانین کە مەبەست ناوچەی (حصن کیفا)یە نەك شارە بازرگانیەکە کە دەکەوێتە کەنار دیجلە، ئەو قەڵایەی کە لەوێیە لەو ماوەیەشدا لە ژێر دەسەڵاتی یەکێ لە نەوەکانی ئەیوبی (واتە بنەماڵەی سەلاحەدین) بەسەر بەخۆیی بەڕێوە دەبرا. بە پێی ئەو هەواڵەی لە (احسن التواریخ)[1] دا هاتووە، ئوزون حەسەن کە ئاگاداری ناکۆکی و دوژمنایەتی نێوان جونەید و فەرمانڕەوای قەرەقۆیونلۆ بوو، نامەیەکی بۆ شێخ نارد کە لە (حصن کیف) بوو، تیایدا دڵسۆزی تەواو و ڕێزی خۆی بۆ ئەو دیار کرد بوو. بە پێی گوتەی (احسن التواریخ) شێخ جونەیدیش بە وەرگرتنی ئەم نامەیە زۆر خۆشحاڵ بووە.

بە پێی گوتەی (عاشق پاشازادە)ی مێژوونووسی تورك، ئوزون حەسەن لە سەرەتادا لەگەڵ شێخ دوژمنایەتی هەبووە و تەنانەت ئەوی بە دیل گرتووە، بەڵام کاتێ کە جونەید پێی سەلماند کە دەتوانێ لە شەڕی دژی دوژمنی هاوبەشیان — واتە جیهانشا — هاوکار و هاوپەیمانی بێ ئینجا ئوزون حەسەن دڵنیایی لێ پەیدا کرد.

بە گشتی ئەگەر ڕاستی مەسەلە کە هەر چۆنێك بووبێت، بە لەبەر چاوگرتنی ئەوەی کە ئوزون حەسەن بەرامبەر دەروێشان بە بەزەیی بووە، دەتوانین زیاتر باوەڕ بە زانیاریەکانی سەرچاوە فارسیەکان[2] بکەین لەبارەی دیداری ئوزون حەسەن لەگەڵ جونەیدا.

## جونەید لە ئامەد

کاتێ کە ئوزون حەسەن ئاگادار بوو لەوەی کە شێخ جونەید سەرزەمینی (حصن کیف)ی بەجێهێشت، فەرمانی دا بە ڕیش سپیانی هۆزەکەی خۆی کە بۆ ماوەی سێ ڕۆژە ڕێ بۆ پێشوازی ئەو بڕۆن. دوو ڕۆژ دواتر خۆشی لەسەرووی میرانی ئاق قۆیونلۆ بۆ لای ڕۆژهەڵات ڕێگەی گرت. کاتێ کە ڕێکەوتی شێخی کرد لە ئەسپەکەی خۆی هاتە خوارەوە و بەدەم

(١) لە دانانی (حسن روملو)، ق ٩، ص a ٩٨.

(٢) تاریخ اسماعیل، ص b ١٤، تاریخ عالم آراي عباسي، ص ١٣، بازرگانی ڤینیسی، لاپەڕەکانی ١٤٥ و ١٤٦، قاضي احمد قمي، خلاصة التواریخ، جلد ٥، ص ١٦٥.



بەخێرهێنانێکی گەرمەوە ئەوی لە باوەشی کرد. ئینجا ئوزون حەسەن و شێخ جونەید شان بە شانی یەکتر لە یەکێ لە شەش دەروازەکەی ئامەد هاتنە نێو ئەم شارە، کە بە دیوارە ڕەشە پڕ لە قوللەی بێ ژمار و حەسار و تەلاری بەشکۆی مەڕمەڕ و هەروەها کۆشك و مزگەوت و کڵێساکانی، سۆفیەکانی شێخی سەرسام کرد بوو.

سێ ساڵی تەواو شێخ جونەید لە دیاربەکر لە میوانداری ئۆزۆن حەسەندا سوودمەند بوو. ئوزون حەسەن بۆ هەر یەك لە میران و سۆفیە دیارەکانی سەفەوی بە پێی شوێنیان پلە و پایەی بۆ دیاری کردبوون. پەیوەندی خودی شێخیش لەگەڵ پێشەوای ئاق قۆیونلۆ — بە چاوپۆشی لە هەندێ ئیرەیی (حەسادەت) مەزنانی تورکمان — ڕۆژ بە ڕۆژ نزیکتر و دڵسۆزانەتر بوو، تا ئەو ڕادەیەی کە سەرەنجام جونەید بە خۆی بوێری ئەوەی کرد خوازبێنی خوشکی ئوزون حەسەن بکا. لە دەوروبەری ساڵی ١٤٥٨ ( زیاتر لە سەرەتای ١٤٥٩)[1] خەدیجە بێگم بە ڕەسمی لە شێخ جونەید مارەکرا کە لەوکاتەدا لە کەنیزەیەکی چەرکەسی کوڕێکی بەناوی خواجە محەمەد هەبوو.[2]

سەبارەت بەوەی کە تاکوێ دەتوانین پەیوەندی نزیکی شێخ جونەید و ئوزون حەسەن لە چوارچێوەی ئەو پەیوەندیەی کە لە نێوان موراد (واتە شێخ / وەرگێڕی کوردی) و موریدا هەیە لێکبدەینەوە،ئەوە مەسەلەیەکە دواتر لەکاتی لێکۆڵینەوە لەبارەی ئایین لە دەرباری ئوزون حەسەن بە پێی توانا باسی دەکەین. هەر چۆنێك بێت جونەید کەلە ئەنجامی میوانداری ئاق قۆیونلۆ لە هەموو جۆرە مەترسییەکی دەرەکی پارێزراو بوو، زۆر بە وردی چاودێری ڕووداوە مێژوویی و سیاسییەکانی سەردەمی خۆی دەکرد، کە هەمیشە لە ئامەد باشتر ڕەنگدانەوەیان هەبوو. ئەم شارە فرە گروپە کە دانیشتوانی لەسەر ئایینەکانی ئیسلام (زیاتر سوننە) و مەسیحیەت (یۆنانی و ئەرمەنییەکان) و جوو بوون، لە هەموو گۆشەنیگایەکەوە بە زەمینەیەکی لەبار دەژمێردرا بۆ بڵاوکردنەوەی ڕێنماییەکانی شێخ جونەید. هەزاران کەس لە سۆفیان لە کۆمەڵێ شوێنکەوتووانی ئەو بوون و چاوو گوێیان بۆ فەرمانەکانی ئەو ڕادێرا بوو.

(١) واتە لە ساڵانی ٨٦٢ یان ٨٦٣ ك (و.ف)

(٢) منشی بوداق قزوینی، جواهر الاخبار،ص٢٨٢ a ،تاریخ اسماعیل،ص١٥a،تاریخ عالم آرای امینی،ص١٣٦b، قاضي غفاري، نسخ جهان آرا، ص٤٧a، سلسله نسب صفویه، ص٦٧، عاشق باشازاده، تواریخ آل عثمان، ص ٢٦٧، دیار نییە کە (پاشاختون)ی کچی جونەید لەو ماوەیەدا لە ژیاندا مابوو یان نا، بگەڕێوە بۆ ڕاس (Ross)، ل ٣٦.

هەروەها شێخ جونەید نوێنەری بەناونیشانی خەلیفە بۆ هەموو ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئاق قۆیونلۆ دانابوو تا پەیڕەوانی تازەی بۆ پەیدا بکەن[1].

ئێستا با بزانین لەماوەی ئەم سێ ساڵەی کە شێخ جونەید لە ئامەد بە سەری برد (١٤٥٦ – ١٤٥٩)[2] چ ڕووداوێکی سیاسی گرنگ لە ڕۆژهەڵاتی نزیکدا ڕوویدا.

## کالویوانس و ئۆزۆن حەسەن

نزیکەی ساڵێك دوای مانەوەی جونەید لە پایتەختی ئاق قۆیونلۆ نوێنەرێك لەلایەن سولتانی تەرابزۆن واتە کالویوانس گەیشتە ئەوێ. بێگومان هاتنی ئەم نوێنەرە لەم لایەنەوە بۆ ئەوە نەبوو تا لەبارەی دەرکردنی جونەید گفتوگۆ بکات کە چەندین ڕەفتاری ناپەسەندی لە هەمبەر سولتانی تەرابزۆن کردبوو، بەڵکو لەو گۆشە نیگایە بوو کە هاوکاری و هاودڵی ئوزون حەسەن داوا بکات بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسی عوسمانیان کە لە هەموو کاتێ توندتر و هەڕەشە ئامێزتر بوو.

لە ڕاستیدا بڕی ئەو سێ هەزار پارە زێڕەی کە کالویوانس هەموو ساڵێك دەیدا بە سولتان محەمەدی (دووەم) فاتیح، سولتانی عوسمانی تەنیا بۆ ئەوە پێی ڕازی ببوو تا دەرفەتی هەبێ جەنگی ئەلبانیەکان و هەنگاریەکان بکا کە یەکیان گرتبوو، وە لە دژی ئەو هاوکاری یەکتریان دەکرد. چونکە بۆ ئەوەی کە لەم جەنگەدا دەستی بەتاڵ بێ ناچار بوو یەکلاکردنەوەی مەسەلەی ئیمپراتۆری تەرابزۆن بخاتە دواوە.

کالویوانس بە چاکی ئاگاداری باری ناهەموار و شلۆقی خۆی بوو، بۆیە لە هەوڵی ئەوەدا بوو بە جۆرێك خۆی لێ دەرباز بکا، بەڵام لەبەر ئەوەی ئومێدی بە ژێر دەستە ترسنۆك و دڵ لەرزۆکەکانی خۆی نەبوو بۆیە بە هیوای کۆمەکی دەرەکی بوو: دیارە نەیدەتوانی ئەم کۆمەکەی لە ئەنادۆل دەستکەوێ کە میرەکانی ماوەیەك لەمەوبەر ببوونە پاشکۆی عوسمانییەکان یان — وەك سەردارانی سینۆب و قەرەمان — لە چاوەڕوانی وەها چارەنووسێك دابوون. هەروەها نەدەبوو چاوی بە هیوای لە ئێران بێ لەبەر ئەوەی جیهانشا خەریکی داگیرکاری ناوچەی دوورکەوتووی خوراسان بوو.

---

(١) احسن التواريخ، ق ٩، ص a ٩٨.

(٢) واتە لە ٨٦٠ تا ئەوپەڕی ڕەبیعی یەکەمی ساڵی ٨٦٤ ك (و.ف)



لەم هەلومەرجەدا تەنیا ئۆزۆن حەسەن، کە ڕۆژ بە ڕۆژ توانا و دەسەڵاتی لە زیاد بوون دابوو، دەیتوانی بۆ پادشای تەرابزۆن وەك هاوپەیمان و کۆمەکدەر وەسف بکرێ، بەتایبەتی کە کۆششی بەردەوامی عوسمانیان بۆ دابینکردنی سنوورێکی ئارام و لەبار لە ئاسیای بچووکدا سەرەنجام ئەوانی دەهێنایە سەر ئەو بارەی کە جەنگ و ناکۆکی لەگەڵ ئاق قۆیونلۆ بەرپاکەن. لە کاتێکدا حکومەتی تەرابزۆن بۆ دەوڵەتی ئاق قۆیونلۆ بە پارێزەری قەڵا و هەرێمەکەی لە باکووری ڕۆژئاوا ئەژمار دەکرا.

بەهۆی لەبەرچاو گرتنی هەموو ئەو سەرنجانە بوو کە کالویوانس لەو هەلومەرجە نالەبارەی خۆی لە ساڵی ١٤٥٧ ز (= ٨٦١ – ٨٦٢ ك) نوێنەری هەناردە دەرباری دیاربەکر. سولتانی یۆنانی بەم هەنگاوەی گەڕایەوە سەر ئەو ڕێنمەی کە لەسەردەمی باوکی پێشینەی هەبوو، هەتا سەرەتای سەدەی پازدەهەم (= سەدەی نۆیەمی کۆچی) پەیوەندی دۆستانە لە نێوان تەرابزۆن و ئاق قۆیونلۆ بەرقەرار بوو، بەجۆرێك لە ساڵی ١٤٢٠ ز (= ٨٢٣ ك) هەردوو دەوڵەت بە یەکەوە ئابلۆقەی ئەرزنجانیان دا و لەو شەڕەدا سولتانی تەرابزۆن مەنجەنیق و تۆپ و کەرەستەی تەقەمەنی خستبووە بەردەست[1]. ئەم یەکێتییە سیاسیەش لەسەر بناغەی ئەونزیکی و خزمایەتیە بنیاد نرابوو کە باپیری ئوزون حەسەن واتە "زالۆی سیاه" لەگەڵ بنەماڵەی دەسەڵاتداری تەرابزۆن پەیدای کردبوو، چونکە ئەو یەکێ لە کچانی ئەلکسیسی چوارەمی خواستبوو[2].

کوڕی (ئەلکسیس)یش واتە کالویوانس کچێکی هەبوو بەناوی (کورا کاترینا)[3]. لەو سەردەمەدا لە سەرانسەری ڕۆژهەڵاتدا وەها باوەڕێك بڵاو بوو کە ئەو لە ڕووی جوانییەوە لە

---

(١)احسن التواريخ، ق ٩، ص a ٣٠.

(٢)دوکاس (Ducas)، لاپەڕەکانی ١٢٤ – ١٢٥، هامەر (Hammer)، تاريخ عثماني، جلد ٢، ل ١١٣، ئەمەی دوایی تەنانەت دایکی ئۆزۆن حەسەن کە ناوی (سارە خاتوون) بوو لەو شازادانە ئەژمار دەکات کە خوێنی بنەماڵەی کۆمننۆس (واتە کۆمەنین —و.ك) لە دەماریان هاتووچۆ دەکات، بەڵام ئەمە ڕاست نیە چونکە باوکی ئەو ناوی (پیر عەلی) بوو، (حوادث الدهور، ص ٥١٣) مینورسکی ص١٦ وە واگومان دەبرێ کە ئەو یەکێ بێ لە کریستیانە ئارامیەکانی ناوچەی دیاربەکر.

(٣)Kyra katerina



PDF 4 KURD

هەموو ئەندامانی بنەماڵەکەی لە پێشترە. ناوبانگی ئەم جوانییەی لەم ماوەیەدا گەیشتبووە دەرباری تورکمانی ئامەد و هەروەها سەرانسەری ئێرانیشی داگرتبوو.

کاتێ بالیۆزی پاشای تەرابزۆن لە دیاربەکر دانوساندنی خۆی دەست پێکرد ئوزون حەسەن ئەم شازادە خانمەی بۆ خۆی داخواز کرد و لەگەڵێشیدا ئیالەتی کاپادۆکیەی ئەنادۆلی بەناوی جیهازی بووکێنی داواکرد[1]. لە بەرامبەر ئەمەشدا بەڵێنی دا کە بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەگەری هێرشی عوسمانیان نەك تەنها لەشکر بنێرێ بەڵکو بە ماڵ و تەنانەت گیانی خۆشی بۆ بەرگری لە تەرابزۆن دریغی نەکات[2]. بالیۆز بەم وەڵامەوە گەڕایەوە لای کالویۆئانس و گوایە پادشاش بەوەرگرتنی کۆمەکی ئوزون حەسەن بەم مەرجانە زۆر خۆشحاڵ نەبووە، بەڵام چونکە بینی کە بە تەنها توانای ڕووبەڕووبوونەوەی سولتان محەمەدی فاتیحی نییە بۆیە پێشنیارەکانی ئەم میرە تورکمانەی قەبولکرد. بەڵام ئەم مافەی بۆ خۆی دەستەبەر کرد کە کاترینا بتوانێ لە دەرباری موسلمانی ئامەد هەر بە کریستیانی (مەسیحی) بمێنێتەوە و لەسەر پەیڕەوی ئەم ئایینە بڕوا، هەروەها ڕێگای بدرێ کە کۆمەڵێ قەشە و ڕاهیب و هاودەمانی لەگەڵ خۆیدا بۆ ئەوێ ببات.

ئوزون حەسەن لەسەر ئەم مەرجانە ڕەزامەندی پیشاندا و لە ساڵی ١٤٥٨ ز (= ٨٦٢ — ٨٦٣ ك) پەیماننامەیەکی فەرمیان گرێدا، بەڵام چونکە کالویوانس لە هەمان ساڵدا مرد، داوید کومننۆس[3]هاتە شوێنی و کاترینای ڕاستەوخۆ دوای مردنی باوکی بۆ دیاربەکر هەنارد. ئەم خاتوونە کە لێرە بەدوا بەنازناوێکی یونانی — تورکی (واتە دسپینا خاتوون)[4] ناوبانگی زیاتری پەیدا کرد، لەم وڵاتە شانس و بەختێکی باشی هەبوو.

(١) هەرچەندە لەم سەردەمەدا تەنانەت گوندێکیش لەم ئیالەتە گوێڕایەڵی پادشای تەرابزۆنی نەدەکرد، بەڵام بە گوێرەی ماف و یاساکان لە دیدی ئۆزۆن حەسەن ئەم پادشایە فەرمانڕەوای ڕەهای ئەم ناوچانە بوو.(فالمرایەر، ل ٢٦١).

(٢) لە هەمان سەرچاوە، لاپەڕەکانی ٢٥٩ — ٢٦٠ وادینگۆس (Waddingus) جلد ١٣، ل ٤٧، بازرگانی ڤینیسی، ل ١٧٨ -١٧٩ راموزیو (Ramusio) جلد ٢، ل ٨٤.

(٣) دوکاس، ل ٤٩٠، رامۆزیو، جلد ٢، ل ٨٤، ئانجیۆلیللۆ (Angiolello) لە بڵاوکراوەکانی هاکلیوت، جلد ٤٩، ل ٧٣.

(٤) Despina chatun (ΔΣottoiva –خاتوون)



کۆمەڵێکی زۆری شازادە و خانەدانانی تورکمان بە فەرمانی ئوزون حەسەن بۆ پێشوازی شازادە خانم چووبوونە سەر سنووری دەوڵەتی تەرابزۆن. ئەویش ژمارەیەکی زۆر کچی عازەب و خانەدانی یۆنانی لەگەڵ کەژاوەی خۆی هێنابوو تا بۆ هەمیشە لەگەڵیدا بمێننەوە. هەروەها مارەیەکی زۆری ڕاهیب و ڕۆحانی لەگەڵ خۆیدا هێنابوو تا بتوانێ لە ئامەد بە شێوەیەکی ڕوست و بە پێی ڕێنماییەکانی ئایینی مەسیحی خوداپەرستی خۆی بکا. لەبەر ئەوەی هەروەکو (کاترینۆ زینۆ)[1]ی بالیۆزی ڤینیسیا دەری دەخات[2] ئەو خاتوونە کریستیانەکی پابەند و بڕوادار بوو بەجۆرێك هەرگیز لە بەشداری کردنی مەراسیمی خوانی خوداهانە (العشاء الربانی) دوا نەدەکەوت.

کاترینا لە ساڵانی دواتر سێ کچی لەو مێردە هێنا کە یەکێکیان دواتر بووە دایکی شا ئیسماعیلی دامەزرێنەری بنەماڵەی سەفەوی.

هەروەها کوڕێکیشی هەبوو کە لەکانونی یەکەمی ساڵی ١٤٧٨ ز (لەوانەیە بکاتە شەوالی ٨٨٢ ك) بە دەستی یەکێك لە زربرایانی خۆی کوژرا. خودی دسپیناش لە کڵێسای جۆرج لەدیاربەکری پایتەخت بەخاك سپێردرا. لە ساڵی ١٥٠٧ ز (٩١٢- ٩١٣ ك) بازرگانێکی ڤینیسی کە بەدوای گۆڕی ئەودا گەڕاوە دەڵێ: دەکەوێتە "ژێر تاقی نزیك دەرگای کڵێسا" و بینایەکی بێ زێڕ و زیوە و لە خشتی خاو (قوڕ) دیارە.[3]

## ڕەوشی سیاسی ڕۆژئاوای زەمین

لەکۆتایی ساڵی ١٤٥٨ ز (= ٨٦٣ ك) هێشتا بەزم و شادی ئەم ژنهێنانە لە ئامەد تەواو بە کۆتا نەهاتبوو کە دەرەنجامەکانی ڕێکەوتنی ئاق قۆیونلۆ — تەرابزۆن بە دیارکەوت، ئوزون حەسەن کە تا ئەو کاتە لە مەسەلە سیاسییە مەزنەکانی جیهان بەشداری نەکردبوو ڕاکێشرایە نێو پەیوەندیە دیپلۆماتیە ئاڵۆزەکانی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا.

لە ژێر کاریگەری کەوتنی قوستەنتینیە لە ساڵی ١٤٥٣ ز (= ٨٥٧ ك) دیسان لە ئەوروپا بۆچوون و باوەڕەکانی سەردەمانی جەنگی خاچییەکان زیندوو بوونەوە. لە ساڵی ١٤٥٦ ز (=

(١) Caterino zeno

(٢) رامۆزیۆ،جلد٢،ل ٢٢١b.

(٣) بازرگانی ڤینیسی، ل ١٤٦.

٨٦٠ — ٨٦١ ك) پاپا کالیکستی[١] سێیەم یەکێ لە ڕاهیبانی فرانسیسکانی بەناوی (لودڤیکۆ بۆلۆنا)[٢] هەنارده تەرابزۆن و گورجستان تا میرانی ئەم ناوچانە بۆ جەنگی تورکان هانبدا. ئەم ڕاهیبە تێکۆشەر و بە ئەزموونە کە لە هەمان کاتدا کەسێکی بە تەماع و بێ پەیمانیش بوو لە کاتی گەڕانەوەی لە گورجستان لە ساڵی ١٤٥٩ ز (=٨٦٣- ٨٦٤ ك) چووە دیداری ئوزون حەسەن لە ئامەد و ئەوی لە نیاز و نەخشەکانی داودشا ئاگادارکردەوە، کە وەکالەتی سەلتەنەتی کوڕە بچوکەکەی کالویوانس (ئەلکسیسی پێنجەم)ی لە تەرابزۆن بەئەستۆ گرتبوو، وە لە جێی ئەو فەرمانڕەوا بوو.

دسپینا خاتوون ئۆزۆن حەسەنی هاندا بۆ کۆمەکی هاووڵاتیانی خۆی و جەنگی عوسمانیان (وە ناکرێ بشاردێتەوە کە لە دڵی خۆیدا هیچ نیازێکی بۆ ئەم کارە نەبوو) بەڵام لە دیدی سوڵتانی تەرابزۆن، ئوزون حەسەن ئەو هێز و توانایەی نەبوو کە بتوانێ بە سوارانی تورکمانی خۆی هەڵمەتەکانی سولتان محەمەدی دووەمی عوسمانی بەرپەرچ بداتەوە. لە ئەنجامدا داود هەوڵیدا ئەو نەخشەیەی کە کالویوانسی برای لەبەر دەستی دابوو پیادەی بکا. بە پێی ئەو نەخشەیە دەبوو ئەم هاوپەیمانییە زۆر فراوان بکرێت کە هەموو میللەت و هۆزەکانی نێوان قەفقاس و دیجلە تا بورگەند لە دژی سولتانی عوسمانی بگرێتەوە. بۆ ئەم مەبەستە لە ڕێی لۆدڤیکۆ پەیوەندی کرد بە فەرمانڕەوای مینکرلی، پادشای (کارتیل) و ئەتابەکی (زمسخە) کە دەکەوێتە ناوچەی سەرووی (درە کورا) و میرە گورجیەکانی تر. هەموو ئەمانەش بالیۆزیان دیاری کرد کە دەبوو لەگەڵ ئەم ڕاهیبە فرانسیسکانییە بۆ ئەورووپا سەفەر بکەن[٣].

ئوزون حەسەن لە بەرامبەر نوێنەری پاپا نەیویست وا پیشان بدا کە ئەو پابەندی هاوپەیمانییەکەی نییە لەگەڵ تەرابزۆندا، بۆیە ئەویش بە هەمان شێوە نوێنەرێکی بۆ دەربارانی ئەورووپا دیاری کرد. لودڤیکۆدا بولونا دوای ئەوەی بە خۆی ئیسماعیل سینۆبی، واتە فەرمانڕەوای "زۆر توانا و بێ دڵ" و هەروەها میرانی قەرەمانی بۆ بەشداری لەم هاوپەیمانییە گەورەیە ڕازی کرد، لەکۆتایی کانونی یەکەمی ١٤٦٠ ز (= ٨٦٤- ٨٦٥ ك) لە سەرووی بالیۆزانی ڕۆژهەڵات گەیشتە ڕۆما.

(١) Calixt

(٢) Lodovico da Bologna

(٣) فالمرایەر، ل ٢٦٤.



خەڵکی ڕۆما تەواو سەرسام بوون کاتێ بینیان نەك تەنها نوێنەرانی سولتانی تەرابزۆن و شازادەکانی گورجی بەڵکو نوێنەرانی ئوزون حەسەن کە بە بۆچوونی ئەوان (گاور) بوون — بە جلی سەیری ڕۆژهەڵاتی خۆیان لە شاری هەمیشەیی ڕۆم بە یدار کەوتن. ئەمەش بووە هۆکارێکی زێدە بۆ ئەوەی نوێنەرانی ئوزون حەسەن زیاتر لە بالیۆزەکانی تر جێگەی سەرنج و بایەخ بن. بالیۆزەکان لەمانگی مایسی ١٤٦١ ز (= ٨٦٥ — ٨٦٦ ك) شانازی چوونە خزمەتی دۆکی بورگندیاشیان پێ درا، دواتریش بە دیداری پیۆسی دووەم گەیشتن کە پێشتر لە ساڵی ١٤٥٩ ز (= ٨٦٣ — ٨٦٤ك) کۆمەڵێکی بۆ بەرپارکردنی جەنگی خاچییانە بۆ (مانتوا) بانگهێشت کردبوو، هەروەها میر و شازادەکانی تری ئەورووپایان دڵنیا کرد لەوەی کەلەلای ڕۆژهەڵاتەوە- وەك داواکراوە- لەشکر بۆ جەنگی عوسمانیان دەنێردرێ. بەڵام ئەم هەنگاوەی خۆیان بەم مەرجە بەستەوە کە دەبێ هاوکات لەگەڵ ئەمەدا ئەوان لەلای ڕۆژئاواوە لەشکر کێشی لە دژی دوژمنانی مەسیحییەت بکەن[١].

دەربارییانی فەڕەنسا و بورگندیا هەموو نقومی سەرسامی ببوون لەوەی کە "سولتانی میزۆپۆتامیا"ش بالیۆزی هەناردبوو،وە ناوی ئوزون حەسەن بە "تورکی بچووك" ڕۆیشت و دەماودەم بلاّ بۆوە، لە کاتێکدا سولتان محەمەدی دووەم بە "تورکی مەزن" دادەنرا[٢]. سەرەڕای ئەو هەموو پێشوازیە گەرم و شکۆمەندانەی کە لێیان کرا بالیۆزانی ڕۆژهەڵات بەداخێکی زۆرەوە تێگەیشتن کە ئاگری جەنگی خاچییانەی شازادەکانی ڕۆژئاوا چەندە سارده و تیری ئەوان لە هەموو شوێنێ لەبەرد دەکەوێ.

بەڵام وا باشترە هەمیسان بۆ ئاسیای بچووك بگەڕێینەوە. لە ڕاستیدا کۆڵەگەی سەرەکی یەکێتی سێیانەی تەرابزۆن — گورجستان — میزۆپۆتامیا، هەر فەرماندەی ئاق قۆیونلۆ بوو بە تەنیا. بەڵام هێزی سەربازی ئەو لەو ڕۆژگارەدا بە هیچ شێوەیەك لەو ئاستەدا نەبوو سەرکەوتن بەدەست بێنێ لە جەنگی تورکانی عوسمانی، بۆیە ئەویش ئێستا جەنگی قەرەقۆیونلۆی خستە پێش کە بە هۆکاری دیاریکردنی چارەنووسی ئەو ئەژمار دەکرێ(١٠). بەم شێوەیە شێخ

(١) ئاڤالۆڤ (Avalov)، لاپەڕەکانی ٢٤٢ — ٢٤٣، پاستۆر (Pastor)، لاپەڕەکانی ٢٢١ — ٢٢٥.

(٢) بارانت (Barante) جلد ٨، لاپەرەکانی ٢٥٥ — ٢٧٠، ژەن ژینس لاسرا (Gingins la sarra) لاپەڕەVII.



PDF 4 KURD

جونەید لە ئامەد هەر تەنها شایەدی چالاکیە سیاسییەکانی پەنادەری خۆی نەبوو، بەڵکو چاودێری کرداره جەنگیە ئاڵۆز و گۆڕاوەکانیشی بوو.

بێ ئەوەی بێمە سەر باسی ڕاپەڕینە بەردەوامەکانی برایانی ئوزون حەسەن (جیهانگیر لە ماردین و وەیس لە ڕوها) یا لەبارەی بە یەکدادانەکانی ساڵی ١٤٥٨ ز (= ٨٦٢- ٨٦٣ ك) لەگەڵ قەرەقۆیونلۆ(١) هیچ بڵێم کە بە قازانجی ئاق قۆیونلۆ تەواو بوو، یان باسی هەندێ شەڕی بچووکتری ئوزون حەسەن بکەین، پێویستترە ئێستا یەکێ لە هەڵمەتەکانی ئەم فەمانڕەوایە بە درێژی باس بکەم. لەبەر ئەوەی ئەم ڕووداوە بە سەختی شێخ جونەیدی خستە ژێر کاریگەری و دواتر پەیڕەوی لێکرد. ئەویش بریتییە لە لەشکرکێشی بۆ سەر گورجستان لە ساڵی ١٤٥٨ ز (= ٨٦٢- ٨٦٣ ك) (واتە پێش بەستنی هاوپەیمانی لە دژی سولتان محەمەدی دووەم کە شازادەکانی گورجیش تێیدا بەشداربوون).

کاتێ ئوزون حەسەن دوای گرتنی ئەرزنجان — کە دەیڕوانیە بانی ئەرمەنستان و بەدەستی جیهانشا وێرا ببوون — زستانی ساڵی ١٤٥٧ — ١٤٥٨ ز (=٨٦٢ ك) لە ئامەدی پایتەختی خۆی بەسەر برد، وردە وردە ئەو بیرۆکەیەی لە مێشکیدا بەهێز بوو کە لەسەر زەمینی تازە داگیرکراوی ئەرمەنستانەوە دەستدرێژی بکاتە سەر گورجستان. بۆ ئەو مەبەستە لە ساڵی ١٤٥٨ ز (= ٨٦٢-٨٦٣ك) بە هێزێکی گەورەوە کەوتەڕێ، دوای ئەوەی لە فورات پەڕییەوە هەندێکی تری هێزی سوارە لە ئۆردوگای کوێستانەی (تارمق) کۆ کردەوە(٢). باسی وردەکارییەکانی ئەم هەڵمەتە بەداخەوە بەدەست ئێمە نەگەیشتووە; لە مانگی شوباتی ١٤٥٩ ز (= لەوانەیە بکاتە ڕەبیعی دووەمی ٨٦٣ ك) نێردراوی ئوزون حەسەن لە قاهیرە بە سولتان (ئینال)ی ڕاگەیاند کە میرەکەی (واتە ئۆزۆن حەسەن) شەش قەڵای لە دەست گاورە گورجیەکان دەرهێناوە.(٣) هەواڵ و مێژووەکانی گورجی بەرواری ئەم ڕووداوە بە ساڵی ١٤٥٦ز (=٨٦٠ — ٨٦١ك) دادەنێن، بەڵام ئەم بابەتانەی کە لەم سەرچاوانە سەبارەت بە ڕووداوەکانی سەدەی

(١) لەم بارەیەوە بگەڕێوە بۆ پەراوێزە سەرنجەکانی ژمارە (١٠).

(٢) احسن التواريخ، ق ٩، ص a ٩٤.

(٣) حوادث الدهور، ص ٣٢١، بە پێی کتێبی (احسن التواريخ، ق ٩، ص a ٩٤) ناوبراو قەڵایەکی گرتووە بەناوی (محاق) .



پازدەهەم (= نۆیەمی کۆچی) باس دەکرێن زۆربەیان تێکەڵن و جێگەی بڕوا نین. بەم شێوەیە دیارە کە ئوزون حەسەن چووەتە سەر کارتیل و ئەوێی بە ئاگر و ئاسن داپلۆسیوە(١).

بە خوێندنەوەی ڕاپۆرتی مێژوونووسێکی سریانی دەتوانین وێنایەك بەم شێوەیە بۆ ئەم هەڵمەت و شاڵاوە بەدەستەوە بدەین: ئوزون حەسەن کڵێسا و دێرەکانی وێرانکرد، کۆمەڵێکی بەدیل گرت و دەفرە پیرۆزەکان و خاچەکان و جام و کاسەکانی بە تاڵان برد، قەشەکان، شەماشەکان و زۆری تری کوشت. پیاو و گەنج و منداڵێکی بێ ژماری بە دیلی برد. کریستیانەکان بەشێکیان فرۆشران و بەشێکی تریان بەناچاری ئایینی ئیسلامیان قەبولکرد و کۆمەڵێکی تریشیان بە خولامی ڕۆیشتن.(٢)

سەربازانی ئاق قۆیونلۆ بە تاڵانێکی زۆرەوە بەدەم بەزم و شادی گەڕانەوە ئەرزەرۆم، هەر لەوێ ئوزون حەسەن خەلیلی کوڕی لەگەڵ هەندێ لە میران بۆ (کەماخ) نارد و خۆشی دواتر قەڵای قەرەحەساری لە دەست عوسمانیان دەرهێنا(٣). دوای ئەم ڕووداوانە لە کۆتایی ساڵی ١٤٥٨ ز (لەوانەیە بکاتە ٨٦٣ ك) گەڕایەوە (ئامەد)ی پایتەختی خۆشەویستی خۆی و زستانی لەوێ بەسەر برد لە هەمان کات و هەمان شوێن بوو کە شێخ جونەید بە هۆگرێکی زۆرەوە هەواڵی سەرکەوتنەکانی تورکمانانی سپی گوێ بیست دەبوو. لەگەڵ بیستنی ئەم هەواڵانە جونەید دوای سێ ساڵ ئارامی و تەریکی کەوتەوە یادی شەڕ و سەرکەوتنەکانی خۆی. بێگومان ئەو هەرگیز بیرو ئارەزووی دەسەڵاتخوازی لەخۆی دوور نەخستبوو،هەر بۆیە ساڵێك دوای ئەم ڕووداوە (١٤٥٩ ز = ٨٦٣- ٨٦٤ ك) لە دیاربەکر — کە بە گەرمی پێشوازی لێکردبوو — چووە دەر و کۆمەڵێ سۆفیان و پەیڕەوانی بژاردەشی لەگەڵدا بە ڕێکەوتن، بەڵام هاوسەرەکەی کەدووگیان بوو لەوێ مایەوە.

لەبارەی بەرواری دروستی دەرچوونی جونەید لە دیاربەکر دەتوانین تەنها بە نزیکەیی بڵێین کەبەر لە تەموزی ١٤٥٩ ز (= شەواڵی ٨٦٣ ك) نەبوو. داودی شای تەرابزۆن لە مەزنی ئەو کارەی کە لە دژی عوسمانیان لە پێشی بوو ترسا و بەناردنی بالیۆز بۆ لای ئوزون حەسەن داوای لێکرد کە لە ڕێی هەوڵی سیاسی و دانووساندن لە ئەستانبول کارێ بکا کە سولتانی عوسمانی چاوپۆشی لەو سێ هەزار پارە زێڕە بکات کە ساڵانە لێی داوا دەکرد. ئەگەرێکی زۆر هەیە کە جونەید لەکاتی ئەم ڕووداوانە

(١) Chronique Georgienne، ل ٢، لە سەرچاوەی (بروسە Brosset)، ب ١، ل ٦٨٨) ئەم ڕووداوە بە لەشکرکێشی ساڵی ١٤٧٧ز (= ٨٨١-٨٨٢) دادەنرێت.

(٢) بەهنش (Behnsch)، ل ١٦.

(٣) احسن التواريخ، ق ٩، ص ٩٤a.

هێشتا لە ئامەد بووبێ. هەر چۆنێك بێت ئوزون حەسەن داواکەی برای ژنی خۆی بە هەند هەڵگرت و خێرا بالیۆزی لە ئامەدەوە لەلایەن ئاق قۆینلۆوە بۆ ئەستانبول بەڕێ کرد و لە هەمان ساڵ ١٤٥٩ز (= ٨٦٣- ٨٦٤ك) گەیشتە ئەوێ. موراد بێك کە سەرکردایەتی شاندەکەی لە ئەستۆ گرتبوو خۆشی برازای ئوزون حەسەن بوو، نەك تەنها داوای کرد لەوەرگرتنی باج لە داودشا وازبێنن، بەڵکو داخوازی ئەوەشی کرد فەرمانڕەوای ئەویش (واتە ئۆزۆن حەسەن) لەئەرکی ئامادەکردنی زینی ئەسپ و مافوور و کۆفی ببوردرێ، ئەم ئەرکەی کە سولتان یەلدەرم بایەزیدی باپیرە گەورەی سولتان محەمەد خستبویە ئەستۆی ئاق قۆیونلۆ و شەست ساڵی ڕەبەق بە هەڵواسراوی مابۆوە. هەروەها داواشی کرد سولتانی عوسمانی دەست لە (کاپادۆکیە) هەڵگرێ کە ئوزون حەسەن بەناوی جیهازی هاوسەری لە پاشای تەرابزۆنی وەرگرتبوو[1].

بۆ ئەوەی بزانین سولتانی عوسمانی لە بەرامبەر ئەم داواکاریانە چ کاردانەوەیەکی پیشانداوە دەبێ پەنا ببەینە بەر بۆچوون و گومان بردن. لە ڕاستیدا ئەگەر ئوزون حەسەن وا خەیاڵی کردبێ کە بە بەرز ڕوانین و زیادەڕەوی لە داواکان لایەنی کەمی داواکانی خۆی بەدەست دێنێ ئەوا خراپ گومانی بردبوو. چونکە وەڵامی سولتان محەمەدی دووەم هەندێ نادیار، بەڵام هەڕەشە ئامێز بوو کاتێ گوتی: ئەو بۆ خۆی تەشریف دێنێ و کێشەی باج چارەسەر دەکا.

پێش ئەوەی ئەم کێشە سیاسییە ناوبراوانە بە ڕێگەی چەك یەکلا بکرێنەوە شێخ جونەید لە قەڵەمڕەوی ئاق قۆیونلۆ دەرچووبوو. هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە سولتان محەمەد کەشتییە جەنگییە چارۆگەدارەکانی بۆ سەفەری دەریای ڕەش ئامادە کرد و داودشاهیش شوورەکانی تەرابزۆنی بە تۆپی دەستکردی جەنەوا قایم کرد و ئۆزۆن حەسەنیش ئەرمەنستانی بەدەستی تورکمانان ئاگر تێبەردا، جونەید گەڕایەوە بارەگای باب و باپیرانی خۆی و دووبارە چاوی بە لووتکە بەفرینەکانی ساوالان[2] و باخی میوە و کێڵگەکانی ئەردەبیل و خانووە قوڕەکان و مزگەوتە بەرزەکان گەش بۆوە. توانی تەرمی سەدرەدینی باپیرە گەورەی خۆی- کە پێشتر گورجیەکان لە ساڵی ١٢٠٤ ز (= ٦٠٠-٦٠١ ك) لەو مزگەوتەدا بردبوویان بۆ گورجستان-

(١) Chalcocondyles ,p.٤٩٠;Ducas, p.٣٣٩ ;Waddingus, p.٤٧; Fallmerayer, p.٢٧٥; Bosio, II, p.٢٥٤; Hammer, GOR,II, p.٥٤, Iorga, GOR, II,p.٩٩.

هەروەها: منجم باشي، صحائف الاخبار، جلد ٣، ص ١٦٠.

(٢) ساوالان یان (سەبلان) ناوی کێوێکی بەرزە لەم شوێنە (و. ك).



توانی بگێڕێتەوە و لە جێگای خۆی ناشتیەوە[1]. جونەید کە ئێستا پیاوێکی ژیر و کامل بوو خۆی چووە بارەگای تەریقەتی سەفەوی، لە کاتێکدا موریدان و سۆفیانی ئەو لە دەرەوەی شار ڕەشماڵ و چادریان هەڵدا.

هەواڵی هاوسەرگیری شێخ لەگەڵ خوشکی فەرمانڕەوای ئاق قۆیونلۆ بە هەموو شوێنی بڵاو ببۆوە و ببووە هۆی ئەوەی لە شان و شەوکەتی شێخ زیاد بکات. بەڵام ئەگەر هەمان ئەو هۆکارەی کە یازدە ساڵ لەمەوبەر ببووە هۆی دوورخستنەوەی جونەید، دووبارە بۆوە نابێ ببێتە هۆی سەرسوڕمان، ئەوەتا هەر تەنیا شێخ جەعفەری مامی نەبوو کە بە هەمان شێوەی پێشوو بێ بەزەیی بوو بەرامبەر جونەید، بەڵکو جیهانشای فەرمانڕەوای قەرەقۆیونلۆش ناوبراوی بە ڕکەبەرێکی ترسناکی خۆی لە قەڵەم دەدا بەهۆی ئەو پەیوەندیەی کە لەگەڵ ئوزون حەسەن دایمەزراندبوو. واتە ترسناکتر لەوەی کە لە ساڵی ١٤٤٨ ز (= ٨٥١ — ٨٥٢ ك) بوو. بۆیە دوای ماوەیەك دووبارە دەرپەڕاندنی شێخ لە ئەردەبیل جێبەجێ کرا[2].

کاتێ کە جونەید دەیویست لە ڕێگەی نێردراوان هەموو لایەنگیران و موریدانی بۆ لای خۆی بانگەواز بکا، جیهانشا خەریکی کۆکردنەوەی لەشکر بوو تا لە کاتی پێویست ناچاری بکا زێدی خۆی بەجێ بهێڵێ و بەڕێوەبردنی بارەگای سەفەوی لە ئەردەبیل بداتەوە دەست مامی جونەید. جونەید خۆی لە دەرەوەی شار چاوەڕوانی گەیشتنی موریدانی بوو کاتێ سەرەنجام ئەو هێزە چەکدارەی کە لە چەندین هەزار سۆفی پێکهاتبوو ئامادە بوو. گۆیا لە پاییزی ساڵی ١٤٥٩ز (=٨٦٤ ك) بۆلای باکوور دەچێ و مەبەستیشی لەم هەڵمەتە ئەوە بوو کە "جیهاد"دژی چەرکەسان بکا. جونەید توانی بێ کۆسپ و تەگەرە بەخاکی شێروانشا تێپەڕێ و لە تەبرستان دەست بە شاڵاوەکانی بکا، بە هەمان ئەو شێوەی کە ئوزون حەسەن ساڵێك لەومەبەر لە گورجستان کردبووی. ئینجا دیسان لە قەفقاس سەرەوژێر بۆوە و بە قەڵەمڕەوی ئاوایی شێروان تێپەڕی و بۆ زستان لە قەرەباغ هەواری هەڵدا کە ئاوو هەوایێکی مامناوەندی هەبوو.[3]

(١) سلسله النسب صفويه، ص ٤٣ و ٤٤.

(٢) احسن التواريخ، ق ٩، ص a ٩٠، تاريخ عالم آراي عباسي، ص١٣، تاريخ اسماعيل، ص a ١٥، لب التواريخ، ص١٦٦.

(٣) صحائف الاخبار، جلد ٣، ص ١٨٠، تاريخ عالم آراي اميني، ص a ١٣٧، تاريخ عالم آراي عباسي، ص ١٤.

تا ئێرە بەڕواڵەت هەموو شتێك بە پێی خواستی جونەید بەڕێوە دەچوو، سەرداری شێروان کە ناوی خەلیل بوو لەم لەشکرکێشیەی جونەید ترسا و وایزانی — لە ڕاستیشدا ئەم بۆچوونە زۆر بێ بنەڕەت نەبوو — کە جونەید دەیەوێ هێرش بەرێتە سەر وڵاتی ئەو[1]. حەسەن ڕۆمللو پێ زیاتر درێژ دەکات و تەنانەت دەڵێ[2] خەلیل سولتان بەهۆی نیگەرانی زۆری، نوێنەرانی بەدەست و دیارییەوە بۆ پێشوازی شێخ هەنارد. بە پێی گوتەی عاشق پاشازادەی مێژوونووسی تورك[3] دیارە کە شێروانشا نارەزایی دەربڕیوە و گوتوویەتی جونەید مافی نییە بۆ سۆراغی چەرکەسان بەخاکی ئەودا بڕوا. هەرچەندە خەلیل سولتان ماوەیەك دوودڵ بوو لەوەی بۆ جەنگی ئەو پیاوە ڕوحانییە بڕوا، بەڵام ئەم دوودڵییەی نەما کاتێ نامەیەکی لە شێخ جەعفەری فێڵباز و بەرزەویستی مامی جونەیدەوە پێگەیشت. شێخ جەعفەر لە ئەردەبیلەوە لە نامەکەیدا بۆ خەلیل سوڵتانی نووسی کە برازاکەی خاوەن ویلایەت (واتە مافی شەرعی سەرۆکایەتی تەریقەت) نییە و بەڵکو دەبێ ئەو وەك کەسێکی یاخی و لاڕێ بەخێرایی بەرپەرچ بدرێتەوە.[4]

دوای گەیشتنی ئەم نامەیە شێروانشا هەوڵێکی زۆری دا بۆ کۆکردنەوەی هێز تا لە بەهاردا دەست بە هێرش بکات. یەکێ لە ژێر دەستانی خۆی کە ناوی (ابوالمعصوم خان) بوو هەناردە لای سەرداری تەبرسەران بۆ ئەوەی کۆمەکی سەربازی بۆ بنێرێ. گوایا جیهانشاهیش نزیکەی بەتالیۆنێك تورکمانی لە تەورێزەوە بۆ هەنارد بوو.[5] بەر لەوەی کار بگاتە ڕووبەڕوو بوونەوەی چەکدارانە، خەلیل بەهۆی یەکێ لە میران داوای لە شێخ کرد بە پەلە خاکی شێروان بەجێ بێڵێ، جونەیدیش لەجیاتی وەڵامدانەوەی ئەم داوایە نوێنەرەکەی خەلیلی بەداردا هەڵواسی[6].

---

(١) لە کتێبی (فتوحات یمانی) کە (اسکندر منشی) سوودی لێ بینیوە و بەڵام ئێستا لە نێو چووە — واهاتووە.

(٢) احسن التواریخ، ق ٩، ص a ٩٨.

(٣) ص ٢٦٧.

(٤) احسن التواریخ، ق ٩، ص a ٩٨.

(٥) تاریخ اسماعیل، ص ١٥a.

(٦) تواریخ آل عثمان، ص ٢٦٧



## مەرگی جونەید

لەئەنجامی ئەمەدا شێروانشا لە (شماخی) پایتەختی خۆی بەڕێ کەوت، شێخ هەوڵیدا ڕێگەی هەڵاتن بگرێ، بەڵام لە دۆڵی قەرەسۆ کە دەکەوێتە ڕۆژئاوای زنجیرە چیای ئەلبورز (لە قەفقاس) کەوتە داوەوە. ڕۆژی پێنج شەممەی چواری ئاداری ١٤٦٠ ز (= جەمادی یەکەمی ٨٦٤ ك) شەڕ دەستی پێکرد و تیایدا جونەید بووە ئامانجی تیرێك و گیانی سپارد[1]. سۆفییان کە بەرگریەکی فیداکارانەیان کرد، دوای کوژرانی پێشەواکەیان پێیان نایە هەڵاتن. بەڵام لاشەی شێخ بەهۆی هەندێ لە یارانی وەفادارانی لەمەیدانی جەنگ دەربازکرا و هەر لەو دەوروبەرە بە خاك سپێردرا. سەرچاوەکان لەسەر ئەم ڕووداوە کۆکن، بەڵام یەکێ لە سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکات کە تەرمی شێخ لەلایەن چەند کەسێك لە سۆفییان برداوەتەوە ئەردەبیل[2]. ئەم شوێنەی کە شێخی تێدا بە خاك سپێردراوە ناوی (قوربال) یان (قورنال)ە[3] و زوو بووەتە زیارەتگای کۆمەڵانێکی زۆری خەڵك.

مانگێك دوای مەرگی جونەید، لە نیسانی ساڵی ١٤٦٠ ز (= ٨٦٤ ك) خەدیجە بێگم لە ئامەد کوڕێکی بوو کە ناوی حەیدەری لێنرا.[4] خودی ئوزون حەسەن سەرپەرشتی کردنی ئەم گەنجترین کەسەی بنەماڵەی سەفەوی گرتە ئەستۆ، حەیدەر لە پایتەختی ئاق قۆیونلۆ پێ ڕاگەیشت تا ئەوکاتەی ئوزون حەسەن لە شەڕی یەکلاکەرەوەی خۆی لەگەڵ قەرەقۆیونلۆ سەرکەوت. ئیتر لەو کاتەوە لە جیاتی ئامەد تەورێز بووەمەڵبەندی حکومەتی ئۆزۆن حەسەن. لەو کاتەدا شێخ حەیدری تەمەن نۆ ساڵە بۆ ئەردەبیل ڕۆیشت تا بە فەرمی ببێتە جێنشینی باوکی خۆی.

بەر لەوەی بە درێژی بێمە سەر باسی ژیان و کارەکانی حەیدەر، بۆ ئاشنابوونی بارودۆخی سەردەم دەبێ دوا چاوخشانێك بەڕەوشی کاری هۆزی ئاق قۆیونلۆ دا بکەین لە ڕێی سەیرکردنی ڕەوشی سیاسی ئەوان لە نێوان ساڵانی ١٤٦٠ — ١٤٧٠ ز (= ٨٦٤ / ٨٦٥ —٨٧٤/ ٨٧٥ك).

---

(١) احسن التواریخ، ق ٩، ص a ٩٨.

(٢) ئەمە گوزارشی (فتوحات یمانی)یە کە پێشتر ئاماژەمان پێکرد. وە کەسانێ کە باس دەکرێن دواتر گۆڕی (جونەید)یان لە ئەردەبیل دەست نیشان کردووە، بەڵام دیارە ئەوانە گۆڕی شێخ حەیدەریان لێ بووەتە هی جونەید.

(٣) نسخ جهان آرا، ص a ٤٨، صحائف الاخبار، جلد ٣، ص ١٨١، بە گوتەی (سلسله النسب صفویه) ناوی ئەم ناوچەیە (قرویال) بووە.

(٤) تاریخ عالم آراي اميني، ص ١٣٨b ، تواریخ آل عثمان، ص ٢٦٧.



PDF 4 KURD

# (بەشی چوارەم)

## بەرەو پێشچوونی سیاسەت بە پالپشتی هێز

### ئاق قۆیونلۆ لەسەردەمی ئۆزۆن حەسەن

لە ئاکامی مردنی لە ناکاوی شێخ جونەید، هەولّی سەفەوییەکان بۆ گەیشتن بە دەسەلاّت وەستانێکی هاتە پێش، هەروەها بەرەو پێشچوونی سیاسەتی ئۆزۆن حەسەنیش لە ئەنجامی تێکشانی لە یەکەم شەڕیدا لەگەلّ سولّتان محەمەدی فاتیح دووچاری هەمان چارەنووس بوو. چارەنووسی هاوپەیمانی سێگۆشەی میزۆپۆتامیا – گورجستان – تەرابزۆن کە لە شەڕێك لەگەلّ عوسمانییەکان دیاری کرا، لەلایەن (فالمرایەر)[1] بە تێر و تەسەلّی هاتۆتە باسکردن. ئێمە لێرەدا تەنیا ئاورێك لە ئەنجامی شەڕەکە دەدەینەوە: دوای ئەوەی کە سولّتان محەمەد بە سانایی (سنیۆب)ی داگیر کرد و ئۆزۆن حەسەنی بە توندی تێکشاند، ئوزون حەسەن ناچار بوو لەگەلّ سولتان محەمەد ڕێکەوتنامەی ئاشتی مۆر بکا(١١). سەرکردەکانی گورجی خۆیان لەم شەڕە نەگلاند و داوودیش کە بە تێکشانی هاوپەیمانەکەی بەتەواوی ورەی بەردا بوو، دوای بەرگرییەکی کەم لە سالّی ١٤٦١ ز (=٨٦٥-٨٦٦ك) تەرابزۆنی بە مەرجی سەرشۆڕانە بەدەستەوەدا.

لەسەرێك دەکرێ بلّێین ئاق قۆینلۆکان کەلّکی زۆریان لەم ڕووداوە وەرگرت و بە شێوەیەکی ئابڕوومەندانە لە ژێر باری ئەو هاوپەیمانییە هاتنە دەر، کە لەگەلّ تەرابزۆن پێکیان هێنابوو. لە کاتێکدا هەموو ئەو بەرژەوەندیانەشیان پاراست کە ئۆزۆن حەسەنی پێشەوایان بەدەستی هێنابوو. بە پالّپشتی ئەم دەستکەوتانە کە زیاتر لایەنی واتایی هەبوو نەك سیاسیی و ئەم پەیوەندییە دۆستانەی کە لەگەلّ عوسمانییەکان هاتە ئاراوە، ئوزون حەسەن توانی بێ دلّەڕاوکێ هەولّەکانی خۆی بۆ فراوانکردنی ناوچەی دەسەلاّتی ئاق قۆیونلۆ درێژە پێ بدا. فراوانخوازیەکانی ئەو ئێستا زیاتر ئاراستەی بەرەو کوردستان، گورجستان، میسر و سوریە و ئازەربایجان بوو.

(١) لاپەڕەی ٢٧٣ و دواتر.



PDF 4 KURD

## تێکشکانی سەردارانی کورد

نەتەوەی کورد کە بەسەرگروپ و هۆزی جۆراوجۆر دابەش دەبوو و بەردەوام لە هەولّی بەدەستهێنانی سەربەخۆی دا بوو، لە نێوان ئەنادۆل و ئێران کە ناوچەی دەسەلاّتیانە ڕەوشێکی پڕ لە هەوراز و نشێوی هەبوو. گومانی تێدا نییە کە هەلّکەوتی جوگرافی هۆکارێك بووە بۆ ئەوەی کە تورك و ئێرانییەکان بۆ چەندین سەدە نەتوانن کوردەکان و ولاّتەکەیان بە تەواوی بخەنە ژێر دەسەلاّت و ڕکێفی خۆیان. هەرچەندە هەندێ جار کوردستان لەلایەن تورکەکان و هەندێ جاریش لەلایەن ئێرانیەکانەوە داگیرکراوە و جاری واش هەبووە کە لەلایەن هەردووکیان داگیرکراوە، بەلاّم بە گشتی دوای ماوەیەك کە زۆری نەخایاندووە سەر لە نوێ سەقامگیری تێدا بەرقەرار بووەتەوە.

لە نێوەڕاستی سەدەی پازدەهەمی زایینی (= نێوەڕاستی سەدەی نۆیەمی کۆچی) بەشی زۆری هۆزەکانی[1] کورد لە ژێر دەسەلاّتی قەرەقۆیونلۆکان بوون، بەلاّم لە ناوچەکانی ڕۆژئاوای کوردستان (بەدلیس، حەسەن کێف، سەعرد) کوردەکان تەنیا بەڕوالّەت لە ژێر دەسەلاّتی ئەوان دابوون. لە دوای سالّی ١٤٦٠ ز (=٨٦٤-٨٦٥ ك) سەرکردەکانی ئاق قۆیونلۆ زیاتر لە ڕۆژهەلاّت لە هەولّی فراوانکردنی ناوچەی دەسەلاّتیان دابوون، لە ئەنجامدا بە ناچاری لەگەلّ قەرەقۆیونلۆکان دژایەتی بەرژەوەندییان بۆ دروست بوو. جیهانشا لە دوای گەڕانەوەی لە بەغدا و سەرکوتکردنی کوڕە یاخییەکانی لەو ناوچەیە، بیری لەوە کردەوە کە بۆ هەمیشە کۆتایی بە ڕەمبازێنی ئوزون حەسەن بێنێ. شەڕی چارەنووس سازی سالّی ١٤٦٧ ز (=٨٧١- ٨٧٢ك) کە دواتربە تێر و تەسەلّی باسی لێوە دەکەین – بە قازانجی ئاق قۆیونلۆ کۆتایی هات، بەم سەرکەوتنە ڕێگا بۆ ملکەچکردنی هەموو هۆزە کوردەکان – کە ئوزون حەسەن لە سەرەتاوە پێی هەستا بوو – خۆش بوو. بۆیە دەکرێ ١٤٧٠ ز (=٨٧٤- ٨٧٥ ك) بە سالّی سەپاندنی دەسەلاّتی ئاق قۆیونلۆ بەسەر کوردەکان دابنێین.(١٢)

سەرکەوتنی ئاق قۆیونلۆ بەسەر کوردستان بە درێژایی سەدەی پازدە (سەدەی نۆیەمی کۆچی) بەردەوام بوو. لە دوای کۆتایی هاتنی دەسەلاّتی ئاق قۆیونلۆ (دوای مردنی شایەعقوب، کە یەکێك بوو لە کوڕانی ئوزون حەسەن و لە نێوان سالاّنی ١٤٧٨ – ١٤٩٠[2] فەرمانڕەوا

(١) مەبەست لەم (هۆزانە) زیاتر میرنشینەکان بوو، چونکە ئاشکرایە لەم ماوەیەدا کوردستان ژمارەیەك میرنشین و قەوارەی سیاسی خۆجێی لە خۆ دەگرت. (و.ك)

(٢) بەرامبەر بە سالّەکانی ٨٨٢ – ٨٨٣ هەتا ٨٩٥ – ٨٩٦ ك (و.ف)

بوو) کوردەکان بە شێوەیەکی کاتی سەربەخۆیی خۆیان بەدەست هێناوە تا ئەوکاتەی کە بەدەستی شا ئیسماعیلی یەکەمی نەوەی جونەید و ئوزون حەسەن سەرکوت کرانەوە، ئەم سەرکوتکردنە بە یارمەتی هەردوو هۆزی تورکمانی ئاق قۆیونلۆ و قەرەقۆیونلۆ ئەنجام درا.

## لەشکرکێشی ئوزون حەسەن بۆ گورجستان

کاتێ ئوزون حەسەن لە ڕاستیدا نیازی پەیدا کرد بۆ داگیرکردنی کوردستان هۆکارەکەی بۆ ئەمە دەگەڕایەوە کە ئەم ناوچەیە (واتە کوردستان) کەوتبووە نێوان بنکەی سەرەکی ئاق قۆیونلۆ (دیاربەکر) و ئەو ناوچەیەی کە لە ئەنجامی شکستی قەرەقۆیونلۆ لە ڕۆژهەلات بەدەستهات (ئازەربایجان). بەڵام شازادەکانی گورجی بە گشتی لە دۆخێکی جیاوازتر دابوون.

گورجستان بەهۆی هەلومەرجی تایبەتی سیاسی و جوگرافی زۆر ئەستەم بوو بە مانای وشە داگیربکرێ، لە ڕوانگەی جوگرافییەوە بەهۆی سروشتی شاخاوی ئەو ناوچەیە پێویست بوو بەردەوام هەنگاوی کرداری هەڵبگیرێ بۆ حوکمکردنی خەڵکی دەڤەرەکە، کە ئەمەش لەگەڵ ئەو ئەرکە گرنگ و دژوارانەی تری ئاق قۆیونلۆ کە لە بواری سیاسیدا لە ئەستۆی دابوو نەدەگونجا. لە ڕووی سیاسیشەوە دەبێ بگوترێ لە ناوچوونی دەوڵەتەکانی گورجی لە ژێر فەرمانی تاکە کەسێکی دیاریکراودا نەبوو (گیۆرگی[1] هەشتەم، کە پاشای کارتیلی بوو نەلەلایەن باگراتی[2] فەرمانڕەوای ئیمرتی بە فەرمی دەناسرا و نە لەلایەن قوارقوارەی[3] دووەم ئەتابەکی زەمسخە) بەو ڕادەیەی کە داگیرکردنی ئەم وڵاتەی بۆ ماوەیەکی درێژ بەدەستی ئوزون حەسەن مسۆگەر نەدەکرد. ئەم کارە بەدوای بەربەرەکانییەکی زۆر، ئینجا بەهۆی سەفەویەکان و ئەویش لەسەردەمی شا عەبباس دا — لە سەرەتای سەدەی حەڤدەهەم بە کردەوە ئەنجام درا.

هەروەك لە پێشدا گوتمان لە سەدەی پازدە (= سەدەی نۆیەمی کۆچی) لە جیاتی داگیرکردنی گورجستان هەلێکی دیکە بۆ ئۆزۆن حەسەنی ئازا ڕەخسا کە نابێ بە هەند هەڵنەگیرێ. مەبەست

(١) Giorgi VIII

(٢) Bagrati

(٣) Qwarqware - ئەم ناوە لە (تاریخ عالم آراي اميني) بە شێوەی (قەرقورە) هاتووە. (و.ف)



هێرش بۆ گورجستان و تالان کردنێتی. هەروەها لە یادمان نەچێ کە گورجییەکان بەهۆی بەرزی باڵا و جوانی ڕوخساریان هەمیشە جێگای سەرنجی نەتەوەکانی ڕۆژهەلات بوون.

ئوزون حەسەن کەڵکی باشی لەم هەلە وەرگرت و لە ساڵی ١٤٥٨ ز (=٨٦٢-٨٦٣ك) بەم لاوە لە ژێر ناوی "جیهاد" چەندین جار هێرشی بردە سەر گورجیە مەسیحییەکان و لەم کردەوەی خۆی سەرمەشقی شێخەکانی سەفەوی بوو. چونکە هەموو ئەندامانی خانەدانی سەفەویش تا سەدەی حەڤدەم (= سەدەی یازدەمی کۆچی) لەم کارەدا لاسایی ئۆزۆن حەسەنیان کردەوە.

ئەوە بوو ئوزون حەسەن پێنج لەشکرکێشی بۆ گورجستان ئەنجامدا. کە بریتی بوون لە ساڵەکانی ١٤٥٨ز (= ٨٦٢- ٨٦٣ ك)، ١٤٦٣ز (= ٨٦٧-٨٦٨ك)، ١٤٦٦ز (٨٧٠-٨٧١ ك)، ١٤٧٢ز (= ٨٧٦-٨٧٧ك) و ١٤٧٧ز (=٨٨١-٨٨٢ك). ناوبراو هەموو جارێ لەم لەشکرکێشیانە دەستکەوتی زۆری لەگەڵ خۆی دەهێنایەوە، بەڵام ناوچەی دەسەلاتی بەرفراوان نەبووە و شتێکی ئەوتۆی نەخستۆتە سەر. پێشتر ئاماژەمان بە یەکەم هێرشی تالانکارانەی کرد. لەهێرشی دووەم و سێیەمدا بە لیزانی کەڵکی لەناکۆکی نێوان هەردوو ناوچەی ئیمرتی و زمسخە وەرگرت، لەشکرکێشی ساڵی ١٤٧٢ ز (= ٨٧٦ — ٨٧٧ ك) سەرەتایەك بوو بۆ شەڕ لەگەڵ سولتانی عوسمانی، دوایین شەڕی ئوزون حەسەن کە لە هەمان کاتدا بەسەرکەوتوترینیشیان دەژمێردرێ هەرچەندە بە سەرەتای هێرشێکی تازە دانانرێت بۆ ئەنادۆل، بەڵام تا ڕادەیەك قەرەبووی تێکشکانی ئۆزۆن حەسەنی لە بەرامبەر عوسمانیەکان کردۆتەوە.(١٣)

## پەیوەندییەکانی ئوزون حەسەن لەگەڵ حکومەتی مەمالیك

هەوڵەکانی ئوزون حەسەن بۆ پەرەپێدانی دەسەلاتی خۆی بەرەو باشووری ڕۆژئاوا بووە هۆی ئەوەی گۆڕان لە پەیوەندی ئاق قۆیونلۆ لەگەڵ حکومەتی میسر — کە ناوچەی دەسەلاتی لەو سەردەمەدا سوریا و قولایی خاکی ئەنادۆلی (ئەلبستان) دەگرتەوە- بێتە ئاراوە. پەیوەندی ئەم دوو دراوسێیە بە درێژایی چەندین ساڵ لەسەر ئەو بناغەیە بوو کەئوزون حەسەن هەمیشە بەڕواڵەت خۆی بە ملکەچی سوڵتانەکانی مەمالیك پیشاندەدا و لەکاتی پێویست دا بە ئاشکرا ئەم ئەرکەی خۆی لە بەرامبەر ئەواندا ڕادەگەیاند و بەناردنی کلیلی ئەو قەلا و شارانەی کە داگیری دەکردن، سەروەریی ئەوانی دەسەلماند. ئەم پەیڕەوی کردن و ملکەچییە — کە تەنیا بە

ڕواڵەت و لە ڕاستی بە دوور بوو — بوو بە هۆی ئەوەی کە لە نێوان ئوزون حەسەن و قاهیرە پەیوەندییەکی دۆستانە پێکبێ، بەتایبەتی ئوزون حەسەن تا ئەوکاتەی کە لە ڕۆژهەڵات ڕووبەڕووی گیروگرفت بۆوە ئەم پەیوەندییەی زۆر بەلاوە گرنگ بوو. ڕاستە کە ئەو چەند جارێك (١٤٦٣ و ١٤٦٤)[1] هەوڵیدا ناوچەی دەسەڵاتی خۆی لەسەر حیسابی سوڵتان بەرەو باشووری ڕۆژئاوا فراوان بکات، بەڵام لەم هەوڵەدا سەرکەوتنێکی ئەوتۆی بەدەست نەهێنا، چونکە ئەو هیچ کاتێك خوازیاری ئەوە نەبوو کە پەیوەندی لەگەڵ مەمالیك تووشی گرژی و لێکپچڕان ببێ.

دوای سەرکەوتن بەسەر قەرەقۆیونلۆ و داگیرکردنی ئێران، هەلومەرج بەجۆرێك گۆڕانی بەسەرداهات کە ئوزون حەسەن — کە ئەوکات (١٤٧٠ز / ٨٧٤- ٨٧٥ ك) پێشبینی دەکرد لەگەڵ عوسمانییەکان تووشی تێکهەڵچوون دەبێ و هەر بەم هۆیەش لەگەڵ ڤینیسیا پەیوەندی دامەزراند بوو- ناچار بوو لەسەر حیسابی حکومەتی میسر و سوریە هەتا دەریای سپی ناوەڕاست بڕواتە پێش. بەم جۆرە لەگەڵ کەشتییەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوا — کە لە لێوارەکانی قوبرس پێك دەگەیشتن — پەیوەندی پێکبێنێ. بەڵام هێرشی ئوزون حەسەن بۆ سەر بیرا (١٤٧٢- ١٤٧٣)[2] تووشی تێکشکان هات و بەم جۆرە ڕووباری فورات هەر بە سنووری دەوڵەتەکەی لەگەڵ مەمالیکەکان مایەوە.

پەیوەندی نێوان ئوزون حەسەن و سولتان قایتبای کە تا ئەو کات دۆستانە بوو لە دوای ئەم ڕووداوانە تووشی گرژی هات، سولتانی مەمالیك دواتر سەرەڕای ئەوەی کە ئوزون حەسەن لە شەڕی عوسمانییەکان دۆڕا بوو (١٤٧٣) کە چی هێشتا لە هێرشی تورکمانەکانی ئەو دەترسا، هەتا سەرەنجام لە ساڵی ١٤٧٦ ز (= ٨٨٢ — ٨٨٣ ك) مردنی دوژمنەکەی، ئەوی لەو دڵەڕاوکێ و ترسەی کە لەم ناوچەیە هەیبوو ڕزگار کرد.

## یەکلاکردنەوەی مەسەلەی قەرەقۆیونلۆ

لەگەڵ بەهێز بوونی ئاق قۆیونلۆ بە ڕێبەرایەتی ئۆزۆن حەسەن، دەبوو ئەم مەسەلەیە بە تەواوەتی یەکلا ببێتەوە کە لەم دوو هۆزە کامەیان شایستەیە بۆ دەسەڵات گرتنە دەست بەسەر ناوچەیەك کە لە ئەنادۆڵی ڕۆژهەڵات هەتا خوراسانی دەگرتەوە. جیهانشا کە لە زۆر شەڕدا سەرکەوتبوو، پێی وابوو بە ئاسانی لە هەمبەر ئەمەش سەردەکەوێ. بەڵام نەیدەزانی لەوەیدا

(١) واتە ساڵەکانی ٨٦٦- ٨٦٧ و ٨٦٨-٨٦٩ ك (و.ف )

(٢) ساڵی ٨٧٦- ٨٧٧ تا ٨٧٧-٨٧٨ ك (و.ف).



PDF 4 KURD

کە لایەنەکانی بەرامبەری لاواز و لێهاتوو نەبوون، ئەو دەیتوانی بەسەریاندا زاڵبێ. هەرچەندە حاشاهەڵنەگرە کە ئازەربایجان لەسەردەمی ئەودا ببووە ناوەندێکی کولتوور و شارستانییەت - "مسجد کبود"[1] (گۆك جامع) کە بە فەرمانی ئەو لە تەوریز دروست کرا، ناوبانگی هەیە- بەڵام هەموو مێژوونووسەکانی ڕۆژهەڵات هەڵسوکەوتی ئەویان بە سووکی وەسف کردووە، چونکە زۆربەی شەوانی بە ڕابواردن لەگەڵ یارانی ڕۆژ دەکردەوە و لە ڕۆژیشدا دەنووست، هەر بۆیە سولتانی عوسمانی بە توانج پێی دەگوت "شەمشەمە کوێرە".

بەپێچەوانەی ئەوەی گوترا تەنانەت دوژمنانی ئوزون حەسەن حاشایان لەوە نەدەکرد کە ئەو پیاوێکی مەزن بوو، وە کەسایەتییەکی سەرنج ڕاکێشی هەبوو. شەڕی نێوان قەرەقۆیونلۆ و ئاق قۆیونلۆ لە بنەڕەتدا بەشێوەی ململانێ لە نێوان سەرکردەکانیان خۆی دەنواند، کە تێیدا ئەو لایەنە سەرکەوتوو دەبێ کە کەسایەتی بەهێزی هەبێ. هەر بۆیە جێگەی سەرسوڕمان نییە کە دەبیستین سەرەڕای زۆریی ژمارەی سوپای قەرەقۆیونلۆ، جیهانشا لە شەڕی (١١)ی نۆڤەمبەری ١٤٦٧ ز (= ڕەبیعی دووەمی ٨٧٣ ك) لە بەرامبەر ئوزون حەسەن تێکشا و بەجارێ ژیان و تاج و ئابڕووی لە کیس چوو. بەسەرهاتی شەڕی ئەم دوو هۆزە بە وردەکاریەکانی لە سەرچاوە مێژووییەکانی ئەو سەردەمە نووسراوە[2].

## سەرکەوتنی ئوزون حەسەن بەسەر جیهانشا

لە ڕێکەوتی پازدەی مانگی مایسی ١٤٦٧ ز (= شەوالی ٨٧١ ك) جیهانشا دوای ئەوەی نیازی خۆی بە سولتانی عوسمانی ڕاگەیاند و داوای یارمەتی لێکرد،[3] لە تەوریزدا بە مەبەستی داگیرکردنی میزۆپۆتامیا بە ڕێکەوت. کاتێك ئوزون حەسەن بەم هەواڵەی زانی سوپای خۆی ڕاپێچ کرد و (جهانگیر)ی براشی هێزی یارمەتی لە ماردین بەسەرکردایەتی دوو کوڕەکەی (موراد و ئیبراهیم) بۆ ڕەوانە کرد. جیهانشا بە نامەی ئۆزۆن حەسەن- کە تێیدا بە

(١) مزگەوتی شین (و.ك).

(٢) نسخ جهان آرا، ص b و ٤٠a، صحائف الاخبار، جلد ٣، ص ١٦١ و ١٦٢،منشی بوداق ، جواهر الاخبار، ص bو a ٢٧٠ ،عبدالرزاق بن اسحق سمرقندی، مطلع السعدین و مجمع البحرین، ص a ٣٢٣ هەتا a ٣٢٤، شەرەفنامەی بەدلیسی، جلد٢، ص ١١٤ و ١١٥، احسن التواریخ، ق ٩، ص a ١١٠ هەتا b ١١٢.

(٣) فریدون احمد، منشآت السلاطین، جلد ١، ص ٢٦٦. ڕاستی وردەکاریەکانی بەڵگەکانی فەرمی کە فەرەیدون بەدەستەوەی دەدا جێگای شك و گومانن. بەڵام وتەکانی ئەو لە سەرچاوە مێژووییەکان وەرگیراون. مینۆرسکی لە وتارێك لە (دائرە المعارف اسلامی) دا بەڵگەی فەرمی پەیوەندیدار بە ئۆزۆن حەسەن بەجێگای باوەڕ دادەنێ.

ڕواڵەت خۆی بە کەم دانابوو - دڵخۆش بوو، هەر بۆیە لە ئۆردۆگای هاوینی لە (خوی) ماوەیەکی بە حەسانەوە تێپەڕ کرد و دواتر لەمانگی ئۆکتۆبەر گەیشتە دەشتی (موش).

ئوزون حەسەن لە نامەیەکدا بۆ سولتان محەمەدی دووەم[1] دەنووسێ: (جیهانشا) "لە ڕێگەی موش)ەوە گەیشتۆتە چەپاقچور کە ناوچەی دەسەڵاتی منە، منیش بە ڕادەیەکی یەکجار زۆر لە بەرامبەریدا ڕاوەستام و دوو سێ فەرسەخ ماوە لە نێوان من و ئەو دا مابوو کە ڕێگام لێگرت، کوڕی خۆشەویستم خەلیل لەگەڵ سێ هەزار سوار بۆ (قەرەغولی) ڕەوانە کرد و هەمان ڕۆژ لەگەڵ ئەمیر قاسمی بروانچی - کە مەزنی ئەمیران بوو وە لەگەڵ سی میری ناودار و پێنج هەزار پیاوی جەنگاوەر گەیشتبوونە قەرەغولی — تێکهەڵچوون. خوا یارمەتی دا و بەسەرسوپای دوژمندا — سەرکەوتن و قاسم بریندار بوو زۆر لە میران و سوارەکان کوژران و هەندێکیان لە ئاوی فوراتدا خنکان. ناوبراو دوای سێ ڕۆژی تر لێرەوە کۆچی کرد و گەیشتە ویلایەتی (کیغی) و منیش بە دوای دا ڕۆیشتم، نزیك دوو فەرسەخ لە نێوان من و ئەو ڕێگا مابوو کە بەڕێ کەوت و چەند کەسێکم بۆ قەرەغولی نارد کە لەوێش کۆچ بکا، ئەگەر نا هێرشی دەکرێتە سەر. ڕۆژی دواتر ئەو شوێنەی بەجێهێشت و ڕووی لە ئەرزنجان و کەماخ و قەرەحەسار و لای سەرەوە کرد و ئەو ناوچەیەشی وێران کرد..."[2]

بە هۆی هاتنی سەرما و سۆڵ جیهانشا ناچار بوو بەشێکی زۆر لە سوپاکەی مۆڵەت بدا، لەلایەکی دیکە سەردارانی ئاق قۆیونلۆ هەوڵیان دەدا تا ئوزون حەسەن ڕازی بێ بگەڕێتەوە. بەڵام ئوزون حەسەن بە نیاز بوو بە گەیشتنی زستان — کە ئامانجی نامەی فێڵاویانەی خۆی بوو — ئەوپەڕی کەڵك وەرگرێ. ئەم ڕووداوانەی کە بە دوای یەکەمین شکانی قەرەقۆیونلۆ (واتە ٣٠ی ئۆکتۆبەری ١٤٦٧ ز کە دەکاتە یەکەمی ڕەبیعی دووەمی ٨٧٢ ك) داهاتن، زۆر بە ڕوونی و بە وردی لەلایەن (ڕازی)[3]یەوە باسکراون، کە ئەزیش لێرە دەقی ڕاپۆرتی ناوبراو دەخەمە بەرچاوی خوێنەران:

"کاتێك جیهانشا بڕیاری دا بگەڕێتەوە، بە پێی نەریتی خۆی دوای ئەوەی سوارەکانی لە پێشەوە ڕەوانە کرد، ئەم جارەش خۆی لە لەشکر بەدواکەوت و لەگەڵ یارە خۆشەویستەکانی بە

---

(١) فریدون احمد، منشآت السلاطین، جلد ١، ص ٢٦٧.

(٢) لە جیاتی وتەی دانەر ئەم دەقەم کە ڕاستەوخۆ لە کتێبی (منشآت السلاطین) وەرگرتووە داناوە، دانەر لە جیاتی وشەی (لای سەرەوە) ناوچەی (کلکت صو)ی ڕاگواستبوو. (و.ف).

(٣) تاریخ حیدری، برگ a ٥٧٣. (لە فارسیەکە ئەم (برگ)ە وەها نووسراوە) (و.ك).



PDF 4 KURD

شەراب خواردنەوە خەریك بوو". ئۆردوگای جیهانشا کە نزیك بوو لە (خانجق) لە ناوچەی چەپاقچور تەنیا بەهۆی زنجیرە کێوێك لە تورکمانەکانی ئوزون حەسەن جیا دەکرایەوە. "ئوزون حەسەن بۆ زانینی هەلومەرجی ئۆردوی دوژمن چەند سیخورێکی ڕەوانە کردبوو. یەکێك لە سیخورەکان کە گەیشتە ئۆردوگای جیهانشا بە دەنگی بەرز هاواری کرد کە ئەسپەکەی هەڵاتووە، بەڵام وەڵامێکی لە پیاوانی خەواڵووی مەست پێ نەدراوە.

کاتێك ئوزون حەسەن لەم ڕووداوە ئاگادار بوو بە خێرایی بەڕێکەوت تا لەم هەڵە کەڵك وەربگرێ و لەبەرەبەیانی ڕۆژی یازدەی نۆڤەمبەری ١٤٦٧ز (= ڕەبیعی دووەمی ٨٧٢ ك) لە جیهانشا نزیك کەوتبۆوە. جیهانشا لە خیوەتی خۆی نووستبوو کاتێك چەند پاسەوانێك ئاگادار بوون کە ئەوا لەشکری ئوزون حەسەن لە تاریکیدا لێیان نزیك دەبێتەوە، یەکێك لەسەردارانی مەزن خۆی گەیاندە میر. هەموو هەوڵەکانی پاسەوانی خیوەت بۆ بە ئاگاهێنانی جیهانشا بێ سوود بوو. ناچار کابرای سەردار بە تووڕەیی خۆی بەخیوەتەکە داکێشا کە بووە هۆی شکانی ئەستوونەکانی خیوەتەکە و بەمە جیهانشا بە ئاگاهات، ئەم سەردارەی قەرەقۆیونلۆ جیهانشای لەبارودۆخەکە ئاگادار کردەوە و سوێندی دا کە دەست بەجێ بۆ ڕووبەڕووبوونەوە ئامادە بێ چونکە دەستەیەك دوژمن هێرشیان هێناوە.

سەرەنجام جیهانشا لە خیوەت هاتە دەر و هەر دوو کوڕەکەی کە ناویان محەمەدی و یوسف بوو بۆ بەربەرەکانی ئوزون حەسەن ڕەوانە کرد و خۆشی بەرگی شەڕی پۆشی، بەڵام هێشتا ئەژنۆ بەندەکانی نەبەستبوو کە شازادە یوسف گەڕایەوە و هاواری کرد کە کات بە فیڕۆ نەدا، جیهانشا بە خێرایی بە سواری ئەسپ ڕێگەی دەشتی بە بەفر داپۆشراوی گرتە بەر.

تورکمانێك لە سوپای ئوزون حەسەن بەناوی ئەسکەندەر بەدوای فەرمانڕەوای پیر کەوت، کاتێك پێی گەیشت جیهانشا لە ترسان خۆی ناساند، کابرای سەربازیش دەست بەجێ کوشتی و جلوبەرگە گرانبەهاکانی ئەوی پۆشی و کەللە سەرەکەی بۆ بارەگای ئوزون حەسەن هێنایەوە.

پێنج هەزار کەس لە تورکمانەکانی قەرەقۆیونلۆ لەگەڵ شازادە محەمەدی کوژران و یوسفی براشی بینایی لە دەستدا و زۆربەی سەرداران بە دیل گیران. ئوزون حەسەن کەللەسەری جیهانشای بۆ لای سوڵتان ئەبو سەعیدی تەیموری لە هیرات ڕەوانە کرد و سەری شازادە محەمەدی و ڕۆستەمی دەبیرساڵ — کە ڕاوێژکاری مەزن بوو — وەك دیاری نارده لای سولتانی عوسمانی. لەبارەی ئەم دیارییە (هامەر)[1] دەنووسێ: بێگومان لە هەڵبژاردنی ئەو کەللە سەرانە — کە دەبێ جێگای سەرنجی تایبەتی عوسمانییەکان بن — سەلیقەیەکی وردیان بەکارهێناوە، بەلایەنی کەم لە کەللە

---

(١) مێژووی دەوڵەتی عوسمانی، بەرگی دووەم، ل ٥٥٧.

سەری مونشی و ڕاوێژکاری مەزن کە زۆر پێدەچێ دەستیان هەبووبێ لە نامە نووسین بۆ سولْتان محەمەدی دووەم. ئەم گومانە پێدەچێ لە جێی خۆیدا بێ.

تەرمی جیهانشا لە (٢٠)ی نۆڤەمبەری ١٤٦٧ ز (ڕەبیعی دووەمی ٨٧٢ ك) لە گۆڕەپانی مەدرەسەی ماردین بەخاك سپێردرا[١].

## لەشکرکێشی ئەبوسەعید بۆ شەڕی ئۆزۆن حەسەن

لە دوای ئەم سەرکەوتنە مەزنەی ئۆزۆن حەسەن، کوڕێکی جیهانشا بەناوی حەسەن عەلی- کە بەدەستی باوکی چەندین جار کەوتبووە زیندان و هەر بۆیەش جەستەیەکی نەخۆشی هەبوو- هەموو خەزینەی قەرەقۆیونلۆی لە نێو سوپا دابەش کرد و لەم ڕێگەیە لەشکرێکی زەبەلاحی پێکهێنا، بەڵام ئەم سوپا بێ ڕێکخستن و دیسپلینە و شەڕ نەدیتووە لە یەکەم بە گژیەکدا چوون لەگەڵ هێزی ئاق قۆیونلۆ لە نزیك (مەرەند) بە سانایی پەرش و بڵاو بوو. ئەم ڕووداوە لە بەهاری ١٤٦٨ ز (= ٨٧٢ك) ڕوویدا. بەلام پێش ئەم ڕووداوە حەسەن عەلی داوای کۆمەکی لە فەمانڕەوای تورکستان و خۆراسان کردبوو، کە ناوی ئەبو سەعید بوو وە یەکێك بوو لە نەوەکانی تەیمور لەنگ، بۆ داگیرکردنی ئێران. ئەمەی دوایی پاش ئەم ڕووداوە بڕیاری لەشکرکێشی دا و سوپایەکی زەبەلاحی لە تاتارەکان، کلموکەکان، کاشغەریەکان و خۆراسانیەکان پێکهێنا و لە مانگی ئاداری ١٤٦٨ز[٢] (= ٨٧٢ ك) لە هیراتەوە بەرەو (سەرەخس) و (نەیشاپور) و (مەشهەدی پیرۆز) بۆ شەڕی ئوزون حەسەن بەڕێ کەوت.

لەم هەلومەرجەدا ئیتر سەرکەوتن بەسەر قەرەقۆیونلۆ هەموو گرنگی خۆی لە دەستدا، ئوزون حەسەن کە کەوتبووە تەنگانە یەك لە دوای یەك نوێنەری بۆ پێکهێنانی ئاشتی و تەبایی دەنارد لای پادشای تەیموری، کە بە هێوری بەلام بێ ڕاوەستان پێشرەوی دەکرد. ئوزون حەسەن بێ وەدەستهێنانی هیچ ئاکامێك پەیوەندی دۆستانە و برایانەی نێوان باب و باپیرانی خۆی و بنەماڵەی تەیموری وەبیر هێنایەوە، بێ هۆدە بە فەرمی سەروەری ئەبو سەعیدی بەسەر هەموو ئێراندا سەلماند، تەنیا بەو مەرجەی ئازەربایجان بۆ ئەو بمێنێتەوە، بەلام هیچ کام لەمانە نەبوونە ڕێگری بەرەو پێشچوونی لەشکری خۆراسانیەکان بۆ داگیرکردنی دەڤەری ڕۆژئاوا[١].

لەپاییزی ساڵی ١٤٦٨ز (= ٨٧٣ ك) ئەبو سەعید لە ڕێگەی بەستام و ڕەی (راگسی کۆن، نزیك تاران) سەرەنجام گەیشتە سوڵتانیە، کە سەردەمانێك پایتەختی مەغۆلەکان بوو. ئوزون حەسەن بە گەیشتنی ئەم هەواڵە وازی هێنا لە داگیرکردنی تەورێز کە هێشتا لە دەست قەرەقۆیونلۆ دابوو، بە ئاراستەی باکوور ڕێگای گرتە بەر هەتا وەرزی زستان لە ناوچەی قەرەباغ بباتە سەر کە ئاووهەوای مامناوەندییە. لەم ماوەدا حەسەن عەلی کە دوای تێکشانی لە دەوروبەری مەرەند لە ئەردەبیل گیرسابۆوە بە هاوڕێیەتی شێخ جەعفەر — پێشتر باسمان کرد — چوو بۆ سوڵتانیە[٢]. ئەبو سەعید ڕۆژێك دوای گەیشتنی چووە خزمەتی شێخی سەفەوی و ماوەیەکی زۆری لەگەڵدا وتوویژ کرد[٣].

ئێستا ئیتر لە سوڵتانیە ئەنجومەنێکی گەورەی شەڕ پێکهاتبوو. میرەکانی خوراسان پێشنیاریان کرد کە شوێنێکی گونجاو بۆ ئۆردوگای زستانە دابین بکەن، بەتایبەتی کە زستانی سەخت و دژواری سولتانیە نێوبانگی هەیە، هەر بۆیە وا باشتر و ژیرانەترە کە ئوزون حەسەن لە قەرەباغ دەربکەن. لە ڕاستیدا لە هەمان کاتدا نەبوونی ئالیك بۆ ئەسپەکان — کە تووشی نەخۆشی دژواری گەڕی هاتبوون — هەستی پێ دەکرا، بەم جۆرە بڕیاری ڕۆیشتن درا. شێخ جەعفەر لە بۆرانی توندی بەفردا هەتا (میانە) — کە ساسی[٤] ژەهراوی هەیە — هاوڕێیەتی پاشای تەیموری کرد. لەوێڕا پاشای تەیموری لەگەڵ عومەر بێگ چاکرلو گەیشتە ئەردەبیل هەتا خۆیان بۆ لەشکرکێشی ئامادەبکەن.

دوای سێ ڕۆژ لەم نێوەدا کەسەهۆڵبەندانێکی سەخت هەبوو، ئەبو سەعید گەیشتە خانەقای سەفەوی و هەموو گەورە پیاوانی وڵات لەدەوری کۆبوونەوە[٥]. ناوبراو حەسەن عەلی ڕەوانەی تەورێز کرد و ئەمیش لەم شوێنە بە خراپترین شێوە دەستی دایە شەراب خواردنەوە و کاری بێ شەرمانە.

(١) جیهان آرا، برگ b ٣٨.

(٢) صحائف الاخبار، جلد ٣، ص ١٦٢، جواهر الاخبار، صa ٢٦٩، جهان آرا، ص b ٤٠.

(١) مطلع السعدین و مجمع البحرین، ص a ٣٢٤ تا a ٣٢٦.

(٢) هەمان سەرچاوە، ص b ٣٢٧، جواهر الاخبار، ص a ٢٦٩.

(٣) احسن التواریخ، ق ٩، ص b ١١٦.

(٤) ساس: زیندەوەرەێکی بچووکی سوورە کە بە پیاوی هەڵبگەڕێ لیری لێدێنێ (و. ك).

(٥) احسن التواریخ، ق٩،ص b ١١٧.



PDF 4 KURD

ئەو لەگەڵ سوپاکەی کە لەلایەن کەل و پەلی شەڕەوە بێ توانا بوون و زۆربەیان بێ ئەسپ بوون و بە پێڵاوی دڕاو لە نێو بەفردا دەڕۆیشتن، بە هەوڵ و ماندووبوونێکی زۆر گەیشتنە دۆڵی ئاراس.

لەوێ ئوزون حەسەن پێشی بە چختائیەکان و خۆراسانییەکان گرت لە چوونە ناو قەرەباغ کە خاوەن سەرچاوەی زۆرو لە وەرگای زستانی بوو، بۆ ئەوەی دوژمن گیروگرفتی زۆری لەسەر کەڵەکە بێ، شێروانشا فەروح یەساری — کە لە ساڵی ١٤٦٣ ز (= ٨٦٧- ٨٦٨ ك) لە شوێنی خەلیلی باوکی دانیشتبوو — ناچار کرد کە پردەکانی سەر ڕووبار وێران بکات و ڕێگە لە فرۆشتنی دانەوێلە بە سوپای ئەبو سەعید بگرێ.[1]

لە هەلومەرجێکدا کە چ لەلایەنی ئاوو هەوا و چ لە بواری ستراتیژی لە بەرژەوەندی ئوزون حەسەن بوو، لە دەشتی موغان شەڕ لە نێوان هەر دوولادا ڕوویدا. فەرماندەی هێزی پێشەنگی ئەبو سەعید بە دیل گیرا و زۆربەی جەنگاوەرانی کوژران یان بە دیل گیران. پادشای تەیموری ئیتر تێگەیشت کە وەرەق وەرسوڕاوە، ئەم جارە نۆرەی ئەو بوو کە نوێنەر بۆ ئاشتی ڕەوانە بکات. بەڵام ئوزون حەسەن هەمان ئەوکارەی لە بەرامبەر دا ئەنجام دا کە پێشتر ئەبو سەعید لەگەڵ ئەو ئەنجامی دابوو. تەنانەت ناوبژیوانی دایکی ئەبو سەعیدیش سوودی نەبوو و لە ٢٨ی کانوونی دووەمی ١٤٦٩ ز (= ٨٧٣ ك) لە دەوروبەری مەحمودئاوا شەڕێکی یەکلاکەرەوە ڕوویدا، کە کۆتایی و ئاکامی ئیتر ڕوون و ئاشکرا بوو.

ئەبو سەعید هەوڵی دا بەجێهشتنی هەموو پاش سوارەکانی سوپا گیانی خۆی دەرباز بکات، بەڵام زەینەلی کوڕی ئوزون حەسەن ئەوی بە دیل گرت و هێنایە لای باوکی. ئوزون حەسەن بە باشی تێی گەیاند کە دۆخەکە ئاڵوگۆڕی بەسەرداهاتووە. بە ڕواڵەت نیازی کوشتنی ئەوی نەبوو، بەڵام یادگار محەمەدی شازادەی تەیموری کە لە نەوەکانی شاهرۆخ و لە ئۆردوی ئاق قۆیونلۆ دا بوو لە تۆڵەی خوێنی (گەوهەر شادبێگم)ی دایکی خوازیاری کوشتنی بوو. بەم شێوەیە ئەبو سەعید لە حەوتی شوباتی ١٤٦٩ ز (= ٨٧٣ ك) کوژرا و کەللەی سەری بۆ سوڵتانی مەمالیك نێردرا لە قاهیرە[2].

(١) ظهير الدين، تاريخ گيلان و ديلمستان، ص ٣٢٤، شرفنامه بدليسى، جلد٢، ص ١١٦.

(٢) شرفنامة بدليسي، جلد٢، ص ١١٧، تذكرة الشعراء دولتشاه، ص ٤٧٨، حبيب السير، جلد ٣، ص ٢٣٦، مطلع السعدين، ص b - a ٣٣٤، حوادث الدهور، ص ٧١٣ — ٧١٤.



بۆ ئەوەی بزانین هەتاکەی بیرەوەری ئەم ڕووداوە لە تورکستان ماوە، نووسینی یەکێك لە مێژوونووسانی ئێرانی بە بەڵگە دەهێنینەوە کە بۆ ساڵی ١٥٩٩ ز (=١٠٠٧- ١٠٠٨ك) دەگەڕێتەوە. لەم نووسینەدا یەکێك لە سەردارانی ئۆزبەگ کە لە ژێر فشاری هێزێکی لەخۆی بەهێزتر دایە، چارەنووسی خۆی و دوژمنەکەی لەگەڵ چارەنووسی ئوزون حەسەن و ئەبو سەعید بەراورد دەکات و لە زیندووبوونەوەی ئەم بیرەوەرییە مێژووییە هێز و توانا وەردەگرێ بۆ شەڕ لەگەڵ دوژمن و زاڵبوون بەسەریدا.[1]

حەسەن عەلی کە هەواڵی تێکشانی هاوپەیمانە تەیموورییەکەی پێگەیشت، بۆ هەمەدان ڕایکرد و هەر لەو شوێنە لە نیسانی ١٤٦٩ز (٨٧٣ ك) بە دەستی ئۆغورلو محەمەد کوڕی ئوزون حەسەن کوژرا[2]. بەم ڕووداوە دوایین ڕکەبەری ئاق قۆیونلۆ تێکشکاو ناوچە بە پیتەکانی ئێران و ئازەربایجان وەك میوەیەکی پێگەیشتوو کەوتە کۆشی ئۆزۆن حەسەن. ئەویش لە هەموو ناوچەکان پۆستی حکومەتی بە کوڕەکانی خۆی بەخشی، یەعقوب سەرەتا بە حوکمداری ئەسفەهان و دواتر بە حوکمداری ئامەد گەیشت[3]. ئۆغورلو محەمەد — کە پاش ماوەیەك خەلیل شوێنی گرتەوە — بۆ فارس ڕەوانە کرا[4]، زەینەل بوو بە حاکمی کرمان و مەقسوودیش بە حکومەتی بەغدا گەیشت و ئیتر بەم جۆرە[5].

## ئوزون حەسەن لەوپەڕی دەسەڵاتی خۆیدا

ئاکامی ئەو شەڕانە کە بەسەرکەوتنی درەوشاوەی ئوزون حەسەن کۆتاییان هات، ئەوە بوو کە ئەو بوو بە یەکێك لە بەهێزترین پیاوانی ڕۆژهەڵاتی نزیك. بە سەرنجدان لە نەخشەی ژمارە (٣) دەتوانین سنووری ئەو ناوچانەی کە ئوزون حەسەن داگیری کردن دیاری بکەین. دەڤەری دەسەڵاتی ئەو بێجگە لە خودی وڵاتی ئاق قۆیونلۆ کە ئێستا ببو بە سنووری ڕۆژئاوای دەوڵەتی نوێ، تەواوی ئێران — بێجگە لە خوراسان — ئەرمەنستان و میزۆپۆتامیای لەخۆدەگرت. لە دەڤەری میزۆپۆتامیا لە کۆنەوە عێراقی عەرەب لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی ئەودا نەبوو.

(١) جلال الدين محمد منجم بزدى، تاريخ عباسى، ص a ٢٣٨.

(٢) جهان آرا، ص b ٣٩.

(٣) أحسن التواريخ، ق ٩، ص a ١٢٠، مصلح الدين لاري انصاري، مرآت الادوار و مرقاة الاخبار، ص a ٢٢٩.

(٤) جهان آرا، ص b ٤٠.

(٥) منشآت السلاطين، جلد ٢، ص ٢٧٠، تاريخ عالم آراي اميني، ص b ٥٣، جهان آرا، ص a ٤١.

تەنانەت خوراسانیش جاروبار دەکەوتە ژێر فەرمانی تورکمانەکانی سەر بە ئۆزۆن حەسەن، بەڵام لە ڕاستیدا ئەم داگیرکاریانە زۆر بەردەوام نەدەبوون.[1]

ئوزون حەسەن تا مردنی فەرمانڕەوایی ئەو ناوچە بەرفراوانە بوو، هەڵبەت تووشی هەندێك گیروگرفت و کێشەی لابەلاش دەهات وەك: ڕابوونی کوڕەکانی، ئەغورلو محەمەد لە شیراز و مەقسوود لە بەغدا (١٤٧٤ز = ٨٧٨-٨٧٩ ك) و هەرای (ئوەیس)ی برای لە ڕوها (١٤٧٥ز = ٨٧٩-٨٨٠ك) هەروەها ئەو قڕانەی کە بەهۆی نەخۆشی و پەتا لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی کەوت. هەرچەندە ئوزون حەسەن لە بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەتدا خاوەن هێز و بە سام و هەیبەت بوو، بەڵام ئەم دەوڵەتمداریە بێجگە لە بنەمای دەسەڵاتخوازی لەسەر بناغەی هیچ بیروباوەڕێك دانەمەزرابوو.

بەهۆی پەیوەندی ئوزون حەسەن لەگەڵ سەرکردەکانی ئەوروپا و پتر لە هەموان ڤینیسیا، ناپولی و ڕوما و هەروەها لەگەڵ هەنگاریا و مۆڵداڤیا کە لە ئەنجامی شەڕ لەدژی سولتانی عوسمانی بوو، کەسایەتی ئەو جارێکی تر- وەك سەردەمی هاوپەیمانیی لەگەڵ تەرابزۆن و گورجستان - کەوتە بەر سەرەنجی تایبەتی ئەورووپییەکان و ناو و ناوبانگی ئەوتۆی دەرکرد، کە تا ئەمڕۆ بەگرانی دەکرێ وێنایەکی ڕاستی لێ وەدەست خەین. بەڵام بەهۆی کەمی کات و لەبەر ئەوەی لەگەڵ ئامانجی ئەم کتێبە یەك ناگرنەوە، بۆیە لە باسێکی تێر و تەسەل لەم بارەیەوە خۆدەپارێزم. لێرەدا بەوەندە وازدێنین کە سەرەتا لێکۆڵینەوەی ورد و نایابی (برشەت)[2] و دواتر ڕاپۆرتەکانی سەرزاری بالیۆزەکانی ڤینیسیا لەدەرباری ئاق قۆیونلۆ بخەینە ڕوو.

## پەیوەندی ناکامی ئێران و ڕۆژئاوا

قۆناغێك لە مێژووی ئاق قۆیونلۆ کە بەتایبەتی لە ڕوانگەی مێژووی کولتوور و شارستانیەت گرنگ و سەرنج ڕاکێشە و پەیوەندی بە باسەکەی ئێمەوە هەیە و شایانی لێ وردبوونەوەی زۆرترە، ئەویش بریتییە لە دووەمین و دوایین بەگژیەکداچوونی ئاق قۆیونلۆ لەگەڵ سولتانی عوسمانی (١٤٧٣ ز = ٨٧٧-٨٧٨ ك).

(١) شرفنامة، جلد ٢، ص ١١٨ و ١١٩.

(٢) Berchet



ئوزون حەسەن بۆ ئەوەی بتوانێ بە شێوەیەکی کاریگەر و بە ئامادەگی پێویست شەڕ لەگەڵ بابیعالی (حکومەتی عوسمانی — و.ك) دەست پێ بکات، لە سەرەتا بالیۆزێکی بەناوی حاجی محەمەد — کە لە ئیتالیا بە "ئەزیمائومەت"[1] ناوبانگی دەرکرد — لە ساڵی ١٤٧٣ ز (=٨٧٦-٨٧٧ ك) ڕەوانەی ئیتالیا کرد، تا لە کاتی شەڕ لەگەڵ تورکەکان لە هاوپەیمانی و پشتیوانی هێزەکانی مەسیحی کەڵك وەرگرێ و هەروەها لە کۆماری ڤینیسیا داوای تۆپ و تۆپچی بکات. شاژن ڕازی بوونی خۆی بەم داخوازیانە نیشان دا[2] و جیوزفت باربارۆ[3] فرمانی پێکرا کە لەگەڵ ئەم چەکانە بە هاوڕێیەتی حاجی محەمەد بۆ لای فەرمانڕەوای ئاق قۆیونلۆ بڕوات.

هاوکات لەگەڵ ئەمەدا سولتان محەمەدی دووەم لە ئەستانبول بە تەواوی خۆی ئامادە کردبوو تا خۆی لەگەڵ سوپایەکی زەبەلاح هێرش بکاتە سەر ئوزون حەسەن و لە ئەنادۆڵی ڕۆژهەڵات سنوورێکی سروشتی بۆ خۆی دیاری بکات.

ڕاپۆرتەکانی باربارۆ و کاترینۆزنۆ کە پێشتر لە ساڵی ١٤٧١ ز (= ٨٧٥ — ٨٧٦ ك) وەك بالیۆز بۆ دیاربەکر ڕەوانە کرابوو لەگەڵ دەستنووسەکانی ئانجیۆلیللۆ[4] تەواوکەری یەکدین. ئەمەی دوای بە ناچاری لەگەڵ لەشکری عوسمانی بەشداری شەڕ بوو. بە لێکدان و لەسەر یەکدانانی ئەم سێ ڕاپۆرتە — کە هەموویان بە پێی ڕێکەوت و مێژوو ڕێك و پێك کراون — ئەم ڕووداوانە هەمیسان لەبەرچاوی ئێمە بە ڕوونی و جوانییەکی تایبەتی خۆ دەنوێنن. لەم ڕووداوانە زانست و پیشەسازی ڕۆژئاوا لەگەڵ سوارەکانی ئێرانی — تورکمان دەستیان لە دەستی یەکتر نابوو بۆ ئەوەی هێزی شەڕی سولتان محەمەدی فاتیح تێك بشکێنن.

**باربارۆ[5]:**

"ئێمە (لە ڕێکەوتی ١٢ شوباتی ١٤٧٣ ز (= ٨٧٧ك) لەگەڵ دوو کەشتی سووکی شەڕ لە ڤینیسیا بەڕێ کەوتین، بەدوای ئێمەدا دوو کەشتی تری گەورەی شەڕ کە پڕبوو لە چەك و جبەو

(١) Azimaomet

(٢) La Repubblica di venezia ela Persia, turin ١٨٦٥

(٣) Giosafat Barbaro

(٤) Angiolello

(٥) Aldine. p.٢٢a - b

پیاوانی شەڕکەر و هەندێك دیاری لەلایەن شاژنەوە بۆ ئوزون حەسەن (= ئەسام بەی)[1] بەڕێ کەوت، من ئەمرم پێکرابوو کە بۆ قەرەمان (دەکەوێتە ئەنادۆڵی باشوور) یا بۆ لێوارەکانی ئەو وڵاتە بڕۆم کەوا بڕیار بوو ئوزون حەسەن یا کەسانێك بە نوێنەرایەتی ئەو لەو شوێنە ئامادەبن، تا ئەم کەلوپەلانەیان پێ بدەم".

ئەم کەل و پەلانە کە لەو کەشتیانەدا بوون بریتی بوون لە شازدە تۆپی گەورە[2]، دووسەد گوللە کەوان[3] لە مس و ئاسن، هەزار تفەنگ[4]، سێ هەزار سمبەی ئاسن بۆ گوللەکان، باروت و شتی دیکەی لەم بابەتە. سەرەڕای ئەمانە بەتالیۆنێك تفەنگچی و تۆپچی کە لە ژێر سەربەرشتی چوار فەرماندە و سەرهەنگێك بەناوی توماسو دا ئیمولا[5] بوون.

**ئانجیۆلیللۆ[6]:**

کاتێ کە بارودۆخ گونجاو بوو سوڵتان محەمەدی دووەم، بە تەنگەبەری ئەستانبول تێپەڕی (کۆتایی ئاداری ١٤٧٣ز = ٨٧٧ ك) لە نزیك ئاماسیە بۆ کۆکردنەوەی سوپا هەڵوەستەی کرد، لەبەر ئەوەی ئەم کارەی کە لە پێشی بوو گرنگی زۆری هەبوو، دەبوو هەموو لایەنەکان لەبەر چاو بگرێ و بە وردی بیری لێ بکاتەوە.

**باربارۆ[7]:**

"لە کاتی گەیشتن بە قوبرس (لە رۆژی یەکەمی نیسانی ١٤٧٣ز = ٨٧٧ ك) زانیمان کە ئەو پیاوە تورکە دەستی بەسەر هەموو شارەکانی قەرەمان دا گرتووە چ لە نێو خۆ و چ لە کەنارەکان. هەر بۆیە ناچار بووین ماوەیەك لە فاماغوستە بمێنینەوە". لە ئاوەکانی ئەم ناوچەیە لەم کاتەدا بەلایەنی کەم نەوەد و نۆ کەشتی لە دژی عوسمانییەکان لە هاتوچۆ دابوون، کە بریتی بوون لە شەست کەشتی ڤینیسیایی و شازدەکەشتی ناپۆلی، بیست و دوو کەشتی

(١) Assambei – بێگومان مەبەستی (حەسەن بێگ – واتە: ئۆزۆن حەسەنە) (و.ك)

(٢) Bombarde

(٣) Spingarde

(٤) Schioppetti

(٥) Tommaso da Imola

(٦)بەراگواستن لە: لیزە (Lezze)، ص ٤٥.

(٧) Aldine, p.٢٢b



پیشەوای ڕۆدس، شازدەکەشتی پاپا و پێنج کەشتی دەسەڵاتداری قوبرس.[1] هەموو ئەم کەشتیانە لە ژێر فەرماندەی ئەدمیرال مۆچینگۆ[2] دابوون، کە لەسەر داوای میرانی قەرەمان سلوقیەی کۆن (سلفکە) و دوو قەڵای تری داگیر کرد بوو کە لە لێواری دەریای سپی ناوەڕاست هەڵکەوتبوون. لە کاتێکدا باربارۆ لەسەر خۆ چاوەڕوانی هەلێکی گونجاو بوو تا تۆپەکان بگەیەنێتە دەستی ئۆزۆن حەسەن.

**نامەی زنۆ بۆ باربارۆ[3]:**

نووسراوی ڕێکەوتی ٩ی مانگی مایسی جەنابتم لە سلفکەوە بەدەست گەیشت. لەم نامەیەدا بۆ منت نووسیوە کە ئوزون حەسەن نزیکەی سەد کەشتی پێگەیشتووە. برای بەڕێزم، من لە گەیشتنی دەستنووسی جەنابت بە جۆرێك ئاسوودە بووم کە لەبارەگای خودا پاڕامەوە خاتونی ئێمە و مەسیحییەکان لە بەڕێوەبردنی کاری مەزن و نوێ سەرکەوتوو بکات و یارمەتی بدات.

"من هەمیشە لەلای ئەو میرەم و ناوەڕۆکی نووسراوی جەنابتانم پێی ڕاگەیاند. ئەمیش فەرمانی بەمندا کە بۆ جەنابتان بنووسم کە بە نیازە کوڕەکەی بۆ شەڕی سوڵتان ڕەوانە بکات و خۆشی بە سوپایەکی بێ ژمار لە دوای ئەوان بگاتە قەرەمان و هێرش بکاتە سەر کەنار. کەوایە وا باشترە جەنابتان لە قەرەمان چاوەڕوان بن، چونکە هەروەك خۆیان بە منیان گوت، ئەو تەواوی مانگی تەمووز لەم شوێنە بەسەر دەبات، هەتا کاروباری سوپا ڕێك بخا. هەروەها ئەو فەرمانی پێدام تا بۆ ئەدمیرال (مۆچینگۆ) بنووسم کە بە هەموو کەشتییەکانییەوە بەرەو قەرەمان بەڕێ کەوێ. من داوا لە بەڕێزتان دەکەم تا ئەو جێگایەی بۆتان دەکرێ هەوڵ بدەن تا سەرکەوتنی ئەم کارە مەزنەتان پێ بڕێ و لەم ڕێگەیەوە خاتونی ئێمە لە سەرانسەری ئێران ناوبانگی دەربچێ.

(١)Aldine,p.٢٢b - کۆی ئەو کەشتیانەی کە نووسەر باسیان دەکات دەکاتە (١١٩) کەشتی، کەچی لە سەرەتا گوتی بەلایەنی کەم (٩٩) کەشتی. (و. ك)

(٢) Admiral Mocenigo

(٣) Lettere, p. ٦٥ - ٦٦



PDF 4 KURD

ئەم نامەیە لە ئۆردوی ئوزون حەسەن لە ڕێکەوتی ١٤ی حوزەیرانی ١٤٧٣[١] دا نووسراوە"

**ئانجیۆلیللۆ**[٢]:

کاتێ کە ئامادەکاریەکان لە هەموو لایەکەوە بە ئەنجام گەیشتن، محەمەدی دووەم لە ئاماسیەوە بە نیازی تۆقات — کە شارێکە لە کاپادۆکیە — بەڕێ کەوت. بەم جۆرە گەیشتنە سیواس، لەم شوێنە ڕووبارێکی مەزن بەناوی هالیش[٣] هەیە کە لە چیاکانی ترابزۆن سەرچاوە دەگرێ و پردێکی گەورەی لەبەرد بۆ چێکراوە. ئێمە کە لەو ڕووبارە تێپەڕین و گەیشتینە یەکێك لە قەلاکانی ئوزون حەسەن کە بە نیکسەر ناسراوە، لەم شوێنە بە گژ یەکدا چوونێکی بچووك ڕوویدا. ئێمە قۆینلۆ حەسارمان جێهێشت و سەرەنجام گەیشتینە شارێك کە لە بناری چیایەکی گەورە هەڵکەوتبوو و بە (شابین) قەرەحەسار دەناسرا. خەڵکی ئەم شارە بە ماڵ و حاڵی خۆیانەوە هەڵاتبوون.

**نامەی باربارۆ و بۆ ئۆزۆن حەسەن:**[٤]

"لەگەڵ نووسینی چەندین نامە گەیشتنی خۆمان بۆ ئەم شوێنە بە بالیۆزی پایەبەرز و بەڕێز کاترین زنۆ ڕاگەیاندووە کە لە دەرباری جەنابی باڵا نیشتەجێیە. مەبەستم گەیشتنی ئەدمیراڵ مۆچینگۆیە لەگەڵ هێزێکی دەریایی بەهێز و هەروەها بالیۆزی کورسی پیرۆز و بالیۆزی شاه فرانتە و حاجی محەمەد و بەندەیە".

"لە دەرگای جەنابی باڵا داوا دەکەم یا بڕیاری هاتن بۆ ئەم شوێنە بدەن، یا بەشێك لە سوپا ڕەوانە بکەن تا هاوڕێ لەگەڵ کەشتییەکانی ئێمە دەست بەکار بین و سەرکەوتن بەسەر ئەو تورکە پەیمان شکێنە بەدی بێنێ، کە بەناوی حەزرەتی باڵا دەستمان دایە و هەر لە سەرەتاوە سگی و قەرەقومان (لە لێواری قەرەمان) داگیرکرد. هەرکات حەزرەتی باڵا بەو شێوازەی کە پێشنیارم کرد بەرەو ئەم لایە بەڕێ کەوێ، خوا بە ڕەحم و کەرەمی خۆی بە جۆرێك ئیرادە دەکا کە بتوانین لە تەنگەبەر تێپەڕین و قوستەنتینیە داگیر بکەین".

---

(١) دەکاتە ساڵی ٨٧٨ ك .(و.ك)

(٢) p.٥٠– ٥١.

(٣) مەبەست (قزل ئیرماق)ە. (و.ف).

(٤) Lettere, p.٥٣



"ئەگەر من بتوانم لەگەڵ ئەم بالیۆزانەی کە ناوم بردن بە خزمەت حەزرەتی باڵا بگەم، بە فەرمانی خاتونی بەڕێزم چەك و جبەیەکی زۆر لە تۆپی ئەستون هاوێژ، گوللە کەوان، تفەنگ و ژمارەیەکی زۆر لە کەلوپەلی تر و پیاوانی کار لێهاتوو لە بواری جۆربەجۆر دەگەیەنمە خزمەتی جەنابت، تا لەم ڕێگەیەوە کاری گەورە ئەنجام بدەن.

ئەم نامەیە لە بەندەری قەرەقو لە ڕێکەوتی ٨ی حوزەیرانی ١٤٧٣[١] نووسرا.

**نامەی ئوزون حەسەن بۆ باربارۆ**[٢]:

"ئاگادارتان دەکەین کە سی هەزار کەس لە پیاوانی ئازای بە ئەزموون کە کوڕی جگەرگۆشەم ئۆغورلو محەمەد سەرکردایەتیان دەکا بۆ شەڕی عوسمانی ڕەوانە کرد. لەم بارەیەوە نیگەران مەبن و بە تەواوی ئاسوودە بن و دەست بەسەر قەلاکانی قەرەمان دابگرن و بە یارمەتی تۆپی ئەستون هاوێژ سەنگەر و دامەزراوەکانیان لەدەست دەربێنن. ئێمە بەشێکی سوپاکەمان دەنێرین تا گەیشتنتان بۆ ئێرە هاوڕێ و پارێزەرتان بێت. هەروەها ئێوەش دڵنیابن. لە خەرپوت نووسرا لە ڕێکەوتی ١٧ی حوەزیرانی ١٤٧٣[٣].

**ئانجیۆلیللۆ**[٤]:

لەدوای بەڕێکەوتن (لە قەرەحەسار) پاش چەندین ڕۆژ ڕێگا بڕین گەیشتینە دەشتی کاکی بەکاکی ئەرزنجان، بەڵام چونکە شار قایم نەبوو، بەشی زۆری خەڵکی شار هەڵاتبوون و لە فورات پەڕیبوونەوە. ئنجا (لە تەموزی ١٤٧٣ ز)[٥] تا دەوروبەری ڕووبار هاتبوونە پێش تا گەیشتبوونە نزیك ملحیە.

**نامەی زنۆ بۆ باربارۆ**[٦]:

کاتێك کە ئوزون حەسەن هەواڵی سەرکەوتنی باربارۆی پێ گەیشت کە شوێنێکی زۆری لە لێواری قەرەمان داگیر کردووە، فەرمانی دا کە لە سەرانسەری ئۆردو تەپلی (لە ئەسلی

---

(١) دەکاتە ساڵی ٨٧٨ ك (و. ف).

(٢) Lettere, p. ٦٣.

(٣) دەکاتە ساڵی ٨٧٨ ك (و.ف).

(٤) p.٥١.

(٥) دەکاتە ساڵی ٨٧٨ك (و.ف).

(٦) Lettere, p.٧٦.

فارسی: تەپڵ خانە) شادی لێدرێ و ڕابگەیەنن کە خاتونی بەڕێز لەم شەڕەدا کە بە یارمەتی ئەو ئەنجام دراوە، سەرکەوتنی مەزنی بەدەست هێناوە.

"هەردوو لەشکر (لەشکری ئوزون حەسەن و سولتان محەمەدی دووەم) تەنیا ماوەی چوار ڕۆژەڕێ لەیەکتر دوورن. ئەسپ و سەربازەکان زۆر تەیار و پۆشتە و پەرداخن، کەوابوو بە یارمەتی خودا بەڕێ دەکەوین تا لەگەڵ ئەو تورکە بەرەو ڕوو بین.

لەئۆردووی ئەمیر ئوزون حەسەن لە ڕێکەوتی ٢٦ تەمووزی ١٤٧٣[1] لە ناوچەی ئەرزنجان نووسرا".

**ئانجیۆلیللۆ[2]:**

کاتێك (لە ڕێکەوتی ٢ی ئابی ١٤٧٣ ز = ڕەبیعی یەکەم٨٧٨ ك) گەیشتینە فورات، لەوبەری ڕووبار ئوزون حەسەن و سوپاکەی بەدیارکەوتن و دوو دڵ بوو کە لە کوێ بپەڕێتەوە چونکە ڕووبارەکە لەم شوێنە زۆر بەرین و پڕ لەقولکە و گێژاوبوو. دواتر ئاگادار کراین کە ئوزون حەسەن کاتێك چاوی بە ئۆردۆی سولتان دەکەوێ سەری سوڕ دەمێنێ و ماوەیەك بێ دەنگ دەبێ، ئینجا بە زمانی تورکی دەڵێ: "ای قحبەزادە، نە دریا دیر!" واتە" ئەی دایك قەحپە... چ دەریایەکە!"

کاتێك لە کەناری فورات یەکەم شەڕ بەم جۆرە دەستی پێکرد، باربارۆ ئاسوودە و بێ خەم بە ناچاری لە قوبرس مابۆوە و بێ هودە چاوەڕوانی گەیشتنی لەشکری ئاق قۆینلۆی دەکرد. پاش بە یەکدادانی یەکەم کە لە بەرژەوەندی ئوزون حەسەن کۆتایی هات، لە ١٢ی ئابی ١٤٧٣ ز (= ڕەبیعی یەکەم ٨٧٨ ك) لە نزیك تەرجان شەڕی یەکلاکەرەوە ڕوویدا، کە تیایدا ئوزون حەسەن تووشی شکست بوو. هۆی ئەم تێکشانەش ئەوە بوو کە ئەو نەیتوانی تۆپەکانی ڤینیسیا — کە بێ سوود لەسەر ئاوەکانی قەرەمان دەهات و دەچوون — بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ تۆپخانەی عوسمانی بەکار بێنێ کە سوارەکانی تورکمان و ئێرانی وەك گەڵای پاییز دەوەراند.

هەواڵی تێکشانی ئوزون حەسەن لە ڕێکەوتی ٢٠ی ئەیلول (= ڕەبیعی دووەمی هەمان ساڵ) بە باربارۆ گەیشت، کە ئەو کات لە قەرەقو بوو کە دەکەوێتە لێواری کیلیکیە. پاش ئەم

(١) دەکاتە ساڵی ٨٧٨ (و.ف).

(٢) p.٥٢.



ڕووداوە ئانجیۆلیللۆ لە نامەیەکدا بۆ سەرداری[1] ڤینیسیای نووسی: "لە دوای ئەمە من بەخەم و پەژارەوە بێ دواکەوتن لەوێ ڕۆیشتم"[2]. بەم جۆرە ئەم کارە سەرەڕۆ ئامێز و جێی تێڕامانە بە ناکامی تەواوی هاوپەیمانی ئێرانی — ڕۆژئاوایی کۆتایی پێهات.

## کارتێکردنی لایەنی ئێرانی لە ئەرکانی دەوڵەتی ئاق قۆینلۆ

تێکشانی ئوزون حەسەن لە نزیك تەرجان لە ڕووی خاکەوە بۆ ئەو زۆر گرنگ نەبوو، چونکە سولتانی عوسمانی دوای سەرکەوتن ڕاستەوخۆ گەڕایەوە. بەڵام هەر چۆنێ بێ شوێنەواری واتایی ئەو شکستە زۆر بوو و بۆ هەمیشە کۆتایی بە شەڕی نێوان عوسمانی و تورکمانەکان هێنا. بە دیارکەوت کە لە جیاتی تێوەگلان لە ڕووداوەکانی بەرەی ڕۆژئاوا بۆ ئوزون حەسەن گرنگتر و باشترە بە توند و تۆڵکردنی ناوچە پان و بەرینە داگیرکراوەکەی ئێران خەریك بێ.

پایتەختی ئەم دەوڵەتە نوێیە پێشتر لە ساڵی ١٤٦٩ ز (= ٨٧٣— ٨٧٤ ك) بۆ تەورێز گوێزرا بۆوە، بەمە ڕێگای ئەو گۆڕانکارییە خۆش بوو کە لەسەردەمی ئیلخانانی مەغول — کە نەوەی جەنگیز خان بوون — لە ئێران دەستی پێکردبوو. هەروەك (مینۆرسکی)[3]ش بە باشی بۆی چووە، ئۆزۆن حەسەنیش لەگەڵ کەلتووری ئێران کە تێیدا دەژیا خۆ دەگونجێنێ و چووە ڕیزی بنەماڵە دەسەڵاتدارەکانی ئێرانی.[4] ئەم جارەش داگیرکەر کەوتە ژێر کارتێکردنی سیحری ئێرانی. ئەمەش بەتایبەتی لەسەردەمی دەسەڵاتی یەعقوبی کوڕی ئوزون حەسەن (١٤٧٨ —

(١) Lettere ,p.٨٠.
(٢) e subito dal ditto loco tuto melincono so me parti
(٣) La perse.p.١٧.

(٤) ئوروج بێك بەیات مونشی یەکەمی شا عەباس کە لە ساڵی ١٥٩٩ز (=١٠٠٧ — ١٠٠٨ك) بوو بە باڵیۆز بۆ ئەوروپا لە سەفەرنامەی خۆیدا — کە دوای وەرگرتنی ئایینی مەسیحی لە ئیسپانیا نووسی — دەڵێ: ئۆزۆن حەسەنیش لە ڕووی خوێن و ڕەگەزەوە هەروەك سوڵتانی عوسمانی کەسێکی تورك بووە (دیارە دەبێ ئەوە لەبەرچاو بگرین کە ئەمە بە تەواوی ڕاست نییە چونکە دایکە گەورەی ئۆزۆن حەسەن یۆنانی بوو) بەڵام ئەو بێگومان خۆی بە ئێرانی دەزانی. لەلاپەڕە (٤٢)ی (دۆن جوانی ئێرانی) ئاوا نووسراوە:
Siendo ala verdad tan turco de sangre com el (Mehmed II): pero preciauase vas cassano mas de persiano Moro, que de Turco Asiatico



PDF 4 KURD

۱٤۹۰)[1] دەرکەوت، کە لە کاتی خۆی زۆرتر بۆ بەڕێوەبردنی دەوڵەت بەکارهێنرابوو هەروەها پەروەردە و بارهێنانی ئێرانی هەبوو و لە ژینگەیەکی ئێرانی دەژیا. ئاق قۆیونلۆ بەم جۆرە ڕێگای بۆ سەفەوی خۆش کرد و هەرچەندە شا ئیسماعیلی یەکەم (۱٥۰۱ز = ۹۰٦- ۹۰۷ ك) لە ڕووی خاکەوە ناوچەی دەسەڵاتی ئاق قۆینلۆی داگیرکرد، بەڵام لە ڕوانگەی سیاسی شوێن پێی ئەوانی هەڵدەگرت.

## مردنی ئۆزون حەسەن و کێشەی جێنشینی

لە کاتی گەڕانەوە لە دوایین شەڕ لەدژی گورجیەکان لە کۆتایی پاییزی ساڵی ۱٤۷۷ ز (۸۸۲ ك) ئۆزون حەسەن تووشی نەخۆشییەك هات و بە ناچاری لەناوجێدا کەوت. لەگەڵ گەیشتنەوە بۆ تەورێز نەخۆشییەکە بە جۆرێك لێی توند کرد کە توانای بەڕێوەبردنی کاروباری وڵاتی نەبوو. سەلجوق شابێگمی هاوسەری بیری کردەوە و پەیکی ڕەوانەی شیراز کرد بۆ لای خەلیل کە لە هەموو کوڕەکانی گەورەتر بوو. ئەمیش بێ یەك و دوو کردن خۆی گەیاندە باوکە نەخۆشەکەی و دوایین فەرمان و وەسیەتی باوکی وەرگرت. شەوی پێنج لەسەر شەشی کانوونی دووەمی ۱٤۷۸ز (= ۸۸۲ ك) ئۆزون حەسەن — کە تازە پەنجا و چوار ساڵی تەمەنی تەواو کردبوو _ ماڵئاوایی لە ژیان کرد و لە حەوشەی مەدرەسەی نەسریەی تەورێز کە خۆی فەرمانی بنیادنانی دابوو بە خاك سپێردرا[2].

خەلیل دوای مردنی باوکی بە پەلە و بە نهێنی چەند کەسێکی ناردە لای مەقسودی زڕ برای کە کوڕی دسپینا بوو. ئەمانە دوای ئەوەی مەقسودیان دەرمانخوارد کرد بە خەنجەر کوشتیان[3]. کۆنتارینی بالیۆزی ڤینیسیا کە پێش ئەم ڕووداوە چەندین جار چاوی بە مەقسود کەوتبوو دەڵێ: "ئەو هەمیشە لە زنجیر دابوو چونکە لەگەڵ گورلو مامت (ئۆغورلو محەمەد/ یەکێك لە زڕبراکانی تری) پیلانی گێڕابوو"[4].

(۱) لە ۸۸۲- ۸۸۳ تا ٥ ۸۹– ۸۹٦ ك.

(۲) تاريخ حيدری، ص b ٥۷۳.

(۳) تاريخ عالم آرای امينی، ص a ٥۲، باربارۆ (Aldine)، ل b ٥۳.

(٤) هاکلیوت (Hakluyt)، ل ۱۷۳.



PDF 4 KURD

لەدوای ئەم ڕووداوە زۆر پێدەچێ لەکانوونی دووەمی هەمان ساڵ ۱٤۷۸ز (= ۸۸۲ ك) خەلیل — کە بە پێی گوتەی (کۆنتاریتی) لەو کاتەدا نزیك سی و پێنج ساڵ تەمەنی هەبوو — لەدەڤەری ساحب ئاوا وەك پادشای ئاق قۆیونلۆ لەسەر تەختی سەڵتەنەت دانیشت. لە تەنیشتی ئەو یەعقوب دانیشتبوو کە بیست ساڵ لە ئەو کەم تەمەنتر بوو. یەعقوب ماوەیەك دوای ئەم ڕووداوە گومانی خراپی لێکرا و سەرەڕای سەهۆڵبەندان و بۆرانی توند، هاوڕێ لەگەڵ دایکی بەرەو بنکەی حوکمداری خۆی لە ئامەد بەڕێ کەوت[1].

سەردەمی فەرمانڕەوایی خەلیل کورت خایەن بوو، چونکە یەعقوب دوای ئەوەی لە شارەکانی ناوچەی دیاربەکر کۆمەکی سەربازی پێگەیشت لە براکەی یاخی بوو، لە ١٥ی تەمووزی ۱٤۷۸ز (= ۸۸۳ ك) لە ناوچەی مەرەند تووشی شەڕ هاتن و لە ئاکامدا خەلیل کوژرا. بەم جۆرە یەعقوب کە تازە پازدە ساڵی بوو بوو بە جێنشینی ئۆزۆن حەسەن.

## کەسایەتی ئۆزۆن حەسەن

خوشبەختانە بەهۆی بالیۆزەکانی ڤینسیا لە دەرباری ئوزون حەسەن — کە تا ئێستا چەندین جار باسمان کردوون — وەسف و زانیاری زۆر ڕوون و وردمان لەبارەی کەسایەتی ئوزون حەسەن بەدەست گەیشتووە. لەکاتێکدا لەبارەی میرانی ڕۆژهەڵات ڕاپۆرتی بەم چەشنە ورد و ڕۆشنمان بەدەگمەن لەبەردەستدایە.

کاتێ کە جیۆزفت باربارۆ لە نیسانی ۱٤۷٤ ز (= ۸۷۸ — ۸۷۹ ك) دوای ماوەیەك چاوەڕوانی و زاڵبوون بەسەر گەلێك مەترسی و بێ ئومێدی گەیشتە تەورێز، ڕۆژی دواتر بە دەروازەیەکدا تێپەڕ بوو کە زۆرتر سەرۆکی تەشریفات لەوێ دادەنیشت، ئینجا بە تێپەڕین بەسەر خاکێکی سەوزەڵانی پەرژینکراو ڕێنوێنی کرا بۆ هەیوانێکی بەرزتر کە شوێنی چاوپێکەوتن بوو لەگەڵ پادشا، لە نێوەڕاستی هەیوانەکە نافورەیەك هەواکەی فێنك دەکردەوە. ئوزون حەسەن لە نزیك دەروازە دانیشتبوو، لە تەنیشتی ئەو "بە پێی نەریتی عەرەبان" پارێزەر و پاسەوانان ڕاوەستابوون و گەورە پیاوان و پایە بەرزەکانی حکومەتیش دەوریان گرتبوو.[2]

باربارۆ ئیتر ناپرژێتە سەر تایبەتمەندییەکانی خودی پادشا، بەڵام خۆشبەختانە کۆنتارینی بەم وەسفەی ژێرەوە ئەم بۆشاییە پڕ دەکاتەوە:

(۱) تاريخ عالم آرای امينی، ص b ٥٤ تا ٥٥، هاکلیۆت، ل ۱۷۳.

(۲) Barbaro, Aldine, p.۳۰ b – ۳۱a

"شا هەمیشە لەگەڵ نان خواردن شەرابی دەنۆشی وا پێدەچوو کە توانای لە شەراب نۆشین گەلێك زۆر بێ. ئەو لە بانگهێشتنی ئێمە شادمانە، لە هەموو ئەو کاتەدا هەندێك گۆرانی بێژ و مۆسیقاژەن لە خزمەتی دابوون و ئەو فەرمانی پێدەدان کە چ گۆرانییەك بچڕن و چ ئاوازێك بژەنن، گوایا شا زۆر کەیف خۆش و بە دەماغ بوو.

بالای بەرز و بەژنی باریك و جوان بوو، لە ڕوخساریدا هەندێك لە تایبەتمەندی ڕەگەزی تاتار وەبەرچاو دەکەوت، ڕەنگی سیمای ئەو یەك جۆر بوو، لە کاتی خواردنەوە دەستی دەلەرزی، ڕەفتاری لە پیاوانی حەفتا ساڵە دەچوو (لە ڕاستیدا لەم کاتەدا تازە پەنجا ساڵەبوو)، هەڵسوکەوتی زۆر خاکی و خۆمانە بوو، ئەگەرچی لە کاتی تووڕەیی دا مەترسیدار بوو، بەلام لەسەرێکی ترەوە فەرمانڕەوایەکی میهرەبان و دڵنەرم بوو.[١]

لەبارەی کەسانی دەوروبەری ئوزون حەسەن و دەست و پێوەندەکانی (زنۆ) دەڵێ گەورە پیاوانی تورکمان گوێڕایەڵی فەرمانەکانی بوون، تەنانەت بەهێزترینیان کە مۆڵەتی چوونە خیوەتی ئەوی پێدەدرا توانای ئاخاوتنی لە خۆدا نەدەدیت، تەنیا میر قسە دەکات و هەرچی ئەو بڵێ بێ بچووکترین نارەزایی پەسەند دەکرێ، بێ دەنگیەك بەسەر خیوەتەکەدا زاڵ دەبێ کە مرۆڤ وا دەزانێ لە مەزارێکی پیرۆز ئامادە بووە[٢].

مێژوونووسانی ڕۆژهەڵات ئوزون حەسەن بە فەرمانڕەوایەکی هۆشمەند و دانا و بە ئیرادە و ئازا و یەکجار دادپەروەر دەزانن و هەروەها بە فێڵزان و خاوەن ڕەوشت و دۆست و لایەنگیرانی زانست و پیاوانی ڕێگەی ئایینی دادەنێن.[٣]کاتێك ئێمە لە دوای تێپەڕینی چەندین سەدە بە چاوێکی گشتگیرانە دەڕوانینە ژیان و کردەوەکانی ئوزون حەسەن و کاریگەری ئەو کەسایەتیەی کە لە زەینی ئێمەدا پەیدا بووە لەگەڵ گوتەکانی بازرگانانی ڤینیسیایی — کە لە سەرەتای سەدەی شازدە گەشتیان بە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئاق قۆینلۆدا کردووە — لێکبدەین، دەبینین کە مێژوونووسانی ڕۆژهەڵات لە حوکمەکانی خۆیان ڕاستییان پێکاوە.

(١) Contarini, p.٧٣a.

(٢) Berchet, p.١٣٤.

(٣) مصطفی جنابي، تاريخ، ص ١١٦b، صحائف الاخبار، جلد ٣، ص ١٦٥.



بازرگانێکی ڤینسیایی دەڵێ: "ئاسام بەی[١] مەزن پیاوێکی وا نایاب و چالاك بوو کە لەو سەردەمەدا لە ئێران وێنەی نەبوو"[٢].

لەدوای ئاوڕدانەوەیەکی پوخت لە گۆڕانی کار و باری ئاق قۆیونلۆ و فەرمانڕەواکەی، سەر لە نوێ دەگەڕێینەوە سەر حکومەتی ئایینی سەفەوی، کە دوای سەرکەوتنی ئوزون حەسەن بەسەر قەرەقۆیونلۆ و ئەبو سەعیدی تەیموری جلەوی چارەنووسی کەوتبووە دەست شێخ حەیدەری تازە گەنج.

(١) مەبەستی (ئۆزۆن حەسەن)ە. (و.ف)

(٢) Hakluyt, p.١٧٨.



PDF 4 KURD

# (بەشی پێنجەم)

## حکومەتی ئایینی سەفەوی لەسەردەمی شێخ حەیدەر

### هاتنی حەیدەر بۆ ئەردەبیل

حەیدەر لەودەمەی کوڕێکی نۆساڵە بوو لەسەربازگای ئاق قۆینلۆدا شایەد و سەیرکەری شەڕی ئەوان و (ئەبو سەعید) بوو، کاتێکیش ئوزون حەسەن دوای سەرکەوتنی لەم شەڕەدا کە لە سەرەتای ساڵی ١٤٧٠ز (=٨٧٤ ك) ڕوویدا دەشتی (مغان)ی بەجێهێشت و بەرەو ئەردەبیل ڕۆیشت، ئەم سەفەویە گەنجە لەگەڵ ئەودا بۆ یەکەم جار پێی نایە ئەو شوێنە پیرۆزەی بنەماڵەکەی.[1] لە ئەردەبیل شێخ جەعفەری مامە گەورەی بە بەدگومانی بەڵام لەهەمان کاتیشدا بە پێشوازیەکی دۆستانە وەریگرتەوە، چونکە لەهەر بارێکدا گاڵتەکردن لەگەڵ فەرمانڕەوای ئاق قۆیونلۆ پەسند نەبوو. بەڵام دیارە ئەوکاتە ئوزون حەسەن چاوپۆشی لە تاوانەکانی ئەم پیرەمێردە کردبوو کە ببووە لایەنداری دوژمنانی ئەو — لە پێشدا لەگەڵ جیهانشا، ئینجا لەگەڵ حەسەن عەلی کوڕی جیهانشا، دوا جاریش لەگەڵ ئەبو سەعید یەکی گرتبوو — ئەم چاوپۆشی لێکردنەش دوای ئەوە بوو کە شێخ جەعفەر وێرا بووی داوای شەفاعەت کردن لە سەرداری بە توانای (شندان) بکات کە گەیلانی بوو، دیارە شەفاعەتی ئەمیش وەرگیرا بوو. هەر چۆنێك بێت ڕاستەوخۆ ئوزون حەسەن حەیدەری دووبارە بەناونیشانی پیر و ڕێبەری تەریقەت لە ئەردەبیل دانا. چونکە لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە حەیدەر سەرەڕای تەمەنی کەمی دەتوانێ جێنشینێکی لێهاتووی جونەیدی باوکی بێت[2].

لە سەرەتای حوزەیرانی ١٤٧٠ز (= ذي الحجە ٨٧٤ك) ئوزون حەسەن ئەردەبیلی بەجێهێشت بۆ ئەوەی لە پایتەختی تازەی خۆی (تەورێز) بگیرسێتەوە. لێرەوە ئیتر پەروەردەی

---

(١) Teixera. p.٣٦.

(٢) احسن التواريخ، ق ٩، ص ١٢٤b — ١٢٥a، تاريخ عالم آراي اميني، ص ١٣٩a.



حەیدەر کەوتە ئەستۆی جەعفەری مامە گەورە و توندڕەوەکەی، کە گوایا هونەری ئەستێرەناسی فێری ئەو دەکات[1]. ئەوەی زانراوە ئەوەیە کە ناوبراو ئەم کوڕەی خۆش نەدەویست و تەنانەت کۆت و پەیوەندی توندی خستبووە سەر هەستان و دانیشتنی. ئەم سەرپەرشتییە نارێکە دیارە تا مردنی شێخ جەعفەر- کە بە وردی نازانرێ لە چ بەروارێکدا بوو - بەردەوام بووە.

لە ئەنجامی بێ ئومێد بوونی چاوەڕوان نەکراوی جونەید لە گەیشتن بە دەسەڵات (١٤٦٠ز = ٨٦٤— ٨٦٥ ك) فراوان بوون و بڵاوبوونەوەی پەیڕەوی سەفەویان بۆ ماوەیەك وەستا، بەڵام بە گەڕانەوەی کوڕەکەی — ئەویش لە ژێر پارێزگاری میری تورکمانی پادشای ئێران دابوو — دیسان بزاڤی سەفەویان بووژایەوە، ئەمەش هەمووی لە لێشاوی ئەو ژمارە زۆرەی سەردانکەرانی ئەردەبیل سەرچاوەی گرتبوو. زێدی بنەڕەتی ئەم سۆفی و پەیڕەوکارانە دیسان بە زۆری ڕۆم بوو واتە تورکیای ئاسیای بچووك و زیاتریش ناوچەکانی باشووری قەرەمان، تەکەوحەمید، شام واتە سوریا، گەیلان و تالەش و بە زمانێکی تر ناوچەکانی باشووری ڕۆژئاوا و ڕۆژئاوای دەریای خەزەر.

### هاوسەرگیری حەیدەر لەگەڵ شازادە خانم مارتا

بەهۆی ڕووداوێك کە ئوزون حەسەن و سەفەویەکانی زیاتر لە هەموو ڕێکەوت و ڕووداوەکانی تر لێك نزیك کردەوە، دەسەڵات و برەوی شێخ حەیدەر دیسان چاوەڕێی پەرەسەندنی لێدەکرا. ئەم ڕووداوەش بریتی بوو لە گەیشتنی حەیدەر بە کچی گەورەی ئوزون حەسەن کە لە (دسپینا خاتوون)ی شازادە خانمی تەرابزۆن ببوو. وەك پێشتر ئاماژەم پێدا بەرهەمی ئەم هاوسەرگیریەی ئوزون حەسەن کوڕێك (مەقسود کە دەوروبەری ١٤٦٠ز =٨٦٤- ٨٦٥ ك لە دایك بوو) و سێ کچ بوو کە لە نێویاندا کچی گەورەتر لەلایەن دایکیەوە (مارتا)ی ناو بوو. لە کاتێکدا تورکمانان ناوی حەلیمە بەگی ئاغا[2]یان لێنابوو و دواتریش نازناوی (عالەمشاه بێگم) یان پێدا. ئەم شاهزادە خانمە کە تا ڕادەیەك هاوتەمەن بوو لەگەڵ حەیدەر بە مەراسیمێکی فەرمی لە ئەردەبیل لێی مارەکرا. دەبێ ئەم ڕووداوە هاوکاتی کۆتایی سەردەمی دەسەڵاتی ئوزون حەسەن بێ، چونکە شێخ حەیدەر لە کاتی مەرگی ئوزون حەسەن (١٤٧٨ز= ٨٨٢ ك) هێشتا هەژدە ساڵی تەواو نەکردبوو[3]. دەرەنجامی ئەم

---

(١) Rota, s.٣.


(٢) لە لاپەڕە (٦٨)ی (سلسله النسب صفويه) ئەم ناوە (حەلیمە بەگی ئاقا) نووسراوە، بەڵام دیارە هەڵە کراوە و ڕاستەکەی دەبێ (حەلیمە بێگم ئاغا) بێت. (و.ف)

(٣) سلسلة النسب صفوية، ص ٦٧، تاريخ عالم آراي عباسي، ص ١٤، تاريخ اسماعيل، ص ١٥b.



PDF 4 KURD

هاوسەرگیریە —کە لەلایەنی سیاسیەوە بایەخێکی زۆری هەبوو —سێ کوڕ بوو کە بریتین لە سـولتان عـەلی، ئیسماعیل و ئیبراهیم، ئەمەی ناوەندیان واتە ئیسماعیل (لە ١٧ی تـەمووزی ١٤٨٧ ز =٨٩٢ ك لـە دایـك بووە) دواتر پاش نزیکەی نۆسەدە لە دەسەڵاتی بیانی —بێگومان بە کورتە وەسـتانی زۆرەوە —تـوانی یەکـەم حکومەتی نیشتمانی ئێرانی دابمەزرێنێ. لێرەدا بێ سوود نییە ئەگەر لەمە بکۆڵینەوە بزانین ئیسماعیل- کە بە گشتی بە کەسێکی تورك ناسراوە- لە ڕاستیدا لە چ نەژادێك بوو. کاتێ لە زنجیرەی باپیرانی ئەو دەکۆڵینـەوە و لێی ورد دەبینەوە دەتوانین بڕیار بدەین کە بەشێکی گرنگی ئەو خوێنەی لە دەمارەکـانی ئیـسماعیل گـوزەری دەکرد خوێنێکی ناتورکی بوو نەك تورکی. سەرەتا لە ڕێگەی (مارتا)ی دایکی ( کە خۆی نیوە یۆنانی بوو، لـە لایەن باوکیشیەوە تا ڕادەیەك میراتی یۆنانیانی بردبوو)، دووەم لە لایـەن داپـیری (لـە دایکیـەوە) واتـە کـورا کاترینا[١] کە باوکی یۆنانی و دایکی گورجی بوو، لە لایەنی باپیری لە دایکیەوە و داپـیری لـە باوکیـەوە واتـە ئوزون حەسەن و خەدیجەی خوشکی کە دایکیان کەسێکی مەسیحی ئارامی و داپیر و داپیرە گەورەشیان شازادە خانمانی تەرابزۆنی بوون (بڕوانە ئەم زنجیرەی خوارەوە):




سەبارەت بە تایبەتمەنـدی نـەژادی ئیـسماعیل زانیـاری و هـەواڵی گرنگمـان لـە (بازرگـانی ڤینیسی) دەست دەکەوێ، کە لە تەورێز چەند جارێك لە نزیکەوە دامەزرێنەری بنەماڵەی سەفەوی

(١) Kyra katerina



بینیوە و بووەتە سەرچاوەیەکی پڕ بایەخ. ئەم بازرگانە ڤینیسیە وەها ئادگـاری ئیـسماعیل بـاس دەکات و دەڵێت: "ڕوخسارێکی زۆر جوانی هەیە. زۆر باڵا بەرز نییە، بەڵام بە ئەندازەیەکی تـەواو کامڵ بووە، قەڵەو و چوار شانەیە و ڕەنگی چارەی تا ڕادەیەك ڕوون و درەوشـاوەیە، ڕیـشی خـۆی تراشیوە بێجگە لە سمێڵـی، وەك بلێـی سروشـت مـووێکی چـڕی پێنـەداوە"[١]. لـە کتێبەکـەی (ئانجیۆلیللۆی هەلبەستراو)یشدا هاتووە کە: "ئەم سۆفیە (ئیسماعیل) زۆر جوانە، سـپی ڕەنـگ و زۆر قۆزە، ڕیشی ڕەنگ سوورە، بەڵام تەنیا سمێڵی هێشتۆتەوە"[٢]. خاوەنی ئەم وەسفانە بێگومـان دەبێ تایبەتمەندیەکانی نەژادەکانی باکووری هەبێت.

## ئامادەکاریەکانی حەیدەر

ئێستا وا چاکترە بێینەوە سەر شێخ حەیدەری باوکی ئیسماعیل. شێخ حەیدەر هەمیشە لە هەوڵی ئەوە دابوو ئەو ئامانجانە بەدەست بێنێ کە شێخ جونەیدی باوکی نەیتوانیبوو پێیان بگـات. لەهـەموو شتێ زیاتر بە هیوای ئەوە بوو تۆڵەی خوێنی باوکی لە شێروانشاە بکاتەوە. بۆیە بە درێژایی ساڵ هەوڵ و توانای خۆی لە چەکدارکردنی شوێنکەوتوانی سەرف دەکـرد. هـەر لەبـەر ئەمـە هـەموو تەکیـە و تەنانـەت ژوورەکـانی خۆشـی کردبـووە کۆگـای چـەك و جبەخانـە: ئـەوەتا مێژوونووسـێکی ئێرانـی بەسەرسامیەوە دەنووسێ لە ئەردەبیل لە جیاتی قەڵەم قامیش شمشێر لە ئارادایە[٣].

حەیدەر خۆشی لە بنەڕەتدا چەکسازێکی کارامە بوو،بۆیە هەمان مێژوونووس بەدڵنیاییـەوە دەڵێ[٤]: "وا گوێبیست بووم کە ئەو هەزاران ڕم و زرێ و شمـشێر و سـوپەری بـەخۆی دروسـت کردووە بێ ئەوەی کەسێکی تر یارمـەتی بـدات". لـە کـاتی دروسـتکردنی چـەك مەگـەر بـۆ ڕاهێنانی تیرهاوێژی و هاویشتنی ڕم یان ڕاکێشانی کەوان و شمشێربازی ئەگەرنا دەستی لە کـار

(١) Ramusio,II,p.٩٠a;ėdi bellissimo uspetto… ne di tropo alta, ma di ragioneuole statura: è gross, & largo nelle spalle, & nel visa mostra dessera alquanto biondo: porta la barba rasa, lasciatoui solo imostaccbi, & mostra d`esser di natura d` hauer poca barba.

(٢) Ramusio,II,p.٧٣a; Questo sophie bellisimo,Biondo, et gratiosissimo…, ba la barda di pelo rosso.Ma porta solamete mostaccbi.

(٣) تاريخ عالم آراي اميني، ص ١٤٠b.

(٤) هەمان سەرچاوە، ص ١٤١a.



PDF 4 KURD

هەڵنەدەگرت،کاتێ کە خەریکی فێرکردنی پەیڕەوانی خۆی دەبوو جلی ئاسایی مەزهەبی خۆی دەپۆشی واتە عەبای دەروێشی و مێزەری سۆفییانە.

لە تەواوی ئەم هەواڵ و زانیاریانەی لەبارەی شێخ حەیدەر لەبەردەست دایە و هەروەها بە ڕەچاوکردنی ئەوەی کە ناوبراو وەکو تاکێك ئازا و بێ باك بووە و شارەزاییەکی باشی لەبارەی "هونەری جەنگی" هەبووە، دەتوانم بگەمە ئەو دەرەنجامەی کە ئەو پیاوێکی خاوەن ویست و بە توانا و هەروەها ئامانجدار بوو، زۆر زیاتر لە جونەیدی باوکی توانی لە موریدانی تەریقەتی سۆفیگەری کۆمەڵە خەڵکێکی شەڕکەر ئامادە بکا و ئەوان بکاتە هۆیەك بۆ گەیشتن بە ئامانجی خۆی کە بریتی بوو لە بەدەستهێنانی دەسەڵات و پایەی سیاسی.

## دامەزراندنی بناغەی ڕێکخستن لە پێکهاتەکانی تەریقەت

ئەم جل و بەرگە یەك ڕەنگەی کە حەیدەر بۆ پەیڕەوکارانی تەریقەتی خۆی دیاریکرد، نیشانەی بەهرەی ناوبراوە بۆ کاری ڕێکخستن: لەسەردەمی شێخ حەیدەر بە دواوە پەیڕەوانی تەریقەت لە جیاتی کلاوی تورکمانی لەگەڵ پۆشاکی دەروێشی خۆیان، تاجی سەفەویان لەسەر کرد کە پێی دەگوترا "کلاوی حەیدەر" (بڕوانە وێنەکە لەپاشکۆ). بە پێچەوانەی مێزەرە ورگدارەکانی تورکمانی ،"تاج" پێکهاتبوو لە یەك پارچەی دوازدە لۆچی ڕەنگ سوور بە شێوەی تا ڕادەیەك تەخت بەڵام نووك تیژ لەسەرەکەی، واتە لە شێوەی قوچەکی کەم و بەئەندازەی نیمچە چوار گۆشە، کە لەسەر بناغەیەك لە کۆتاڵی نەرم و سپی پێچرا بوو. دوازدە لۆچەکە کە هەر یەکێکیان بای ئەنگوستێك ئەستوور بوون و هەروەها ڕەنگ سوور بوون[1]، ئاماژە بوو بۆ باوەڕی سۆفیان بە نەوەکانی ئیمامی عەلی (ئال عەلی)، هەروەها ڕەمزێ بوو بۆ ئەو دوازدە ئیمامەی کە لە نەوەی پێغەمبەرن و ناویشیان هەریە کە لەسەر لۆچەکان نەخشێنرابوو. عوسمانیەکان لەسەرەتاوە ناوی (قزلباش)یان بە کار هێنا بۆ ئەوانەی ئەم کلاوەیان لەسەر دەنا، لێرەشدا مەبەستیان گاڵتە پێکردن بوو، بەڵام دواتر بووە ناوێکی بەربڵاو. ئەمەش بەهۆی ڕەنگی سووری ئەم کلاوانەوە بوو، چونکە قزلباش واتە سەرسوور یان

(١) Menzel, s.١٨٨.



سوور کڵاو (بە زمانی تورکی قزل واتە سوور و باش بە مانای سەر دێت. هاوتا فارسیەکەی ئەو زاراوەیە "کلاه سرخ"ـە)[١]

بڵاوبوونەوەی کڵاوی حەیدەر و ڕەواج پەیداکردنی ڕەنگدانەوەی وابەستەبوونی دەروونیی کۆمەڵی شەڕکەری سەفەوییان بوو بە شێخەکەیانەوە، چونکە تەنیا ئەو هەوادارانەی کە لە پەیڕەوی خۆیان پێداگرییان دەکرد و باوەڕی قوڵیان پێی هەبوو، ڕازی بوون کڵاوی خۆیان بگۆڕن. مەنسل[٢] (لە لاپەڕە ١٧٨) لەم بارەیەوە دەنووسێ: بە پێی بیرکردنەوەی دانیشتوانی ڕۆژهەڵات — کە زۆر کەوتوونەتە ژێر کاریگەری بیروباوەڕی ئایینی — پۆشاکی دەروێشی و بەتایبەتی کڵاو (مێزەر) بایەخ و گرنگییەکی واتایی و عیرفانی تایبەتی هەیە. هەر سەبارەت بەم مەسەلەیە دەبێ بزانین کە حەیدەر دوای مردنی ئوزون حەسەن (واتە لە ساڵی ١٤٧٨ ز = ٨٨٣ ك) بەرەبەرە پارێزگاری بنەماڵەی سەلتەنەتی(میزۆپۆتامیا — ئێران)ی لە دەست دا. چونکە شایەعقوب کە — وەك پێشتر باسکرا — لە پازدەی تەموزی ١٤٧٨ ز (= ٨٨٣ ك) خەلیلی برای لە دەسەڵات بەرکەنار کرد،[٣] هیچ دڵی بە کوڕی پووری (واتە حەیدەر) خۆش نەبوو کە لە ئەردەبیل دادەنیشت. بۆیە دەتوانم بڵێم کاتێ جلی تایبەتی قزلباش لەسەردەمی ژیانی ئوزون حەسەن ڕەواجی پەیداکرد لەوانەیە بەهۆی ئەوەوە بووبێت کە ناوبراو دژایەتی نەکردبێ، بەڵام یەعقوب بە تەواوی قەدەغەی کردبوو کە ژێر دەستانی ئەو کڵاوی حەیدەر لەسەر بکەن.[٤]

سەربردەی ئەم کڵاوە کە هەوراز و نشێوی زۆری بەخۆوە بینی بە ئاوێنەی مێژووی سەفەوی دەژمێردرێ. ئەوەتا ئەم کڵاوە دوای مەرگی حەیدەر (١٤٨٨ ز = ٨٨٣- ٨٩٤ ك) لە ڕەواج کەوت، بەڵام لەسەر دەستی شا ئیسماعیل و بەهۆی پێداگرتنی ئەوەوە سەر لە نوێ کەوتەوە

(١) تاريخ عالم آراي اميني، ص ١١٤b، هەروەها:

Houtum m- Schindler p. ١١٤ – ١١٥, karabacek s. ٨٨.

وە (بازرگانی ڤینیسیایی) بە ڕاگواستن لە (راموزیۆ) Ramusio ، بەرگی ٢، ل ٩١a:

I`vsanze love e di portar berretta rossa, et soprauanza quasi mezo braccio, una cosa, come sarebbe un zon, che dalla parte, che si mette in testa, viene a esser larga, ristringedosi tuttauia sino in cima, & e fatta co dodici pieghe , grosse come un dite.... (ئەمە گوزارشی سەرچاوەی هاوچەرخە)

(٢) Menzel

(٣) تاريخ عالم آراي اميني، ص b ٧٨.

(٤) Ross, p.٥-٧.



PDF 4 KURD

باو[1]. لەم ماوەیەدا ڕەواجی تا ئەو ڕادەیە بوو کە ڤینیسییەکان لە سەرەتای سەدەی شازدەهەم(سەدەی دەیەمی کۆچی) کاروان کاروان کوتاڵی سووریان لە ڕێگای (حەلەب)ەوە بۆ ئێران دەهێنا و بە سۆفییان (مەبەست لە سۆفی، شایە) دەفرۆشت.[2] بەڵام لەسەردەمی شاتەهماسب بەکارهێنانی ئەم کلاوە بەرەبەرە (دەوروبەری ساڵی ١٥٥٠ز = ٨٥٤ ك) لەلایەن قزلباشەکانەوە وازی لێهێنرا و سەرەنجام (لە سەدەی حەڤدەمی زاینی = یازدەمی کۆچی) تەنیا ئەو سۆفیانە لەسەریان دەکرد کە تەواو دڵسۆزی بنەماڵەی سەفەوی بوون.

## پێکهاتەکانی قزلباشان

قزلباشانی تورک نەژاد لە ساڵانی دوایی و لەسەردەمی سەڵتەنەتی پادشایانی مەزنی ئێران لە سەدەی شازدەهەمی زایینی (= دەیەمی کۆچی) بەنێوی دامەزرێنەرانی لەشکر و هەروەها خانەدانانی سوپایی حکومەتی نوێ پایە و دەسەڵاتێکی فراوانیان بەدەست هێنا بوو، تا ئەو کاتەی لە سەدەی حەڤدەهەمی زایینی (= یازدەمی کۆچی) شا عەباسی مەزن بە گێڕانەوەی پلە و پایەی ئێرانیانی ڕەسەن (تاجیك) یان غولامانی گورجی جۆرێك لە هاوسەنگی پەیدا کرد، کە بۆ پەرەسەندن و پێشکەوتنی ئەو سەردەمی ئێران کاریگەری دیاری هەبوو.

قزلباشەکان خۆیان بۆ سەر چەند هۆزێك دابەش دەبوون کە بنچە و ڕەچەلەکیان- بەشێکیان هەتا سەدەی پازدەمی زایینی (= نۆیەمی کۆچی)ش بە زۆری لێڵ و نادیار بوو. پێشەوای سەفەوی کە زۆربەی پەیڕەوانی لە سۆفیانی ئازاد و سەربەخۆ بوون نەك کەسانی وابەستەی خێڵ و هۆز، بۆ هۆزەکانی قزلباش لەلایەك وەك پێشەوا و ڕێبەری ڕوحانی وابوو، ئەمەش لەسەر بناغەی باوەڕی تازە کە لەلای شیعە توندڕەوەکان سەرەتا تایبەتمەندی کۆمەلایەتیشی هەبوو، لەلایەکی تریش لە ڕووی دنیاییەوە وەك سەرۆك وابوو بۆ ئەو هۆز و خێڵانەی کە لە ژێر فەرمانی دابوون. هەرچەندە لەسەردەمی شێخ حەیدەر پێکهاتەی ئەم هۆزانە کەمتر بەرچاو دەکەون، بەڵام لە ڕاستیدا هەبوونی ئەم پێکهاتانە لەو سەردەمەدا بە

(١) ترسێە (tercier) لەلاپەڕە (٧٦٥) بانگەشەی ئەوە دەکات کە ئەم کلاوە دوای سەرکەوتن بەسەر ئەلوەند و موراد واتە لەسەردەمی دوای ساڵی ١٥٠٣ ز (=٨٠٩ ك) ﴿هەڵبەتە ڕاستەکەی ٩٠٩ یە (و. ك)﴾ بڵاو بۆوە، بەڵام دەبێ ئەم مەسەلەیە بە گومانەوە وەربگیرێ.

(٢) Sanuto,VI, p. ٥٧.



تەواوی هەستی پێدەکرا. مێژوونووسی فەرمی ئەو سەردەمە لە باسی دیداری شا یەعقوب لەگەڵ حەیدەر لە تەورێزدا دەڵێ: شا یەعقوب لەگەڵ شێخانی ئەردەبیل ڕەفتاری شایستەی سوڵتانانی هەبوو، مەبەست لەم وشەی (سوڵتانانە) لێرەدا میرانی هۆز و خێڵەکانە[1].

لەبارەی ئەم هۆزانەی کە قزلباشەکانیان لێ پێکهاتبوو بە گشتی دەتوانین وەها بڵێین: لە نێو ئەمانە نەوەی دیلەکانی جەنگی ئەنادۆل کە لە ڕۆژگاری (تەیمور لەنگ) بە شەفاعەتی خواجەعەلی ئازاد کران و بەناوی (ڕۆملو) لە بەشێکی شاری ئەردەبیل جێنشین کرابوون پایەیەکی تایبەتیان هەبوو. ئەم تورکانە لە سەدەی شازدە و تەنانەت لە سەدەی حەڤدەمیش (= دەیەم و یازدەمی کۆچی) لەبەهێزترین هۆزەکانی قزلباش ئەژمار دەکران.

لەدوای ئەمە دێینە سەر خێڵی شاملو (کە فضل الله)ی مێژوونووسی ئەو سەردەمە (دواتر سەبارەت بەمە بە درێژی دەدوێین) ئەمانە بە "کۆمەڵێکی ناپاك لە ڕێگرانی چارەڕەش(!) دادەنێ. ناوی ئەم هۆزە بە ڕوونی ئاماژە بەڕەچەڵەکی (سوریایی) ئەوان دەکات (شام = سوریە). لەگەڵ ئەمەشدا دیلرە لەکۆتایی سەدەی پازدە(نۆیەمی کۆچی) لەوەرگاکانی خێڵی شاملو لە ئازەربایجان یان باشتر بڵێم زیاتر لە ناوچەی (تارم) بوو(٢). کەسێك بەناوی حوسێن بەگی لالا شاملو لە نزیکترین لایەنگیرانی شێخ حەیدەر و شا ئیسماعیل[3] ئەژمار دەکرا.

بەڵام هۆزی استاجلو کە لە ساڵی ١٤٨٨ ز(=٨٩٣ ك) بۆ یەکەمین جار ناوی لەو نێوانەدا دێت بنچەی بە تەواوی دیار نییە. وا دیارە ئەم هۆزە تورکمانە لەناوچەی ئەرزنجان نیشتەجێ ببوو کە لە ئەرمەنستانەوە نزیکترە[4]، بەڵام ئەگەری ئەوەش هەیە کە لە بنەڕەتدا یەکێ بووبن لە تیرەکانی هۆزی شاملو[5].

(١) تاریخ عالم آراي اميني، ص b ١٤٢.

(٢) Ross, p. ٨٥

(٣) تاریخ عالم آراي عباسي، ص ١٨.

(٤) هەمان سەرچاوە، ص ٢٠.

(٥) لە کتێبی (تاریخ عالم آراي امینی) لە لاپەڕە (a ١٥٤) دا هاتووە حەسەن ئاقای استاجلو کە لە کۆمەڵی میرانی شاملویە...

لە هەمان ئەو ماوانەدا لە کتێب و سەرچاوەکاندا لە قاجارەکانیش کەسانێك ناویان دەبرێت، یەکێ لە کەسانی ئەم هۆزە بەناوی قەراپیری بێگ فەرماندەی فەوجێك (بەتالیۆنێك)ی لەشکر بووە لە سەردەمی شێخ حەیدەر[1]. لەبارەی بنەچە و ڕەچەلەکی قاجارەکان کە بنەماڵەی دەسەڵاتداری قاجاریش لە نێو ئەمانەدا سەری هەڵدا، تا ئێستا دەستم بەسەرچاوەیەکی بڕوا پێکراو نەگەیشتووە.

ماوەیەك دوای ئەمە و بەهەر حاڵ پێش ساڵی ١٥٠٠ ز (=٩٠٥ — ٩٠٦ ك) لەبارەی هەردوو هۆزی (قەرەمانلو) و (ذوالقدر) ئاماژەمان لا دەست دەکەوێت[2]. لامان ڕوونە کە هۆزی (قەرەمانلو) لە ویلایەتێکی باشووری ئەنادۆل کە ناوی (قەرەمان)ە هاتووە و لەم بارەیەوە هیچ گومانێك لە ئارا دانییە. بەڵام لە میانەی توێژینەوەی وردتر لەبارەی (ذولقدر) دەرەنجامێکی وەهامان دەست دەکەوێت کە ئەم ناوە لە(دالغەدر) یان (تورقودلی)ی ناوچەی ئەلبستان وەرگیراوە کە لە ئاسیای بچوك بوو و لە ناوچەکانی سەر بە حکومەتی میسر و سوریا دەژمێردرا (بڕوانە نەخشەی ژمارە — ٤).

ئەو هۆزە قزلباشانەی کە ماون لەسەردەمی شا ئیسماعیلی دامەزرێنەری بنەماڵەی دەسەڵاتداری سەفەوی ناویان دێت. لە نێویاندا هۆزی (تەکەللو) هەیە (ناوی لە ناوچەی (تەککە)وە هاتووە کە دەکەوێتە ئاسیایی بچووك)، لەگەڵ ئەفشارەکان کە لە ئازەربایجانی باشوور و کەناری دەریاچەی ورمێ سۆراغ دەکران[3]. بەیاتەکان کە لە بنەڕەتدا لە (قەستمۆنی) بوون لە باکووری ئاسیایی بچووك[4] و هەتا ئەمڕۆش دێهاتی بەناوی (بەیات) لەوێ هەیە، هەروەها (وەرساق)ەکان کە لە ناوچە شاخاویەکانی کیلیکیە بون، ئیتر بەم شێوەیە.

زانیاری وردتر لەبارەی ئەم هۆزە تورکمانانە و ڕۆڵیان لە ژیانی سیاسی ئێران لە سەدەی شازدەمەوە (= دەیەمی کۆچی) تا ئێستا، کاتێ بەدەست دێت کە توێژینەوەی وردتر لەبارەی فۆلکلۆری ئەم هۆزانە ئەنجام بدرێت. هەر چۆنێك بێت سەبارەت بە گروپی شەڕکەری ژێر فەرمانی حەیدەر ئەوەی زیاتر جێگەی سەرنجە و بایەخێکی گرنگی هەیە بریتی بوو لەوابەستە بوونی لە ڕادەبەدەری ئەوان و ملکەچی ڕەهایان بۆ پیر و پێشەوای تەریقەت.

(١) أحسن التواريخ، ق ٩، ص b ١٥ ٦.

(٢) Ross ١٠, p.٣٦.

(٣) Nikitine p.٦٨ f.

(٤) Gordlevskij,p.٧. (پەراوێزی ژمارە — ٣)



## یەکەمین هەڵمەتەکانی حەیدەر

کاری چەکداربوونی حەیدەر و کۆکردنەوەی شەڕکەرانی ڕێگای تەریقەت کە جلێکی یەك شێوەیان هەبوو لە ساڵی ١٤٨٣ ز(=٨٨٨ ك) — کە تازە ئەو بیست و دوو ساڵ تەمەنی هەبوو— گەیشتە ئەو ئاستەی کەبتوانێ یەکەمین هەڵمەتەکانی خۆی لە دژی چەرکەسانی مەسیحی دەست پێ بکات. لەمەشدا ئەو بە ڕێچکەی باوکی خۆیدا ڕۆیشت، بەجۆرێ دەتوانین بڵێین کە ئەو لەم کارەدا زیاتر مەبەستی دەستکەوتنی تاڵان بوو بۆ ئەوەی لەم ڕێگایەوە ژمارەی لایەنگرانی خۆی زیاد بکات و بتوانێ پاداشتی هەوادارانی خۆی بکات، وەدیارە ئەو نیازی وڵاتگیری و فتوحات نەبوو.

ڕێگایەك کە بۆ وڵاتی چەرکەسان — کە دەکەوێتە باکووری قەفقاس — دەچێ بە ناچاری بەدەربەندێکی قایمدا تێدەپەڕێ. ئەم ڕێگایە بە درێژایی کەناری ڕۆژئاوای دەریای خەزەر دەکشێ، دەربەندەکە دەکەوێتە شوێنێك کە لەوێ شاخێك ئەوەندە لە کەنار نزیکە کە تەنیا ڕێڕەوێکی تەسکی بۆ تێپەڕبوون هێشتۆتەوە. بۆیە ئەم دەربەندە کە داگیرکردنی زۆر ئەستەمە ناوی "دەروازەی ئاسنین — بە تورکی: دمیر قاپی"ی لێنراوە. بۆ گەیشتن بە داغستان حەیدەر پێویستی بەڕەزامەندی و مۆڵەتی فەرمانڕەوای ئەم وڵاتە واتە شێروانشا بوو. ئەم مۆڵەتەش — دیار بوو بە نادڵی — بە ئەو درا چونکە حەیدەر ئەم جارە فەرمانی شا یەعقوبی پێ بوو[1].

هەندێ لە هۆزەکانی چەرکەس لەگەڵ بیستنی هەواڵی بزاوتنی شێخ حەیدەر ویستیان پاشەکشە بکەن، بەڵام ئەوانی تر ئامادەی بەرگری کردن بوون، لە ئەنجامدا شەڕێك ڕوویدا کە بەسەر کەوتنی تەواوی حەیدەر کۆتایی هات. ئەم سەرکەوتنەش ناوبراوی هێنایە سەر بیری ئەوەی کە بە سوود وەرگرتن لە شوێنەکەی هێرش بکاتە سەر شێروانشاه (فەرخ یەسار) و تۆڵەی خوێنی باوکی بکاتەوە. بەڵام سۆفیان پۆزشی ئەوەیان هێنایەوە کە قزلباشەکان پێویستیان بە ماوەیەك پشوودانە، هەروەها بۆ جەنگێکی وەها دەبێ باشتر خۆ چەکدار و ئامادە بکەن[2].

(١) تاريخ عالم آراي اميني، ص b ١٤١.

(٢) احسن التواريخ، ق ٩، ص a ١٥٥.



PDF 4 KURD

شێخ حەیدەر ئەم پێشنیازەی پەسند کرد و ئیتر "سەرۆکی کۆمەڵی زاهیدان"[(١)] لایەنگیرانی خۆی لە پاییزی ساڵی ١٤٨٣ز (= ٨٨٨ ك) بۆ ئەردەبیل گێڕایەوە دواوە. لەکاتی گەڕانەوە لە یەکەم لەشکرکێشی خۆی و تێپەڕبوون بە خاکی شێرواندا، شێخ حەیدەر سوودی لەو دەرفەتە وەرگرت و پشتگیری کرد لە مافی خاوەندارێتی نەوەکانی شێخ زاهیدی گەیلان ی- کە مامۆستای سەفی باپیری بوو — لەو زەوییانەی کە بە میرات بۆیان مابۆوە. ئەوە بوو لە مانگی ئابی ١٤٨٣ ز (= ٨٨٨ك) بەدەستی خۆی سەنەدێکی بۆ ئەم مەبەستە نووسی کە دەقەکەی بۆمان بەجێ ماوە[(٢)]. لەم سەنەدەدا ئەو بەشەی زۆر جێگەی سەرنجە ئەوەیە کە تیایدا هاتووە: "... پێویستە سەرداران و عامیلان[(٣)] و موغانەکان بە پێی ئەم ناوەرۆکە دان بنێن (واتە بە مولکداریەتی نەوەی شێخ زاهید) و سەرپەرشتی و چاودێری کردن لە شێخ زادەی مەزن بە ئەرك و پێویست بناسن و لەمەدا کەم تەرخەمی نەنوێنن"[(٤)] توغرا (واتە مۆر)ی حەیدەریش لە دامێنی ئەم سەنەدەدا بەرچاوە دەکەوێت. ئەم سەنەدە ئەگەر ساختە نەبێ، ئەم مەسەلەیە شایستەی تێڕامانە کە شێخ تیایدا فەرمان دەکا بە خاوەن پایەکانی حکومەتی و بەرپرسانی باج، لەم خاڵەدا وەها دەردەکەوێ کە ئەو لە ساڵی ١٤٨٣ ز (= ٨٨٨ك) لە باشووری شێروان یان خاوەن دەسەڵات بووە یان بەلایەنی کەم بۆ خۆی وەها بانگەشەیەکی کردووە.

شێخ حەیدەر ئەم دەستکەوت و تاڵانەی کە لەگەڵ خۆیدا هێنابوویەوە لە ئەردەبیل بەسەر خەڵکیدا دابەشی کرد، لە نێو ئەم تاڵانیەدا ژمارەیەك کەنیزە و غولامی ڕوخسار جوانی چەرکەسیش هەبوون. لە هەمان کاتدا فەرمانی دایە قزلباشان کە هەموو ئەو دەستکەوتانەی چنگیان کەوتووە بۆ ئامادەکردنی چەك و کەرەستەی جەنگ سەرفی بکەن. بەشێکی ئەم دەستکەوتانەش بۆ پاراستنی دۆستایەتی و بەرژەوەندخوازی، بۆ لای شایەعقوب بۆ تەورێز ڕەوانە کرا[(٥)].

---

(١) بازرگانی ڤینیسی، ل ١٨٥.

(٢) سلسلة النسب صفوية، ص ١٠٣ و ١٠٤.

(٣) واتە مەئمورانی دیاریکردنی باج.

(٤) ئەم بەشە وەکو خۆی لەکتێبی سلسله النسب صفويه، ص ١٠٤ راگوێزراوە (و.ف).

(٥) تاريخ عالم آراي اميني، ص ١٤٢a.



لە بەهاری ساڵی ١٤٨٧ ز[(١)] (٨٩٢ ك)یش دیسان حەیدەر لە هەمان ڕێگاوە لەشکرکێشی کرد و هەمان دەرەنجامی هەبوو. ئەم سەرکەوتنانەو لەگەڵیشیدا دەستکراوەیی ئەو (بۆ نموونە ناوبراو لە هیچ دێهاتێك باجی زەوی داوا نەکرد) بووە هۆی ئەوەی کە ناو و دەنگ و شان و شکۆی تا ئەو ئاستە بەرز بێتەوە کە باوەڕداران و شەڕکەران لەهەموو شوێنێ بێنە ژێر ئاڵای ئەو.

بەڵام هەموو ئەمانە دووبارە بوونە جێگەی بەدگومانی فەرمانڕەوای وڵات و لەو فراوان بوونی دەسەڵات و قەڵەمڕەوی حکومەتی مەزهەبی ئەردەبیل مەترسی پەیدا بوو. لە یەکێ لەدانیشتنەکانی دەرباری سوڵتان یەعقوب دەستدرێژیەکانی حەیدەر خرایە بەر باس و ڕاستەو خۆ فەرمان درا کە حەیدەر بە پەلە لە تەورێز ئامادە بێ.

شێخ بە کۆنە جلی دەروێشی و کڵاوی چلکن لەسەر، لەگەڵ دوو یان سێ کەس لە پەیڕەوانی خۆی لەسەرەتای مایسی ١٤٨٧ ز (= ٨٩٢ ك) گەیشتە پایتەخت و لە تەکیەیەك دانیشت کە شا حوسێنی جەلایری (١٣٥٧ — ١٣٨٢ز)[(٢)] ئێلخانی لەوێ دروستی کردبوو. میران و پایەدارانی ئاق قۆیونلۆ لەوێ چوونە لای شێخ تا دوعای خێریان بۆ بکات، هەتا خودی سوڵتانیش بەدیداری ئەو گەیشت. ڕۆژی دواتر سوڵتان میوانداری لە حەیدەر کرد و گفتوگۆی گرنگ لە نێوان هەردوولا دەستی پێکرد. پیاوانی دەربار لەو باوەڕە دابوون کە دەبێ شێخ واز لە لەشکرکێشی کردن بێنێ و هەروەها لە ئەردەبیلیش دوور بخرێتەوە، بەڵکو لەمەش زیاتر دەبێ پەیوەندیەکانی قەدغە بکرێ لەگەڵ خەلیفەکانی، کە ڕێبەرانی "کۆمەڵی ناوچەیی" سەفەوی بوون لە ئاسیای بچووك، بە بێ ئەم هەنگاوانە مەترسی سەرهەڵدان و ڕاپەڕینێکی مەزن لە ئارادایە.

هەرچەندە یەعقوب نەیدەویست لەگەڵ خزمی خۆی تا ئەو ڕادەیە توند بێ، بەڵام بە هەر شێوەیەك بێ حەیدەری ناچار کرد کە دەبێ تەواو گوێڕایەڵی ناوبراو بکات و سوێندی وەفاداری بۆ بخوات، قورئانی هێنا و سەفیەدین عیساش — کە پیاوێکی ڕوحانی و قازی قازیەکان بوو — لە مەراسیمی سوێند خواردنی حەیدەر بوو بە شایەد[(٣)]. دوای ئەم ڕووداوە حەیدەر مۆڵەتی لە شا وەرگرت و بێ دواکەوتن و لەوانەشە بەهەستێکی

---

(١) احسن التواريخ، ق ٩، ص b ١٥٥، تاريخ عالم آراي اميني، ص ١٤٢b.

(٢) ٧٥٨ — ٧٨٣ — ٧٨٤ ك (و.ف).

(٣) تاريخ عالم آراي اميني، ص b ١٤٢ — a ١٤٣ و هەروەها: ص a ١٦٨.



PDF 4 KURD

ئارامەوە گەڕایەوە ئەردەبیل. ماوەیەك دواتر (حەڤدەی تەموزی ١٤٨٧ز)[1] لە ئەردەبیل شازادە خانم مارتا دووەمین کوڕی لە حەیدەر بوو، ئەم کوڕەش ئیسماعیل بوو کە دواتر دەبێتە دامەزرێنەری دەسەڵاتی سەفەوی.

لەم ماوەیەدا یەعقوب (لە هەژدەی مانگی مایس) بۆ ئۆردوگای هاوینەی (سەهەند) بەڕێ کەوت، لە کۆتایی ئابی ١٤٨٧ز (= ٨٩٢ ك) لە ڕێگای گەڕانەوەی بۆ پایتەختی خۆی لە (ئۆجان) خۆی دواخست و هەر لەوێ لەلایەن داروغەی[2] تەوریز لە بڵاوبوونەوەی پەتای تاعون لەم وڵاتەدا ئاگادارکراوە[3]. لە ئەنجامدا شا پەنای بۆ (سەراە)[4] و ئەردەبیل برد، سەبارەت بەوەی کە ئایا ناوبراو لە ئەردەبیل بە شێخ حەیدەر گەیشتووە (فچل اللە)ی مێژوونووسی دەربار هیچ هەواڵێکمان پێ نادات.

کاتێ کە هەواڵی هاتنی پەتای تاعون بۆ پایتەختی ئاق قۆیونلۆ پشت ڕاست کرایەوە، سولتان یەعقوب لەلای باشوورەوە بە ئاراستەی (قوم) ڕووی وەرگێڕا و لە کۆتایی ئەیلولی ١٤٨٧ ز (= ٨٩٢ ك) گەیشتە ئەوێ و لەوێشەوە بۆ ئەسفەهان ڕۆیشت. لەچواری کانوونی یەکەم بە هەمان ڕێگادا گەڕایەوە و لە (قوم) گەرمێنیان کرد[5].

## ڕاپەڕینی حەیدەر

شازادە خانم خەدیجە بێگم کە پلکی(پووری) سولتان یەعقوب بوو، لە سەرەتای ساڵی ١٤٨٨ ز (=٨٩٣ ك) لە ئەردەبیلەوە بەرەو شاری قوم — کە زیارەتگای شیعیان بوو — ڕۆیشت و چووە حەرەمسەرای سولتان تا مۆڵەتی لەشکرکێشیەکی نوێ بۆ سەر چەرکسان بۆ حەیدەری کوڕی وەرگرێ. یەعقوب کە بە سوێندی کوڕی پلکی دڵخۆش ببوو، فەرمانی بۆ (فەرخ یەسار)ی شێروانشا- کە خەزووری بوو- نووسی تا لەم "جیهاد"ـە کۆمەکی حەیدەر بکات.

(١) ٨٩٢ ك (و.ف).

(٢) دارۆغە بەوالی دەگوترا. بڕوانە: نوری عبدالحمید العانی، العراق فی العهد الجلائری، بغداد ١٩٨٦، ص ٩١. (و.ك)

(٣) تاریخ عالم آرای امینی، ص b ١٢١.

(٤) ئەمڕۆ پێی دەگوترێ (سەراب). (و.ف) بە کوردیش (سەراو)ـە (و.ك)

(٥) تاریخ عالم آرای امینی، ص a ١٢٢ و b ١٣٠.



هەر کە خوشکی ئوزون حەسەن بەم هەواڵەوە گەیشتەوە ئەردەبیل شێخ حەیدەر بێ کات بە فێڕۆدان دەزگای هەواڵگری سەفەوی بزواند کە لە باپیرانی خۆیەوە بۆی مابۆوە. ئەم دەزگایە چاك ئامادە کراوە توانی هەموو تەگەرەکان ببەزێنێ بێ ئەوەی ببینرێ و لە نێوان دووری سەدەها فەرسەخ[1] بێ هیچ کێشەیەك پەیوەندی دروست بکات. لە ئەنجامدا ڕۆژ دوای ڕۆژ خەلیفەکانی شێخ حەیدەر بە لایەنگیرانیانەوە بەتایبەتی لە ناوچەکانی تالش (لە کەناری دەریای خەزەر) و قەرەباغ ( لە قەفقاز) پەیوەندیان پێوە کرد[2].

دوای ئەوەی شێخ لە ڕووباری (کوڕ — الکر) پەڕییەوە ڕووی کردە (مەحمود ئاباد) کە دەکەوێتە دەشتی (موغان) کە نۆ ساڵ بەر لەمە (کانوونی دووەمی ١٤٦٩ ز = ٨٧٣ ك) لەوێ شایەدی سەرکەوتنی ئۆزۆن حەسەنی باپیری بوو بەسەر ئەبو سەعیدی تەیموری. کاتێ دانیشتوانی ئەم ناوچەیە لە بەرامبەر شالاوی قزلباشان بەرگریان کرد، حەیدەر لەوێ جۆگەئاسا خوێنی ڕێشت[3].

لە هەمان ئەوکاتەدا حەیدەر نێردراوێکی بۆ لای شێروانشا هەنارد و پێی ڕاگەیاند کە ئەو لە جیهاد دایە لەگەڵ چەرکەسان و داوای لێکرد بە پێی فەرمانی سولتان یەعقوب ڕێگای بدا دووبارە بە (دەربەند)دا تێپەڕێ. شێخ لە هەناردنی ئەم نێردراوە زیاتر مەبەستی ئەوە بوو کە بزانێ شێروان شا بە گشتی لە چ بارێکدایە و بەتایبەتی لە توانای سەربازی ئەو ئاگادار بێ. لەبەر ئەوەی لەم ماوەیەدا ئاشتی و ئارامی لەم ناوچەیە بەرقەرار بوو، لەشکریانی فەرخ یەسار پەرتەوازە ببوون، شێروانشاش جگە لە چەند کەسێك لە میران و پیاوانی دەربار کەسی تری لەگەڵدا نەمابۆوە.

کاتێ سیخوری حەیدەر گەیشتە (شەماخی) پایتەختی شێروان، شێروانشا ئاهەنگی هاوسەرگیری هەندێ لە کوڕانی دەگێڕا، ناوبراو نوێنەری حەیدەری بەڕێز و حورمەتێکی زۆرەوە پێشوازی کرد و خەلات و ئەسپ و چەکی بەدیاری پێ بەخشی، ئینجا لەگەڵ یەکێ لە خەڵکی

(١) فەرسەخ نزیکەی شەش کیلۆمەترە، بڕوانە: فالتر هنتس، المکاییل والاوزان الاسلامیة و ما یعادلها فی النظام المتري، ت: کامل العسلي، ط ١، عمان ١٩٧٠ (و.ك).

(٢) تاریخ عالم آرای امینی، ص b ١٤٣.

(٣) احسن التواریخ، ق ٩، ص a ١٥٦.

شێروان هەناردیەوە بۆ لای شێخ. بەم زەمینـە خوشـکردنە حەیـدەر تێگەیـشت کـە بـاوردۆخ یارمەتیدەرە بۆ هێرش کردنە سەر شێروان. بۆیە بە سـووکایەتی و بـێ ڕێـزی ڕەفتـاری لەگـەڵ نوێنەری (فەرخ یەسار) دا کرد و فەرمانی پێدا کە بە گەورەکەی خۆی بڵێ: شـێخ حەیـدەر بـۆ وەرگرتنەوەی تۆڵەی خوێنی باوکی هاتۆتە ئەم وڵاتە. تەنانەت بـە وردی بـەرواری ئەوڕۆژەشـی دیاری کرد کە بڕیار بوو تیایدا بگاتە (شەماخی)[١].

بەڵام لەبەر ئەوەی نێردراوی شێروانشای بە پیادە ڕەوان کردەوە، بۆیە تـەنیا چـەند ڕۆژێ بەر لەوادەی دیاری کراو گەیشتەوە پایتەختی شێروان، بێگومان پەیامەکـەی شـێخ جێگـەی نیگەرانی و پەرێشانی زۆر بـوو لـەوێ. بـەڵام چـونکە سـوپاهیان لەخزمـەت بوردرابـوون و ناوبانگی توندوتیژی و بوێری شێخیش لە هەموو شوێنێ بڵاو ببۆوە، بـە گـشتی بیریـان لـە ڕاکردن کردەوە. بەم شێوەیە (فەرخ یەسار) چارەی تری نەبینی جگە لەوەی بە زووترین کـات ماڵ و منداڵ و حەرەمسەرای خۆی بۆ گولستان — کە قەڵایەکی قایمی نزیك پایتەخت بوو — بنێرێ و خۆشی بەو ژمارە کەمەی سەربازان بەرگری لە شوورەکانی شار بکـا. ڕاسـت وەکـو ئەوەی کە ماوەیەك بەر لە ئێستا (کالویوانس) لە تەرابزۆن لە هەمبەر هێرشی شێخ جونەیـد بەرگری کردبوو. بە کورتی دوای یەك ڕۆژ دەشتی دەوروبەری (شـەماخی) شـەپۆلی دەدا لـە سۆفیانی سەفەوی، کە لەسەر جلە شینەکانی دەروێشیی خۆیـان زرێیـان پۆشـیبوو و کـڵاوی ڕەنگی سپی و سووریان لەسەر نابوو[٢].

شێروانشا بێ هودە هەوڵیدا ڕێگای قەڵای گولستان ببەستێ بۆ دواخـستنی دوژمـن، بـەڵام لەلایەن حەیدەرەوە بۆ ناو قەڵاکە ڕاوەدوونرا، لەکاتێکدا خەڵکی شـار کـە لـە نێـو ئاگرەکـەدا بوون، لەلایەن قزلباشانەوە بێ درێغـی بـەدەمی شـشێر داهێنـران و دڕندایـەتی بـێ ژماریـان لەهەمبەردا ئەنجام درا[٣].

## هەڵوێستی سولتان یەعقوب

(١) تاريخ عالم آراي اميني، ص a ١٤٤.

(٢) هەمان سەرچاوە، ص b و a ١٤٥.

(٣) هەمان سەرچاوە، صbو a ١٤٥.



شێخ حەیدەر ئیتر ئابلۆقەی قەڵای گولستانی دا، نـاوی ئـەم ناوچـەیە بـۆ ئێـران ئـەمڕۆش یادگاریەکی ناخۆشی هەیە، لەبەر ئەوەی هـەر لـە هـەمان ئـەو شـوێنەدا لـە سـاڵی ١٨١٣ز (=١٢٢٩ك) پەیماننامەیەك لە نێوان ڕوسیا و ئێران بەسترا کەلە ئەنجامدا ئەمەی دوایـی ناچـار بوو دەست لە ڕووبەرێکی فراوانی خاکی خۆی هەڵبگرێ.

شێخ تۆپەکانی خستە کار و هەروەها مەنجەنیق و ئامێرەکانی تری ئابلۆقەدانی بـەکارهێنا. لەم پەرێشانییەدا شێروانشا کەسێکی بۆ لای سوڵتان یەعقوب هەنارد و داوای کۆمەکی لێکرد. نووسراوی شێروانشا لە (گوزەل دەرە) کـە دەکەوێتـە نزیکـی شـاری قـوم، بەدەسـتی سـولتان یەعقوب گەیشت، ئەویش بڕیاری دا لە دژی خزمە یاخییەکەی خۆی دەست بەکار بێ. یەکسەر بەشێکی لەشکری بەناوی پێش قەرەول بەسەرکردایەتی (وەلی ئاقا) ئیشك ئاغاسی هەنارد کـە لە ڕێگای سولتانیەوە بۆ ئەردەبیل کەوتە جووڵە[١].

کاتێ کە شا لە حەفتی حوزەیرانی ١٤٨٨ ز (= ٨٩٣ ك) گەیشتە ئەم جێگایە، حـوکمڕانی ناوچەکە کە ناوی (عومەر بێگی چاکرلو) بوو هاتە لای تورکمانانی ئاق قۆینلـۆو لـە دەرفـەت سوودیان وەرگرت و کەوتنە کۆکردنـەوەی ئالیـك لـە کێڵگـە بـە پیتـەکانی ئـەردەبیل، بـەڵام یەعقوب فەرمانیدا کە هەموو زیانەکانی لەم جۆرەلە پارەی تایبەتی خۆی قەرەبوو بکاتـەوە[٢]. ئەو خۆشی وەك ئەبوسەعید و ئۆزۆن حەسەنی باوکی لە بارەگای سەفەوی دانیشت، کـە تیایـدا خەدیجە و مارتای کچی (واتە کچی ئوزون حەسەن — وەرگێـڕی کـوردی) سەرپەرشـتی کـوڕانی شێخ، (واتا عەلی و ئیسماعیل و ئیبراهیم)یان دەکرد.

کەمێك دوای ئەمە یەعقوب لە ڕێگـاتی پـەردەدارێکی تایبـەتی خۆیـەوە ئاگـادارکرا کـە حەیدەر لە هەواڵی نزیك بوونی ئاق قۆیونلۆ ترساوە و وێرانەکانی شەماخی بە سـووتاوی بـەجێ هێشتووە بۆ ئەوەی لە ڕێگای دەربەندەوە بۆ ناوچـە چـەرکەس نـشینەکان ڕابکـات. ئـیتر شـا یەعقوب بێ دواکەوتن لە ئەردەبیل بەڕێ کەوت، کاتێ کە ماوەی یـەك ڕۆژەڕێ لـە ئـەردەبیل دوور کەوتبۆوە نووسەری تایبەتی شێروانشا هاتە نێو ئۆردوگای لەشکری یەعقوب.

لەم کەین و بەینەدا ڕووداوی ئابلۆقەی گولستان بە کوێ گەیشتبوو؟ لـەم بارەیـەوە گوزارشـی نووسەری فەرمی شێروان واتە (شرف الدين حوسێن) کە خۆش بەختانە (فضل الله)ی مێژوونووسی

(١) هەمان سەرچاوە، ص a ١٤٦ —b ١٤٧.

(٢) هەمان سەرچاوە، ص a ١٤٨.

دەرباری ئاق قۆیونلۆ لە کتێبەکەی خۆیدا ڕایگواستووە، زۆر بە چاکی لە ڕاستی مەسەلەکە ئاگادارمان دەکاتەوە. ئەگەر ئەم زانایە بە جەرگ و بەڕێزە دڵسۆزییەکی ڕەهای بۆ میری خۆی نەبوایە، ئێمە هەرگیز ڕاستی ئەم ڕووداوانەمان نەدەزانی کە لە ناوچە دوورە دەستەکانی قەفقاس ڕوویان داو کاریگەر و دەرەنجامیان تا ڕۆژگاری ئێمەش دیارە. بە یارمەتی ئەم پیاوە زانایە دەتوانم خۆم لە نزیکەوە بە تەماشاکەر و شایەدی ئەم ڕووداوانە بزانم و پێشینە و هەلومەرجێ کە بوونەهۆی هاتنە سەرکاری دەوڵەتی بەهێزی سەفەوی بە چاکی تێ بگەم.

لەوکاتەی کە حەیدەر ئەلقەی گەمارۆی خستبووە سەر قەڵای گولستان، فەرماندەکانی تیپەکانی لەشکری شێروانی لە دەوروبەر هاتنەوە و کۆبوونەوە تا بەهێزی زیاتر ڕوبەڕووی شێخ ببنەوە. بەڵام چونکە لەم شەڕەدا سەروکاریان لەگەڵ پیاوێکی ڕوحانی بوو، بەر لە هەڵمەت بردن ڕەزامەندی زانایانی شێروانیان بۆ ئەم کارە بەدەست هێنا. لە ڕێی سیخورێکیشەوە شێروانشای ئابلۆقەدراو لە کۆبوونەوەی لەشکر و هەروەها بەرواری وردی دەست بەکاربوون ئاگادار کرایەوە[١].

لێرەدا دووبارە لێهاتوویی دەزگای هەواڵگری و سیخوری سەفەوی بەدیار دەکەوێت، چونکە ئەم سیخورە بە دیلی کەوتە دەست کەسانی ژێر فەرمانی حەیدەر و ئەوانی لە مەسەلەکە ئاگادار کردەوە. لە ئەنجامدا حەیدەر بێ کات بە فیڕۆدان بڕیاری دا بە شێوەیەکی کاتی دەست لە قەڵای گوڵستان بکێشێتەوە و بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەم لەشکرە ڕزگارکەرە بڕوات.

شێروانشا ئەم ڕووداوەی بە ترسانی دوژمنەکەی لێکدایەوە و هەڵخەڵەتا لە گوڵستان بچێتە دەرەوە و بە دوای دوژمنی بکەوێت. بەڵام لە نیوەی ڕێگا ئەم هەواڵە ناخۆشەی پێ گەیشت کە حەیدەر لەشکرێکی شێروانی تەفروتونا کردووە کە بۆ ڕزگارکردنی ئەو هاتبوو ئنجا بۆ سوتاندنی قەڵای گوڵستان گەڕاوەتەوە. لەهەمبەر ئەمەدا (فەرخ یەسار) چارەی تری نەدی جگە لەوەی کە بە خێرایی بەرەو قەڵای (سەڵوت) بڕوات کە لەم ناوە بوو[٢].

سەرەڕای ئەمەش ئەم لەشکرە ڕزگارکەرە تا ئەندازەیەك یارمەتی شێروانشای دابوو، چونکە ئەگەر حەیدەر دەستی لەسەر گوڵستان هەڵنەگرتبا ناوبراو نەیدەتوانی بە زیندوویی لەوێ ڕزگاری بێ. ئەگەر ئابلۆقەکە زیاتر درێژەی کێشابا بێگومان شێروانشا دەکەوتە چنگی دوژمنی. حەیدەر کە لە گەرمەی شادمانی سەرکەوتنی بەسەر لەشکریانی شێروان دابوو,

(١) هەمان سەرچاوە، صb ١٤٨.

[٢] هەمان سەرچاوە، ص a ١٤٩.



لەناکاو هەواڵی بۆ هات کە سوڵتان یەعقوب لەسەرووی هێزەکانی ئاق قۆیونلۆ بۆ شەڕی ئەو ئامادەیە. لەم بارەدا ئیتر مەسەلەی گرتنی گوڵستان کارێکی بێ هودە بوو, تەنها ڕێگا چارە ئەوە بوو کە لەلای باکوور لە ڕێی دەربەند و ئەیالەتی تەبەرسەران بۆ ڕێی دەرباز بوون بگەڕێ.

هەرچی گوتمان تا ئێرە گوزارشی نووسەری فەرمی سولتان یەعقوب واتە شرف الدين حسين بوو[١]. بەڵام چونکە حەیدەر لە ساڵی پێشوو (١٤٨٧ ز = ٨٩٢ ك) وەك هێرشبەر بەدەربەنددا هاتبوو بۆیە هێزە پاسەوانەکانی ئەم ناوچەیە ڕێگری پەڕینەوەی شێخ بوون[٢]. لە ئەنجامدا شێخ هەڵمەتی بردە سەر هێزەکانی دەربەند و لەماوەی چەند ڕۆژێك بەشی هەرە زۆری قوڵلە و شوورەکانی شاریان وێران کرد و خەڵکەکەشیان لەنێو برد. لەکاتی ئەم شەڕانەدا شێخ لە ڕێی یەکێ لە فەرماندەکانی خۆی کە ناوی (قەرەپیری بەگ) بوو و لە هۆزی قاجار بوو، زانی کە لەشکرێکی بەهێزی تورکمانی — کە بەهۆی هێزەکانی گورجی پشت ئەستوور ببوو — لە ژێر فەرمانی میری مەزن سلێمان بەگ بێژەن ئۆغلۆ و شازادە ئیبراهیم کوڕی جیهانگیر (ئەمەی دوایی ماوەیەك دوای ئەم لەشکرکێشییە مرد) لە چواردەی حوزەیرانی ١٤٨٨ ز (=٨٩٣ ك) بەڕێ کەوتبوو. ئەم لەشکرە بەدرێژایی کێوی (ساوالان) تێپەڕی و لە ڕووباری (کوڕ — الكر) پەڕییەوە و گەیشتە خاکی وێرانی شێروان. لەوێش فەرخ یەسار — کە دوای ڕۆیشتنی حەیدەر لە قەڵای (سەڵوت) هاتبووە دەر — بە هێزەکانی خۆی هاتە پاڵ هێزەکانی تورکمان.[٣]

لەم هەلومەرجەدا بوو کە شێخ ناچار بوو لە دەربەند پاشەکشە بکات و لەلای باشوورەوە بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی دوژمنانی بڕوات کە بە خێرایی لێی نزیك دەبوونەوە.

## مەرگی حەیدەر

[١] لە لاپەڕەکانی پێشوو نووسەر دەڵێ ئەم کەسە نووسەر (منشی)ی شێروانشا بوو کەچی لێرەدا دەیکا بە نووسەری یەعقوب؟! (و.ك).

[٢] بازرگانی ڤینسی، ل ١٨٥.

(٣) تاريخ عالم آراي اميني، ص a ١٥٠ — b ١٥١، احسن التواريخ، ق ٩، ص b ١٥٦ بازرگانی ڤینیسی، ل ١٨٦.

ڕۆژی چوارشەممەی (٩)ی تەمووزی ١٤٨٨ ز(= ٨٩٣ ك) لە سنووری تەبەرسەران، لە دامێنی کێوی ئەلبورز نزیك گوندی (دەرتەنت) شەڕە چاوەڕوانکراوەکە ڕوویدا[١]. کە تیایدا قزلباشانی سەفەوی "شێر ئاسا جەنگان" و سێیەکی هێزە یەکگرتووەکانی تورکمان و شێروانیان بە یەکەوە لەناوبرد، خودی حەیدەریش سلێمان بێگی سەرکردەی لەشکری یەعقوبی — کە لە سەردەمی ئۆزۆن حەسەنەوە وەك پیاوێکی جەنگاوەرو داگیرکەری قەڵای بەدلیس لە کوردستان ناوبانگی هەبوو — بە وەشاندنی ڕمێك لەسەر زینەکەی فڕێدا خوارەوە، بەڵام ئەو بە توندی خۆی لە کوشتن پاراست. گوایا شێخیش پێشبینی مەرگی نزیکی خۆی کردبوو. لە ڕاستیشدا لە گەرمەی شەڕ تیرێکی وێل پێکای. لە ئەنجامدا شێخ لە ئەسپەکەی کەوتە خوارەوە و سۆفیان ئەویان لە نێو خۆدا گرت تا بیگەیەننە شوێنێکی ئارام، بەڵام بەشێکی پێشڕەوی هێزەکانی ئاق قۆیونلۆ ئەلقەی پاسەوانانی ئەویان شکاند و بەم شێوەیە حەیدەر کەوتە دەست دوژمنانی. عەلی ئاغاش کە دەرکەوانی سولتان یەعقوب بوو سەری شێخی لە لاشەی جودا کردەوە و بۆ لای میرانی تورکمانی برد. قزلباشان سەرەڕای بێ ئومێدی و دڵی پڕ داخیان لە شەڕدا بەردەوام بوون بە جۆرێك کە "هەرگیز هیچ لەشکرێ دوای مردنی سەرکردەکەی" بەم شێوەیە نەجەنگاوە، بەڵام ئیتر شەڕکردنی ئەمان نەیدەتوانی کاریکاتە سەر دەرەنجام و کۆتایی شەڕەکە.

لە کۆتاییدا میرەکانی تورکمان سەرکەوتنی خۆیان بە سوڵتان ڕاگەیاند و سەری (حەیدەر)یان بۆ لای ئەو هەنارد، ئەم سەرە لە بەرواری (١٦)ی تەموزی ١٤٨٨ ز(=٨٩٣ ك) گەیشتە ئەوێ. دوای ئەوەی گەڕایەوە پایتەخت بە فەرمانی یەعقوب کەللە سەری شێخی کوژراو لە سەرەتای مانگی ئاب بە کوچە و کۆڵانەکانی تەورێز گێڕدرا، ئینجا بە سوکایەتیەکی زۆرەوە لە شوێنێ هەلیانواسی. دواتریش کەسێك ئەم سەرەی برد و شاردیەوە تا ئەو کاتەی کوڕی حەیدەر واتە شا ئیسماعیلی دامەزرێنەری دەوڵەتی سەفەوی لە ساڵی ١٥٠٢ ز(=٩٠٧-٩٠٨ ك)[٢] بەسەرکەوتوویی چووە نێو پایتەختی ئاق قۆینلۆوە. ئەو کەسە کە سەرەکەی

(١) تاريخ عالم آراي اميني، ص a ١٥٢، ئەم سەرچاوەیە زیاتر جێگەی باوەڕترە لە (سلسله النسب صفويه) کە (٣)ی حوزەیران دادەنێ بۆ ئەم ڕووداوە (ص ٦٧).

(٢) ڕاستەکەی ساڵی ١٥٠١ بوو (و.ك).



شاردبۆوە و لە پەیڕەوانی سەفەوی بوو کەللە سەرەکەی هێنایە خزمەت شا ئیسماعیل و پاداشی شایستەی خۆی وەرگرت[١].

لاشەی حەیدەر لەلایەن قزلباشان بە ماتەمیەوە شورا و لە کفن گیرا و لە گوندی (ئەلفندیار) لە ناوچەی (دهکند) کە دەکەوێتە ویلایەتی تەبەرسەران نێژرا.[٢] کاتێ کە شا ئیسماعیل دوای نزیکەی (٢٢) ساڵ (١٥٠٩ ز = ٩٠٧-٩٠٨ ك) دووەمین لەشکرکێشی خۆی بۆ شێروان کرد لە تەبرسەران، فەرمانی دا گۆڕی باوکی هەڵدرێتەوە و پاشماوەکەی بۆ ئەردەبیل برد و لەوێ لە دەوروبەری (خیاو) لە ئارامگایەکی شکۆدار بە خاکی سپارد (بڕوانە وێنەکە لەپاشکۆ)[٣].

(١) احسن التواريخ، ق ٩، ص ١٥٧a، تاريخ عالم آراي اميني، ص bو a ١٥٧.

(٢) قاضي احمد قمي، خلاصة التواريخ، ص ١٨b (ئەم پەراوێزە لە کتێبەکە شوێنەکەی لە متن دیار نەبوو، بەڵام دەبێ لەوێ بێ. (و.ك)

(٣) تاريخ عالم آراي عباسي،ص١٦،احسن التواريخ، ق١٠، ص١٠٩، هەروەها: de Morgan I, PI. xlix

# (بەشی شەشەم)

## دوا ساڵەکانی حکومەتی ئاییینی ئەردەبیل

ئێدوارد براون دەنووسێ[1]: "هیچ شتێ ناتوانێ لە بارودۆخی سێ کوڕەکەی شێخ حەیدەر، کە لەو ساتە کەوتنە دەست دوژمنانی باوکیان — بێ ئومێدانەتر بێت". چونکە سولتان یەعقوب دەست بەجێ دوای سەرکەوتنی، بەشێکی تورکمانانی هەناردە ئەردەبیل، کەلەوێ سۆفیەکان پێشتر سولتان عەلی کوڕە گەورەی حەیدەریان بەجێنشینی باوکی دانابوو. بەڵام هەروەکو لە سەرچاوە مێژوویی فارسیەکانی ئەو سەردەمە باسکراوە ئەم سێ "شازادەیە" بە مارتا (عالەمشا بێگم)ی دایکیشیانەو لە پاییزی هەمان ساڵی ١٤٨٨ ز(=٨٩٣ك) نێردرانە ئەیالەتی فارس.

لەوێ سەرداری شیراز کەناوی (مەنسوور بێگ پرناك) بوو هەموانی وەرگرت و لە قەڵایەك زیندانی کردن کە دەکەوێتە (ئەستەخر)ی کۆنە شاری ساسانی. دوای چوار ساڵ و نیو ئینجا ئەم شازادە خانمە و کوڕەکانی توانیان لەم قەڵایە ڕزگاریان بێ[2].

## مەرگی سوڵتان یەعقوب

لە کۆتایی ساڵی ١٤٩٠ ز(=٨٩٥-٨٩٦ك) سوڵتان یەعقوب کە هێشتا نەگەیشتبووە تەمەنی سی ساڵی مرد، لەوکاتەدا کوڕانی شێخ نزیکەی دوو ساڵیان لە ئەستەخر بەسەر بردبوو.

(فضل اللە)ی مێژوونووسی دەرباری ئاق قۆیونلۆ دەنووسێ[3]: سوڵتان یەعقوب بە درێژایی دوازدە ساڵی سەڵتەنەتی خۆی هەمیشە لە نەخۆشی گران و ترسناك پارێزراو بوو، بەڵام هەوای قەرەباغ — کە لەوێ ناوبراو گەرمیانی کرد — زۆر خراپ و ناساز بوو بە جۆرێ کە لە هەر

(١) لەسەرچاوەی ناوبراو، جلد ٤، ص ٤٨.

(٢) تاريخ عالم آراي عباسي، ص ١٦، ١٧، احسن التواريخ، ق ٩، ص a ١٥٧،خواندمير،حبيب السير،جلد٣،ص٣٣٢-٣٣٣.

(٣) تاريخ عالم آراي اميني، ص b ٢٢٠ — a ٢٢٤.



ڕۆژێك ژمارەیەك لە سەربازانی گیانیان دەسپارد. سوڵتان یەعقوب لەبەر بێ هێزی و کەنەفتی ویستی بگەڕێتەوە تەوریز، بەڵام پیاوانی دەربار لەگەڵ ئەم کارەدا نەبوون. لە کاتی مەرگی (سەلجوق شابێگم)ی دایکیشی لە یەکی تشرینی دووەمی ١٤٨٩ز (=٨٩٤ك) ناوبراو تووشی نەخۆشی هاتبوو، بەڵام چارەسەری تەواوی کرا و بەهۆی ئارەقە کردنەوە شیفای بۆهات. بەڵام ئەم جارە ئیتر لە نەخۆشیدا بەهۆش خۆی نەهاتەوە و بەم جۆرە لە (٢٤)ی کانوونی یەکەمی ١٤٩٠ز (=٨٩٦ ك) لە (قەرەئاغچ) ماڵئاوایی لە ژیان کرد.

بەڵام گێڕانەوەی (بازرگانی ڤینیسی)[1] کە سەرچاوەکەی ئەو سەربردە دەماودەمانەیە کە لە ساڵی ١٥٠٩ ز(=٩١٤-٩١٥ك) باو بوون بە پێچەوانەی ئەمەی سەرەوەیە. بە پێی گوتەکانی ناوبراو ڕووداوەکە بەم شێوەیە بوو: یەعقوب کچی بازرگانێکی ئێرانی[2] کردبووە هاوسەری خۆی. ئەم ژنە کە بێ ئەندازە بە شەهوەت بوو، ئاشقی یەکێ لە خانەدانانی دەربار ببوو. بۆ ئەوەی بتوانێ بگاتە دڵبەرەکەی خۆی و ئەویش بگەیەنێتە تەختی سەڵتەنەت، سەودای ئەوەی لە کەللە بوو کە بە هەر جۆرێ بێ یەعقوب لە ڕێگای خۆی لابدات. دوای ئەوە مەبەستی خۆی بۆ دڵبەرەکەی ئاشکرا کرد کە دەیەوێ مێردەکەی (واتە یەعقوب) ژەهر خوارد بکات. یەعقوب کە کردبوویە نەریت لە ئاوی بۆن خۆش خۆی بشوات، جارێك لە سەعات چواری دوای نیوەڕۆ تا ڕۆژئاوا بوون لەگەڵ کوڕە هەشت یانۆ ساڵەکەی خۆی لە گەرماودا مایەوە. کاتێ کە لە گەرماو هاتە دەرەوە و بۆ ژوورەکانی ژنانی چو کە لە تەنیشت گەرماوەکە بوون، ژنی نارەسەنی بە کاسەیەکی زێڕینی پڕ لە ژەهر — کە لەم ماوەیەدا ئامادەی کردبوو — بۆ پێشوازی سوڵتان یەعقوب ڕۆیشت. ئەم ژنە بە چاکی دەیزانی کە شا دوای دەرچوونی لە گەرماو بە زۆری شتێکی بۆ نۆشین دەوێ. ئەم جارە کە ئەو ژنە خۆی بۆ ئەم نیازە خراپە ئامادە کردبوو لەهەموو جارێك زیاتر نازوسۆزی بەرامبەر یەعقوب پیشاندا. بەڵام چونکە بە تەواوی بەسەر خۆیدا زاڵ نەبوو، ڕەنگی دەموچاوی پەڕیبوو هەروەها شێوازی ڕەفتارکردنی نائاسایی بوو، بۆیە سوڵتان گومانی پەیدا کرد و فەرمانی دا کە خۆی لەو شەربەتە بنوشێ. ژنەکەش دەیزانی کە ئەگەر شەربەتەکەشی نەنۆشێ هەر دەکوژرێ، بۆیە چارەی نەما جگە لەوەی

(١) هاکلیۆت (Hakluyt) ل ١٨٣-١٨٤.

(٢) لە (ئانجیۆلیللۆی هەلبەستراو — pseudo – Angiolello ل ٩٩) ئەو ناوی "فەرمانڕەوای سان مۆترا" بوو، لەوانەیە مەبەستی لە سان مۆترا هەر (شەماخی) بێت، ئەو مەسەلەیەش لەگەڵ ئەم ڕاستییە یەکدەگرێتەوە کە یەعقوب زاوای شێروانشا خەلیل بوو.

فەرمانی شا جێبەجێ بکات. دوای ئەوەی ژنە نارەسەنەکە لەم شەربەتەی نۆشی پاشاوەکەی بە مێردەکەی دا و سوڵتان و کوڕەکەشی خواردیانەوە. ئەم ژەهرە ئەوەندە کوشندە بوو کە لە نیوە شەودا هەموویان مردن، رۆژی دواتر هەواڵی مەرگی ناکاوی پادشا و هاوسەرەکەی و کوڕەکەی لە هەموو شوێنێ بڵاو بۆوە.

تا ئێرە گوزارشی بازرگانی ڤینیسی بوو. ئەو کوڕەی یەعقوب کە لەوێ باسکرا ڕێی تێ ناچێ (بایسەنقەر) بێ کە لەو ماوەیەدا تەمەنی پێنج ساڵ بوو دواتریش بە شێوەیەکی کاتی بووە جێنشینی باوکی. هەروەها نابێ (موراد)یش بێ کە ئەو کاتە نۆ مانگە بوو. کوڕانی تری یەعقوبیش لە سەرچاوە فارسیەکاندا باس نەکراون. لەلایەکی تر سەلمێنراوە کە یەعقوب لە شازادە خانمی شێروانی کچێکی هەبوو بەناوی (تاجلوخانم) کە دواتر دەبێتە هاوسەری شا ئیسماعیل[1].

ئەم داستانی کوشتنەی سولتان یەعقوب تا چەند جێگەی باوەڕە، ئەو مەسەلەیەك نییە جێگەی باسی ئێمە بێ. سەرەڕای ئەمەش دەتوانین بڵێین لایەنی گەنجی و بەهێزی بەهرەی یەعقوب تا رادەیەك پالپشتی ئەم داستانە دەکەن. لە لایەکی تر هەرچەندە مێژوونووسی دەرباری ئاق قۆیونلۆ لە ڕووداوەکانەوە نزیك بوو، بەڵام مەسەلەیەکی حەتمیە کە ئەو لەو هەلومەرجەدا ناچار بوو یان مەبەستی بوو هەندێ ڕووداو بشارێتەوە، بۆیە ئاساییە کە گوزارشەکانی لەگەڵ ئەم ڕیواتە یەك نەگرێتەوە.

## نیگایەك بۆ سەردەمی سەڵتەنەتی یەعقوب

بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین سەردەمی سەلتەنەتی یەعقوب ئارام و زیاتر بریتی بوو لە بە هێزکردنی بناغەی حکومەت و کاروباری ناوخۆیی، بۆیە سنوورەکانیش بەبەراورد لەگەڵ سنوورەکانی کاتی مردنی ئوزون حەسەن فراوان نەببوون. تەنانەت باوکیشی کاتێ لە ژیاندا مابوو پێشبینی ئەوەی کردبوو کە تەخت و تاجەکەی بگاتە دەستی یەعقوب. بۆ نموونە لە شەڕی تەرجان (دوازدەی مانگی ئاب ١٤٧٣ز و ٨٧٨ ك)

(١) قاضي احمد قمي، خلاصة التواريخ، ص b ٦٦، ئەنجیو لیللۆی هەڵبەستراو، لە بڵاوکراوەی ئەنجومەنی ل ١٠٦، هەروەها پەراوێزی ژمارە (٣) لە لاپەڕە (٤٥)ی ئەم سەرچاوەیە:
Babinger, Marino Sanutos Tagebuch



کە ئوزون حەسەن بڕیاری ڕاکردنی دا و هەموو تەپڵخانەکان- کە هەبوونی ئەمانە لە رۆژهەڵات لە تایبەتمەندی میرەکان بوو- لە شەڕدا لە نێوچوون، تەنیا ئەو تەپلخانانە مانەوە کە هی یەعقوب بوون. ئەمەش نیشانەی ئەوەی دا بەدەستەوە کە یەعقوب لە دوا رۆژدا دەگاتە سەڵتەنەت[1].

لەبارەی کەسایەتی یەعقوب بەداخەوە بە پێچەوانەی ئوزون حەسەن وێنەیەکی ڕوون و وردمان لەبەردەستدا نییە، چونکە بەدرێژایی دوازدە ساڵی سەڵتەنەتی ئەو، هیچ ئەوروپاییەك پێی نەناوەتە مەملەکەتی ئەو. بەڵام سەرچاوە رۆژهەڵاتیەکان[2] ناوبراو بە کەسێکی ئەدەب دۆست و پەنای شاعیران دەژمێرن و دەڵێن زۆربەی زانایانی — کە نزیکەی هەموویان ئێرانی بوون — بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە هەروها دەڵێن ئەو هۆگر و وابەستەی شەراب نەبووە و تەمەنێکی بەخۆشی ڕابواردووە.

لەلایەنی سیاسیدا ڕاپەڕینی حەیدەر لە هەمبەر دەسەڵاتی ئەو بە گەورەترین هەڕەشە دادەنرا. سەرهەڵدانە ناوچەییەکان و هەروەها شاڵاوی مەمالیکی میسری (١٤٨٢ز = ٨٨٧ك) سەرکەوتووانە بەرپەرچ دایەوە[3]. یەعقوب لە ساڵی ١٤٧٩ ز (=٨٨٣-٨٨٤ ك) بۆ (کرمان) و لە ساڵانی ١٤٨٥ ز (= ٨٩٠ ك) و ١٤٨٦ ز (= ٨٩١ ك) و ١٤٨٩ ز (=٨٩٤ -٨٩٥ك) بۆ گورجستان، لە ساڵی ١٤٨٧ز (=٨٩٢-٨٩٣ ك) بۆ گەیلان و لە ساڵی ١٤٨٨ ز(=٨٩٣-٨٩٤ ك) بۆ مازندەران لەشکرکێشی کرد. لە ساڵی ١٤٨٧ز (=٨٩٢-٨٩٣ك) یش سەردانی مەککەی کرد. لەگەڵ ئەمانەشدا هەناردنی نوێنەران بۆ لای دەوڵەتە بیانییەکان (هیرات، قاهیرە، ئەستانبۆل) و پێشوازی کردن لە بالیۆزەکانی ئەوان، هەروەها بایەخدان بە هەناردن و وەرگرتنی نامەی فەرمی دەوڵەتی لە ڕووداو و تایبەتمەندییەکان سەردەمی دەسەڵاتی ئەو دەژمێردرا[4]. هەرچەندە تەورێز پایتەختی ئەو بوو بەڵام ئەو لە حوکمڕانیدا بایەخی تایبەتی بە مەڵبەندی ئێران دەدا. لەڕاستیدا مەرگی

(١) تاريخ عالم آراي اميني، ص a ٥٠.

(٢) منجم باشي، صحائف الاخبار، جلد ٣، ص ١٦٦.

(٣) Weli, Gustav,V,p.٣٤١.

(٤) تاريخ عالم آراي امينى، لاپەڕەی جۆراوجۆر.



PDF 4 KURD

یەعقوب بە سەرەتای سەردەمی لەناوچوونی دەسەڵاتی ئاق قۆیونلۆ دادەنرێ و بەڵکو ئەم لەناوچوونەشی خێراترکرد.

## بێ سەروبەری کاروباری سەڵتەنەت دوای مەرگی یەعقوب

دوای مەرگی یەعقوب تورکمانانی ئاق قۆیونلۆ بۆ دوو دەستە دابەش بوون: گروپێکیان ڕوویان کردە دوا کوڕی ئوزون حەسەن کە لەم ماوەیەدا لە ژیاندا بوو ،ئەم کوڕە کەناوی (مەسیح) بوو بیست و دوو ساڵ تەمەنی هەبوو. بەشەکەی تریان لە دەوری (بایسەنقەر)ی کوڕی یەعقوب گردبوونەوە. لەئەنجامدا ئەمەی دوای سەرکەوت و لەسەر تەخت دانیشت. (مەسیح)یش کوژرا و ڕۆستەمی نەوەی (دسپینا) کە هاریکاری ئەو بو لە قەڵای (النجق) زیندانی کرا. بەڵام بایسەنقەر لایەنگری زۆر نەبوو، سەرەنجام نەیارانی ئەو لە نێویشیاندا میر (ئیبەسولتان)ی زەبر بەدەست - کە دەبێ ناوی لە (ئای – بەگ) واتە (میری مانگ) وەرگیرابێ – ڕوویان کردە ڕۆستەم کە لەو گەورەتر بوو. میر ئیبە پاسەوانانی زیندانی ڕۆستەمی بۆ لای خۆی ڕاکێشا و لەئەنجامدا ڕۆستەم لە زیندان ڕایکرد و هەڵمەتی بۆ پایتەخت برد. لەنزیك (مەرەند) ڕووبەڕووبوونەوە لەنێوان هەردوو لەشکر ڕوویدا. سەربازانی بایسەنقەر پشتیان لەسەرکردەکەیان کرد و لە ئەنجامدا تێکشا و بۆ لای شێروانشای خەزووری و باوکی ژنی خۆی ڕۆیشت، لە کاتێکدا ڕۆستەم سەرکەوتووانە لە تەورێز لەسەر تەختی سەڵتەنەت دانیشت (١٤٩٢ز = ٨٩٧- ٨٩٨ ك)[1].

سەرەڕای ئەمەش سەڵتەنەت و حکومەتی ڕۆستەم لە هەڕەشەی بایسەنقەر بە دوور نەبوو. بۆیە مەزن و سەرکردەکانی ئاق قۆیونلۆ ئەنجومەنیان بەست و دەرەنجامی گفتوگۆ و ڕاوێژ ئەوەبوو کە لە هەموو هەنگاوێ باشتر ئەوەیە کە"شازادە"ی سەفەوی لە بەندی ئازاد بکرێت، تا بتوانن بەهاوکاری لایەنداران و پەیڕەوکارانی ئەو شەڕی بایسەنقەر شێروانشا بکەن. وردەکاری ئەم پلانە لەمەدا بوو کە ئەگەر سەفەویەکانی شەڕکەر بایسەنقەریان لە نێو برد، ئەوا میرانی ئاق قۆیونلۆ بەئامانجی خۆیان دەگەن. ئەگەر

(١) تاريخ عالم آراي عباسی، ص ١٧.



سەفەویەکان لەم شەڕەدا شکستیان خوارد، ئەوا لەم بارەشدا دیسان کار بە گوێرەی خواست و ئارەزووی دڵی ئاق قۆیونلۆ تەواو دەبێ[1].

## شێخ سوڵتان عەلی لە ئەستەخر دێتە دەرەوە

بەم شێوەیە لە بەهاری ساڵی ١٤٩٣ز (=٨٩٨ك) سوڵتان عەلی لەگەڵ دایکی و براکانی ئیسماعیل و ئیبراهیم بە شێوازێکی فەرمی هاتنە تەورێز و وەکو پادشایان جێگەی ڕێز و نەوازشی ڕۆستەم بوون. بە کۆمەکی موریدان و لایەنگران کە خێرا لە دەوری سوڵتان عەلی گردبوونەوە، ناوبراو توانی لەسەرووی لەشکرێك کە لە تورکمان و سۆفیان تێکەڵ بوو سەربازانی بایسەنقەر لە دوو شەڕدا بە تەواوی تێك بشکێنێ هاوکات لەگەڵ ئەمەدا ئاگری ئاشوبی سەرداری ئەسفەهان خامۆشکرا، ئیتر بەردەوامی سەڵتەنەتی ڕۆستەم زامن بوو[2].

هەر جارێك نەوەکانی ئوزون حەسەن لە ڕێی کۆمەکی سەربازی پەیڕەوکارانی سەفەوی بتوانن دەسەڵاتی خۆیان لە دەوڵەتی ئاق قۆیونلۆ بەهێز بکەن، ناچار ئەم دەرەنجامە دێتە کایەوە کە سەفەویان چاوەڕوانی کات و شوێنی گونجاو دەکەن تا حکومەت لەچنگی میرانی ئاق قۆیونلۆ دەربێنن و بگرنە دەست خۆیان. جونەید لە بەرامبەر یەکێ لە مێرە ناوچەییەکان (واتە شێروانشا خەلیل) توانای بەرگری نەبوو، حەیدەر بەئاسانی دەیتوانی ڕووبەڕووی کوڕی ئەو (واتە فەرخ یەسار) ببێتەوە و بەسەریدا زاڵبێ، بەڵام وای بە باش زانی کە لە بەرامبەر سوپای ئاق قۆیونلۆ نەرمی بنوێنێ. سوڵتان عەلی بەناوی هاوپەیمانی ڕۆستەم توانی بەنەبەردیەکانی خۆی بەردەوامی و مانەوەی حکومەتەکەی ئەو زامن بکات، بەڵام لە بەرامبەر ڕاژە زۆرەکانی بەخراپترین شێوە ناپاکی لەگەڵ کرا. سەرەنجام ئیسماعیل بوو کە توانی تەنیا بە پشت بەستن بە پەیڕەوکاران و لایەنگیرانی خۆی حکومەتی ڕوولەڕووخانی ئاق قۆیونلۆ لەناو ببات و لەسەر وێرانەی ئەو حکومەتێکی یەکگرتووی نیشتمانی ئێرانی دابمەزرێنێ.

## مەرگی سوڵتان عەلی

(١) هەمان سەرچاوە و لاپەڕە. منجم باشی، صحائف الاخبار، جلد ٣، ص ١٦٦، هەروەها:
Ross, E.D. The early years of Shah Ismail , ٨/٩

(٢) راس (Ross) لەسەرچاوەی ناوبراوی سەرەوە، ل ٩- ١٢.



PDF 4 KURD

سوڵتان عەلی سەرکەوتووانە گەڕایەوە تەوریز و رووبەڕووی پێشوازیی فەرمی ڕۆستەم بۆوە، دوای ئەمە دەرباری بەجێهێشت تا بەناونیشانی جێنشینی حەیدەری باوکی کاری ڕێنمایی کردن لەشاری مەزهەبی ئەردەبیل بە ئەستۆ بگرێ. لە ئەنجامدا جارێکی تر ئەم مەڵبەندە سەفەویە بووە ناوەندی ڕووداوی ئایینی و سیاسی و پەیڕەوان و موریدان کۆمەڵ کۆمەڵ ڕویان لە ئەردەبیل کرد و لە ڕاستیشدا هەر ئەمەش بووە جێگەی نیگەرانی ڕۆستەم.

ڕۆستەم بەهۆی نێردراوێکەوە داوای لە شێخ کرد کە لە کۆتایی پاییزی ١٤٩٣ ز (=٨٩٩ك) بێتە تەوریز. بە ڕواڵەت شێخ جێگەی پێشوازی و ڕێزی ڕۆستەم بوو، بەڵام لە ڕاستیدا بە تۆڕێك لە سیخوڕان دەورە درابوو تا ببنە ڕێگر لە بەردەم پەیوەندی کردنی بە سۆفیان و لایەنگیرانی خۆی[1].

کاتێ دەربارییان زستانیان لە شاری (خوی) دا بەسەربرد، پەیڕەوانی سوڵتان عەلی بە ڕێگای نهێنی پارە و کەل و پەلی جۆراوجۆری تریان بۆ پێشەوای خۆیان دەنارد. ئەم مەسەلەیەش دیارە لای ڕۆستەم شاردراوە نەبوو، بۆیە ناوبراو کە بەهۆی زماندەران و گەیشتنی هەواڵی نهێنی تەواو ترسا بوو، کاتێ لە (خوی) دەرچوو بەرەو ئۆردوگای هاوینەی بڕیاری دا بە هەر شێوازێك بێت سەفەویان لە نێو بەرێت. ئەم مەبەستەی ڕۆستەم لەلایەن یەکێ لە تورکمانان کە گوێڕایەڵی شێخ بوو گەیەنرایە سوڵتان عەلی، ئەویش بەڕەزامەندی و یارمەتی سۆفیە باوەڕپێکراوە زۆر نزیکەکانی خۆی لە هەمان شەودا بۆ ئەردەبیل خۆی دەرباز کرد.

ڕۆژی دواتر کاتێ ڕۆستەم لەم کارە ئاگادار کرایەوە (ئیبەسولتان) و (حوسێن بێگ عالیخانی) ئامۆزای بە هەشتاو بە دوای شێخدا هەنارد و گوتی: "ئەگەر پای سوڵتان عەلی بگاتەوە ئەردەبیل — کە نابێ وا ڕووبدا — ئیتر لەشکرێکی (١٠) هەزار کەسی تورکمان دەرهەقی نایەت"[2].

کاتێ کە سەفەوییانی هەڵاتوو گەیشتنە گوندی (شەماسی) دەوروبەری ئەردەبیل بە پێی گوتەی سەرچاوەکان سوڵتان عەلی ئاگاداری مەرگی نزیکی خۆی بوو، بۆیە برای بچووکتری خۆی (واتە ئیبراهیم) بانگ کردە لای خۆی و تاجی حەیدەری لەسەری ئەو کرد و کردیە جێنشینی خۆی. لە هەمان کاتدا ئەو نهێنیانەی پێ ڕاگەیاند کە لە باپیرانی بۆی بەجێ مابوو.

(١) راس (Ross) لەسەرچاوەی پێشوو، ل ١٢-١٣.

(٢) تاريخ اسماعيل، بە ڕاگواستن لە (راس)، ل ١٤.



دوای ئەم کارە حەفت کەس لە سۆفیانی جێی باوەڕی دیاری کرد، لە نێویاندا (حوسێن بێگ لالا) (قەرەپیری بێگ قاجار) (ئەبدال بێگ) و (دەدەبێك تالشی)، واتە هەمان ئەو کەسانە کە لەسەردەمی شا ئیسماعیلی گەورە لە مەزنانی حکومەت بوون. شێخ عەلی برایانی خۆی بەمانە سپارد و داوای لێکردن کە ئیسماعیل و ئیبراهیم بە دڵنیایی و بێ مەترسی ببەنە ئەردەبیل، بۆ ئەوەی خۆی بتوانێ ڕووبەڕووی سۆراخکەرانی ببێتەوە.

لەو بە یەکدادانەی کە لە نێوان هەردوولا ڕوویدا سەرەتا سەرکەوتن بۆ سوڵتان عەلی بوو، بەڵام لە کاتی بەدواداچوونی ئەم سەرکەوتنەدا لایەندارانی سوڵتان عەلی سەرگەرمی تاڵان و هێرش بردن بوون کە ئەو لەگەڵ هاوڕێیانی بۆ ماوەیەك بەدوای دوژمندا چوو تا گەیشتە ڕووبارێك. ناوبراو بەدبەختانە لە ئەسپی خۆی کەوتە ئاوەوە و چونکە پێی لە ڕکێبدا گیر ببوو لە ئاوەکەدا نقوم بوو.

شازادە خانم مارتا بە پەژارەیەکی زۆرەوە فەرمانی دا لاشەی کوڕە گەورەکەی بهێننەوە ئەردەبیل و لە سەرەتای هاوینی ساڵی ١٤٩٤ ز (=٨٩٩ك) تەرمی سوڵتان عەلی لە تەنیشت باپیرانی بەخاك سپێردرا[1].

## ئیسماعیل لە ئەردەبیل دەشاردرێتەوە

لەبارەی هەڵکەوت و ڕووداوەکانی ژیانی ئەو دوو کوڕەی کە لە شێخ حەیدەر بەپاش کەوتن بەتایبەتی ئیسماعیل، بە شێوەیەکی سەرەکی تەنیا ئەو کتێبە دەگمەنەی — سێر دنیس راس ساغی کردۆتەوە و دانەرەکەی تا ئێستا نەناسراوە — زانیاریمان پێ دەدا، بە پێی ئەم سەرچاوەیە دوای مەرگی سوڵتان عەلی ڕەوشی ڕووداوەکان وەها بوون:

شازادەخانم مارتا (عالەمشا بێگم) هەردوو کوڕەکەی خۆی — دوای گەیشتنیان بە ئەردەبیل — گەیاندە شوێنێك و خۆشی دەستی کرد بە ڕێکخستنی مەراسیمی ناشتنی سوڵتان عەلی کوڕی. ڕۆژی دواتر ئیبەسوڵتان و تورکمانانی ژێر فەرمانی گەیشتنە شارەکە و کەوتنە سۆراغی شازادەکان (واتە ئیسماعیل و ئیبراهیم). لەم کارەیاندا ستەمی زۆریان لە خەڵك کرد و ماڵ و موڵکیان بەتاڵانبردن. ئیسماعیل لە ترسی ئەوان لە شوێنەکەی هاتە دەرەوە و لە

(١) هەمان سەرچاوە. ل ١٤ — ١٥، احسن التواريخ ، ق ١٠، ص ٢و دواتر، قاضي احمد قمي، خلاصة التواريخ،ص b ١٩.

ماڵی قازی ئەحمەد کاکلی کە لەوێ نزیك بوو خۆی حەشاردا. ئەم قازییە بە میهرەبانی میوانداری ئەوی کرد و سێ ڕۆژی تەواو لەماڵی خۆیدا ئاگاداری کرد[1].

بەڵام لەبەر ئەوەی تورکمانان هەموو کون و کەبەری ماڵەکان گەڕان و ژێراوژووریان کرد، وەها بە بیری قازی داهات کە ئیسماعیل بباتە ماڵی ژنێ کە ناوی (خانجان) بوو. ئەم ژنە بۆ ماوەی مانگێك لەماڵی خۆیدا ئاگاداری و سەرپەرشتی ئیسماعیلی تەمەن حەفت ساڵەی کرد. لەو ماوەیەدا تەنیا (پاشاخاتوون)ی پلکی ئیسماعیل ئەوی دەبینی کە کچی شێخ جونەید بوو شووی بە تورکمانێکی ناو (محەمەد بێگ) کردبوو. بێجگە لەمە کەسی تر ئاگاداری پەناگەی ئیسماعیل نەبوو. تەنانەت دایکیشی، کە خۆی مەبەستی بوو لەو ماوەیەی ئیبەسوڵتان لە ئەردەبیل مابۆوە حەشارگەی کوڕەکەی نەزانیێ. چونکەئەم فەرماندەیە جەربەزەیە لە پێناو گەیشتن بە ئامانجی خۆی پەنای بۆ هەموو شێوازێك دەبرد، تەنانەت لە ئەشکەنجەدانی شازادە خانم (مارتا)ش دەستی نەپاراست، بەڵام چونکە ئەو هیچی نەدەزانی بۆیە نەیتوانی حەشارگەی ئیسماعیل بدرکێنێ[2].

دوای تێپەڕبوونی چوار هەفتە، پاشاخاتوون کاری گواستنەوەی ئیسماعیلی بۆ ماڵی ژنێکی تر ڕێکخست کە ناوی (ئوبە) و لە تیرەی ژولقەدەر بوو و پیشەی جەراحی و برین پێچی دەکرد. ئەم ماڵە کەوتبووە گەڕەکی (ڕۆملو) کە نەوەی ئەو کەسانەی لە خۆ دەگرت کە بە یارمەتی و شەفاعەتی خواجە عەلی لە دیلی تەیمور لەنگ ڕزگاریان ببوو. بەڵام بەهۆی زیاتر مکوڕ بوونی ڕۆستەم لەسەر لەناوبردنی ئەم دوو شازادەیە، ئەم شوێنەش لەلایەن تورکمانان دووچاری پشکنین بۆوە. بۆیە لەوێوە ئەم ئافرەتە منداڵەکەی (واتە ئیسماعیل) بردە مزگەوتی گەورە کە لە شوێنێکی بەرزی ئەردەبیل دروست کرابوو. لەوێ ئەم ژنە ئیسماعیلی لە زیارەتگایەکدا شاردەوە و بە نهێنی نامەیەکی بۆ دایکی ئیسماعیل نارد و لە زیندووبوونی کوڕەکەی ئاگاداری کردەوە. هەر لەو ماوەیەدا یەکێ لە سۆفیان کە لە جەنگدا بریندار کرابوو خۆی لەم مزگەوتە حەشار دابوو، کاتێ ئەم سۆفیە ئیسماعیلی بینی پێی ڕاگەیاند کە هەشتا کەس لەو سۆفیانەی لە چنگ تورکمانەکان دەرباز بوون لەناوچە شاخاویەکانی (بغرو)ی نزیك ئەردەبیل ماونەتەوە و بە دڵ و گیان چاوەڕوانی گەیشتنی فەرمانەکانی "پێشەوای کامل"ی خۆیان دەکەن[3].

(١) راس، سەرچاوەی پێشوو. ل ٣٥.

(٢) هەمان سەرچاوە. ل ٣٦.

(٣) راس، سەرچاوەی پێشوو. ل ٣٧.



ئوبە سۆفیەکەی ڕازی کرد کە لە مزگەوت بچێتە دەرەوە و یارانی خۆی لە ڕووداو ئاگادار بکاتەوە، یەکسەر ڕۆستەم بێگی قەرەمانلو کە سەرکردایەتی ئەم سۆفیانەی دەکرد لەگەڵ هاوڕێیانی خۆی لە نیوەی شەودا هاتنە مزگەوت و ئیسماعیلیان لەگەڵ خۆیان بردە کێوی (بغرو) و لە گوندی (کرگان) لە ماڵی واعزێك کە ناوی (فەرخ زاد) بوو دایاننا.

دوای ئەمە چەند کەسێ لە سۆفیان کە لەوانی تر بە دەسەڵاتتر بوون ڕاوێژی یەکتریان کرد تا بزانن کامە شوێن بۆ پاراستنی ئیسماعیل لەوانیتر دڵنیاترە، سەرەنجام هەموویان گەیشتنە ئەم دەرەنجامەی کە دەبێ بە زووترین کات شازادە بڕواتە (ڕەشت).

## هەڵاتنی ئیسماعیل بۆ گەیلان

ماوەیەك لەمەوبەر پەیوەندی دۆستانە و باش لە نێوان مێردی شازادە خانم پاشا خاتوون (واتە: محەمەدی بێگ) و سەرداری ڕەشت (ئەمیر ئیسحاق) بەرقەرار ببوو. دوای ئەوەی زانرا کە ئیبە سولتان لە هەڵاتنی ئیسماعیل ئاگادار بوو ئیتر مانەوەی ئەو لە ئەردەبیل جێگەی ئارامی و دڵنیا بوون نەبوو. بۆیە بە ناچاری سەرەتا شازادە بۆ (گوسکەر) بردرا کە لە ویلایەتی گەیلان بوو. هەرچەندە لەم ویلایەتە دەسەڵاتی ئاق قۆیونلۆ بە فەرمی ناسرا بوو، بەڵام لە (گوسکەر) بنەماڵەیەکی دەسەڵاتدار میرنشینێکیان دامەزراند بوو کە تا ڕادەیەکی زۆر سەربەخۆ بوو.

سەرداری (گوسکەر) ئەمیرە سیاوش بەخۆی پێشوازی لە ئیسماعیل کرد و لە ماڵی خۆیدا جێگەی کردەوە تا ئەوکاتەی توانی درێژە بە سەفەرەکەی خۆی بدات بۆ (ڕەشت)[1]. دواتریش هەتا نزیکی ڕەشت ئیسماعیلی بەڕێ کرد و ئینجا بۆ بارەگای خۆی گەڕایەوە. ئیسماعیل دوای گەیشتنی بە پایتەختی گەیلانی ڕۆژئاوا لە "مسجد سفید – مزگەوتی سپی" دا مایەوە. دیارە تەلاری ئەم مزگەوتە ئەوەندە بە دڵی ئیسماعیل بوو بە جۆرێك تکای ئەمیرە ئیسحاقی قەبول نەکرد کە داوای لێکرد لەماڵی خۆیدا میوانداری بکات. لەنزیك ئەم مزگەوتە زێڕینگەرێك دوکانێکی هەبوو ناوی (ئەمیرە نەجم) بوو کە لە پاراستن و خزمەتکردنی ئیسماعیل هیچ درێغی نەکرد.

هەر چۆنێك بێت مانەوەی ئیسماعیل لە (ڕەشت) درێژەی نەکێشا چونکە لەم وڵاتەدا ناوبراو وەکو پێویست ئاسایش و ئارامی بۆ دەستەبەر نەدەبوو. بۆیە کاتێ فەرمانڕەوای لاهیجان – کە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی گەیلان – ئیسماعیلی بانگهێشت کرد بۆ ئەوەی بچێتە

(١) هەمان سەرچاوە، ل ٣٨.



PDF 4 KURD

لای ئەو، ناوبراو ئەم بانگهێشتەی قەبول کرد و بەم پێیە کارگیا (واتە: ئەمیر) میرزا عەلی جێگایەکی لە بەرامبەر مەدرەسەی (کەی ئەفرەیدون) لە لاهیجان بۆ ئیسماعیل ئامادە کرد.

لەم کەین و بەینەدا ئیبە سولتان لە ئەردەبیل فەرمانی دا (ئوبە)ی برینپێچ (جراح) بگیرێت، ئەم ژنە دوای ئەشکەنجەدانێکی زۆر ناچار بوو هەموو ڕووداوەکان ئاشکرا بکات(1). لە بەرامبەردا ڕۆستەم ئەوەندە تووڕە بوو کە فەرمانی دا ئەم ژنە بێچارەیە لە بازاڕی تەورێز بە خەنجەر بکوژن. محەمەدی بێگ و دۆستەکانی تریشی بەند کران، بەڵام لە کۆتاییدا لە بەرامبەر سزایەکی دراوی بە بڕی سێ هەزار (تنگە) ئازاد کران.

## مانەوەی ئیسماعیل لە لاهیجان

کارگیا میرزا عەلی میری لاهیجان هەرچەندی لە توانای دابوو سەرفی کرد بۆ چاودێری و پەروەردەکردنی ئیسماعیل. خودی مامۆستا شەمسەدینی بۆ فێرکردنی ئەو ڕاسپارد کە خەڵکی لاهیجان بوو، تا خوێندن و نووسینی فێر بکات و وانەی قورئانی بداتێ. لەم ماوەیەدا پەیڕەوکارانی سەفەوی هەم لە هەناردنی دیاری بۆ پێشەوا و ڕێبەری تەریقەتی خۆیان غافل نەدەبوون و هەم خۆشیان دەگەیشتنە خزمەتی. بەڵام بۆ ئەوەی ئیسماعیل لە مەترسی دوور بێ ئەمانە هەمیشە بێ دواکەوتن دەگەڕانەوە بۆ ناوچەکانیان لە ئاسیای بچووك و قەرەداغ و نەهەر(2)، بێگومان هەموو ئەم کارانەیان بە نهێنی دەکرد. هەر لەم ماوەیەدا (نەجم)ی زێڕینگەری ڕەشتی بۆ لای ئیسماعیل هاتە لاهیجان، هەروەها برایانی ئەمیریش هۆگری هاموشۆکردنی ئەو ببوون. بەم شێوەیە منداڵی بچووك بەخۆی گەورە بوو و گۆڕا بۆ گەنجێکی پێگەیشتوو.

ئیبراهیمی برای ئیسماعیل و هەروەها زڕبرایەکی دیکەی ئەو کە ناوی سلێمان بوو و لەگەڵ ئەودا بوو دوای ماوەیەك مانەوە لە گەیلان خوازیاری ڕۆیشتن بوون بۆ ئەردەبیل. دوای ئەوەی بە ناچاری تاجی دوازدە پێچی حەیدەریان لەسەر کردەوە و لە جیاتی ئەو کڵاوی ئاسایی تورکمانیان لەسەر کرد — کە تایبەت بوو بە ئاق قۆیونلۆ — نێوبراوان ڕێگای (ئەردەبیل)یان گرت. دوای ڕۆیشتنی ئیبراهیم، ئیسماعیل نەخۆش کەوت و یەك ساڵی تەواو لە جێگادا کەوت تا سەرەنجام چاك بۆوە.

---

(1) هەمان سەرچاوە، ل ٣٩.

(2) شارێکە لە نزيك زنجان. بڕوانە: احمد سياح، فرهنگ دانيشگاهى ٢، چ ٣، تهران ١٣٧٨، شمسى، ص ٤٨، (و.ك).



PDF 4 KURD

هەرچەندە ئیسماعیل لەو بەشە دوورەی لاهیجان بە بێ دەنگی و بە ئارامی پێگەیشت، بەڵام پەنادانی ئەم بۆ میرانی گەیلان بێ کێشە و مەترسی نەبوو. ئێمە لێرەدا نامانەوێ هەموو ئەو باڵیۆزانە بژمێرین کە لە دەرباری ئاق قۆینلۆوە بۆ لاهیجان دەهاتن و سەرەتا بە شێوازی دۆستانە و دواتر بە توندی و پێداگرتن و سەرەنجام بە شێوازی هەڕەشە ئامێز داوای بەدەستەوەدانی ئیسماعیلیان دەکرد. لە کۆتاییدا کارگیا میرزا عەلی پەنای بۆ ئەو ڕێگا چارەیە برد کە سۆفیانی لایەنگیرانی ئیسماعیل پێشنیا.یان کرد. ئەویش ئەوە بوو کە فەرمانی دا سەبەتەیەك بەهۆی بە تێکەوە بەدارێك هەڵواسن، شازادە ئیسماعیلیش لەناو ئەم سەبەتەیە دابنێن و پەتەکە ڕابکێشن. ئەوکاتە کارگیا میرزا عەلی لە بەرامبەر نوێنەرانی ڕۆستەم سوێند بخوات کە ئیسماعیل لە خاك و سەرزەمینی ئەودا نییە... دوای ئەم کارە، نوێنەرەکان ناچار بوون لە لاهیجان بڕۆن، بەڵام ڕۆستەم بەم سوێندە دڵی ئاوی نەدەخواردەوە بۆیە ویستی لەشکرکێشی بۆ گەیلان بکات. بەڵام نەیتوانی ئەم کارە ئەنجام بدات چونکە بەدەستی گودە (واتە گۆجە) ئەحمەدی ئامۆزای و ئیبەی ناپاك تاج و تەنانەت سەری خۆشی لە دەست دا.(1) ئەمەش لە ساڵی ١٤٩٧ ز (= ٩٠٢ — ٩٠٣ك) دا ڕوویدا.

لەناوچوونی دەوڵەتی ئاق قۆیونلۆ کە بە شێوەیەکی بێ وەستان دەستی پێکردبوو لە چاوی تیژبینی ئیسماعیل ڕوون و ئاشکرا بوو، کە کەسایەتی زوو پێگەیشتوو و کامڵی ئەو یەکێ لە نایابترین و سەرنج ڕاکێشترین ڕووداوەکانی جیهانە. کاتێ کە لە کۆتایی ساڵی ١٤٩٩ ز (= ٩٠٥ ك) ناوبراو واتە ئەو کوڕە بچووکەی کە هێشتا سێزدە ساڵی تەواو نەکردبوو لە لاهیجان هاتە دەر تا میراتی ئۆزۆن حەسەنی باپیری بگرێتە دەست مێژووی حکومەتی ڕوحانی ئەردەبیل بە کۆتاهات و مێژووی دەوڵەتی بەکگرتووی نیشتمای و ئێرانی بنەماڵەی دەسەڵاتداری سەفەوی دەستی پێکرد.

باس و وردەکاری ئەوەی کە بەچ شێوەیەك ئیسماعیل لە ڕێبەرایەتی کۆمەڵێکی پیر و توندڕەو و وەفادارەوە بووە فەرمانڕەوای سەرانسەری ئێران و میزۆپۆتامیا لە بەرگی دوای ئەم کتێبەدا دەبێ. لێرەدا تەنها بەوە وازدێنین کە سەرنجێکی گشتی بدەینە میراتی واتایی کە لە حکومەتی ئاق قۆینلۆوە بۆ سەفەوی بەجێ ما.

---

(1) راس، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٧ — ٥٠.

# (بەشی حەفتەم)

## مێژووی کولتوور و بنەمای حکومەتی ئاق قۆیونلو

### ئایینی بەڕێوەبەری وڵات

وڵاتی ژێر دەسەڵاتی ئوزون حەسەن چ لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتی و چ لە ڕوانگەی ڕەگەزی لە بنەمادا دەبوو بە دوو بەش: یەکەمیان چینی شەڕکەر و فەرمانڕەوا کـە لـە تورکمـانی کۆچـەر بوون،ئەویتر لە جوتیاران و پیشەگەران و ئەهلی زانست و قەڵـەم پێکـدەهات کـە نیـشتەجێ و زۆرتر ئێرانی بوون. مینۆرسکی لەم بارەیەوە دەنووسی[١]: بێگومان ئەو فـەرمانڕەوا نوێیانـەش هەروەك باپیرانیان واتە سەلجوقی، تەیموری و قەرەقۆیونلۆ لە ڕوانگەی ئێرانیـانی ئاشـتی خـواز خەڵکێکی بێگانە بوون. لەم نێوەدا خەڵکی خوجێی تـەنیا لـە ڕووی ژمـارە و کولتـوورەوە لـە بەرامبەر نەتەوەی فەرمانڕەوا دەستی باڵایان هەبوو، هەر بۆیە داگیرکەرانی تازەی تورکمـانیش بە ناچاری و هەنگاو بە هەنگاو لە نێو ئێرانیەکان دا توانەوە.

بەم جۆرە ئاسـایی دێتـە بەرچـاو کـە بـەڕێوەبردنی ئیـدارەی وڵات وەك پێـشتر هەمیـسان بەدەست ئێرانیەکانەوە بێ، لە چوار وەزیری ئوزون حەسەن یەکیان خەڵکی کرمـان و ئـەویتریان شیرازی بوو، ئەگەر بە پێی ناوەکانیان بێ دوو وەزیرەکەی تـریش ئێرانـی بـوون.[٢] لـەم دووەی دوایی (شەمسەدین زەکەریا) لە ساڵی ١٥٠٠ ز(=٩٠٥-٩٠٦) چوو بۆ لای شـا ئیـسماعیل و لەلایەن ئەو بە وەزیری گەورە هەڵبژێردرا[٣].

عیمادەدین سەلمانی دەیلەمی وەزیری دەرباری سولتان خەلیل بوو و لـە تـەموزی ١٤٧٨ ز (= ڕەمەزان و شەوالی ٨٨٢ ك) تا کاتی مردنی دڵتەزینی لەمانگی ئابی (= جەمادی یەکـەم)

(١) La perse, p.١١.

(٢) حبيب السير، جلد ٣، ص ٣٣٠.

(٣) احسن التواريخ، ق ١٠، ص ٥٤.



هەمان سـاڵ لـە ئەسـفەهان[١] لـەم پلـە و پایـەدا مایـەوە. زێـدی ئـەو واتـە دەیلـەم لەگـەڵ ئەیالەتەکانی باشووری لێواری دەریای قەزوین و هەروەها کرمان کە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی ئێران لەو شوێنانەن کە خوێنی ئاریایی تیایدا لە هەموو شوێنێك زیاتر دەوامی هەبووە. لێهاتوویی و کارزانی سەلمان لە بەڕێوەبردنی وڵات و بەتایبەتی کاروباری دارایی لە سەرچاوەکانی بەردەست جەختی لەسەر کراوە.

لەسەردەمی کورتخایەنی حکومەتی خەلیل، قازی عەلای بەیهەقی لە پلەی (سـەدر) یـا بە واتایەکی تر پێشەوای ئەو ڕوحانیانەی کە کاوریاری تایبەت بەو ئـەوقافیان ڕادەپەڕانـد، خزمەتی دەکرد و هەر ئەویش بوو کە هەواڵی مردنی ئـۆزۆن حەسـەنی لـە ئەسـتانبول بـە بابیعالی ڕاگەیاند[٢]. لە سەردەمی سوڵتان یەعقوب پلەی سەدارەت بـە قـازی سـەفیەدین عیسا ساوجبلاغی بەخشرا. ئەمەش هەر ئەو کەسە بوو کە ئـوزون حەسـەن بـە پێـشنیاری مستەوفی ئەلمەمالك خواجە شوکروڵلا (کـە ئـەویش هـەر ئێرانـی بـوو) وەك مامۆسـتا بـۆ شازادە یەعقوبی کوڕی دیاری کردبوو[٣]. بەڵام کاتێك یەعقوب لەسەر تـەختی سـەڵتەنەت دانیشت ئیتر مامۆستاکەی نەك تەنیا پلەی سەدارەتی پێدرا بەڵکو لە هەمان کاتدا بوو بـە (وەکیل)یش، کە بە زمانی ئیداری ئەمڕۆ بە گشتی بە مانـای شـتێکی نزیـك لـە "نائـب **السلطنة**"[٤]یە. بەڵام لەم بارە تایبەتیە گۆیا مەبەست ئەوە بوو کە سەفیەدین عیسا پلـەی وەزارەتی دەرباریشی لە ئەستۆ بوو. ئەگەر لە یادمان بێ ئەمە هەر ئـەو کەسـەیە کـە لـە ساڵی ١٤٨٧ ز (=٨٩٢ – ٨٩٣ ك) لە ڕێوڕەسمی سوێند خـواردنی حەیـدەر بەشـدار بـوو، ڕەنگە لە بیریشمان نەکردبێ کە ئەو پەیمانی وەفادارییە زۆری نەخایاند.

لە پلە و پایەکانی دەوڵەتی و دەرباری لەسەرچاوەکانی بەردەست ئەمانە ناویان هاتووە:

(١) تاريخ عالم آراي اميني، ص a ٦٤.

(٢) هەمان سەرچاوە، ص b ٦٤.

(٣) محمد لاري، مرآت الادوار و مرقات الاخبار، ص a ٢٢٩.

(٤) واتە جێنشینی پادشا (يان ولي العهد). (و.ك)

موهرداری و میرئاخوری. لە سەردەمی ئوزون حەسەن پلەی مۆرداری بە شێخ عەلی بەیگ درابوو، لەبەرئەوەی لە هەمان کاتدا حاکمی (حەسەن کێف)یش بوو بۆیە پێدەچێ کورد بووبێ[1]. بەڵام دەڵێن میر ئاخوری ئوزون حەسەن کەسێکی تورکمان بووە[2].

لێرەدا ناکرێ بە شێوەیەکی ورد و بەربڵاو باسی ڕێکخستنی کارگێڕی بکەین لەسەردەمی حکومەتی ئاق قۆینلۆ، چونکە زۆر لایەن و خاڵی وردی تێدایە کە ناتوانرێ باش ڕوون بکرێتەوە ئەگەر مێژووی بنەمای حکومەتی ئێران بە گشتی نەخرێتە بەرباس.

## کاروباری دارایی

یەکەی گەورەی پارەی بەکارهێنراوی ئەو سەردەمە (تومان) بوو، کە بێگومان ناکرێ بەهای وردی بە ئاسانی دیاری بکرێ. تومان لە ساڵی ١٥٧٥ز (=٩٨٢-٩٨٣ك) نزیکەی بەرامبەر بە بیست دوکات دەقەبڵێنرا[3] بەڵام نرخی تومان سەد ساڵ پێش ئەو ڕێکەوتە تەنیا بەوە دەتوانرێ مەزندە بکرێ کە بزانین مەزنە میرێك یان سەدر سالآنە موچەی هەزار تومان بووە[4].

بە پێچەوانەی فەرمانڕەوایانی قەرەقۆیونلۆ کە بەتایبەتی لەسەردەمی جیهانشا باجی زەوی و زاریان گەلێك زۆر کردبوو، میرانی ئاق قۆیونلۆ هەوڵیاندا هەمووارکردنێك لەم جۆرە باجەدا ئەنجام بدەن. بەم هۆیە ئوزون حەسەن خۆی یاسایەکی لەبارەی دانان و وەرگرتنی باجەکانی تایبەت بە خەڵکی نیشتەجێ و جێگیر بووی ئامادە کرد، کە بەناوی ئەوەوە ناسرا (قانوننامەی حسن بیگی). ئەم یاسایە بە جۆرێك ژیرانە و زانایانە داندرابوو کە لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئەو هەروەها لەسەردەمی سەفەوی تا سەدەی شازدە کاری پێ دەکرا و ڕەواجی هەبوو[5].

(١) تاريخ عالم آراي اميني، ص b ٨٢.

(٢) هەمان سەرچاوە، ص a ٨٣.

(٣) بروانە بۆ لاپەڕە (٥٦) ی ئەم سەرچاوەیە: Hinz, Schah Esmail,II.

(٤) تاريخ عالم آراي اميني، ص b ٥٥ و a ٦٧.

(٥) شرفنامة بدليسي، جلد ٢، ص ١٢٠.



خەلیل کاتێ گەیشتە دەسەڵات (١٤٧٨ز = ٨٨٣ك) داوای لە ئەیالەتی دەوڵەمەندی فارس کرد کە بە پێی پارە و سامان و ئاوەدانی خۆیان و وڵاتەکەیان باج بدەن، واتە پێنج هەزار تومانی تەوریزی[1]، بەڵام براکەی یەعقوب کەبوو بەجێنشینی ئەو هەوڵیدا کە لەم باجە کەم بکاتەوە. لە ساڵی ١٤٧٩ز (= ٨٨٣-٨٨٤ ك)دانیشتوانی عێراقی عەجەم — کە ئیسفەهان پایتەختی بوو — لە باجی زەوی و زار بەخشران کە دواکەوتبوو. باجگران ئەم باجەیان بەهەفتا هەزار تومان خەملاندبوو[2]. کاتێك یەعقوب لە ساڵی ١٤٨٧ز (=٨٩٢ ك)دا باجی ئەیالەتی گەیلانی دەنرخاند، ناوەندی داری گرت و لەسەر ئەم هەرێمە هەزار و دووسەد تومانی دیاری کرد[3].

بێجگە لە باجی زەوی و زار (خەراج) لە دەوڵەتی ئاق قۆیونلۆ باجی بازرگانی و پیشەگەری (تەمغا)ش هەبوو، کە میراتی تەیموریەکان بوو و دەگەڕایەوە بۆ سەردەمی بت پەرستی تاتارەکان، لە کاتێکدا لە سەرانسەری وڵاتانی ئیسلامی ئەم باجە (تەمغا) بە کردارێکی پێچەوانەی شەرع دادەنرا. زۆر جاریش فەرمانڕەوایان بۆ ڕازیبوون و ڕاگرتنی دڵی زانایانی ئایینی و ڕوحانیەکان ئەم جۆرە باجەیان هەڵدەوەشاندەوە. بەڵام دوای ماوەیەکی چ کورت و چ درێژخایەن هەمدیسان دایان دەنایەوە. بۆ نموونە لە ساڵی ١٤٦٠ ز (= ٨٦٤- ٨٦٥ك) ئەبو سەعیدی تەیموری لە سەمەرقەند و بوخارا (تەمغا)ی ڕەتکردەوە[4].

هەر چۆنێك بێ لەسەردەمی دەسەڵاتی ئوزون حەسەن و نەوەکانی باجی بازرگانی و پیشەگەری لە ئێران بەرقەراربوو، چونکە فەرمانێك لەبەردەست دایە کە لە ساڵی ١٤٨٦ ز(=٨٩١ ك) لەلایەن سولتان یەعقوبەوە دەرچووە و پەیوەندی بە زیارەتی مەککەوە هەیە، تیایدا بە ئاشکرا ناوی ئەم باجە هاتووە[5]. لەم "نشان" (= ڕاگەیاندن)ەدا کە بەهۆی خودی فەزلوڵلای مێژوونووسی دەربار نووسراوە زیارەتکەران لە کاتی تێپەڕین بە وڵاتی ژێر دەستی ئاق قۆیونلۆ ئەم باجانەیان لەسەر لادەکەوێ:

**أ – باجی بازرگانی و پیشەگەری (تەمغا)**

**ب- باجی گومرگ (باج)**

(١) تاريخ عالم آراي اميني، ص a ٦٤.

(٢) هەمان سەرچاوە، ص a ٩١.

(٣) هەمان سەرچاوە، ص a-b ١٢٦.

(٤) Bartold – Hinz,Ulug Beg und seine zeit, s.١٦٠،٢١٤.

(٥) تاريخ عالم آري اميني، ص b و a ١١٧.

### ج- باجی ڕێگا (ڕاهداری)

له ئاکامدا لەم بارەیەوە نەك تەنها حاکمان، فەرماندەکان و چاودێرانی دارایی دیوانی شا فەرمانیان پێدرا، بەڵکو بۆ پێشکارانی وەرگرتنی باجی بازرگانی (تەمغاچیها) کە لە فەرمانگەی تایبەت بە خۆیان (تمغاخانه) کاروباریان ڕادەپەڕاند و هەروەها بۆ کاربەدەستانی گومرگ (باجدارها) و پێشکارانی وەرگرتنی باجی ڕێگا (ڕاهدارها) و لەوەش ئەولاتر بۆ پاسەوانانی ڕێگا و بانەکان و فەرماندەکانی قەڵاکانیش، دەستور و فەرمان دەرچوو.

هەروەها لەسەردەمی شا ئیسماعیل بەتایبەت، لە ڕووداوەکانی ساڵی ١٥١٠ ز (= ٩١٥-٩١٦ك) باس لە (تەمغا) دەکرێ، بازرگانی ڤینیسیایی گوزارش لەوە دەکا[1] کە ئەو ڕەسمە ناپەسندە کەزۆر لەمەو پێش لە ئێران باو بووە، لە تەورێزیش بەڕێوە دەچێ و بە پێی ئەوە دەبێ هەر کاسبکارێك کە لە بازاڕ دوکانی هەیە ڕۆژانە (٢ – ٦) ئەسپەر و تەنانەت هەندێك جار (دوکات)ی وەك باج لێ دەسەندرێ. ڕادەی وەرگرتنی باج بە پێی پیشە و داهات جیاوازە.هەروەها بۆ وەستاکارانی هەر پیشەیەك بەپێی داهات و پلەکەیان ڕادەیەك باج دیاری کراوە. هەر بەپێی گوتەکانی ئەم بازرگانە تەعریفەی گومرگ (باج) بۆ مەسیحییەکان ١٠٪ و بۆ موسڵمانان ٥٪ بوو. ئەگەر کاڵایەك بۆ شوێنێکی تر ببردرابایە بڕێکی کەمتری هەمیسان بەناوی مافی تێپەڕین لێ وەردەگیرا[2].

لەبارەی ئەو دراوانەی کە لەلایەن فەرمانڕەوایانی ئاق قۆیونلۆ لێدراوە، لێرەدا نووسراوی سەر ئەم دراوانە ڕادەگوێزین لەگەڵ ڕوونکردنەوەیەکی کورت:

**دراوەکانی ئۆزۆن حەسەن:**

١- یەکێك لەو دراوانەی کە لە بنەڕەتدا پەیوەندی بە (شارۆخ)ی کوڕی تەیمورەوە هەبووە و ئوزون حەسەن بەلێدانی مۆرێك بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی دانی پێداناوە و بەکاری هێناوە. ئەم نووسینانەی لەسەرە:

**عدل**[3]

**حسن بیگ**

**شیاز**

(١) بازرگانی ڤینیسی، بەشی دووەم لە بەرگی (٤٩) بڵاوکراوەی ئەنجومەنی (Hakluyt)، ل ١٧٢.

(٢) هەمان سەرچاوە، ل ١٧٣.

(٣) عدل: لێرەدا بە مانای بەکارهێنراو و موعتەبەرە (و.ف)



**(٧٢٠)**

شایانی باسە بەرواری ئەم دراوە هەڵەیە و لە ئاکامدا هیچ بایەخێکی نییە.

٢- هەمدیسان دراوێکی زیوی تر کە ئەویش هی شاروخە و بە لێدانی مۆرێك لە ناوچەی دەسەڵاتی ئاق قۆیونلۆ کاری پێ دەکرا. نووسراوی ئەو دراوەش وەك ئەوەی پێشووە، بێجگە لەوەی شوێنی لێدانەکەی بە (اردو) ناوبراوە. (بەرواری ٧٠٦ی سەر ئەو دراوە وا دەکات ئەمەش هیچ سوودی نەبێت، دیارە ئەم جۆرە هەڵانەی مۆرتراشەکان شتێکی تازە نییە). زاراوەی "اردو"ش دیارە ئەوە دەگەیەنێ کە ئوزون حەسەن لە کاتی لەشکرکێشیەکانیشی "دەزگایەکی دراو لێدانی گوازراوە"ی لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرت.

٣- دراوی زیوی ئوزون حەسەن بێ ناوی شوێن و ساڵی لێدان:

**السلـ[طا]ن الاعظم**

**حسن**

**خلد الله**

**[ملكه]**

**دراوەکانی سولتان یەعقوب:**

٤- دراوی زیو کە لەلایەن سولتان یەعقوب مۆری بەکارهێنان و دان پێدانانی لێدراوە:

**عدل**

**سلطان ٨٩٢**

**یعقوب**

**یزد**

٥- دراوی زیو:

**السلطان العادل**

**تبریز**

**یعقوب خان**

**خلد الله**

**[ملك]ـه**

٦- دراوی زیو:

**علی [عثـ]مان**

**السلطان[أ] لعادل**

**يعقوب**

**ضرب**

**بغداد**

٧- دراوی زیوی بایسەنقەر:

**السلطان العادل**

**بايسنقر**

**سلطان خان**

**خلد الله**

**ملكه**

**سنه**

**٨٩٥**


٨- دراوی زیوی سولتان ڕۆستەم:

**السلطان [أ] لعادل**

**رستم خان**

**خلد الله ملك[ـه]**

دکتۆر هللیگە[١] - کە لە ئەندامانی دراوخانەی مۆزەخانەی دەوڵەتیە لە بەرلین -سەرنجی منی بۆ تێبینییێکی زۆر نایاب ڕاکێشا، ئەویش ئەوەیە کە ئاق قۆیونلۆ وەك تەیمور یا تاتارەکانی قەرم خاوەنی نیشانەیەکی فەرمی بوون، کە بە پێچەوانەی قەرەقۆیونلۆ لەسەر زۆربەی دراوەکانیان دەبینرێ و بەو نیشانەیەش دەگوترا (تمغا)، کە ئەویش بەم شێوەیە بوو:



ئەم نیشانەیە لەسەر دوایین دراو (دراوی نۆیەم، لای ڕاست لە ڕیزی کۆتایی — لە وێنەکەدا لەپاشکۆ) بەتایبەتی بەڕوونی دەبینرێ و زۆر پێدەچێ لە بنەمادا بۆ دیاری کردنی گارانی هەیوان و بەڵگەی خاوەنداریەتی سوودیان لێ وەرگرتبێ.

(١) Dr. Hellige.



## کاروباری لەشکری

ئیدارەی کاروباری لەشکر لە دەوڵەتی ئاق قۆینلۆدا بەشێوەیەکی ڕەها لە ژێر چاودێری پادشا دابوو، کە لە هەر دوو کاتی شەڕ و ئاشتیدا فەرماندەیی هێزەکانی لە ئەستۆ دابوو. دانانی سەرداری هەرێم و ناوچەکان (کە زۆرتر لە کوڕانی فەمانڕەوا بوون) و دارۆغەکان کە نوێنەری دەسەڵاتی دەوڵەت و فەرماندەی هێزەکانی چەکداری خۆجێی بوون بە گشتی بە ویستی پادشا بوو، ئەمانەش تەنیا لە بەرامبەر پادشادا بەرپرس بوون. سەرداری ویلایەت بە ئەرکی خۆی دەزانی لەگەڵ گەیشتنی فەرمانی پادشا بەخۆی و ژمارەیەکی دیاریکراو لەسوار و پیادە — کە لەگەڵ داهاتی ئەو زەویە تیولە[١] دەگونجا کە خاوەنی بوو — پەیوەندی بە شاوە بکات. بە پێی گوتەی (زنۆ)[٢] پارەی پیاوانی لەشکر بۆ هەر پیاوێك بە ئەسپەوە ساڵانە لەچل هەتا شەست دوکات بوو کە هەر شەش مانگ جارێك پێیان دەدرا.

سەبارەت بەڕادەی هێزی سەربازی ئوزون حەسەن (باربارۆ) ژمارەی زۆر وردی بە دەست داوە. لە ساڵی ١٤٧٤ ز (= ٨٧٨- ٨٧٩ك) لێکۆڵینەوەیەك لە سوپای ئوزون حەسەن کرا و باربارو ئەو هەلّەی بۆ ڕەخسا کە بە یارمەتی هاوکارەکەی سەرژمێری ئەو هێزە ئەجام بدا. باربارۆ و هاوکارەکەی درێژی و پانی ئەو سەربازخانە و قورخانە گەورە چوارگۆشەیان بە پیادە پێوا. هەر شتێك بەبەرچاوی دەکەوت دەیژمارد و لە بەرامبەر هەر پەنجا ژمارەیەك دەنکێك لۆبیای لە گیرفان دەنا.

بەم جۆرە باربارۆ ژمارەی سوارە شەڕکەرەکان بە پازدە هەزار مەزەندە دەکا و دەبێ بۆ ئەو ژمارەیە دوو هەزار غولامی چەکدار، شوان، کول کێش و هەروەها هەزار تیرهاوێژ و سێ هەزار پیادەی چەکدار بە کەوان زیاد بکەی، واتە هەمووی لەسەر یەك بیست و یەك هەزار پیاوی

(١) لە ئێراندا (تیول) زاراوەیەکی باو بوو بۆ ئەو زەویەی کە بە کەسێك دەبەخشرا و ئەو کەسە لە بەرامبەردا پابەند دەبوو بە دابینکردنی سەرباز و چەك. بەڵام زاراوەی (سیورغال) کە ڕەگێکی تورکی ڕۆژهەڵاتی هەیە و بەهۆی مەغولەکان لە ئێران باو بوو، بەزەویەك دەگوترێا کە بە روحانیەکان یان ئەهلی زانست دەبەخسرا. بۆ وێنە لە یەکێك لە فەرمانەکانی شا تەهماسب ناوچەیەکی دیاریکراو کە تیولی شازادە بارام میرزا بوو وەك سیورغال گوێزرایەوە بۆ یەکێك لە شێخەکان. (سلسله النسب صفويه، ص ١٠٥).

(٢) Berchet, p. ١٣٤



PDF 4 KURD

جەنگاوەر. ئەم هەموو هێزە لە شەش هەزار خیوەتدا دەحەوانەوە. بۆ گواستنەوەی کەل و پەلی ژیان و خێزانی ئەندامانی سوپا — کە بە زۆری بەدوای ئۆردووەوە بوون — سێ هەزار حوشتر و نزیك پێنج هەزار ئەسپی بار هەڵگر و هێستر و دوو هەزار وڵاخ پێویست بوو. باربارۆ ژمارەی ژنان بە دەهەزار دادەنێ، کە دیارە پێنج هەزار ژنی خزمەتکار و کەنیزەی ئەژمار نەکردووە. بێجگە لەوانەش شەش هەزار منداڵی بچووکتر لە دوازدە ساڵ و پێنج هەزاری گەورەتر لە دوازدە ساڵیش دەبێ بێنە ئەژمار. بۆ ئەوەی وێنەکە تەواو گشتگیر بێ دەبێ ئەوەش بڵێین بیست هەزار ئاژەڵی بچووکی ماڵی و دوو هەزار سەر مانگاش هەمیشە لەگەڵ ئۆردو بوون.[١]

باربارو کە دەنووسێ بۆ تێپەڕبوون لە ئۆردو نیوڕۆژ کات پێویست بوو، نابێ ببێتە هۆی سەر سوڕمان، سەرەڕای ئەوانەش ژمارەی دروستی شەڕکەرەکان گەلێك کەمتر بوو لەوەی کە لە ڕۆژئاوا مەزەندەیان کردبوو، چونکە لە ڕۆژئاوا هێزی شەڕی ئوزون حەسەن بە پێی ئەو هەواڵانەی (زنۆ) پێی گەیاندبوون بە دەوروبەری سەد هەزار یا دوو سەد هەزار قەبلێنرا بوو.

چەك و کەرەستەی سوپا بریتی بوو لە کەوان، شمشێر و قەڵغان، باربارو لەم بوارەشدا هەندێك ژمارە بەدەستەوە دەدا: دە هەزار گوللە کەو ان، پێنج هەزار قەڵغان بەڵام تەنیا هەزار نێزە(ڕم)[٢]. تورکمانە دیار و بەرچاوەکان کلاوخودەی جوانیان لەسەر دەنا و زرێپۆش بوون. دوو هەزار سەر لە ئەسپەکانیش خاوەن بەرگستوان[٣] بوون کە پەپکەی بچووکی ئاسنیان لێکوترا بوو و درێژاییان دەگەیشتە زەوی. ئەو کەسانەش کە دەستکورت بوون بەرگستوانی ئەسپەکانیان بەشێکی لە چەرم و بەشێکی لە ئاوریشم یا لباد بوو. ئەستوراییی ئەم بەرگستوانە بە ڕادەیەك بوو کە تیری لێ دەرنەدەچوو[٤].

تۆپخانەی ئوزون حەسەن دەکرێ بڵێین لە حوکمی نەبوون دابوو، لە لەشکرکێشی بۆ سەر بیرا کە شارێکی میسر بوو (بەهاری ١٤٧٣ ز = ٨٧٧- ٨٧٨ ك) لە ئۆردوی ئوزون حەسەن تەنیا

(١) Barbaro, Viaggio, p. ٣٨ a – b.

(٢) هەمان سەرچاوە و هەمان لاپەڕەکان.

(٣) پۆشەنێك بوو کە لە کۆندا و لە کاتی شەڕ دا بەسەر ئەسپ دادەدرا (و.ك).

(٤) Contarini, p.٧٦a, Barbaro, viaggio, p.٣٨a.



دوو تۆپ (bombarde وballestrier ) هەبوو[١]. لە بابەت هەوڵی حکومەتی ڤینیسیا بۆ چارەسەرکردنی ئەم کەماسییە پێشتر بە درێژی دواین.

## تەلارەکانی سەردەمی حکومەتی تورکمانەکان

سەبارەت بە چالاکی تەلارسازی و ئاوەدانکردنەوەی میرانی ئاق قۆیونلۆ و بەتایبەتی ئوزون حەسەن و یەعقوب زانیاری بەردەست گەلێ کەمە. بۆ نموونە لەبارەی ئەو مزگەوتەی کە ئوزون حەسەن لە تەوریز دروستی کرد زانیارییەکی ئەوتۆ لەبەردەست دا نییە، هەڵبەت ئەم مزگەوتە لەگەڵ "مزگەوتی کبود" (گوك جامع) جیاوازە، چونکە ئەمەی دوایی شوێنەواری (جیهانشا)ی سەرۆکی هۆزی قەرەقۆیونلۆیە، کە تەنانەت لە کاتی وێرانیشیدا بەشکۆترین تەلارەکان دەژمێردرێ، کە بە دەستی تەلارسازان و وەستاکانی ئێرانی دروست کراوە.

گوایا مزگەوتی ئوزون حەسەن لەدووری مەودایەك لە دەرەوەی شار لە گوندی ساحب ئاوا هەڵکەوتبوو. میرانی ئاق قۆیونلۆ لەم شوێنە دەربار و دام و دەزگایان هەبوو. ئەم ناوچەیە بەهۆی چۆمێك لە خودی شاری تەوریز جیا دەکرایەوە[٢]. بە پێی وەسفەکانی بازرگانی ڤینیسیایی گوایە لەم شوێنە بینایەك هەبوو کە لە ڕووی شکۆ و گەورەییەوە نایاب بووە. مزگەتی ئوزون حەسەن لە گۆڕەپانێکی فراوان هەڵکەوتبوو کە خەلیل لە حوزەیرانی ساڵی ١٤٧٨ ز (= ٨٨٢ك) و یەعقوب لە تەموزی هەمان ساڵ (=٨٨٣ك) لەم شوێنە لەسەر تەختی سەڵتەنەت دانیشتن. ئەم مزگەوتە گەلێك گەورە بوو وئۆدەی زۆری هەبوو کەهەمووی بەگێچکاری وهەردوو ڕەنگی شین وزێڕین ڕازابۆوە[٣]. لە ساڵی ١٥٣٥ ز (= ٩٤١ – ٩٤٢ك) مزگەوتی حەسەن پاشا بوو بە شوێنی لە سێدارەدانێکی سەیر و سەمەرە: لەو ڕۆژانەدا شا تەهماسب فەرمانی دا دوو کەسی تاوانبار لە قەفەزێکی ئاسنین لە نێوان دوو منارە هەڵواسن و بیانسووتێنن[٤]. لە کاتی لەشکرکێشی سولتان مورادی چوارەم دوای سەد ساڵی تر (١٦٣٥ ز

(١) Barbaro, Letter, p.٢٧.

(٢) بازرگانی ڤینیسی، ل ١٧٣.

(٣) هەمان سەرچاوە، ل ١٧٧.

(٤) تاريخ عالم آراي عباسی، ص ١١٧ (باسی ئەم ڕووداوە لە لاپەڕە ١١٨ی (عالم آراي عباسی) دا هاتووە. (و.ف)



PDF 4 KURD

= ١٠٤٤ — ١٠٤٥ك) لە تەواوی خانوو تەلارەکانی تەوریز تەنیا مزگەوتی ئوزون حەسەن بە ساغی مایەوە و دەستی لێنەدرا[١].

لەلای ڕۆژئاوای گۆڕەپانە مەزنەکە دەروازەیەکی گەورەی سپی ڕەنگ هەبوو کە تاقێکی لەسەر دروستکرابوو و باخی شار کەوتبووە دواوەی و بە تێپەڕبوون لەو باخە دەتوانرا بۆ کۆشکی شاهانە ڕێگە بگریە بەر. سەبارەت بەو کۆشکە پڕ شکۆیەی کە هەشتی بەهەشت پێ دەگوترا و بازرگانی ڤینیسیایی باوەڕی وابوو کە لە شوێنەوارەکانی ئۆزۆن حەسەنە، دەتوانین بڵێین تا ئێستا ئەم گوتەیە نەسەلمێندراوە. پێدەچێ ئوزون حەسەن سەرەتای دروستکردنی ئەم کۆشکەی دەست پێکربێ، بەڵام تەواوبوونی لەسەردەمی یەعقوب دابووە. چونکە بە پێی گوتەی فەزلوللای مێژوونووسی دەربارەواری تەواوبوونی بینایەی ئەم کۆشکە لە ساڵی ١٤٨٦ز (=٨٩١ك)دا بووە[٢].

بازرگانی ڤینیسیایی بە تێر و تەسەلی وەسفی ئەم کۆشکە دەکا[٣]. بە پێی گوتەی ناوبراو لەسەر بینایەی ناوەندی یەك نهۆمی کە چوار هۆدە و چوار شوێنی جل و بەرگ گۆڕینی لە خۆ دەگرت، گومەزێکی خڕی شکۆدار دامەزرا بوو. "هەموو هۆدەکان بە شێوازی جۆراوجۆر بە کاشی و زێڕکاری ڕازاونەتەوە، ئەویش بە چەشنێکی وەها جوان کە بۆ وسفکردنی بە سانایی وشەی پێویست نادۆزمەوە. ئەو کۆشکە هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد لە نێوەڕاست باخێك لەسەر شوێنێکی بەرزی سەکۆ ئاسا جێی گرتووە و لە هەر گۆشەیەکی ئەو سەکۆیە نافورەیەك لە شێوەی ئەژدیهایەکی لە مەفرەق دروستکراوە دامەزراوە. ئەم نافورانە ئەوەندە وەستایانە و هونەرمەندانە دروست کراون کە دەڵێی ئەژدیهاکان گیانیان بە بەرهێنراوە. لە ناوەوەی ئەم کۆشکە لەسەر تاقی تەلاری گەورە چەند دیمەنێك لە شەڕەکانی ئوزون حەسەن و هەروەها هاتنی نوێنەرانی بابیعالی بۆ خزمەت ئۆزۆن حەسەن، بە زێڕ و زیو و ڕەنگی شین نەخش کراوە، هەروەها چەند دیمەنێك لە چوونە ڕاوی ئوزون حەسەن کە سواری ئەسپە و تاژی و باز لە دەوروبەرین و چەندین ڕووداوی تر دەبینرێن. مافوری زۆر گەورەی ئاوریشمین لە تەختی تەلارەکە ڕاخراوە.حەرەمسەرایەکی یەك نهۆمی بە مەودای هاوێشتنی تیرێك دەردەکەوێ کە لە یەك هۆدەیدا هەزار ژن دەحەوێتەوە. لە لایەکی ئەم حەرەمسەرایە

(١) حاجی خلیفە، جهان نما، ص ٣٨١.

(٢) تاريخ عالم آراي اميني، ص b ١١٥.

(٣) بازرگانی ڤینیسی، ل ١٤٧ و دواتر.



خانویەکی فراوانی زۆر جوان دروست کراوە و بە کاشی درەوشاوە بە ڕەنگی زیو و زێر ڕازاوەتەوە. لەو ماڵە شاژن و هاودەمەکانی خۆیان بە داوو و درومان خەریك دەکەن. خودی باخەکەش سێ دەروازەی چوونە ژوورەوەی هەیە بەرەو باکوور و باشوور و ڕۆژهەڵات (دەروازەی ڕۆژهەڵات هەروەك گوترا ڕوو بە گۆڕەپان دەکرێتەوە).

هەر لە تەنیشت مزگەوتی ئوزون حەسەن — کە باسمان کرد — قوتابخانەیەك بۆ قوتابیانی زانست هەبوو، کە ئوزون حەسەن لەناو باخەکەیدا نێژراوە . ئەم بینایەش کە هەر بە شوێنەواری قوتابخانەی "نصريه" ناوی دەبرێ.[١]لە نزیك ئەو مەدرەسەیە هەمیسان مزگەوتی مەقسودیە[٢] هەڵکەوتووە کە لەسەردەمی مەقسود کوڕی دسپینا دروست کراوە. بە پێی گوتەی فەزلوللا(٣) سولتان یەعقوب لە تەورێزیش مزگەوتێکی دروست کردووە کە ناوی مزگەوتی (نصريه) بووە. لە کاتێکدا خودی ناونیشانەکە گومان لەسەر ئەم گوتەیە دروست دەکا و ناوی قوتابخانەی ئوزون حەسەن و نازناوی ئەو (ابو نصر)مان بیر دەخاتەوە. بەڵام ڕێی تێدەچێت یەعقوب — کە لە دوای مردنی لە ڕێکەوتی ٢٤ی کانونی یەکەمی ١٤٩٠ ز (= ١١ی سەفەر ٨٩٦ك) لە مزگەوتی ناوبراو نێژرا — یەکێك لە شوێنەوارە ناتەواوەکانی باوکی تەواو کردبێت.

لە گۆڕەپانی ساحب ئاوا — کە تا ئێستا چەندین جار ناومان هێناوە — بێجگە لە کۆشکێکی بچووك کە پادشایانی ئاق قۆیونلۆ لە هەیوانەکەیڕا سەیری کێبەرکێ و یارییەکانیان دەکرد یا پێشوازیان لە بالیۆزەکان دەکرد، نەخۆشخانەیەکی گەورەش هەبوو کە لەگەڵ مزگەوتی ئوزون حەسەن تەنیا دیوارێکیان نێوان بوو. لەبەردەم ئەو نەخۆشخانەیە سەکۆیەکیان دامەزراند بوو و زنجیرێکی ئاسنی قایم و پتەویان بە دەوردا کێشابوو، بەجۆرێك کە هیچ ئەسپێك نەیدەتوانی نە لە نەخۆشخانە و نە لە دیوارەکەی نزیك بێتەوە. بە پێی گوتەی بازرگانی ڤینیسیایی لەسەردەمی ئوزون حەسەن و یەعقوب زیاتر لە هەزار نەخۆش و نەدار لەو نەخۆشخانەیە دەحەوانەوە کە هۆدە گەورەکانی مافوری لێ ڕاخرا بوو. ناوەوەی نەخۆشخانەکە زۆر ڕازاوەتر بوو لە چاو مزگەوتەکە. لە سفرەخانەکەی تەنیشتەوە کە تایبەت بوو بە هەژاران، لەسەر خەرجی دەربار خواردن بە هەژاران دەدرا. ئەم دامەزراوە کۆمەڵایەتیانە کە بۆ ئەو سەردەمە بە شتێکی نوێ و نائاسایی دەژمێردرا بە

(١) مرآت البلدان، جلد ١، ص ٣٤١، سياحت نامه اوليا چلبى، جلد ٢، ص ٢٠١ و هەروەها: Wilson, p. ٦٥

(٢) شرفنامه بدليسى، جلد ٢، ص ١٢١.

(٣) لاپەڕەی ١٧٧ و ١٧٨.

مردنی یەعقوب پێچرانەوە. بێجگە لەمانە دەبێ بگوترێ کە جیهانگیری برای ئۆزۆن حەسەنیش لە ماردین نەخۆشخانەیەکی دروست کرد. (باربارۆ) لە ساڵی ١٤٧٤ز (= ٨٧٨- ٨٧٩ك) کاتێ لە (قوبرس) بەرەو تەورێز دەهات لەسەر ڕێگای خۆی لەم نەخۆشخانەیە میوانداری کراوە[١].

لە تەلارە ئایینییەکانی تر کە پەیوەندیان بە ئۆزۆن حەسەنەوە هەیە دەکرێ ناوی دوو مزگەوتی تر (لە ئەبهەرو ترجان)[٢] و دوو کڵێسەی ئەرمەنی(!) لە ئەرزنجان ببەین، کە لەو دوو کڵێسایە یەکیان بەناوی (سیمیون) و ئەویتر بەناوی (یەحیا)ی تەعمید[٣]دەرە[٤]. بێجگە لەمانە نزیکەی چوار سەد خانەقا و کاروانسەراو حوجرەش لە دامەزراوەکای ئەو دەژمێردرێن[٥].

جێگەی باسە ئوزون حەسەن ئاوو هەوا و دیمەنی ترجانی ئەوەندە بە دڵ بوو کە نیازی هەبوو لەم دەڤەرە شارێك بەناوی حەسەن ئاوا دامەزرێنێ، مزگەوتی ترجان — کە تازە باسمانکرد — شایەتێکە لەسەر ئەم نیازەی ئەو بۆ دارشتنی پلان و دروستکردنی ئەم شارە. بەڵام پێدەچێ دوای تێکشانەکەی دوازدەی ئابی ١٤٧٣ ز (= ٨٧٨ ك) بەدیهاتنی ئەم مەبەستەی پێ جێبەجێ نەدەبوو[٦].

لە تەورێز گۆڕەپانێکی تر کە بازارێکی جوان بوو وەبە قەیسەریە دەناسرا لە شوێنەواری ئۆزۆن حەسەنە. ئەم گۆڕەپانە هەشت گۆشە و زۆر بەرفراوان بوو و تیایدا کاڵای گرانبەهای وەك گەوهەر و کوتاڵی نایاب و شتی تر دەفرۆشرا[٧]. دیواری حەسەن قەڵاش کە بە مەودای دوو ڕۆژە ڕێ لە ڕۆژهەڵاتی ئەرزەڕۆم لەسەر کێوێك لەبەرد دروست کرابوو، ناوبانگی زۆری دەرکرد[٨]. هەر لەسەردەمی ئوزون حەسەن هەندێك قەڵا لە نەخچەوان، قۆیلوحەسار، ئەرزەڕۆم

(١) Barbaro, viaggio, p. ٢٨ b.

(٢) منشی بوداق، جواهر الاخبار، ص b ٢٧١، سیاحت نامه اولیا چلبی، جلد ٢، ص ٢٠١.

(٣) تەعمید (لە ئاو هەڵکێشان)، بریتییە لە شوشتنی منداڵ و ئەو کەسانەی کە ئایینی مەسیحی وەردەگرن بە پێی ڕێ و ڕەسمی تایبەت. (و. ك)

(٤) زنو، بەڕاگواستن لە برشت (Bershet)، ص ١٣٤.

(٥) تاریخ عالم آراي اميني، ص a ٢١.

(٦) سیاحت نامه اولیا چلبی، جلد ٢، ص ٢٠٢.

(٧) سیاحت نامه شاردن، جلد ٢، ص ٣٢٢ (چاپی پاریس ساڵی ١٨١١).

(٨) سیاحت نامه اولیا چلبی، جلد ٢، ص ٢٤٩، هەروەها: Tavernier, ١, p.٢١



و سەلماس نۆژەن کرانەوە. چونکە بە بۆچوونی من گومانی (مینورسکی)[١] بە تەواوی ڕاست و لە جێی خۆی دایە. کە دەڵێ ئەو بەردە نووسراوە زیان پێگەیشتووەی کە (خانیکۆف) لەو شوێنە (واتە سەلماس) لە گوورچین قەڵا (واتە قەڵای کۆتر) خوێندیەوە هی ئۆزۆن حەسەنە، ئەم بەردە نووسراوە لەسەر تەختە بەردێك کە لە ئاوەکانی گۆلی ورمێ هاتۆتە پێش چێ کراوە[٢].

سەرەنجام پردێکی بەردین کە لە باکووری ئەرزەڕۆم لەسەر فورات دروست کراوە و هێرشە خێراو لە ناوەکانی ئاق قۆینلۆی بۆ گورجستان ئاسان دەکرد، هەروەها زەربخانەیەك[٣] لە ئەرزنجان لە نزیك خانەقای دەروێشەکانی مەولەوی لەو شوێنەوارانەن کە بە ئوزون حەسەن پەیوەندیدارن. گۆڕی کوڕی جەلالەدینی ڕۆمیش لەم خانەقایەیە[٤].

لە کۆتایی ئەم گوتانە جێی خۆیەتی کە ئەگەر بە کورتیش بێ ئاوڕێك لەو تەلارە بدەینەوە کە پەیوەندی بە سەلجوق شا بێگمی هاوسەری ئوزون حەسەن هەیە. ئەم ئافرەتە چ لەسەردەمی ژیانی ئوزون حەسەن و چ لەسەردەمی فەمانڕەوایی یەعقوبی کوڕی لە کاروباری حکومەتیدا دەستڕۆیشتوو بوو و تا مردنی لە ساڵی ١٤٨٩ز (=٨٩٤- ٨٩٥ك) خاوەن ڕێز و بڕوا بوو. بەرفراوانکردنی مزگەوتی جومعەی تەورێز بەتایبەتی شوێنەواری خێرخوازانەی ناوبراوە و ئەم لەم کارەدا لە بەخشینی سەروەت و سامانی زۆر و بەرگرتنی کێشە و ناخۆشیەکان درێغی نەکرد. لە شوێنی کۆنی قیبلەی ئەو مزگەوتە گومەزێکی بەرزی چێکرد بە کاشی ڕەنگاوڕەنگ ڕازاندیەوە[٥].

## زانایان و زانست لە دەرباری ئاق قۆینلۆ

یەکێك لە گرنگترین زانایانی ڕۆژهەڵات لەو سەردەمەدا (عەلی قوشچی مونەجم سەمەرقەندی) بوو کە لە سەردەمی دەسەڵات و بەهێزیی ئوزون حەسەن لەدەرباری ئەو بوو، واتە لە ساڵەکانی ١٤٧٠ -١٤٧٢ ز (= لە ٨٧٤- ٨٧٥ تا ٨٧٦- ٨٧٧ك).

(١) لە پەڕاوێزی ژمارە ( ٣٢) لاپەڕە (٢٣) لە کتێبی: La perse

(٢) بگەڕێوە بۆ گۆڤاری (Caucase)، چاپ (تەفلیس) ساڵی ١٨٥٢، ژمارە (٢٢).

(٣) شوێنی لێدانی دراو.

(٤) سفرنامه اولیاچلبی, وەرگێڕانی هامەر (Hammer) لاپەڕەکانی ١٨٧ و ٢٠٢.

(٥) تاریخ عالم آراي اميني، ص b ٢١٦ — a ٢١٨.



PDF 4 KURD

عەلی قوشچی لە دامودەزگای (ئەلغ بێگ)ی نەوەی تەیمور و جێنشینی (شاهرۆخ) پێگەیشتبوو. محەمەدی باوکیشی لە دەربار قوشچی بوو[١]. ئەلغ بێگ[٢] زیاتر وەك زانا ناوبانگی دەرکرد بوو تا وەك شا، بەتایبەتی (ڕەسەدخانە)[٣]ی ئەو لە (سەمەرقەند) و (زیجی) کە بە فەرمان و هاوکاری خۆی دامەزرا، بوو بە هۆی ناوبانگ دەرکردنی. کاتێك کە هاوکاری زانای ئەلغ بێگ دەمرێ. ناوبراو (عەلی قوشچی) بە هاوکاری خۆی هەڵدەبژێرێ. عەلی قوشچی لە ئەلغ بێگ — کە لە ساڵی ١٣٤٩ ز (= ٧٩٦- ٧٩٧ ك) لە دایك ببوو — گەنجتر بوو. لە پێشەکی (زیج) ئەلغ بێگ لەبارەیەوە دەنووسێ: "هاوڕێ لەگەڵ بەڕێز عەلی کوڕی محەمەد قوشچی کە لە سەرەتای تەمەن و گەنجایەتیدا لە مەیدانی زانست و هونەر وەپێش هەمووان کەوتووە..."[٤]. عەلی قوشچی بۆ ئەلغ بێگ تەنیا پیاوێکی زانا نەبوو بەڵکو بە باشترین دۆستی ئەو دەژمێردرا بە جۆرێك کە پادشا هیچ ڕازێکی لەو نەدەشاردەوە[٥].

هەر لە دوای مردنی ئەلغ بێگ لە (٢٧) یا (٢٨)ی تشرینی یەکەمی ١٤٤٩ ز (=٨٥٣ك) ڕەسەدخانەکەی لە کارکەوت. هەروەها عەلی قوشچی کە دوایین ئەستێرەناسی گرنگی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی بوو سەمەرقەندی جێهێشت. سەرچاوەکان دەڵێن کە ئەو بەر لە هەموو شتێك خوازیاری زیارەتی حەج بوو هەروەها لە تەورێز بە خزمەتی ئوزون حەسەن بگات، بەڵام ئەمە نابێ پێش ساڵی ١٤٧٠ ز (= ٨٧٤- ٨٧٥ك) ڕوویدا بێ. هەر چۆنێك بێ پادشا ئەوپەڕی سەرنج و ڕێزی لە زانایان دەگرت[٦].

لە ساڵی ١٤٧١ ز (= ٨٧٥ — ٨٧٦ ك) یا ١٤٧٢ ز (= ٨٧٦-٨٧٧ ك) ئوزون حەسەن عەلی قوشچی بە نوێنەر ناردە دەرباری سولتان محەمەدی فاتیح. هەرچەند سولتان ناوبراوی بەو پەڕی ڕێزەوە وەرگرت، بەڵام نەیهێشت بۆ تەورێز بگەڕێتەوە. عەلی قوشچی هاوڕێی سولتان محەمەد بوو لەو لەشکرکێشییەی کە لە ساڵی ١٤٧٣ ز

(١) بازەوان. (و.ك)

(٢) Barthold, Hinz.

(٣) ئەو شوێنەیە کە فەلەکناسەکان تیایدا چاودێری ئەستێرەکانیان دەکرد. (و. ك)

(٤) دەقەکە لە سەرچاوەکەوە ڕاگوێزراوە.(و. ف) Sedillot, prol, p٢٩٠

(٥) Barthold, Hinz. S. ١٦٥.

(٦) صحائف الاخبار، جلد ٣، ص ١٦٤، سنان چلبی ناسراو بە بەهەشتی ، "تاریخ" ص a ١٨٦، شرفنامە بدلیسی، جلد ٢، ص ١٢٤.



(= ٨٧٧ — ٨٧٨ ك) کردیە سەر ئاق قۆینلۆ، دوای گەڕانەوەش بۆ ئەستانبول لە قوتابخانەی (ئەیا سۆفیا) بەوەرگرتنی ڕۆژانەی دووسەد ئاقچە ئەرکی مامۆستایی پێ سپێردرا. دواتریش لە ساڵی ١٤٧٤ ز (= ٨٧٨- ٨٧٩ك) لە ئەستانبول دەمرێ و لە ئەیوب[١] بەخاك سپێردرا[٢].

ئوزون حەسەن بەدەست کراوەیی و خەڵات بەخشین هەوڵی دەدا تا ژمارەیەکی زۆر لە زانایان بۆ دەرباری خۆی ڕاکێشێ، دەرباری ئەو لەم چوارچێوەیەدا لە بەرامبەر هیرات و ئەستانبول و قاهیرە شکۆمەندی دەردەکەوێ، لە ڕاستیدا خۆشی هۆگری زانست و زانین بوو[٣]. لەو زانایانەی کە لە ڕووداوی ترجان کەوتنە دەست سوڵتان محەمەدی فاتیح لە کتێبەکاندا ناوی مەولانا محەمەد شەریجی (کە دواتر لە ئەدرنە بوو بە دەفتەردار و قازی)،هەروەها محەمەد شیرازی و ئیمام عەلی فەقیە هاتووە[٤]. لەم بارەیەوە هەمیسان دەڵێن کە عوسمانیەکان کتێبخانەی ئۆزۆن حەسەنیان بە تاڵان بردووە کە گەلێك دەستنووسی تێدا بوو[٥]. عەبدولحەی نیشابوری کە خۆشنووس و (مونشی)ی دیوانی ئەبوسەعیدی تەیموری بوو دوای سەرکەوتنی ئوزون حەسەن لە دەشتی موغان لە ساڵی ١٤٦٩ ز (= ٨٧٣ — ٨٧٤ ك) کەوتە بە سەرنج و سۆزی ئەو و تا کۆتایی ژیانی لە دەرباری ئاق قۆینلۆدا مایەوە[٦].

ئوزون حەسەن مێژوونووسێکیشی لە خزمەت دابوو بەناوی مەولانا ئەبوبەکر نەهرانی کە لە نزیکانی خۆی بوو. ئەم مێژوونووسە دانراوێکی هەبوو بەناوی "مێژووی سولتانەکانی تورك" کە بەداخەوە لەناو چووە[٧]. ئەم کتێبە تەنانەت نەگەیشتە دەستی (خواندەمیر)یش کە چەند دە ساڵێك دوای ئەو لە ژیان دابووە[٨]. بەڵام دەڵێن کە

(١) مەبەستی گۆڕستانی ئەبی ئەیوبی ئەنسارییە لە ئەستانبول. (و. ك).

(٢) تاش کوپروزادە، شقایق نعمانیە، ص ١٨٢، مرئی التواریخ، ص٤٦٣ و هەروەها:
Brockelmann, vol.II, p.٢٣٤f

(٣) حیدر ابن علی حسین رازی، تاریخ حیدری، ص b ٥٧.

(٤) سنان چلبی ناسراو بە بەهەشتی "تاریخ"، ص b ٢٠٠.

(٥) مرئی التواریخ، ص ٤٦١.

(٦) Huart, p. ٢١٣.

(٧) تاریخ عالم آرای عباسي، ص ١٤، علي ابن حسین واعظ الکاشفي، رشحات عین الحیاة، ص b ٨٧.

(٨) جلد ٣، ص ٣٣٠.

(مونەجیم باشی) و (حەسەن ڕۆملو) کەڵکیان لێ وەرگرتووە. پێدەچێ کە بەرهەمەکەی مەولانا ئەبوبەکر هەمان کتێبی (دیاربەکریە) بێ کە مێژوونووسی دەرباری یەعقوب (فەزلوڵلا روزبەهان) ناوی هێناوە[1]. یەکێك لە هۆکارە گرنگەکانی ئەوەی کە تا ئێستا ئوزون حەسەن نەبۆتە جێگای سەرنجی لێکۆڵەران بەدەست نەکەوتنی ئەم سەرچاوەیە.

هەروەها جەلالەدین محەمەد ئیبن ئەسعەد دوانی — کە لە ١٤٢٧ ز (= ٨٣٠- ٨٣١ ك) لە کازرۆن لە دایك بووە و لە ساڵی ١٥٠٢ ز (= ٩٠٧- ٩٠٨ ك) یا ١٥٠٣ مردووە — قازی و نووسەری بەناوبانگ لەگەڵ دەربار بێ پەیوەندی نەبوو. کتێبی (ئەخلاقی جەلالی) ئەو کە تا ئەمڕۆ لە ڕۆژهەڵات خۆشەویست و بەناوبانگە و لە بواری ئەخلاقی کردەوەیە بە فەرمانی (خەلیل)ی کوڕی ئوزون حەسەن و نایب ئەلسەلتەنەی فارسی نووسرا. ئەم کتێبە لە پێشەکیەکەیدا هاتووە کە بۆ فەرمانڕەوای ئاق قۆیونلۆ پێشکەش کراوە[2].

هەر لەم بارەیەوە دەبێ بە وردەکارییەکی زیاترەوە لەبارەی مێژوونووسی دەرباری سوڵتان — کە تا ئێستا چەندین جار ناومان هێناوە — بدوێین. ئەو کە خۆی شایەدی بەهێز بوونی بزاڤی سەفەویەکان بوو، بەرهەمی پڕ سوود و بە بەهرەی (تاریخ عالم آراي امینی) بۆ ئێمە بە یادگار جێهێشتووە کە بە سەرچاوەیەکی سەرەکی دادەنرێت بۆ لێکۆڵینەوە لە مێژووی ئەم سەردەمە. ئەم ناوە پەیوەندی بە (ئەمینی)یەوە هەیە کە نازناوی نووسەرە. ناوی تەواوی نووسەر (فەزلوڵلا کوڕی روزبەهان) ناسراو بە (خواجە مەلا)یە. ئەو ئەسفەهانی بووە[3] و دەڵێن باوکی سەرەتا

(١) تاريخ عالم آراي امینی، ص b ١٣.

(٢) بروانە پێرستی دەستنووسی فارسی لە (بریتیش میوزیوم) لە نووسی ریو (Rieu)، جلد ٢، صb ٤٤٢ تا a٤٤٣، ئەم بەرهەمە لە ژێر ناوی:

Practical philosophy of the Muhammadan people

لەلایەن (W.F. Thompson) لە ساڵی ١٨٣٩ لە بەشی زنجیرەی چاپەمەنی وەرگێڕدراوی شوێنەوارەکانی ڕۆژهەڵات لە لەندەن بە چاپ گەیەندراوە. چاپی ئەم شوێنەوارە بەهۆی محەمەد کازم شیرازی لە ساڵی ١٩١١ لە کلکەتا ئەنجام درا.

(٣) زانیاری پەیوەندیدار بە وردەکاری ژیانی فەزلوڵلا روزبەهان لە شوێنە جیاجیاکانی کتێبی (تاریخ عالم آرای امینی) بەدەست هێنراوە.



لەو شوێنە پایەی گرنگی لە دیوان دا هەبوو، بەڵام دواتر وازی لێ هێناوە. هەروەها (خواجە ئیسماعیل ساعدی) خاڵێشی خاوەن پلەوپایەی مەزن بووە. ئەمەی دوایی کە لە بەغدا لە نێو هاودەمانی پیر بوداق پلەی سەدارەتی هەبوو، لە یاخیبوونی ئەم میرە لە دژی جیهانشای باوکی بەشداری نەکرد. ئوزون حەسەن لە دوای شکانی قەرەقۆیونلۆ خالی فەزلوڵلای بۆ دیوانی ئۆغورلو محەمەد لە شیراز ڕەوانە کرد تا خواجە ئیسماعیل لە دەرباری سولتان حوسێن بایقرا — کە لە پادشایانی هونەردۆستی تەیموری بوو — لە هیرات بوو بە (مونشیو). بەڵام فەزلوڵلا کە لە دەوروبەری ساڵی ١٤٥٠ز(=٨٥٤ك) لەدایك بوو، لەهەرەتی لاوی چەند جارێ سەفەری بۆ حیجاز کرد و لە مەڵبەندە پیرۆزەکان و بەتایبەتی لە مەدینە لەگەڵ روحانیەکان و زانایان هاموشۆی هەبوو. لە ساڵی ١٤٧٢ ز (= ٨٧٦ — ٨٧٧ك)دا فەزلوڵلا گەیشتە خزمەتی شازادە (مەقسود)ی کوڕی ئوزون حەسەن و دسپینا. دوای گەڕانەوەی بۆ عێراقی عەجەم لە قوتابخانەی شیراز بە خوێندن و خوێندنەوە خەریك بوو و هەر لەوێ چەند کتێبێکی ئایینی بە زمانی عەرەبی و یەك کتێبیشی بە زمانی فارسی دانا.

لە ساڵی ١٤٨٦ز (= ٨٩١ك) فەزلوڵلا سەفەرێکی بۆ ئازەربایجان کرد و لەمانگی تەموزی (= مانگی شەعبان) هەمان ساڵ لە کوێستانی سەهەند گەیشتە ئۆردوی هاوینی ئاق قۆینلۆ. هەر لەوێ چاوی بە سوڵتان یەعقوب کەوت و کتێبە فارسییەکەی خۆی پێشکەشی ئەو کرد. یەعقوب داوای لێکرد پێشەکی کتێبەکەی کە لە پەسن و ستایشی خوا دایە بۆی بخوێنێتەوە تا بزانێ لە نووسیندا تا چ ئەندازەیەك بە توانایە. ئەم بەشە زۆر جێگای ڕەزامەندی شا بوو، هەر بۆیەش فەرمانی پێکرد کە بەرهەمێك لەبارەی مێژووی سەردەمی فەرمانڕەوایی ئەو بنووسێ. فەزلوڵلا ڕووداوەکانی سەردەمی خۆی بە پێی زانیاریی و ناسینی خۆی نووسی و لەبارەی ڕووداوەکانی پێش ئەم سەردەمەش پشتی بە گێڕانەوەی زارەکی دەبەست وەك سەرچاوە. فەزلوڵلا هەوڵی دەدا لە بەرهەمەکەی خۆیدا ئەو بنەما و ڕێ و شوێنە لەبەرچاو بگرێ کە تەنیا "ڕووداوە ڕاستەکان" باس بکات. ئەم کتێبە مێژووییە لەسەردەمی فەرمانڕەوایی (بایسەنقەر) واتە لە نێوان ساڵەکانی ١٤٩٠ تا ١٤٩٣ز (= لە ٨٩٥ تا ٨٩٨-٨٩٩ك) کۆتایی پێهات.

فەزلوڵلا بەو پێیەی بوو بە "مێژوونووسی دەربار" ڕێگای چوونە دیوانیشی بۆ والا کرا و هەر لەوێش وەك خاڵی خۆی لە دەرباری هیرات بوو بە مونشی. کاتێك لە پاییزی ساڵی ١٤٨٧ز (=٨٩٢ك) نێردراوی حوسێن بایقرا بەنامەیەکەوە — کە بە خامەی خاڵی فەزلوڵلا نووسرابوو — گەیشتە تەورێز، سوڵتان یەعقوبیش خوشکەزای نووسەر (واتە فەزلوڵلا)ی بۆ نووسینی وەڵامی نامەکە

ڕاسپارد. دواتر لە کاتی ڕاپەڕینی سەفەوی — کە بە تێر و تەسەلی لە کتێبەکەی فەزلوللا باسی لێکراوە — ئەو هاوڕێ لەگەڵ سوڵتان یەعقوب چوو بۆ ئەردەبیل. ئەو ڕاپۆرتەی لەبارەی تەلارێکی قایم و پتەو کە شێخ حەیدەر فەرمانی دابوو لە نێو باخێکدا دروست بکرێ، شایەتیدانی بینینی خۆیەتی.

سەبارەت بە ڕووداوەکانی ژیانی فەزلوللا دوای لەناوچوونی ئاق قۆینلۆ، ئێمە دەزانین کە ئەو سوننە بوو، بۆیە لە دوژمنانی سەرسەختی سەفەوی بوو، هەر بۆیە بۆ تورکستان ڕۆیشت و لەوێڕا لە ساڵی ١٥٠٨ز(= ٩١٣-٩١٤ك) بە هاوڕێیەتی محەمەد شەیبانی — کە خانی ئۆزبەگ بوو — لە سێیەمین لەشکرکێشی لە دژی "قەزاقەکان" بەشداری کرد. بەڵام لە ڕێگادا نەخۆش کەوت و چوو بۆ (سغناق). لە ئەیلولی ١٥٠٩ز (= ناوەندی جمادی الاولی تا ناوەندی جمادی الاخرە ٩١٥ك) بەرهەمێکی مێژووی تری کە لە بوخارا بەناوی میوانخانەی بوخارا دەست پێکردبوو بە کۆتایی گەیاند. لەم کتێبەدا ڕووداوەکانی ئەو سەردەمی تورکستانی ڕۆژئاوا وەسف کراوە[1]. ناوبراو هەر لە خزمەت ئۆزبەگەکاندا بوو کە لە سێزدەهەمی نیسانی ١٥٢١ز (= جمادی الاولی ٩٢٧ ك) لە بوخارا مرد[2].

ئەگەر ژیانی ئەم مێژوونووسە کە تا ئێستا تا ڕادەیەك نەزانراوبوو (وەلێرەدا کەم و زۆر بە شێوەیەکی بەرفراوانتر باسی لێکرا) لەبەرئەوە بوو کە "جەنگاوەریەکانی دەسەڵاتداران" لە ڕوانگەی مێژووی کولتوور و شارستانییەت گرنگی تەواوی نییە، بەڵکو هەواڵی پەیوەندیدار بە پێشڕەوانی گۆڕانکاری هزری یان داهێنەرانی ڕاستەقینەی کولتوور، یان بە واتایەکی تر زانایان، هونەرمەندان، شاعیران، پیاوانی سیاسەت، ڕوحانیەکان، پیشەوەران و جوتیاران لەو ڕوانگەیە بایەخی تایبەتیان هەیە. چارەنووسی ئەم مێژوونووسەی دەربار لە زۆر لایەنەوە هەلومەرجی ڕۆژگاری کۆتایی سەدەی پازدەهەم و سەرەتای سەدەی شازدەهەمی زایینی (= کۆتایی سەدەی نۆیەم و سەرەتای سەدەی دەیەمی کۆچی) لە ڕۆژهەڵاتی نزیك ڕوون دەکاتەوە. ئەو کە ئێرانییەکی ڕەسەن و (تاجیك)[3]ێکی ئەسفەهانی بوو، بەوپەڕی نیاز پاکی و دڵسۆزی خزمەتی میرانی تورکی ئاق قۆیونلۆ و هەروەها ئۆزبەگەکانی دەکرد کە بەسەر هاوڕەگەزەکانی و خەڵکی

(١) تاکە دانەی دەستنووسی ئەم کتێبە لە ئەستانبولە. بڕوانە بۆ (نوسخەکانی دەستنووسی مێژووی فارسی لە کتێبخانەکانی ئەستانبول) دانانی (تاوەرTauer)، ل ٤٨١ — ٤٨٣ .

(٢) احسن التواريخ، ق ١٠، ص ١٧٤.

(٣) لەو سەردەمە بە دانیشتوانی ڕەسەنی ئێرانیان دەگوت تاجیك، بە پێچەوانەی تورکەکان کە بە زۆری ڕەگەزی بیانی بوون لەم وڵاتەدا (و.ك).



وڵاتەکەی زاڵ بوون و فشاریان دەخستنە سەر، بێ ئەوەی لە ژێر کاریگەری بیروباوەڕی سوننە بتوانێ دەرکەوتنی بزووتنەوەی سەفەوی پێشبینی بکات و لە ڕاستی بزووتنەوەیەك ئاگادار بێ کە ڕێگای بۆ سەر لە نوێ ژیانەوەی ئێران دەبڕی و هەمواری دەکرد.

مێژوونووسێکی تریش لەسەرەتا لەدەرباری یەعقوب خزمەتی دەکرد، کە دیارە لەو سەردەمە تەنیا یەکێك بوو لە مونشیانی دیوان، بەڵام دواتر بەهۆی نووسینی مێژووی سولتانەکانی عوسمانی بە زمانێکی فارسی پڕ تەکەللوف (سجع) نێوبانگی دەرکرد. ئەو کەسە ئیدریسی بەدلیسی بوو کە کوردێکی سوننە مەزهەب بوو. ئەو لە ساڵی ١٤٨٥ ز (= ٨٩٠ك) بەناوی سولتان یەعقوب نامەیەکی پیرۆزبایی بۆ سولتان بایەزیدی دووەم نارد کە بوو بە جێگەی سەرنج و پێهەڵگوتنی ئەو. ئیدریسیش کاتێ کە ئیسماعیل دەوڵەتی سەفەوی دامەزراند (١٥٠١ ز = ٩٠٧ك) کۆچی کرد، بەڵام وەك فەزلوللا بۆ ڕۆژهەڵات نەڕۆیشت بەڵکو لە ئەستانبول لە بابی عالی گیرسایەوە[1].

لە نێو ئەو شاعیرە ئێرانیانەی کە خوازیاری نزیك بوونەوە بوون لە سوڵتان یەعقوب و بەو ئاواتەش گەیشتن، دەتوانین ناوی (بابافغانی شیرازی) ببەین کە خەڵکی شیرازە و لەگەڵ هیراتیش پەیوەندی دۆستانەی هەبوو. لەسەردەمی سولتان حوسێن بایقرا هەلێکی لەبار ڕەخسا بوو بۆ گەشەسەندنی زانست و هونەر و ئەدەب، سەرەنجام دەبێ باسی (بەنائی) بکەین کە لە هەمان کاتدا شاعیرێکی بەتوانا و هەروەها خەت خۆش و موسیقاناسێکی لێزانیش بوو. بەڵام زمانێکی تیژی هەبوو و سەرەنجام بە هەجوکردنی میر عەلی شێر نەوایی شاعیر و سیاسەتمەداری بە توانای تەیموری ناوبانگی دەرکرد و هەر بەم هۆیەش ناچار بوو لە هیرات ڕابکات. ناوبراو لە دەرباری سولتان یەعقوب کتێبی "بەهرام و بەهرۆز"ی نووسی. لە دوای مردنی سولتان یەعقوب کاتێك کە محەمەد شەیبانی هیراتی داگیر کرد ئەو سەرلە نوێ گەڕایەوە هیرات[2]. وا پێدەچێ تەنیا ئەو شاعیرانە ڕوویان لە پێتەختی ئاق قۆیونلۆ کردبێ کە لەبەر هۆیەك لە هیرات سەرکەوتوو نەدەبوون.

(١) Babinger, GOW ٤٥ – ٤٦, Mehmet sukru , Das Hest Bihist des Idris Bitlisi, in: Der Islam, Bd. ١٩ (١٩٣١), S. ١٣١ – ١٥٧.

(٢) Huart, p.٢١٢ – ٢١٣, Krymskyj, p.١٣٨.



PDF 4 KURD

هەرچەندە ئـوزون حەسـەن لـە دەسـت والآیـی و دەربـڕینی ڕێـز و خۆشەویـستی بـۆ شاعیرانی فارسی هیچ کاتێ درێغی نەدەکرد — بێگومان بەلەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاسـتییە کە زمانی ئاخاوتنی دەرباری ئەو تورکی ئازەربایجـانی بـوو — بـەڵام هـیچ کـاتێ ئێمـە شاعیرێکی ناودار لە ڕیزی هاودەمـانی ئـەودا نـابینین. هەڵبـەت چـاوپێکەوتنی جـامی لەگەڵ ئوزون حەسەن لەم گوتەیە بەدەرە.

جامی شاعیر کە لە ماوەی ژیانی خۆیدا لە هەموو شوێنێ جێگەی ڕێزو نەوازش بوو، یـەکێك لـە وێژەرانی دەگمەنی ئێرانە کە لە ڕۆژئاواش ناسراوە. ناوبراو لـە ئـابی ١٤٧٢ ز (= ربیـع الاول ٨٧٧ك) لەهیراتەوە بەرەو زیارەتی مەککە بەڕێ کەوت. لـە کـاتی گەڕانـەوەی دروسـت لـەو ڕۆژەدا گەیـشتە حەلەب کە ئوزون حەسەن لە نزیك (ترجان) تێکشا، (١٣ی ئابی ١٤٧٣ = ٨٧٨ ك). ئینجا لە ڕێگای (بیرا) بەرەو (ئامەد) ڕۆیشت. محەمـەد بێگـی سـەرداری ئامـەد بـەهۆی بـەرپابوونی شـەڕ، (٣٠٠) تورکمانی بەگەڵ خست و جامی لە ژێر پارێزگاری ئەم تورکمانانە لە حەڤدەی تشرینی یەکەمی ١٤٧٣ ز (= ٨٧٨ك) گەیشتە تەورێز. ئوزون حەسەن نزیکترین یارانی خۆی — واتە قازی و مێژوونووسی خۆی ئەبویـەکری تـارانی و دەروێـش قـاسمی شـەقادڵ(؟) — بـۆ پێـشوازی ئـەو نـارد، هـەموو گـەورە و کاربەدەستانی وڵاتیش بەدوای ئەم دووانەوە بـوون. شـاعیر لـەو پـەڕی ڕێـز و نـەوازش گەیـشتە لای فەرمانڕەوا. ئوزون حەسەن زۆر بە گەرمی و دڵنەرمی وەریگرت و خەڵاتی شـایانەی کـرد و دۆسـتانە داوای لێکرد لەدەرباری ئەودا بمێنێتەوە. سـەرەڕای هـەموو ئەمانـە (جـامی) تـەنیا(١٠) ڕۆژ لـەوێ مایەوە و بە بیانووی جارێکی تر بینینی داپیرەی گەڕایەوە هەرات[1].

## ئایین لەدەرباری ئۆزۆن حەسەن

ئەوەی کە لەسەدەی پازدەهەم (= سەدەی نۆیەمی کۆچی) ئایین لـە ئاسـیای بـچووك لـەباری گـۆڕان دابوو و ئەو گۆڕانەش بەهۆی گیروگرفتی جەنگ کـە شـپرزە بـوونی ئابووریـشی بـەدواوە بـوو خێراتـر و بەهێزتر دەبوو، مەسەلەیەکە لەبەرچاوی لێکۆڵەرانی ئالمانی نەشاردراوەتەوە و زۆر جار ئاوڕی لێدراوەتەوە. ئەو گۆڕانە کەبوو بەهۆی دەرکەوتنی خێرای دەوڵەتی سەفەوی، سـێبەری خـۆی بەسـەر ژیـانی ڕۆژانـەی دەرباری ئۆزۆن حەسەنیش کێشابوو. مەبەستی ئێمە لێرەدا توێژینەوە نییە لە مێژووی ئایینیەکان بـەڵکو تەنیا دەمانەوێ ئاوڕ لەو لایەنە بدەینەوە کە پەیوەندی بە باسی سەرەکی ئێمەوە هەیە.

(١) رشحات عین الحیات، ص b ٨٤ تا b ٨٧.



مونشی بۆداق لەبەرهەمەکەی[1] خۆیدا دەنووسێ: زۆر لەزانایانی ئـایین لـە دەوری ئـەمیر حەسەن بێگ کۆببوونەوە و هەمیشە باسیان لە فیقیە، فـەرموودەکانی پێغەمبـەر و تەفـسیری قورئان دەکرد. ئوزون حەسەن تەنانەت بەر لە گەیشتنی بە دەسەڵات گرنگی زۆری بەهاموشۆ و تێکەڵاوی لەگەڵ شێخ و زانایانی ئایینی دەدا.

گێڕانەوەی سەرچاوەیەکی تر[2] پەیوەندی ئوزون حەسەن لەگەڵ ڕوحانییەکان بـە شـێوەیەکی تایبەتی دێنێتە ئاراوە کە ئێمە لەو گێرانەوەیە بە باشی هۆگری و تاسەی ئایینی ئـەو پیـاوە و هەروەها لە هەڵوێستی تایبەتی ئەو بەرامبەر بە کێشەکانی باوەڕ ئاگادار دەبین.

لەو کتێبەدا ئاوا نووسراوە: دەڵێن ئوزون حەسەن هۆگرێکی زۆری بۆ خوێندنەوەی قورئان هەبوو و بـەدڵ سافی تەواو — کە لە تایبەتمەندییەکانی تورکانە — بیری لە هەر بابەتێك و گوتەیەك دەکردەوە. ناوبراو ڕۆژێك بەرهەمی بیر و ئەندێشەی ئاڵۆزی خۆی بە مونشی نووسیەوە. ئـەو بەرهەمـەیان بـە جـوانی ئـاوزێڕکرد و بەرگیان بۆ دروست کرد. دوای ئەوەی هەموو زانایـانی کـۆکردەوە، کتێبەکـەی بەدەسـتەوە گـرت و چـەند بەشێکی بەدەنگی بەرز خوێندەوە. ئامادەبووانی کۆڕەکە بە بیستنی سەریان سـوڕما، بـەڵام هـیچ کـەس بوێری ئەوەی نەدەکرد بیروباوەڕی خۆی دەربڕێ بێجگە لە مەولانا عەلی فەرمەی ئەسفەهانی کە کەسێکی ڕوحانی و زانایەکی بەڕێز و خاوەن کەسایەتی ئەو سەردەمە بوو. ئەو گوتی ئەوەی بیسترا بێجگە لە گووتەی بێ سەر و بەر و خۆڕایی شتێکی دیکە نین و هیچ ئەسڵ و بنەمایەکیان نییە. ئوزون حەسەن ناچـار پرسـی، ئەوە شێت بووە لە کۆڕێکی ئاوادا ئەم گوتە هەڵنەسەنگێندراوانە دەکا؟ مەولانا عەلی فەرمەش لە وەڵامدا گوتی هیچ کەس شێت نییە و تاکە هاندەری ئەو لەو گوتانە تەنیا پارێزگاری و پشتیوانی کردنە لـە ئـایین و ئەو کەسانەی کە لێرەن دەزانن کە ئەو لەسەر حەقە، بەڵام بۆ ئەوەی سولتان دڵی نـەڕەنجێ ڕاسـتی نابێـژن، چونکە لەبەرچاوگرتنی داب و نەریتی دەربار لەلایان لە پاراستنی حەق و ڕاستی بەڕێزترە.

حەسەن بێگ لە زانایانی کۆڕەکەی پرسی ئەو ئیددیعا و داوایە ڕاسـتە؟ هـەموو وەڵامیـان داوە بەڵێ ئەو ڕاست دەڵێ، بۆیە کە مەولانا بەتاڵی و ڕەقی قسەی کردووە، بە نیـاز بـووە کـە میر ئاگادار بێ کە کتێبی فیقهیش وەك قورئانی پیرۆز بە زمانی عەرەبیە و بێ زانینی عەرەبی و توانای تەواو لەم زمانە ناتوانرێ بەدروستی لە بابەتەکانی فیقهی و ئایینی ئاگـادار بـی، بـە پێچەوانەی ئەمەش لە یاسا و ڕێسای ئایین هەڵە و شاشی ئادەمیانە دێتە ئاراوە."

(١) برگ b ٢٦٩.

(٢) محمد ملقب به مصلح الدین لاری انصاری، مرآت الادوار و مرقات الاخبار، ص b ٢٢٨ تا a ٢٢٩.

شایانی باسە کە ئوزون حەسەن لە بەرامبەر ئەم هەڵوێستەی ڕوحانییەکان، ئیتر لە ڕاستی و دروستی بیروباوەڕی خۆی پێی دانەگرت و بێجگە لەمەش فەرمانی دا تەشت و مەسینەیان هێنا و لەبەرچاوی هەموویان نووسینەکانی کتێبەکەی شوشتەوە".

لەسەرجەمی ئەم داستانە دەردەکەوێ ئوزون حەسەن لە هەناو و دەروونی خۆیدا مەیل و تاسەی بۆ ئایینی دەروێشان هەبووە، بۆ ئەو داوایە ئێمە بەڵگەمان زۆر بەدەستەوەیە: دیارە ڕاستە کە لەبارەی شێخ جونەید کێشەی سیاسی لە گۆڕێ دابوو، بەڵام بە ڕێکەوتیش نەبوو کە ئوزون حەسەن بەو ڕادەیە ڕووی خۆشی بەسەفەویەکان نیشان دەدا، لە گۆترەش نەبوو کە یەکێك لە نزیکترین یارانی ئوزون حەسەن دەروێش قاسمی شەقادڵ بوو. هەروەها بە خۆڕایی و بەلاش نەبوو کە ئەو چوار هەزار تەکیە و خانەقایەی لە وڵاتی خۆی دروست کرد. شێوازی دادخوازی ئۆزۆن حەسەنیش بەڵگەیەکی ترە بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونە. لەم بارەیە هەمیسان مونشی بۆداق دەنووسێ[1]: "کاتێك ئوزون حەسەن لە نوێژی بەیانی دەبۆوە، تەپڵی عەدالەت بە نیشانەی پێکهێنانی دیوان لێدەدرا. لە دوای ئەمەدا خۆی دەهات، جلی دەروێشانی دەپۆشی و پشتێنی دەبەست، سینگی بە پێستێکی خاو کە لێوارەکەی لە پێستی بەرخ بوو دادەپۆشی. بەم شێوەیە لەسەر تەخت دادەنیشت و شازادە و سەرکردەکان لە چەپ و ڕاستی ڕادەوەستان. هەر هەژارێك یا دەروێشێك سکاڵا و گازاندەیەکی هەبووایە ئەو وەریدەگرت. گوێی لە قسەکانی ڕادەگرت و بە وشەیەك حوکمی لەبارەیەوە دەدا. لەبەر ئەوەی لەو کۆبوونەوانەی دەربار هەمیشە مونشی دەربار ئامادە دەبوو بۆیە فەرمانی میر دەستبەجێ دەنووسرا و بە داواکار دەدرا. ئەم فەرمانە کە بایەخ و گرنگی بێ قەید و شەرتی هەبوو هەرگیز گۆڕانی تێدا نەدەکرا. مەسەلەی باوەڕهێنانی ئوزون حەسەن بە ئایینی[2] سەفەوی، یان وەك یەکێك لە ڕووداو نووسەکانی ئێرانی[3] دەڵێ کە ئەو لە شوێنکەوتووانی شێخ جونەید بووە، بەڕاستی دەکرێ جێگای گومان بێ. زیاتر دەکرێ بڵێین کە مەیلی ئەو تەنیا بۆلای سەفەویان نەبوو بەڵکو بە شێوەیەکی گشتی بۆ شێخ و دەروێشان بوو. دیارە سەفەویان بەهۆی پێگەی سیاسی لە هەموو تەریقەتەکانی تر لە سەرەوەتر بوون. بۆ وێنە باس لە کەسێك دەکرێ بەناوی سۆفی شێخ دەدە عومەر لە ناوچەی ئایدین —کە دەکەوێتە ڕۆژئاوای ئەنادۆل —کە ئوزون حەسەن بۆ تەورێز بانگهێشتی دەکا و لەسەر داوای سەلجوق خاتوونی خێزانی زۆر ڕێزی لێ دەگرێ، باوکی سەلجوق خاتوون خانەقایەکی لەبەردەستی شێخ دانا بوو، ئەم خانەقایە لەو تەلارانە بوو کە دایکی ئایین پەروەری جیهانشا لە تەورێز دروستی کردبوو[4].

---

(١) بەرگی b ٢٦٩.

(٢) لێرەدا مەبەست مەزهەبی شیعەی دوازدە ئیمامییە کە سەفەویەکان پەیڕەویان کرد.

(٣) تاریخ حیدری، ص a ٥٧٤، تاریخ اسماعیل، ص a ١٤.

(٤) احمد بن مصطفی طاش کوپروزاده، شقائق نعمانیه، ص ٢٨٢.



ئەگەر بوێری ئەوەمان هەبێت لەوانەی گوترا دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە ئوزون حەسەن خۆی لە سۆفیگەری و لەم ڕێگەیەوەش لە نەریتەکانی شیعە نزیك بووە. لەلایەکی تریش ئەوە جێگەی گومان نییە کە ئەو مەزهەبی شیعەی نەبووە، چونکە دوژمنی ئەو واتە جیهانشا و قەرەقۆینلۆ ئەو بیروباوەڕیان هەبووە (ئاق قۆیونلۆ بە گشتی مەزهەبی سوننەیان هەبوو). لەبەر ئەوەی کاتێك لە بەهاری ١٤٦٤ز(=٨٦٨ك) حەسەن عەلی کوڕی جیهانشا لە کاتی گەڕانەوەی لە عەرەبستان لەلای ئوزون حەسەن بوو بە پەنابەر (باوکی لە ساڵی ١٤٥٩ز = ٨٦٣ — ٨٦٤ك دووری خستبۆوە) و بە ئاشکرا لە دەرباری دیاربەکر "بێ دینی" خۆی نیشاندا — بۆ نموونە جێگەی نیگەرانی و سەرسوڕمانی هەموان بوو کاتێك کە دەیانبینی نە نوێژە فەرزەکان دەکات و نە لە کاتی پێویستدا غوسل لە خۆ دەردەکات — ئۆزۆن حەسەن، لە وڵاتی خۆی دەریکرد.[1]

لە کۆتایی ئەم گوتانە پێویستە کە کورتە ئاوڕێکیش لە پەیوەندی ئوزون حەسەن لەگەڵ مەسیحییەت بدەینەوە. گومان لەمەدا نییە کە ناوبراو لە هەمبەر مەسیحییەت لێبوردەیی و دڵکراوەیی لە خۆی نیشان دەدا، لەمبارەیەوە هەڵبژاردنی دسپینا خاتون بۆ هاوسەری و هەروەها ئەو یارمەتییەی کە پێشکەشی کڵێسای ئەرمەنی کرد جێگەی وەبیرهێنانەوەن. لە ڕۆژئاوادا ناوبراو نەك تەنیا وەك پیاوێك دەناسرا کە لە بەرامبەر ئایینی مەسیحی دا چاوپۆشی زۆرە، بەڵکو وەك یەکێك لە دۆستانی مەسیحییەت دەژمێردرا. بەهۆی ئەو هاوپەیمانییەی کە لەگەڵ ڤینیسیا هەیبوو و ئەو دوژمنایەتییەی کە بەرامبەر عوسمانییەکان نیشانی دەدا "ئوسۆن کاسانو"[2] یا "ئاسام بەك"[3] لە ئەورووپا لە دەوروبەری ساڵی ٤٧٠ ز (= ٨٧٤—٨٧٥ك) ببوو بە کەسایەتییەکی ڕۆمانسی و لەبارەیەوە داستانی سەیر و سەمەرەیان دەگێڕاوە. لە یەکێك لە سەرچاوەکانی بە زمانی لاتینی[4] نە تەنیا دەگوترێ ئوزون حەسەن دۆستی دڵنەرم و میهرەبانی مەسیحییەتە (Cristian or um amicissimus) بەڵکو لەلای شانی ڕاستی نیشانەی خاچ هەیە (Crucem in bumiro dexiro defrens).بەڵام لە بەرامبەردا ئەمەش جێگای سەرسوڕمانە کە پێنج جار تاڵانکردنی گورجستانی مەسیحی لە لایەن ئوزون حەسەن بە هیچ جۆرێ نەببووە هۆی ناوزڕاندنی و تەنانەت گومانیشی لە بنەمای ئەو باوەڕە دروست نەکرد کە ئەو دۆست و لایەنگری مەسیحییەکانە. لەڕاستیدا دەبێ بگوترێ کە ئوزون حەسەن لە هەمبەر ئایینی مەسیحیدا تەنیا چاوپۆشی و لێبووردەیی هەبوو و نابێ لەمەشدا پێدرێژی زیاتر بکرێ.

---

(١) احسن التواریخ، ق ٩، ص b ١٠٤.

(٢) Ussun Cassano.

(٣) Assambech.

(٤) Codex Latinus Monacensis ١٨٧٧٠, Bl. ١٩٢.



PDF 4 KURD

# (بەشی هەشتەم)

## ئاورێك بۆ رابـردوو

لەمەوبەر توانیمان بە شێوەیەكی پوخت ئەو میراتە كەلتووریەی كە ئـوزون حەسـەن بـۆ سەفەوی بە یادگار بەجێهێشت بناسین. ئەو میراتە زۆر بنەڕەتی و هەمە لایەنە بـوو بـەجۆرێك كەبتوانین بلێین گەشەی كەلتووری و ژیاری ئێران لەسـەردەمی سـەفەوی لـە سـەدەی شـازدەهەم (=سەدەی دەیەمی كۆچی) بەتایبەت لەسەر ئەو بنەمایە بوو.

بۆ روونكردنەوەی دۆخی پەروەردە و فێركردن و داب و نەریت لـە دەولـەتی ئـوزون حەسـەن دەبێ بگوترێ كە نەبوونی دەسەلات ئەو بەسەر خۆراسان گرنگی بنەرەتی هەبوو، چـونكە دوای سەركەوتنی بەسەر ئەبو سەعید هەروەكو دەزانین لە هەولەكەیدا سەركەوتوو نـەبوو بـۆ گـرتنی رۆژهەلاتی خۆراسان. خۆراسان لەوسەردەمەدا ناوەند و لانكەی كەلتووری درەوشاوەی ئێران بوو و فەمانڕەواكانی ئاق قۆینلۆو هەرچی هەولیاندا نەیانتوانی لە بەرامبەر دەربـاری شـكۆمەند و پایەبەرزی تەیموری هاوسەنگی پێك بێنن. ئەگەر ئەو مەسەلەیە لە گۆشەنیگای تایبـەتی راڤـە بكەین دەبینین كە لكاندنی خۆراسـان بـە دەولـەتی سـەفەوی شـا ئیـسماعیل رووداوێكـە لـە روانگەی مێژووی كەلتوور شوێنەوار كارتێكەری زۆری هەبووە. هێزە نیـشتیمانییەكانی ئێـران لەسەردەمی سەفەوی لە هەموو بوارەكانی ژیانی هزری و هونەری بە شـێوازێكی وا دەرفـەت و هەلی دەركەوتن و خۆدەرخستنیان بۆ رەخسا، كە تەواو جیـاواز بـوو لـەوەی كـە لەسـەردەمی دەسەلاتی بێگانە و غەوارەكانی وەك ئوزون حەسەن و نەوەكانی دەیانتوانی خۆ بنوێنن.

رووداوەكانی تایبەت بە زالبوونی توركمانەكان لەسەدەی پازدەیـەم (= سـەدەی نۆیـەمی كۆچـی) بـەهۆی هەمـەجۆری و زۆری و تێكـچرژاوی پەیوەندیەكانـەوە، دیمـەنێكی وەهـا رەنگاورەنگیان دروست كردووە بـە جۆرێـك كـە نـاتوانین بلـێین لـەم كتێبـەدا تەنانـەت بـە شێوەیەكی نیمچە تەواویش راڤە و باسمان كردووە. بەلام ئەم ئارەزووی گەیشتن بـە كەمالـەی بەدەگمەن بەجێ گەیەنراوە لەگەل هەولێك كە ئامانجی نیـشاندانی جۆراوجۆرییـە لـە بـەرگی یەكێتی دا، یەكدەگرێتەوە. لەبەر ئەوەی نیوەی دووەمی سەدەی پازدەیەم (= سەدەی نۆیەمی



كۆچی) بۆ ئێـران لـە بنەڕەتـدا بـە سـەردەمی ئـالۆگۆڕ و گۆڕانكـاری دەژمێـردرێ، ئەمـە ئاستەنگێكی گەورەیە لەبەردەم وەسفی تەواو و هەمە لایەنەی هەلومەرجی ئـەم سـەردەمە. بەلام ئەم چەرخە بەتایبەت لەم لایەنەوە گرنگی زۆری هەیە كە هەمیسان رێگا خۆشكەر بوو بۆ گەشەسەندن و بەرەو پێشچوونی نیشتیمانی ئێـران و لـە ئاكامـدا پـشكوتنی كـەلتووری نەتەوەی ئێرانی كە لە رەگەزی ئارییە.

### پێناسە پەراوێزەكان:


**(١) درەختی بنەمالەی سەفەوی:**

عەلی كوڕی ئەبی تالیب — ئیمام حوسێن — ئیمام زەین ئەلعابدین — ئیمام محەمـەد بـاقر — ئیمام جەعفەری سادق — ئیمام موسای كـازم — سـەید ئەبولقاسـم هـەمزە — سـەید ئەبولقاسم محەمەد — سەید محەمەد ئەعرابی — سەید ئەحمەد — سەید ئیسماعیل — سەید محەمەد — سـەید جەعفەر — سەید ئیبراهیم — سـەید محەمـەد — حەسـەن — محەمـەد — شەرەفـشا — محەمـەد — فەیروزشا زێڕین كلاو — عەوەز ئەلحافز ئەلخەواس — محەمەد ئەلحافز — شێخ سەلاحەدین رەشید — قوتبەدین — سەید سالح — شێخ ئەمینەدین جبرائیل — شێخ سەفییەددین ئەبولفەتح ئیسحاق.

(٢) لەكتێبی (تاریخ عباسی) لە دانانی (جلال الدین محمد منجم یزدی)، لاپەڕە 2b و وەها هاتووە كە: سەید فەیروزشا زێڕین كلاو لـە (یەمـەن) دەركـەوت چـونكە شـەمس ئەلدەولـە و (فەخر) ئەلدین تورانشای ئیبن ئەیوب ئەو ولاتەی داگیركرد، لـە سـالی ٥٦٩ ك (= ١١٧٣-١١٧٤ز) لە شوێنێك بەناوی (رەنگین) نیشتەجێ بوو. لە راستیشدا تۆرانشای برای سەلاحەدین لە شوباتی سـالی ١١٧٤ ز (= رەجـەبی ٥٦٩ ك) حكومـەتی بنەمالـەی ئـەیوبی لـە یەمـەن دامەزراند (ابن الاثیر، جلد ١١،ص٢٦٠ودواتر).

رەنگین (هەروەكو لە سلسلە النسب صفویە، ص ١١ دەردەكـەوێ) لـە لای كوێـستانی پـڕ دارستانی گەیلان هەلكەوتووە، فەیروزشا كە خاوەنی ران و مێگەلێكی زۆر بوو بەتایبەتی ئـەو دەڤەرەی هەلبژاردووە چونكە بە لەوەڕگەی زۆر دەولەمەندە.

كوڕەكەی بەناوی (عەوەز) مال و حالی بۆ (ئەسفەرجان) گواستەوە كـە لـە دەوروبـەری ئەردەبیلـە، نەوەكەشی (كەلخۆران)ی كردە بنكە و بارەگای خۆی. شێخ سـەفی كـە دواتـر ئـەردەبیلی كـردە بنكـەی هەمیشەیی شێخەكانی سەفەوی، لەو كەلخورانە لەدایك بوو. (سلسلە النسب صفویە، ص ١٢ — ١٧).






**(٣) رەوشی مێژووی هۆزی قەرەقۆیونلۆ:**

باس و وردەکاری لـەبارەی تایفـەی قـەرەقۆیونلۆ — کـە (بـارانی)شـیان پێـدەگوترێ — لـەم کورتەیەدا جێگەی نابێتەوە، بەتایبەتی کە (ڤلادیمێر مینۆرسکی) بەنامەیەك ئاگاداری کـردم کـە نیازی وایە لە خولی (ئەوقاف گیپ) بەرهەمێکی تێرو تەسەل لەبارەی سـەربردەی قـەرەقۆیونلۆ و ئاق قۆیونلۆ بڵاو بکاتەوە. لەبەر ئەوە، لێرەدا بـۆ تـەواوکردنی کتێبەکـەی خـۆم تـەنیا مەسـەلە سەرەکیەکان باس دەکەم (زۆربەی ئەم زانیاریانە لەو سەرچاوانەی خوارەوە وەرگیراون:

منجم باشی، صحائف الاخبار، جلد ٣، ص ١٤٩- ١٥٢، احمد بن محمد القاضي ناسراو بـە غفـاری، جهـان آرا، ص b ٣٦- a ٣٨، محمـد ابـن محمـد الـدینوری، نخبـە التـواریخ والاخبار، ص٤٤).

بەهارلوەکان لە نێو هۆزی قەرەقۆیونلۆ تیرەیەکی تایبەتی بوون کـە دواتـر بوونـە دیـارترین لایەنداران و هەوادارانی ڕاپەڕینی سەفەوی. یەکەم پێـشەوای بـەناوبانگی قـەرەقۆیونلۆ (بـایرام خواجە) بوو کە شارەکانی (موسل) و (ئەرجیش)یشی داگیر کرد. لە ساڵی ٧٨٢ ك(= ١٣٨٠ز) قەرە محەمەدی کوڕی لە جێگەی ئەو دانیشت. ئـەویش لـە سـاڵی ٧٩٢ ك(=١٣٩٠ ز) مـرد و (قەرەیوسف)ی کوڕی بووە جێنشینی.

**قەرەیوسف**

قەرەیوسف لە ئازەربایجان فەرمانڕەوایی دەکرد و تەورێز پایتەختی بوو، ئـەو لەدەسـت تـەیمور پەنای بردە بەر سولتان بایەزید یەلدرم (سولتان بایەزیدی یەکـەمی عوسمانیـە ١٣٨٩ — ١٤٠٣ز — و.ك)، دوای مەرگی تەیمور ئنجا خواتی لەو نەهامەتیانەی — کـە بـەهۆی هێرشـی تاتارەکـان تووشی ببوو — بحەسێتەوە. لە ساڵی ٨٠٩ ك (= ١٤١٢ ز)[1] نـاوبراو تـوانی سـەرکەوێ بەسـەر فەرمانڕەوای شێروان (کەناوی شێخ ئیبراهیم بوو) و پادشای گورجستان (کە نـاوی قوسـتەنتین یـا کوستانتین بوو)، لە ساڵی ٨٢٢ ك (=١٤١٩ ز) عێراقی عەجەمی بە ناوچەی دەسـەڵاتی خۆیـەوە لکاند. لە ذولحجة ٨٢٣ ز (= کانونی یەکەمی ١٤٢٠ ز) کاتێك شارۆخی تەیموری بە لەشـکرێکی زەبەلاحەوە لە خۆراسان بەرەو تەورێز بەڕێ کەوت، قەرە یوسف ماڵئاوایی لەم دنیایـە کـرد. ئـەو خاوەنی شەش کوڕ بوو: پیر بوداق، ئەسکەندەر، جیهانشا، شا محەمەد، ئەسپان و ئەبو سەعید.

(١) ساڵی ٨٠٩ك بەرامبەرە بە هەر دوو ساڵی ١٤٠٦ — ١٤٠٧ زایینی. لەوانەیە لە دەقە ڕەسەنەکە هەڵـەی چاپ ڕووی دابێ. (و. ف).

## قەرە ئەسكەندەر

پیر بوداق دوابەدوای باوكی دەمرێ و سەرەتا قەرە ئەسكەندەر جێی دەگرێتەوە. ئەو لە (٢٧)ی رەجەبی ٨٢٤ (= ٢٨ی تەموزی١٤٢١ ز) لە شەڕێكدا لەگەڵ شارۆخ شكا و بە ناچاری هەڵات. بەڵام دوای پاشەكشەی شارۆخ توانی سەر لەنوێ ئازەربایجان بگرێتەوە، قەرە ئەسكەندەر لە ساڵی ٨٢٨ (=١٤٢٥ز) بەسەر حاكمی ئەخلات و لە ساڵی ٨٣٠ (=١٤٢٧ز) بەسەر فەرمانڕەوای كوردستاندا سەركەوت. لە (١٧) ذولحیجەتي ٨٣٢ (=١٧ی ئەیلولی ١٤٢٨ز)[1] لەگەڵ شارۆخ — كە هەمیسان بۆ شەڕی ئەو هاتبوو — تووشی پێكدادان بوو و لە ئەنجام دووبارە تێكشكاو بەرەو ڕۆم ڕایكرد[2]، لە كاتێكدا (ئەبو سەعید)ی برای لەلایەن شارۆخەوە كرایە حاكمی تەورێز. بەڵام قەرەئەسكەندەر سەر لە نوێ گەڕایەوە و (ئەبو سەعید)ی شكاند و ناوچەی دەسەڵاتی داگیر كرد.

## جیهانشا

لە ساڵی ٨٣٨ (= ١٤٣٥ ز) شارۆخ بۆ سێیەمین جار لە خۆراسانەوە گەڕایەوە و لە مانگی ئاب (لەوانەیە بكاتە موحەررەم) جیهانشای كرد بە جێنشینیی سەلتەنەتی ئازەربایجان. بەڵام چونكە برای جیهانشا ساڵی دواتر لە ڕۆمەوە گەڕایەوە لە كۆتایی تەموزی ١٤٣٦ (= سەفەر ٨٤٠ك) لەنزیك تەورێز لە شوێنێك بەناوی (سوفیان) شەڕ لە نێوانیاندا ڕوویدا و قەرە ئەسكەندەر شكا و بۆ (حەسار ئالنجق) پاشەكشەی كرد كە لەو نزیكانە بوو. هەر لەو قەڵایە دابوو كە ئەو لە (٢٥)ی شەوالی ٨٤١ كە بەرامبەرە بە (٢١)ی نیسانی ١٤٣٨ — بە پێی گوتەی (غفاری) لە (جهان آرا)، ص a ٣٨، لە (النجوم الزاهره)، جلد ٦، ص ٨٥٥، ذولقیعدة هاتووە، سەرەتای ذولقیعدة ٨٤١ دەكاتە (٢٦)ی نیسانی ١٤٣٨ زایینی — بەدەستی شاقوبادی كوڕی كوژرا.

جیهانشا تۆڵەی كوشتنی قەرەئەسكەندەری كردەوە و لەبەر ئەوەی هیچ یەكێك لە براكانی تری (واتە شا محەمەد و ئەسپان) لەو ماوەیەدا لە ژیان نەمابوون (ئەم دووانە یەك لە دوای یەك ببوونە حاكمی بەغدا) بۆیە ئەو لە بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات نەیاری نەبوو.

---

(١) بەرامبەرە لەگەڵ (١٧)ی ئەیلولی ١٤٢٩ بەدروستی. (و.ف).

(٢) مەبەست دەوڵەتی عوسمانییە. (و. ك)



## (٤) باپیرانی ئۆزۆن حەسەن

قازی غەفاری (بەرگی b ٣٩) ڕەچەڵەكی ئوزون حەسەن بە پەنجا و دوو پشت دەباتەوە سەر ئۆغۆزخان (لە ڕێگەی چوارەمین كوڕی ئەو، گوك خان) یەكەمین جار فەرمانڕەوای ئاق قۆیونلۆ كە بێجگە لەناوونیشانی كورتە زانیاریەكیشمان لەبارەی هەڵومەرجی ژیانی هەیە، كەسێ بوو (بە پێی نووسینی (جەنابی) لە (تاریخ، ص b ١١٥) ناوی عەلائەدین كوڕی تورعەلی بێگ بوو كە توانی (هەرچەندە بە شێوەیەكی كاتیش بوو) موسل داگیر بكات. (بگەڕێوە بۆ (مرئی التواریخ، ص ٤٨١) لە دوای ئەو فەخرەدین قتلو (یان: قتلغ) بێگی برای گەیشتە دەسەڵات. دوای مردنی فەخرەدین كوڕەكەی واتە بەهائەدین عوسمان بێگ قەرەئیلۆك بووە سەرۆكی هۆزی ئاق قۆیونلۆ (ناوی ئەم هۆزە بە پەیڕەوی لەناوی گەورەترین كوڕی گوك خان (بایندەری)یشی پێ دەڵێن).

## (٥) عوسمان بێگ

كاتێ كە تەیمور لەنگ لە ساڵی ١٤٠٠ (=٨٠٢- ٨٠٣ ك) گەیشتە ئاسیای بچووك عوسمان بێگ گوێڕایەڵی خۆی پێڕاگەیاند و لە ڕیزی سوپای ئەودا لە سوریە و ئەنادۆل (كلاویخو، ل١٣٤) جەنگا، لە بەرامبەر ئەم خزمەتانە فەرمانڕەوایی ناوچەی دیاربەكری لەتەیمور وەرگرت. عوسمان بێگ بوە خاوەنی ئەم دەڤەرە و حاكمەكانی ناوچەكانی دراوسێی وەدەرنا. پاش مردنی تەیمور، عوسمان بێگ لەو دەرفەتە كەڵكی وەرگرت و كاتێك كە قەرەیوسف ئیبن محەمەد (٧٩٢ هەتا ٨٢٣ ك= ١٣٩٠ تا ١٤٢٠ز) لەگەڵ ئەبوبەكری كوڕی میرانشای نەوەی تەیمور لە شەڕدا بوو، لە دەوروبەری ساڵی ١٤٠٨ ز (= ٨١٠ — ٨١١ ) ڕوهای داگیر كرد و ماردینی گەمارۆدا (منجم باشی، صحائف الاخبار، جلد ٣، ص ١٤٩ و ١٥٥ — ١٥٦).

عوسمان بێگ لە ساڵی ٨٣١ ك (= ١٤٢٨ ز) قازی بورهانەدین ئەحمەدی حاكمی سیواس و توقات و لە ساڵی ٨٣٩ ك(= ١٤٣٥ ز) مەلیك عادلی فەرمانڕەوای حەلەب و دیمەشق و مەلیك زاهیر عیسای سەردار و فەرمانڕەوای ماردینی تێك شكاند (مصطفى جنابي، تاریخ، ص b ١١٥).

كاتێك كە ئەسكەندەری كوڕی قەرە یوسف لە هۆزی قەرەقۆیونلۆ ناچار كرا بۆ جاری سێیەم لە بەرامبەر شارۆخی تەیموری — كە لە ڕۆژهەڵاتی ئێرانەوە بەرەو ڕووی ئەو هاتبوو — ڕابكات و لە ڕۆم بگیرسێتەوە، عوسمان بێگ لە دەوروبەری ئەرزەڕۆم لە بەرامبەریدا ڕاوەستا (تاریخ حیدری، ص b ٥٧٣). لە گەرمەی شەڕدا عوسمان بێگ سەری بە توندی بریندار بوو و لە سواری ئەسپ كەوتە خوارەوە، كاتێ بردیانە ئەرزەڕۆم هەر لەوێ لە تەمەنی هەشتا ساڵیدا مرد و لەلایەن شێخ حەسەنی كوڕی نێژرا.(مانگی سەفەر (٨٣٩ ك = كۆتایی ئابی ١٤٣٥ز).

(جهان ئارا، ص ٤٠، احسن التواريخ، ق ٩، ص b ٤٨). ئەسکەندەر دوای ئەوەی ئـەرزەڕۆمی داگیر کرد فەرمانی دا گۆڕەکەی هەڵدەنەوە و سەری لە لەشی جیا بکەنەوە. ئنجا سەری بـڕاوی "زەروی ڕەش"[واتە: عوسمان بێگ-و.ك] لەگەڵ زۆر سەری بڕاوی تری بنەماڵەکەی بۆ دەربـاری پاشای مەمالیك هەناردرا لە قاهیرە. سولتان مەلیك ئەشرەف فەرمانیدا سێ ڕۆژی تـەواو ئـەم سەرە لە دەروازەی زویلە هەڵبواسرێ (تشرینی دووەمی ١٤٣٥)[1] (النجـوم الزاهـرە، جلـد ٦، ص ٧٤٠، مصطفی جنابی، تاریخ، ص b ١١٥).

## (٦) عەلی بیگ

کاتێك کە عوسمان بێگی قـەرەئیلوك لـە ١٤٥٣ ز (= ٨٣٩ ك) مـرد، حـەفت کـوڕی لـەدوا بەجێمان (بایەزید لەگەڵ باوکی لە ئەرزەڕۆم کوژرا بوو)، عەلی (لە دیاربەکر ) هەمزە (لە کماخ)، یەعقوب (لە ئەرزنجان)، مەحمود (لە دیاربەکر)، محەمەد، قاسم و شێخ حەسـەن (بڕوانـە درەخـتی بنەماڵەکەیان لە کۆتایی ئەم گوتارە، عاشـق پاشـازادە، تـواریخ آل عثـمـان، ص ٢٤٧، بـە پێـی گوتەی (بەهەشتی) لە "تاریخ"، ص b ١٨٥ عوسمان کوڕێکی تری بەناوی مراد هەبوو).

سەرەتا عەلی بوو بە جێنشینی باوکی، ئەویش (ئامەد)ی بـە جیهـانگیری کـوڕە گـەورەی خۆی سپارد و حەسەن (ئۆزۆن حەسەن)ی کوڕە بچووکیـشی وەك نیـشانە و بەڵگـەی وەفـاداری خۆی بۆ قاهیرە هەنارد. بەڵام چونکە سولتان مەلیك ئەشرەف لە ئاق قۆیونلـۆ ڕەنجـابوو (قـەرە عوسمان جارێك (١٤٠٦ز= ٨٠٨-٨٠٩ك) لە کاتی لەشکر کێشی بۆ مـاردین سـوپای میـسری شکاندبوو. حسن روملو، احسن التواريخ، ق ٩، ص b ٥)، ئەم شازادە گەنجەی زیندانی کـرد و لە هەمان کاتدا لەشکرێکی دەوڵەتی مەمالیك بەرەو ئامەد وەڕێ کەوت. جیهـانگیر بـە دیـل گیرا و ناردیانە لای ئۆزۆن حەسەنی برای لە قاهیرە. عەلی بێگ بەخـەم و خەفـەتی زۆرەوە بـۆ شەڕی قەرە ئەسکەندەر بەرەو خەرپوت چوو، بەڵام ساڵی دواتـر (١٤٣٧ ز = ٨٤٠ — ٨٤١ ك) گەڕایەوە ئاماد (احسن التواريخ، ق ٩، ص a ٥٠ — b ٥١).

بەهەر جۆرێك بێ ماوەیەك دوای ئەم ڕووداوە دەسەڵاتی عـەلی بـێگ بەسـەر هـۆزی ئـاق قۆیونلۆ تووشی سست بوون هات. هەمزەی براشی (سەر لە نوێ لـە سـاڵی ١٤٣٧ ز = ٨٤٠-٨٤١ك) لە ماردینەوە بەرەو دیاربەکر هـات، عـەلی بـێگ و مـەحمودی وەدەرنـان. (تـشرینی یەکەم= ربيع الثاني، بە پێی النجوم الزاهرة، جلد ٦، ص ٧٥٧) و بە فێڵ و تەڵەکـە محەمـەدی

---

[1] بەرامبەرە لەگەڵ ڕەبیعی دووەم و جەمادی یەکەمی ساڵی ٨٣٩ ك. (و. ف)



PDF 4 KURD

بۆ لای خۆی برد و کوێری کرد. مەحمودیش بۆ لای فەرمانڕەوای ئاق قۆیونلۆ (جیهانشا) هەڵات و عەلی بێگیش پەنای بردە بەر سولتان مورادی دووەم (سـولتانی عوسمـانی — و. ك) نـاوبراو کوڕانی خۆی ئوزون حەسەن و ئوەیس (ئەو شازادانەی دیارە لە قاهیرە بەندکرابوون سەر لە نـوێ ئازادکرابوون) بۆ وەرگرتنی یارمەتی بۆ لای مـەلیك ئەشـرەف نـارد(مـنجم باشـی، صـحائف الاخبار، جلد ٣، ص ١٥٦، حسن روملـو، احـسن التـواريخ، ق ٩، ص ٥٢a) جیهـانگیر کـە کوڕی گەورەی بوو لە (حصن منصور) لە دەوروبەری (حەلەب) دا مایـەوە (المقريـزي، الـسلوك لمعرفة دول الملوك، ص b ١٥٤) و کاتێك کە یەعقوبی مامی (یان / خاڵی) لە نیوەی مـانگی حوزەیرانی ١٤٣٨ ز (= ذي الحجة ٨٤١ ك) ناچار بوو دەروازەکانی ئـەرزنجان لـە ڕووی سـوپای میسر واڵا بکات، ئـەو لەلایـەن سـوڵتانی تـازەوە (برسـبای) کرایـە حـاکمی هـەمان ناوچـە (المقريزي، السلوك لمعرفة دول الملوك، ص a ١٤٧، بۆ وردەکاریـەکانی تـر بڕوانـە لاپـەڕەکانی ٢٠٧ — ٢٠٨، جلد ٥، بەرهەمەکەی weil).

لەم کاتەدا عەلی بێگ لەلایەن سـولتانی عوسمـانی (ئەسـکلیب)ی وەك تیـول وەرگرتبـوو، دواتریش بەرەو حەلەب چوو، سولتان جقمەق پارەیەکی بۆ بڕیەوە و داوای لـە هـەمزە کـرد تـا بەشێك لەو زەویانەی داگیری کردوون بداتە براکەی. بەم شـێوەیە عـەلی ناوچـەی (ئـەدرەحا)ی بەدەستهێنا کـە دوای مردنـی لـە سـاڵی ١٤٤١ ز (= ٨٤٤- ٨٤٥ ك) لـە حەلـەب (احـسن التواريخ، ق ٩، ص a ٥٣) لەلایەن ئۆزۆن حەسەنەوە داگیر کرا. هەمزە سێ سـاڵ دواتـر بـرای حەسەنی لە (حصن منصور)ەوە هێنایە ماردین و لەسەرە مەرگدا ئـەوی بـە جێنـشینیی خـۆی دیاری کرد. (عاشق پاشازادە، تواريخ آل عثمان، ص ٢٤٨، بە پێی گوتەی (منجم باشـی) لـە (صحائف الاخبار، جلد ٣، ص ١٥٦) هەمزە لە (ئامەد) دەمرێ. لە (النجوم الزاهرە، جلد ٧، ص ٢٩٦) نووسراوە کە هەمزە لە مانگی رەجـەبی ٨٤٨ کـە بەرامبـەرە بـە نیـوەی دووەمـی تشرینی یەکەمی ١٤٤٤ز دەمرێ).

(٧) بە پێی ڕاپۆرتی (جنابی، " تاریخ"، ص b ١١٩) و سەرچـاوەکانی میـسری (النجـوم الزاهرە، جلد ٧، ص ٢٠١ و ابن تغری بردی، حـوادث الـدهور في مـدى الايـام و الـشهور، ص ٧٩) جیهانشای سەرۆکی قەرەقۆیونلۆ لە بەهار (حوزەیرانی ١٤٥٠ز = جمـادي الاولى و جمـادي الثاني ٨٥٤ ك) شارەکانی دیاربەکر و ماردینی لە دەست جیهـانگیر دەرهێنـا، وەدوای ئـەوەی جیهانگیر بۆ حەلەب ڕایکرد، سولتان جەقمەق لەشکرێکی کۆمەکی بۆ ئەوێ هەنارد تا بەر بـە هێرشی لەناکاوی قەرەقۆیونلۆ بگـرن. سـەرەتای سـاڵی ١٤٥١ ز (= ربيـع الاول ٨٥٥ ك) لـە

قاهیره ئاگادارکران (ابن تغري بردي، حوادث الدهور،ص ١٠٤) کە جیهانگیر حەسەنی برای (واتە ئۆزۆن حەسەن) بۆ شەڕی مامی — کە ئەویش هەر ئەم ناوەی هەبوو — ڕەوانە کردووە. ئوزون حەسەن لە شەودا هێرشێکی لەناکاوی بردە سەر شێخ حەسەنی کوڕی قەرەئیلۆك و هەموو ئەو سوپایە کە لە لایەن قەرەقۆیونلۆوە خرابووە بەردەستی، دوای شکاندنی ئەمانە ئنجا ئوزون حەسەن بۆ لای براکەی گەڕایەوە ئامەد.

لەم گوزارشە ڕوون دەبێتەوە کە ئوزون حەسەن بە تێکشکاندنی شێخ حەسەن، براکەی لە مەترسییەکی گەورە ڕزگار کردووە، لە بەهاری ١٤٥٢ ز (= ٨٥٦ ك) جیهانشا ناچار بوو لە دیاربەکرەوە بەرەو تەورێز بگەڕێتەوە و لەگەڵ جیهانگیر پەیمانی ئاشتی مۆر بکات (حوادث الدهور، ص ١٢٧). سەبارەت بە مامەکەی تریشی کە ناوی قاسم بوو لە سەرچاوەکانی بەردەستی ئێمە هیچ باسێك نییە، واپێدەچێ ئەو ناچار بووبێ (ڕوها)ی — کە ڕۆژێك بە یارمەتی لەشکری سوڵتانی میسر داگیری کردبوو — دابێتەوە دەست ئوەیسی برای ئۆزۆن حەسەن. لەوانەیە مەبەستی (منجم باشی) لە (صحائف الاخبار، جلد ٣، ص ١٥٧) قاسم بێ نەك شێخ حەسەن. بە پێی ئەو سەرچاوەیە قاسم بێك لە بەرامبەر ئوزون حەسەن ڕایکرد و هەموو حەریم (مەبەست خاوخێزانە — و. ك) و مەڕو ماڵات و کەل و پەلی جێهێشت. بەڵام برازا ئازاکەی حەریمەکەی ڕزگار کرد و دایەوە دەست مامی خۆی.

(٨) (منجم باشی) لە (صحائف الاخبار، جلد ٣، ص ١٥٧) و (جەنابی) لە("تاريخ" ص a ١١٦) و (عاشق پاشازادە) لە (تواريخ آل عثمان، ص ٢٤٨) و (مونشی بوداق) لە (جواهر الاخبار، ص a ٢٦٩) بەم چەشنەیان گوتووە. بەڵام بە پێی (حوادث الدهور) دەبێ ئەم ڕووداوە لە ساڵی ٨٥٦ ك (= ١٤٥٢ز) ڕوویدا بێ و دەڵێ ئوزون حەسەن دوای داگیرکردنی شارەکە کلیلەکەی بۆ لای سولتان جەقمەق لە قاهیرە هەنارد و پادشاش لەم کردەیە ڕێزی گرت و پیرۆزبایی لێکرد و کلیلەکی بۆ ئوزون حەسەن ناردەوە.

**(٩) هەڵمەتەکانی ئوزون حەسەن دوای داگیرکردنی ئامەد:**

سەبارەت بە ڕووداوەکانی ساڵەکانی ١٤٥٤ — ١٤٥٨[1] تەنیا لە (صحائف الاخبار)ی (منجم باشی) لە (جلد ٣، ص ١٥٧ — ١٥٩) زانیاری وردترمان لەلایە. کاتێك کە جیهانگیر لە (روها) بۆ لای ئوەیسی برای چوو، ئوزون حەسەن لە دژی هەردوو براکەی لەشکرکێشی کرد. ئەوانیش بۆ ماردین هەڵاتن و لە ئاکامدا ئۆزۆن توانی (روها) داگیر بکات. ئنجا هەوڵی

[1] لە ٨٥٨ تا ٨٦٢- ٨٦٣ ك (و. ف).



گەمارۆدانی ماردینی دا، بەڵام (سارا خاتوون)ی دایکی هاتە نێو مەسەلەکە و ئۆزۆن حەسەنی ناچار کرد کە بۆ ئامەد بگەڕێتەوە. دوای ئەوە جار بە جار تاڵان و بڕۆ لە ناوچەی قەرەقۆیونلۆ ئەنجام دەدرا (تاڵانی دەوروبەری ئەرزەڕۆم، ئاوینك، وە بایبورد و گەمارۆی بێ ئاکامی ئەرزنجان).

ساڵی دواتر (کە دەبێ ١٤٥٥ ز = ٨٥٩ ك بێت) دووبارە ئوزون حەسەن هێرشی بردە سەر ئەرزنجان، لەو شەڕەدا بوو کە لە ئەسپ کەوتە خوار و قاچی شکا. کاتێك کە نەخۆش و لە جێدا کەوتبوون جیهانگیری برای ڕاپەڕی و دەوروبەری ئامەدی تاڵانکرد، تاوەکو لە د واییدا ناچار بوو گوێڕایەڵی پیشان بدا. ناوبراو هەولێدا بەرەو لای فەرمانڕەوای قەرەقۆیونلۆ ڕابکات، بەڵام دوای وتووێژێکی دوورودرێژ — کە هەمیسان بەهۆی سارا خاتوون بوو — ناچار بوو بچێتە ژێر فەرمانی براکەی، ئیتر جیهانگیر بۆ ماردین و ئۆزۆن حەسەنیش بۆ ئامەد گەڕایەوە.

هەر ئەو ڕووداوە چوار پێنج جار دووپات بۆوە. دوایین ڕاپەڕینی جیهانگیر لەوانیتر مەترسیدارتر بوو. کاتێك کە ئوزون حەسەن لە ئۆردووی زستانەی قەرەداغ (باشووری ڕۆژئاوای دیاربەکر) جێگیر ببوو، جیهانگیر داوای ناردنی هێزی کۆمەکی لە فەرمانڕەوای قەرەقۆیونلۆ کرد. جیهانشایش یەکێك لە سەردارانی خۆی بەناوی ڕۆستەم بێگ لەگەڵ فەوجێکی بەهێز لە سەربازانی تورکمان بۆ یارمەتی ئەو هەنارد. ئوزون حەسەن لەو کاتەدا بە گەمارۆدانی برای یاخیبووی لە ماردین خەریك بوو. کاتێك کە هێزی یارمەتیدەر نزیك دەبۆوە، ئوزون حەسەن تا فورات بەرەو ڕوویان چوو، لە ئەنجامدا ڕۆستەم بێگ لەلایەن ئۆزۆن حەسەنەوە بەدیل گیراو بە فەرمانی ئەو سەریان لە لەشی جیا کردەوە. هێرشێکی تریش کە بەسەرکردایەتی عەلی شوکر بێگ قەرەقۆیونلۆ ئەنجام درا بە هەمان چارەنووس گەیشت. بەڵام شوکر بێگ و کوڕەکەی (پیر عەلی) لە قەڵایەك زیندانی کران و حەوتسەد دیل کوژران.

ئەو شەڕەی (دووەم)ی ئوزون حەسەن دژی قەرەقۆیونلۆ هاوکاتە لەگەڵ مانگی مایسی ساڵی ١٤٧٥ ز (=٨٦١ ك) (النجوم الزاهرە، جلد ٧، ص ٤٨٥)[1]. ئوزون حەسەن بە خێرایی هەواڵی ئەم سەرکەوتنەی بە پەیکێکدا بۆ سولتان ئینال لە قاهیرە ڕەوانە کرد. ئەو پەیکە لە مانگی شەوالی ٨٦١ ك (= مانگی ئاب و ئەیلولی ١٤٥٧ز) گەیشتە قاهیرە و بەشێك لەو چەکانەی کەبە دەستکەوت گیرابوون وەك دیاری پێشکەشی سولتانی کرد کە زۆر خۆشحال بوو و بەم ڕووداوە (حوادث الدهور، ص ٣٠٢).

(١) بگەڕێوە بۆ لاپەڕە (١٠)ی سەرچاوەی Behnsch

لەدوای ئەم هەڵمەتانە ئوزون حەسەن جارێکی تر جیهانگیری لە ماردین گەمارۆدا، ماوەیەك دوای گرتنی قەڵاکە دووبارە بەهۆی ناوبژیوانی سارا خاتوون ئاشتی بەرقەرار بۆوە و درێژەی ئەم ئاشت بوونەوەیە سێیەمین برای ئۆزۆن حەسەنیشی گرتەوە، واتە ئوەیس کە لە روها یاخی ببوو. عەلی خان میرزای کوڕی جیهانگیریش وەك بارمتە کەوتە دەست ئۆزۆن حەسەن.

ئوزون حەسەن بێ ڕاوەستان بەرەو ئەرزنجان ڕۆیشت و لە هەمان ساڵدا ١٤٥٧ ز (= ٨٦١ ك) شارو قەڵاکە خۆیان بەدەستەوەدا. ناوبراو دوای ئەوەی خورشیدبەگی برای کرد بە حاکمی ئەرزنجان، لە کاتێکدا خۆشی دەستکەوتێکی زۆری بەدەست هێنابوو و ببووە جێگەی ڕێز و پەسەندی هەموان، بەرەو ئامەد گەڕایەوە. ئوزون حەسەن ساڵی دواتر سەرکردەکانی قەرەقۆیونلۆی — کە لەوێ بەدیل گیرابوون — بەڕێز و حورمەت و بە دیاری زۆرەوە گەڕاندەوە لای جیهانشا لە تەورێز (احسن التواریخ، ق ٩، ص b ٨٣ — b ٨٤).

**(١٠) بەرەو پێش چوونی کاروباری جیهانشا:**

جیهانشا دوای پتەوکردنی دەسەڵاتی ڕەهای خۆی (بگەڕێوە بۆ ژمارە (٣)ی ئەم پێناسە پەراوێزانە) بەدەستدرێژی کردنە سەر خاکی سولتانەکانی تەیموری ناوچەی دەسەڵاتی بەرفراوانتر کرد و لە ئازەربایجانەوە بەردەوام بۆ لای باشوور و ڕۆژهەڵات بەرەو پێش دەچوو. لە ساڵی ١٤٥٢ ز (= ٨٥٦ ك) عێراقی عەجەمی داگیر کرد و خەڵکی ئەسفەهانی قەتل و عام کرد. لە ساڵی ١٤٥٣ ز (= ٨٥٧ ك) — واتە لە ساڵی گرتنی قوستەنتینیە لەلایەن سولتان محەمەدی دووەم و داگیرکردنی دیاربەکر لەلایەن ئوزون حەسەن — ئەیالەتەکانی (فارس) و (کرمان)یشی دەست بەسەرداگرت. لە فارس پیربۆداقی کوڕی وەك نوێنەری سەڵتەنەتی خۆی دیاری کرد.

دوای مەرگی (ئەبولقاسم بابر)ی تەیموری، جیهانشا کەوتە سەودای داگیرکردنی خۆراسان، پاش داگیرکردنی مازندەران لە مانگی شەعبان ٨٦٢ ك (= حوزەیرانی ١٤٥٨ز) دەستی بەسەر هیرات داگرت و شەش مانگ لەوێ مایەوە.

لەم ماوەیەدا جیهانشا ئاگادار کرا کە کوڕەکەی دوای ڕزگار بوون لە زیندان دووبارە ڕاپەڕی و هەروەها ئەبو سەعیدی تەیموری بە سوپایەکی زۆرەوە لە تورکستان بەڕێ کەوتووە.

لەو هەلومەرجەدا بە پەلە و خێرا ڕێکەوتننامەیەکی ئاشتی مۆرکرا کە جیهانشا تیایدا چاوپۆشی لە خۆراسان کرد، بەڵام داگیرکاریەکانی تری لە ئێران دانی پێدانرا. سەرەتای مانگی سەفەری ٨٦٣ ك کە بەرامبەرە بە ناوەڕاستی کانونی یەکەمی ١٤٥٨ ز جیهانشا لە هیراتەوە وەڕێ کەوت و بە خێرایی خۆی گەیاندە ئازەربایجان، لەوێ ڕاپەڕینی کوڕەکەی سەرکوت کرد کە لە



قەڵای ماکۆ خۆی قایم کردبوو. ناوبراو خۆ دەربازکردنی لەو تەنگژەیە لە ئاکامی دەست تێوەردانی یەکێك لە مامە یاخییەکانی ئوزون حەسەن (مەحمود بێگ) و میرێکی کورد بەناوی عەرەبشا دەزانی. یارمەتی ئەم دووانە بوو بەهۆی ئەوەی کە ئەو حکومەتی تەورێز بەدەستەوە بگرێ. باوکی بە نیاز بوو دوای داگیرکردنی قەڵا (حەسەن عەلی) لە سێدارە بدا. بەڵام خاتوون جان بێگمی هاوسەری بوو بەهۆی ئەوەی کە حەسەن عەلی — هەرچەندە کوڕی خاتوون جان بێگم نەبوو — تەنیا لە وڵات وەدەر بنرێ. حەسەن عەلی چوو بۆ عەرەبستان و لەوێڕا بە خزمەت ئوزون حەسەن گەیشت و لەلایەن ئەوەوە ڕێزی زۆری لێگیرا (منجم باشی، صحائف الاخبار، جلد ٣،ص ١٥٢، عبد الرزاق سمرقندی، مطلع السعدین، ص a ٢٧٩ — b ٢٨٤، شەرەفنامەی بتلیسی، جلد ٢، ص ١٠٨، جنابی، "تاریخ"، ص b ١١٩، قاضي غفاري، جهان آرا، ص b ٣٨، خواندمیر، حبیب السیر، جلد ٣، ص ٢٣٠، احسن التواریخ، ق ٩، ص b — a ٩٦ و b ١٠٤).

چەند ساڵێك دواتر پیر بوداقی کوڕی جیهانشا — کە پێشتر بەهۆی گوێڕایەڵ بوونی، لە فارسەوە بۆ بەغدا نێردرابوو — ڕاپەڕی و لە کۆتایی ساڵی ٨٦٩ ك بەرامبەر بە ئابی ١٤٦٥ ز جیهانشا بەغدای گەمارۆدا . حەسەن عەلی کوڕەکەی تری جیهانشا دوای ئەوەی بە فەرمانی ئوزون حەسەن لە ئامەد دوور خرابۆوە هاتبووە بەغدا. بەهۆی قاتوقڕی و نەخۆشی وپەتا لەبەغدا تەواو بێ هێز ببوو، بۆیە دوای ساڵێك خۆی بەدەستەوەدا. پیر بۆداق دڵی بە بەڵێنەکانی باوکی لە بابەت لێبووردنەوە خۆش کردبوو، بەڵام لە ڕێکەوتی دووی ژی القعدەی ٨٧٠ك بەرامبەر بە شازدەی حوزەیرانی ١٤٦٦ز بەدەستی محەمەدی برای کوژرا و ئەمەی دواییش لەلایەن جیهانشاوە بە دەسەڵات گەیشت. حەسەن عەلیش سەر لە نوێ بۆ قەڵای ماکۆ نێردرایەوە (قازی غفاری، جهان آرا، ص b ٣٨، جنابی، "تاریخ" ص b ١١٩، منجم باشی، صحائف الاخبار، جلد ٣، ص ١٥٣، شەرەفنامەی بەدلیسی، جلد ٢، ص ١١٣- ١١٤، خواندمیر، حبیب السیر، جلد ٣، ص ٢٣٤، حسن روملو، احسن التواریخ، ق ٩، ص a ١٠٥).

لە ساڵی دواتر بوو کە شەڕی یەکلاکەرەوە لەگەڵ ئاق قۆیونلۆ ڕوویدا (١٤٦٨ ز = ٨٧٢ — ٨٧٣ ك).

(١١) لە ژێرەوە ئەو زانیارییانەی کە لەلایەن فالمرایەر (لاپەڕەی ٢٧٣ و دواتری) و هامەر (بەرگی دووەم، لاپەڕەی ٥٤ و دواتری) لەبارەی شەڕی ئوزون حەسەن لەگەڵ سولتان محەمەدی دووەم خراونەتە ڕوو لە هەندێك شوێن تەواوتر دەبێ.

دوای گرتنی شابین — قەرە حەسار لەلایەن ئوزون حەسەن لە ساڵی ١٤٥٨ ز (= ٨٦٢ — ٨٦٣ ك) داگیرکردنی قۆیلو حەسار — کە ئەویش لە ناوچەیەکی دوورتری ڕۆژئاوا هەڵکەوتبوو—

وەك وەڵامێك بوو بۆ نوێنەر هەناردنە بێ ئاکامەکەی ساڵی ١٤٥٩ ز (=٨٦٣ — ٨٦٤ ك). ئەمە کاتێك ڕوویدا کە حاکمی عوسمانی ئەم شارە کە ناوی حوسێن بەگ بوو لە شار چووبووە دەر.

لە بەهاری ساڵی ١٤٦١ ز (= ٨٦٥ ك) سولتان محەمەد (سولتانی عوسمانی محەمەدی دووەم — و. ك) بۆ لەشکرکێشی دژی "هاوپەیمانی سێیانە" دەست بەکار بوو. دوای ئەوەی بەداگیرکردنی شاری (درکانی) لە ناوچەی فیلیپپۆلیس تۆڵەی شاری (سینۆب)ی کردەوە کە لە دەستی ئیسماعیل دەرهێنرابوو ("تاریخ" لە نووسینی سنان چلبی ناسراو بە بەهەشتی ، ص a ١٧١) بە بێ دواکەوتن خۆی گەیاندە قۆیلوحەسار کە لەسەر سنووری ناوچەی دەسەڵاتی ئوزون حەسەن هەڵکەوتبوو. جار عەلی بێگی حاکمی شارەکە کە لە هۆزی ئاق قۆیونلۆ بوو بە ناچاری شارەکەی بەدەستەوەدا.

تورکمانەکان لەدەوروبەری (کماخ) کۆبوونەوە و تا گەیشتنی هێزی یارمەتیدەر لە پەنا تاشە بەردەکان دامەزران. ئوزون حەسەن سەرەتا یوسف بەگی برازای خۆی لەگەڵ جارعەلی بێگ و ئەمیر بەگی موسللو و بەشێك لە سوپا بۆ پێشەوە ڕەوانەکرد. ئەمانە لە تێکهەڵچوونێکدا کە ڕوویدا دووسەد کەسیان لە عوسمانییەکان کوشت. چەند ڕۆژێك دواتر ئوزون حەسەن خورشید بەگی ئامۆزای خۆی لەگەڵ بەشی زۆری سوپای ئاق قۆیونلۆ بەجێهێشت بۆ دانانەوەی بۆسەیەك بۆ هێزی عوسمانی کە لە کوێستانی منزور نزیك ئەرزنجان دایناب‌ۆوە. بەگلەربەگی ئەنادۆل کە ناوی گدیك ئەحمەد پاشا بوو بەهێزێکی زۆرەوە هێرشی هێنا و سەرەڕای ئەم بۆسەیەی کە بۆ دانرا بۆوە لەم شەڕەدا سەرکەوت.

دوای ئەم ڕووداوە ئوزون حەسەن وای بەباش و بەرژەوەندزانی کە بە ناردنی سارا خاتوونی دایکی لەگەڵ سەرداری چەمشگەزك — کە کوردێکی حەسەن ناو بوو —بۆ دەرباری سولتان محەمەد، ڕێگای وتووێژ و ڕێککەوتن بگرێتە بەر. ئەوانیش توانیان ئاشتییەکی تایبەتی بەرقەرار بکەن، بەڵام سولتان کە بە بێ دواکەوتن لە ڕێگای بایبوردەوە بەرەو تەرابزۆن ڕۆیشت، بۆ بەهەندهەڵگرتن ئەم دووانەشی لەگەڵ خۆی برد.

